# دارستانی شیعر

شێرکۆ بێکەس

(2013 - 1940)

سیروان ڕەحیم

تۆڕی میدیایی رووداو
Rudaw Meida Network
2022

# دارستانی شیعر

## شێرکۆ بێکەس

(2013 - 1940)

سیروان رەحیم

تۆڕی میدیایی رووداو
Rudaw Meida Network
2022

■ چاپی یەکەم
2722 کوردی - 2022 زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم: حوزەیرانی 2022

■ هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ تۆڕی میدیایی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان(970)ی 2022 بۆ تەرخانکراوە.

بۆ بینینی
بەڵگەفیلمی (دارستانی شیعر)

www.rudaw.net

**تۆ بێکەس نیت، چل ملیۆن کورد لەپشتی تۆوەن.**

■ لە شاری ئامەد، ئۆسمان بایدەمیر بۆ شێرکۆ بێکەس

**شێرکۆ شاعیرێکە بۆ هەمووان قسە دەکات.**

■ لاورا شرادەر

**هەڵەیەکی گەورەی دیرۆکی بوو شاعیرێکی وەکو شێرکۆ دەمرێت و خەڵاتی نۆبڵ وەرناگرێت.**

■ لوسیەن لایتس

**شێرکۆ شێوەی خوێندنەوەی شیعری زۆر چووەتەوە سەر باوکی.**

■ شەفیقە خانی دایکی شێرکۆ بێکەس

که مرۆڤ نەبوو...گوڵ چییە،
چەندە جوان بێ و
چەند بۆن خۆشیش!
که ژن نەبوو...ژیان چییە،
با هەزار ساڵیش من بژیم؟
که ماڵ مۆسیقای تیانەبوو،
ئیتر "گوێ" بۆ ئەبێ هەبێ؟
که شیعرێ، ناخ نەبزوێنێ و
لەناو زەینا
چرای خۆی دانەگیرسێنێ و
ناو بەناو داتنەچڵەکێنێ،
تۆ پێم ناڵێی بۆ بنووسرێ؟
که ئازادییش نەبوو ئیتر
گوڵ یەعنی چی و
ژن و مۆسیقا یەعنی چی و
شیعر چییە و
ژیان خۆی چی؟

**"لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ هەموو شاعیرانی ئێستا، لەناو شاعیرانی ئیمڕۆی کورددا شێرکۆ بێکەس دیاریترین و باشترینە. بەبۆچوونی من شێرکۆ بێکەس گۆران - یشی تێپەڕاندووە".**

- مەسعود محەممەد سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس
  ساڵی 1984 لە هەڤپەیڤینێکی تەلەڤزیۆنیدا

## ناوەڕۆک

**بێکەس.. ستوونێکی پتەوی کوردایەتی**


- کۆڵن - ئەڵمانیا .. قاوەخانەی ئەدەبیاتی گۆڵدموند **11**
- وێنە پڕ ئەفسوونەکەی بێکەس 14
- دووانەی شێرکۆ و شیعر.. بۆنی بەردەوامی شیعر 19
- وێنەی شیعری لە قسەی ڕۆژانەدا 21
- کۆڕێک لە سنە 29
- دەست خوێندنەوە 30
- پەشیمانبوونەوە لە وێنەی دێرین 31
- لە ئامەد.. کۆڕێکی دووکەسی 32
- دەسەڵاتی شیعر 34
- هەژدە سەعات ئێشکگرتن بە دیار شیعرەوە 36
- بەردەوام هەڵکۆڵین لە یادەوەریی نەتەوەدا 38


**بەهاری ساڵی 2005.. شوێن سلێمانی..**
**ئاخافتن سەبارەت بە منداڵی و بە شیعر**


- پیاسەیەک بە کۆڵانەکانی منداڵیدا **43**
- سووررداش و زنجیرە چیای چەرماوەند 52
- گۆرانییەکانی دایکم 60


**بەرەو چیا .. ئەزموونی شاعیرێک لە نێو شۆڕش و شەڕدا**


- ساڵی 1968 ساڵی تریفەی هەڵبەست و هاوژینی **68**
- قۆناخی بەجوامێربوون 74
- مەبەستت لەو شێرە چییە؟ 80


**ستۆکهۆڵم و خەڵاتی تۆخۆڵسکی**


- پێشوازی لە ستۆکهۆڵم **88**
- لە ئێستە بەدواوە من ئیتر هەڵەبجەم 94

**کۆتایی تاراوگە**

- لە "پەخشانی ژن"ەوە 104
- داگیرکەری یەکەم لە عێراقدا سەدام خۆی بوو 106
- نووسینی شیعر بۆ ژن یەکێکە لە ئەرکەکانی شیعر 108
- بەراورد 113

**هەڤپەیڤینێکی بڵاونەکراوە**

لە منداڵیمەوە لە جانتایەکی سەفەر دەچم 115

هەڤپەیڤین لەگەڵ ئۆسمان بایدەمیر سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس 124
هەڤپەیڤین لەگەڵ لاورا شرادەر سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس 130
هەڤپەیڤین لەگەڵ لوسیەن لایتس سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس 145
هەڤپەیڤین لەگەڵ فاتیمە بن مەحموود سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس 154
هەڤپەیڤین لەگەڵ شەفیقە خانی دایکی شێرکۆ بێکەس 164
نامەیەکی واڵا بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان 193

ئەلبوومی وێنەکان 218

# بێکەس.. ستوونێکی پتەوی کوردایەتی

دایکم رووی تێئەکا و ئەڵێ:
فایەقە فەنی لاواز بووی
زۆر لاواز بووی
وەکو توابیتەوە وایە!
باوکم ئاو ئەزێتە چاوی و
لە دواییدا بە گوڵێکی دارئەرخەوان
چاوی ئەسڕێ و
ئینجا ئەڵێ:
- بۆ مەراقی کورد ئەهێڵێ؟
شەفیق لەوێش خەمی ئێوە
وەکو سەیوان لەگەڵمایە،
شەفیق لەوێیش،
لە مەملەکەتی خودایشدا،
ئەم کوردستانە تەنیایە![1]

1- شێرکۆ بێکەس، دیوانی خێراکە مردن خەریکە بگات ل 133-134، ساڵی 2013، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

# کۆڵن ـ ئەڵمانیا .. قاوەخانەی ئەدەبیاتی گۆڵدموند

لـە قاوەخانـەی گۆڵدمونـد دانیشـتووم، قاوەخانەیـەک لـە قـاوە، لـە چـای و لـە شـیرینی ـ شـیرەمەنی زۆرتـر، لـەو خواردنـەوە و خواردنانـە فـرە زۆرتـر کتێبـی لێیـە. کتێـب کەشـێکی دڵگیـر و نایابـی بـەم شـوێنە بەخشـیوە. قاوەخانەکـە شـوێنێکە بـەردەوام سـیمیناری ئەدەبـی و هونەریـی تێدا ڕێکدەخرێت. ئەوانـەی ڕوو لـە گۆڵدموند دەکـەن و لەوێ دادەنیشـن، مرۆڤگەلێکـن وابەسـتەی کتێـب و جوانـی. ئـەوەی دێتـە ئـەم قاوەخانەیـە، خوازیـاری ڕووبەرێکـی ڕوونـاک و دڵنیایـە بـۆ مرۆڤـەکان و بـۆ سرووشـتیش. کتێبەکانـی ئـەم قاوەخانەیـە زۆربەیـان، یـان نزیکـەی هەموویـان وە زوان ئەڵمانیـن. لـە تەنیشـتی مێزەکـەی منـەوە کتێبێـک سـەرنجم دەبـات. تاکـە کتێبێـک لەنێـو کتێبەکانـدا نیـگام دەبـات، نیـگای بزوێنـەر مەیلـم بـە کێـش دەکات و کتێبەکـە هەڵدەگـرم، بەجۆرێـک وەکـو نـازدان بـە منداڵێـک کتێبەکـە نـازدەدەم. کتێبەکـە ڕۆمانێکـە لـە نووسـینی نووسـەری ئەڵمانـی ئێریـش کێسـتنەر (1899-1974). وەکـو زۆر بەرهەمـی دیکـەی، کێسـتنەر ئـەم ڕۆمانـەی بـۆ منـداڵان نووسـیوە.

ڕۆمانەکـە نـاوی "داس دۆپلتـە لۆتچـەن = دووانـەی لۆتچـەن" ــەو چەقـی گێڕانـەوەی خسـتووەتە سـەر بابەتـی لێکدابـڕان. ئێمـەی دابـڕاو لـە چـاوی نیشـتمان ئـەم چیـرۆک و بەسـەرهاتانە زووتـر راماندەگـرن، راگرتنێـک بەشـێوەیەکی جیـاواز لـە کـن خـۆ گلماندەدەنـەوە. بەکورتـی کێسـتنەر لـە ڕۆمانەکەیـدا بـاس لـە بەسـەرهاتی لێکدابڕانـی دوو کەنیشـکی نـۆ سـاڵە دەکات. لویـزە خەڵکـی ڤییەنـای پایەختـی ئۆتریشـە (نەمسـا) و لۆتـە خەڵکـی شـاری موینشـنی ئەڵمانیایـە. ئـەم دوو کەنیشـکە لـە سـەیرانگەیەک لـە چیاکانـی ئالـپ [1] یەکدەگرنـەوە. لـەوێ دەردەکەوێـت ئـەو دوو کەنیشـکە جمکـن، بەهـۆکاری جیابوونـەوەی دایـک و بابـەوە لێکدابـڕاون. باوکـی لویـزە رابـەری ئۆرکێسـترایە لـە ڤییەنـا. دایکـی لۆتـە لـە شـاری موینشـن لـە بـواری هونـەری دیزاینـی وێنـە و وێنەسـازیدا کار دەکات. لـە کۆتایـی گەشـتەکەیاندا کاتێـک دەبێـت بـەرەو مـاڵ بچنـەوە، لویـزە لەبـری لۆتـە لەگـەڵ دایکـی بـەرەو موینشـن دەچێـت و لۆتەیـش لەگــەڵ باوکــی بــەرەو ڤییەنــا بەڕێدەکەوێــت. بەسـەرهاتەکانی پـاش ئـەو رۆڵگۆڕینەوەیـەی دوو کەنیشـکەکە، ئاشـکرابوونی هەندێـک شـتە بەتایبەتـی نەخۆشـیی یەکێکیـان، گەشـتی لویـزە و دایکـی بـۆ ڤییەنـا، ئاهەنگــی یــادی لەدایکبوونیــان، هەمــوو ئەوانــە پێکــەوە دەبــن بــە هـۆکاری یەکگرتنـەوەی ئـەو دایـک و باوکـە. منداڵانـی ئەورووپـا لـە نێـو کەشـی چیرۆکـی تایبـەت بـە خۆیـان و هۆگـری بـۆ کەسـایەتیگەلی نێـو ڕۆمانـەکان گـەورە دەبـن. ئـەو بەسـەرهات و رووداوانـە لـە یادەوەریـی منداڵانـی ئەورووپـادا نەخشـێکی گەورەیـان هـەس، ئـەو کتێبانـە، جگـە لـە فێربـوون، هەروەهـا خۆشـحاڵی و شـادومانیی کەموێنـە بـە زارۆکان دەبەخشـن.

ئێمـە لـەم بـوارەدا یـان نەدارایـن، یاخـود دەگمـەن شـتمان هـەن. نازانـم

---

1 - ئالپەکان، بڵندترین زنجیرە چیای ناوەند و باشووری ئەوروپان. درێژاییان نزیکەی 1200 کم و پاناییشیان لە نێوان 150 بۆ 250 کیلۆمەتردایە. ئەم زنجیرە چیایە هەڵکەوتەی چەند وەڵاتێکی ئەوروپایە، وەکو: فەرەنسا، سویسرا، ئیتالیا و هتد.

بـۆ، بـەڵام خەیاڵ و رامانێـک کـە ئـەو کتێبـە سـەرچاوەیەتی، بـەرەو لای وێنەیەکـی فایـەق بێکـەس دەمباتـەوە. وێنەیەکـی بێکـەس لـە چەقـی شـاری چەمچەماڵـدا، وێنەیـەک بـۆ منـی منـداڵ رۆژگارێـک سـەرچاوەی شـادی و خۆشەویسـتی بـوو. بێکـەس ئـەو نـاوە گرینگـەی لـە تەمەنێکـی پاشـتردا زانیـم، لـە ئاوایـی شـیعردا، لـە پـاڵ خانـی و حاجـی قـادردا، ئەمیـش یەکێکـە لـە سـتوونە پتەوەکانـی کوردایەتـی.

# وێنە پڕ ئەفسوونەکەی بێکەس

شتێکی بێ روح و گیان
دەفڕێ و دەچێتە ئاسمان
ناویان ناوە تەیارە
زۆر مەحکەم و بەکارە
لە شەڕا موسیبەتە
لە ئاشتیا نیعمەتە
هتد

بێکەس (1905-1948)

خەیاڵ دەمباتەوە بۆ رۆژگارێکی ئارام، رۆژگاری وتووێژی نێوان حکومەتی بەغدا و بزاڤی رزگاریخوازی کورد (1970-1974). لە گۆڕەپانێکی شاری چەمچەماڵ، چوارڕێیەک لە گەڕەکی بێکەس، گەڕەکەکە هەڵگری ناوی بێکەس خۆی بوو. ئێستا نا، لەو رۆژگارەدا چوارڕێیەکە دەکەوتە چەقی شارەوە، وێنەیەکی فایەق بێکەس، وێنەیەکی گەورە و پڕ شکۆ، لە چوارچێوەگیراو، لە شوێنی ئاماژە بۆکراودا جێگیر کرابوو. دوو کۆپی یەک وێنە بوون، لە هەردوو لاوە

هەمـان وێنـە جێگیـر کرابـوو. بـەدەوری وێنەکـەدا گڵۆپـی ڕەنگاوڕەنـگ هەبـوون، کاتێـک لـە ئێـوارە بـەدواوە گڵۆپـەکان دادەگیرسـان، ڕووناکیـی زەرد و سـوور ئەفسـوونێکی ناوازەیـان بـە وێنەکـە و تـەواوی شـوێنەکە دەبەخشـی. لـە چـاوی منـی منداڵـەوە ئـەو وێنەیـە پڕبـوو لـە شـەبەنگی کێشـکردن. جـاری یەکـەم ئێوارەیەکـی درەنگـی هاویـن بـوو، (دەبێـت هاوینـی سـاڵی 1973 بووبێـت) وێنەکـە سـەرنجی منـی ڕاکێشـا، پرشـنگی گڵۆپـەکان و ڕووناکییـان شـتێکی سـەرنجبەریان لەبـەر دیـدەی منـی منداڵـدا ئافراندبـوو. دەسـتم لـە دەسـتی کاکمـدا بـوو. باشـم لـە بیـرە، وەکـو ئـەوەی دوێنـێ بووبێـت، لـە بـن کانیـی یادمـدا ڕوون دیـارە، بـە زمـان و بـە کەرەسـتەی دەربڕینـی منداڵانـەم لـە (کاکـە غەفـوورم) پرسـی، پرسـیارێک سـەبارەت بـەو هەمـوو گڵۆپـەی بـەدەوری وێنەکـەوە و هەروەهـا وێنەکـە خۆیشـی، بەشـێوازێکی منداڵانـەی سـادە پرسـیارم لـە کاکـم کـرد. ئەویـش باسـی بێکەسـی بـۆم کـرد کـە کێیـە. باسـی ئـەوەی کـرد بێکـەس لـە قوتابخانـەی چەمچەمـاڵ مامۆسـتا بـووە. پاییـزی ئـەو ساڵە مـن دەچوومـە پۆلـی یـەک لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی چەمچەمـاڵ. واتـە مـن دەچوومـە فێرگەیـەک بێکـەس لـەوێ مامۆسـتا بـووە. چ شـادییەک بـوو، چ شـادییەک ئاسـمان! پاشـان کاکـەم گوتـی کاتێـک چووینـەوە مـاڵ شـیعری بێکەسـت بـۆ دەخوێنمـەوە. لـە ماڵـەوە یەکێـک لـەو شـیعرانەی ئـەو شـەوە (کاکـە غەفـوورم) بـۆ منـی خوێنـدەوە، شـیعرێکی بـۆ منـداڵ نووسـراوی بێکـەس بـوو، ئـەم شـیعرە: "شـتێکی بـێ ڕوح و گیـان...". پاییـزی سـاڵی 1973 ئـەو دەمـەی چوومـە قوتابخانـە، شـیعرەکەم لەبەربـوو. ئێسـتایش لـە بیـرم مـاوە. ئـەو شـیعرە پەیامـی ڕەنگینـی مـن بـوو، هـەر کاتێـک مامۆسـتا منـی هەڵسـاندبا و ئـەو شـیعرەم لەبـەر بخوێندایەتـەوە، شـادترین دەمـی مـن بـوو لـە فێرگـە. ئیتـر بێکـەس پاڵەوانەکـەی سـەردەمی منداڵیـم بـوو. کاتێـک سـاڵی 1974 شـەڕ هەڵگیرسـایەوە، ئێمـە ماڵمـان چـوو بـۆ کەرکـووک، پـاش نسـکۆ، نەمانتوانـی لـە کەرکـووک بمێنینـەوە. دوای

گەڕانەوەمـان لـە کەرکووکـەوە بـۆ چەمچەمـاڵ، یەکـەم شـت هەنـاوی منداڵانـەی منـی داخ کـرد، نەمانـی ئـەو وێنەیـە بـوو. هەرگیـز لـە بیـرم ناچێـت وێنەکـەی بێکـەس چ بۆشـاییەکی دروسـتکردبوو، لـەوە دەچـوو ئاسـمانی گۆڕەپانەکـە شـتێکی لـێ بەربووبێتـەوە. ئـەو گۆڕەپانـە وا دەهاتـە بەرچـاوی منـی منـداڵ کـە ئیتـر بـێ گیـان و بـێ رۆح بێـت. پاشـان بیسـتنی بەسـەرهاتی شـکاندن و لادانـی وێنەکـە لەلایـەن لەشـکرە هۆڤەکـەی بەعسـەوە ئەوەنـدەی دیکـە دەبـوو بـە هـۆکاری خەمگینیـم. کاتێـک لەشـکری داگیرکـەر و تاڵانچیـی بەعـس چەمچەمـاڵ دەگـرن، یەکێـک لـە کارە هـەرە لـە پێـش و "گرنگـەکان" بۆیـان وێرانکـردن و لادانـی ئـەو وێنەیـە دەبێـت. ئـەوان درکیـان بـەوە کـردووە کـە بێکـەس پاڵەوانـی دڵـی ئێمـە و پەیامەکانـی وی بزوێنـەری کوردایەتیمـان بـوون. نازانـم وێنـەی ئـەو گۆڕەپانـەی شـاری چەمچەمـاڵ لـەو رۆژگارەدا و بـە وێنـەی بێکەسـەوە لـە کـن کـەس مـاوە یـان نـا؟ خۆزگـە بـۆ بیسـتنی هەواڵێکـی وەهـا دەخـوازم [1]. پـاش جێگیربووەنـەی دەسـەڵاتی بەعس لە چەمچەمـاڵ، لـە دیوێکـی هەمـان چوارچێـوەدا وێنـەی ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، سـەرۆکی ئەودەمـی عێـراق و لـە دیوەکـەی دیکـەدا وێنـەی سـەدام حوسـێن (جێگـری سـەرۆک) دانـران. وێنـەی ئـەو دوو پیـاوە، دوو وێنـەی گەمـار، دوو تانـەی ترسـناک بـوون بەسـەرچاوی شـارەکەوە. بێئـەوەی نـاوی بزانـم یـان شـتێکم لەبارەیـەوە بیسـتبێ، ئـەو رووداوە یەکەمیـن ئاشـنابوونی مـن بـوو لەگـەڵ تراومـا (زەبـری دەروونـی). ئێمـە بێئـەوەی پێیبزانیـن، هەڵگـری تراومـا بوویـن و منداڵـی شـەڕ بوویـن. پـاش تێپەڕبوونـی رۆژگارێکـی درێـژ و لـە تەمەنێکـی هەڵکشـاودا، لـە ئەورووپـا و لـە رێگـەی تێکەڵبـوون لەگـەڵ کۆمەڵگـەی ئارامـی ئێـرە و کۆمەڵێـک مرۆڤـی میهرەبـان لـە ئەڵمانیـا، سویسـرا و ئیتالیـا، هەروەهـا لـە رێگـەی خوێندنـەوە و ئاشـنابوون بـە هەندێـک زانیاریـی پێویسـت لـەو

1 - لەگەڵ هاوڕێیانی منداڵی و مێردمنداڵیمدا هەوڵێکی زۆرمان دا وێنەی ئەو رۆژگارەی شوێنەکە پەیدا بکەین، بەداخەوە تاکو ئێستا سەرکەوتوو نەبووین. نیگارکێشی دەستڕەنگین شێرزاد جەوهەر ئەو هێڵکارییەی نەخشاند کە لە ئەلبومی وێنەکاندا هەیە.

بـوارەدا، سـەرچاوەکانی نائارامـی و خەونـە ئاڵۆزکاوەکانـی خۆمـم بـۆ روون دەبوونـەوە، ئـەو خەونانـەی بـەردەوام دڵـی مـرۆڤ دەگوشـن و خەمگینـی دەکـەن.

**"لەو شەوەدا**
**لەو دۆڵەدا**
**چراکان کوژابوونەوە**
**تاقە چرایەک ئەسووتا**
**ئەویش چرای شاعیرێ بوو**
**بە دیار برینی نەنووستووی**
**شیعرێکەوە دانیشتبوو"**

شێرکۆ بێکەس

دواتریـش شـێرکۆ هەڵگـری هەمـان نـاو، وەکـو بێکەسـی بـاوک هیـوای خواسـتووە؛ شـێرکۆ "شـێرانە" هاتـە نێـو کایـەی شـیعرەوە و نـەک هـەر بـۆ ئێمـە، بەڵکـو بـۆ هەمـوو کوردسـتان، هەروەسـا بـۆ ئەڤیـن و بـۆ ئـازادی هەمـوو مرۆڤێـک، شـێرکۆ شەسـت سـاڵی بـەردەوام شـیعری نووسـی. ئـەو شـاعیرێک بـوو یەکجـار سـەرنجبەر، لـە ماڵـی شـیعردا سـەری دەرهێنا، ماڵێک چراکانـی بـە وزەی شـیعر دادەگیرسان، خۆیشـی بـەردەوام لـە هەرکـوێ بووبێـت، لـە نیشـتمانی شـیعر دانەدەبڕا، ژیانێـک ژیـا، شـیعر هەناسـە و شـیعر هەرتـم ئـاوازی سـەرزاری بـوو، دووانـەی شـێرکۆ و شـیعر، دووانەیەکـی دەگمەنـن. سـەرنج بـدە؛ شـاعیرێک هەمـوو ژیانـی بـۆ شـیعر دەژی، وشـە و رسـتەکانی لەسـەر سـەکۆی شـیعر، لـە شـانۆی بەشـکۆی ئۆپێرائاسـای شـیعردا، کاتێـک دێنەگـۆ، دەم بـۆ لاوکـی ئـازادی و خۆشەویسـتی ڤەدکـەن. شـێرکۆ، واتـە شـاعیرێک

شەسـت سـاڵ شـەونخوونی بەدیـار شـیعرەوە. شـێرکۆ واتـە شـاعیرێک شەسـت سـاڵ سـینەی کردبـوو بـە "دەربەندێکـی پـڕ لـە پەپوولـەی" ڕەنگینـی وشـە و داڕشـتن. وشـە و داڕشـتنی وەهـا کاتێـک ئـەو پێشکەشـی دەکـردن، خوێنـەر دەبـوو گوێیـان بـۆ هەڵبخـات، پاشـانیش وشـە و داڕشـتن لـە هـزر و هەنـاودا دەکەوتنـە سـەما و دەروونیـان پـڕ دەکـرد لـە شـنەی شـادومانیی شـیعر و چێـژی داهێنـان. کاتێکیـش هەمـوو چـراکان دەکوژانـەوە، کەچـی چـرای ئـەم شـاعیرە ئەودەمیـش بـۆ شـیعر دەسـووتا. هەرتـم چـرای وی بـۆ شـیعر و شـیعری وی بـۆ شیعرسـتانی نیشـتمانەکەی لـە گەشـانەوەدا بـوون.

یەکـەم دیـدار و ئاشـنابوونی منـی منـداڵ بـە فایـەق بێکـەس لـە چەمچەمـاڵ و لـە ڕێگـەی تەماشـاکردنی وێنەکـەی و پاشـان شـیعری بـۆ منـداڵ نووسـراوی بێکـەس بـوو. کاتێـک مـن لـە تەمەنێکـی زۆر زوودا بـە ئەدەبیاتـی شـێرکۆ ئاشـنابووم، شـێرکۆ لـە چیـا بـوو، بۆیـە یەکـەم دیدەنیـی ڕاسـتەوخۆم لەگـەڵ شـێرکۆ، لـە ژێـر سـاباتی ڕاپەڕیـن و لـە هەولێـری ئـازاددا بـوو. پاییـزی سـاڵی 1991 بـۆ یەکەمجـار شـێرکۆ بێکەسـم لەبـەردەم چایخانـەی مچکـۆدا بینـی، لـە سـوێد گەڕابـووەوە. کۆمەڵێکـی زۆر نووسـەر، ئەدیـب و هونەرمەنـد بـەرەو شـەقڵاوە بـۆ کۆنگـرەی ڕاپەڕینـی یەکێتـی نووسـەران دەچوویـن. پـاش ئـەو دیـدارە بـە ماوەیەکـی کـەم و لـە مانگـی 12ی هەمـان سـاڵدا، لـە چەمچەمـاڵ کۆڕێکـی شـیعرخوێندنەوەمان بـۆ سـازکرد، کۆڕێـک بـە ئامادەبوونـی ژمارەیەکـی یەکجـار زۆر لـە شـەیدایانی شـیعری شـێرکۆ و ئەدەبیاتـی کـوردی. کۆڕێـک خـۆی دەیگـوت؛ "یەکێـک بـووە لـەو کـۆڕە نایابانـەی هەرگیـز لەبیـری نـاکات".

# دووانەی شێرکۆ و شیعر..
# بۆنی بەردەوامی شیعر

خودایە!.. خودایە
تکایە
کەنەفتی سەر جێگەی
کاغەزی بێ شیعرم نەکەیت و
گەر کردت.. پێش ئەوە
خودایە!
بە گوڵە خەنجەری ئەڤینی ئەو خەڵکە و
بە لاسکی وەنەوشەی خەمانی
ژنانی ئەم خاکە
بمکوژە!!

شێرکۆ بێکەس

شـێرکۆ و شـیعر دووانەیەک بـوون، جمکێکـی دەگمـەن، جێـوی[1] بـوون، دانەبـڕاو لەیەکتـر. دووانەیەکـی دەگمـەن، ئـەو هەمیشـە بۆنـی شـیعری لێدەبـاری. سـەرنج بـدە؛ شـاعیرێک هەمـوو ژیانـی بـۆ شـیعر دەژی، وشـە و رسـتەکانی لـە نێـو ماڵـی شـیعردا، لـە نێـو پەڕەکانـی چەندیـن دیـوان، قەسـیدە و دەقــی واڵادا، لــە نێــو کۆمەڵێــک بەرهەمــی ئاوەدانــدا، هەمیشـە هەناسـە دەدەن و لـە جووڵـەدان. شـاعیرێک نـەک هـەر لـە ژیانــدا، بەڵکــو ئەوەنــدەی نووســی تاوەکوتاوەکویــە کاتێــک بچیتــەوە لای شـیعر و کـن دیوانـی رووناکـی، هەسـت دەکەیـت، شـیعری ئـەو لـە دەنگدانـەوەی هەرتمدایـە و گوڵاڵـە سـوورە و هەڵاڵەکانـی شـیعری ئـەو هەرگێـز بـێ ئاونگـی ئـاوازی ئـازادی و بـێ خونـاوی لاوکـی ئەڤیـن نابـن. شـاعیرێک نـە ئـازادی، نـە وەکهەڤـی، نـە سرووشـت و نـە کێشـەی ژن، هێـزی بزوێنـەری شـیعری وی هیچیـەک لـەو مـژارە ژیـاری و گرنگانـەی وێـڵ نەکـرد و بـێ نووسـینی نەکـردن.

لـە بەرایـی ئـەم کتێبـەدا سـەبارەت بـە شـێرکۆ بێکـەس، هـەوڵ دەدەم هەندێـک بیرەوەریـی خێـرا و هاوبـەش بگێڕمـەوە، هەندێـک بیرەوەریـی هاوبەشـی مـن لەگـەڵ ئـەو شـاعیرەدا.

1 - جێوی: جمک. دووانە. وشەیەکی کوردیی سەرووە.

# وێنەی شیعری لە قسەی رۆژانەدا

بەگەڕانـەوە بـۆ هەندێـک بیـرەوەری لەگـەڵ شـێرکۆ بێکەسـدا، مـرۆڤ شـتی نایابـی بیردێتـەوە. بێگومـان هەندێـک بیـرەوەری هـەن، بیـرەوەری وەهـا مـرۆڤ دەشـێت بەشـێوەیەکی خێـرا بەسـەریان بکاتـەوە. بیـرەوەری لەگـەڵ شـاعیرێک زۆرینـەی رەهامـان خۆیشـی لەنزیکـەوە نەناسـین و هاوڕێمـان نەبووبێـت، ئـەوا شـیعرەکانی، بەشـێکی زۆر لـە شـیعرەکانی هاوڕێمانـن، هەمـان ئـەو شـیعرانە چونکـە زیندوویشـن، لـە نێـو نـەوە نوێیەکانـی نیشتمانیشـدا بـەردەوام دڵبـەر و هاوڕێـی نوێیـان بـۆ پەیـدا دەبێـت.

ئـەو کاتـەی لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیـەک و جەماوەرێکـی زۆردا، رۆژی دووشـەمە 2013/8/12 لەبـەردەم بـارەگای دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم چاوەڕوانـی تەرمـی شـێرکۆ بێکـەس بوویـن، مـن لەنـاو چەندین یادەوەریـی ئـەو شـەقام و دەزگایـەدا دەژیـام. بیـرم دەکـردەوە؛ جـاری یەکەمـە لـە سـلێمانیم و لـە بـەردەم سـەردەم، بـەڵام سـەرناکەومە سـەرەوە بـۆ لای ئـەو شـاعیرە، بەڵکـو جەخار لەگـەڵ ئەو هەموو کەسـە خەمگینـەدا چاوەڕێـی تەرمەکـەی دەکەیـن. چاوەڕێکردنێـک هەرگیـز بـە

خەیاڵمدا نەهاتووە. لەم ساڵانەی دواییدا هەردەم سەردانی وەڵاتم کردبێتەوە، یەکێک لەو کەسانەی بەردەوام و لەسەرەتادا سەرم لێدەدا شێرکۆ بێکەس بوو. سەرەتا دەچوومە دەزگای سەردەم بۆ لای. ئەو دەمەی دەگەیشتم ، بەردەوام بە گەلاوێژ خانی یاریدەدەری خۆی دەگوت، ئیتر کارم هەیە و تکایە با جارێ کەس نەیەت. بێگومان رەنگبێ تەنها گەلاوێژ خان زانیبێتی کارەکە چییە. پاش بەخێرهاتن و هەواڵپرسین، یەکسەر دەستی دەدایە کۆمەڵی کاغەزی بەردەستی و دەیگوت:

**"شیعری نوێم نووسیوە. سیروان وەرە تەماشا بکە"، ژمارەی شیعرەکانی دەگوت، ئەوەندە شیعری نوێم نووسیوە...** ژمارەکان هەموو جار وەکو یەک نەبوون. ئەو کتومت وەکو ئەوەی لە هەناوی شیعرێکەوە قسە بکات، یان لە پەنجەرەی خەیاڵێکەوە سەری دەرهێنابێت، دەپەیڤی و دەیگوت:

**"ئەدەب خەیاڵە، خەیاڵت هەبێ ئەدەبیش هەیە، خەیاڵت نەبێ، ئەدەبیش هەرگیز نابێت".**

پاشان دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی شیعر. شیعری دەربارەی تاکە گۆرەوییەک، یان پەپوولەیەک، یاخود کچێکی جوان دەخوێندەوە.

**"تاکێ گۆرەوی مایەوە و**
**تاکەکەی تر گژەبای پاییز رایفڕان،**
**تەنافەکە بە دەنگێکی باریک وتی:**
**ئەمە کۆتایی ئێوە بوو**
**لە ئێستەوە نە ئەو هیچ کەسێ ئەیەوێ و**
**نە تۆیش کە هێشتاکە ماوی**
**ئێوە بە جووت نەبێ ناژین**
**بەڵام ئەمە قەت وانەبوو**

**لە قەراغ شار**
**مێردمنداڵێ تاکە گۆرەوی دۆزییەوە و**
**لەسەر تاشەبەردێ دارشەقەکەی دانا و**
**گۆرەوییەکەی لەپێ کرد و**
**تاقە قاچیش**
**لە دڵەوە سوپاسی کرد"** [1]

لـەم سـاڵانەی دواییـدا زۆر لـەو شـیعرە نوێیانـەی بـەر لـە چاپکـردن یـان بۆمـی دەخوێنـدەوە یاخـود کۆپییەکـی دەدامـێ و لەگەڵ خـۆم دەمبردن. جارێـک **"ئێسـتا کچێـک نیشـتمانمە"** لـە مانگـی تەمـووزی 2010 دامـێ، تـکای کـرد کۆپـی لـێ بـدەم بـە بەختیـار عەلـی و بەکـر شـوانی. جـاری دواییـش **"ئەسـپێک لەپـەڕەی گوڵاڵـە"**ی دامـێ و پاشـتر بـە کتێـب ئـەو دوو بەرهەمـەم بینـی و هـەردوو بەرهەمەکـەی پێشکەشـکردم.

لـەو دیـدار و دانیشـتنانەماندا کـە زۆر تایبـەت بـوون، کەسـێکم دەبینـی، نـەک هـەر شـاعیر، بەڵکـو بـەردەوام لـە نێـو شـیعردا بـوو. مرۆڤێـک بـوو هەمیشـە بۆنـی شـیعری لێدەهـات و وەک ئـەوە وابـوو ژیـان بـێ شـیعر لای ئـەو واتایەکـی نەبێـت.

کەسـێک بـوو گـەر ویسـتبای، دەیتوانـی بـەردەوام وەهـا بپەیڤێـت چـوون شـیعرت بـۆ بخوێنێتەوە.

چلـەی هاوینـی کوردسـتان، لـە گەرمـا بێـزار دەبـوو، کاتێـک رووی لـە ئەوروپا دەکـرد، بـەزۆری، سـەرەتا دەهاتـە لای مـن لـە شـاری کۆڵـن، بـە تایبەتـی ئـەو رۆژگارەی مـن تەنیـا دەژیـام و خێزانـم پێکنەهێنابـوو.

لـەو گەشـتانەی هاوینیـدا بـۆ ئەوروپا، جـاری وەهـا هەبـوو هەفتەیـەک

1 - ئەمە یەکێکە لەو شیعرانەی کاتێک دەستنووس بوو، بەر لەوەی لە دیوانی (ئێوە بە خۆشەویستیم دەسپێرن)-دا بڵاوبێتەوە، لە سەردەم و لەو ساڵانەدا بۆ منی خوێندەوە.

بـۆ 10 ڕۆژ لـەلام دەمایـەوە. دەگەڕایـن، هاوڕێیانـی دەوروبـەر، بەشـێک لـە کوردسـتانیانی ئەڵمانیا و ئەوروپا بەسـەردەکرانەوە. جـاری وەهایـش هەبـوو تەنیـا بوویـن، دووقۆڵـی دەماینـەوە و دەبـوو کاتەکـە بـە باشـی بەڕێبکرێـت. ڕۆژێکـی گـەرمـی هاویـن، خەیاڵـی مەلـە خرۆشـاندمی، لێمپرسـی؛ کاک شـێرکۆ مەیلـی مەلەکردنـت هەیـە؟ بڕۆیـن بـۆ مەلـە؟ ڕاسـتییەکەی وەڵامێکـی دامـەوە چاوەڕێـی نەبـووم. گوتـی؛ نـەک هـەر حـەزم لێیـە، بەڵکـو دەزانـم مەلەیـش بکـەم. **دەزانیـت؛ دەربـەدەری، لـە دەربەدەریـدا فێـری مەلـە بـووم، لـە ئـاوی فوراتـدا، لـە شـارەدێی بەغدادی فێـری مەلـە بـووم.** پێکەنـی و گوتـی؛ چـاوەڕێ نەبوویـت مەلـە بزانـم، هـا؟ (بزەیەکـی کـرد)، کەواتـە بـا بڕۆیـن، پێشـنیازەکەتم بـە دڵـە، گەرمـای ئیمـڕۆ مەلـەی دەوێـت، ئـەوەی گـوت و پاشـان چوویـن بـۆ مەلـە.

کاتێـک دەیخوێنـدەوە دادەبـڕا، لـە دنیـا و دەوروبـەر دادەبـڕا و لەگـەڵ کتێبەکـەی دەسـتیدا دەچـوو، وەکـو ئـەوەی لـەوێ نەمابێـت و چووبێـت. تەماشـات کردبـا، ڕێـک وەکـو ئـەوە وابـوو لـەوێ هەسـتابێت و ڕۆیشـتبێت. زۆرجـار حـەزی دەکـرد تەنیـا بێـت. بـە تایبەتـی بـە ڕۆژ. مـن یـان دەچـووم بـۆ کار، یاخـود ئەگـەر لـە ماڵیـش کارم کردبـا، جـار هەبـوو بـە درێژایـی چەندیـن سـەعات بێدەنـگ و تەنیـا لـە باڵکۆنـی ماڵەکـە دادەنیشـت. بـێ ئـەوەی هیـچ بڵێـت یـان داوای هیـچ شـتێک بـکات. بێدەنـگ بێدەنـگ دادەنیشـت. مـن نـاو بەنـاو تەماشـام دەکـرد، نەمدەویسـت ئـاوازی بێدەنگـی لێبشـێوێنم. وەکـو ئـەوە وابـوو لـە نێـو شـیعردا بـژی. یـان دەمگـوت؛ ڕەنگبێـت لـە ڕووبـەری بیرۆکەیەکـی نـوێ و خەیاڵێکـی ڕەنگینـدا سـەرقاڵی هاتوچـۆ بێـت.

بـە درێژایـی چەندیـن سـەعات بـەردەوام بێدەنـگ دەمایـەوە. بێدەنگـی بـە شـێوەیەکی تـەواو بێدەنـگ. خـۆی و دووکەڵـی جگـەرە، بـێ ورتـە و بـێ جووڵـە. کاتێـک دەچـووم و تەماشـام دەکـرد، وەهـا دیـار بـوو لـە دۆڵێکـی بێدەنگدایـە و هەسـت بـە بوونـی کـەس نـاکات، دۆڵێـک بـێ

سـروە، بـێ ورتـە، بـێ چرپـە و بـێ جریـوەی هیـچ مەلێـک. وەهـا بێدەنـگ و تەنیا بـوو وەکـو ئـەوەی هیـچ کەسـێک لـەوێ، یـان لـە خەیاڵـی ئـەودا نەبێـت، جگـە لـە شـیعر.

دەمپرسی: شیعر دەنووسیت؟

وەڵامــی ئــەو: **ئاســمانی شــاعیر هەندێــک جــار دڵۆپێکیــش نابارێنێــت. هەندێــک جــار سیاســاڵە. هەندێــک جــار...**

بـەڵام شـێرکۆ سرووشـتێکی هەبـوو هـی خـۆی، سرووشـتێکی تایبـەت، شـتێک تەنیـا هـی خـۆی بـوو. بـەردەوام نادڵنیـا بـوو لـە سـبەینێ. بۆیـە ئیمـڕۆ شـیعرێکی نووسـیبا، سـبەی لـە بیـری دەکـرد، وەکـو ئـەوەی هیچـی نەنووسـیبێت. لـەوە دەچـوو بـەردەوام سـەرلەنوێ تێهەڵچێتەوە. بـەردەوام تاسـەبار بـوو، تاسـەباری شـیعر.

مانگـی هەشـتە و زەنـگ لێـدرا، دەنگـی کەسـە زەنگلێدەرەکـە دەیگـوت؛ گەرمـە، لای ئێمـە یەکجـار گەرمـە، کوردسـتان لـە گەرماوێکـی گـەورە دەچێـت. لـە کۆڵنیـش بارانێـک لـە شـێوەی ئاونگـدا دەبـاری. هەوایەکـی خـۆش، بۆنـی بـاران مرۆڤـی مەسـت دەکـرد، کاک شـێرکۆ سـەری بـادەدا و دەیگـوت:

**"لێـرە نەبێـت، دارێـک هـەر کـە تینـووی بـوو، سـەرێک هەڵدەبـڕێ و داوای ئـاو دەکات، هەندێجـار داوایـش نـاکات، ئاسـمانە میهرەبانەکـە خـۆی هەسـتی پێـدەکات و بـۆی دەبارێـت".**

ئـەو چرکـە و ئـەو نیگایانـە دەسـتەبەرکردنی دەلیڤێـک بـوون مـرۆڤ لـە خەیاڵگـەی ناسـک و شـاعیرانەی وی حاڵـی بێـت. ئـەو چرکانـە شـێرکۆ لەنـاو شـیعردا بـوو، بـەم دەربڕینە نایابەی خۆیشـی شـیعرێکی پێشـکەش دەکـرد.

کـەی کاتـت دەبێـت سـەرێک لـە پاریـس بدەیـن؟ دەزانیـت جگـە لـە

هەمـوو شـتێکی، سـەرەڕای ئـەو دیرۆکـە گرنـگ و ئـەو نـاوە گەورەیـەی، مـن بۆچـی پاریسـم خۆشـدەوێت و لـەوێ خۆشـحاڵ دەبـم؟

**"چونکـە لـەوێ، لـە نێـوان قاوەخانەیـەک و قاوەخانەیەکـدا، قاوەخانەیـەک هەیە".**

شێرکۆ لە باسی پاریسدا وەهای دەگوت.

دەچینـە پاریـس، دەچینـە هۆتێـل و پـاش پشـوودان دێینـە خـوارێ بـۆ قاوەخانەیـەک لـە گەڕەکـی کۆنڤۆنسـیۆنی نزیـک بورجـی **مۆمپارنـاس**. سـبەینێ بمبـە بـۆ کافـێ دو فلـۆر. ئیمـڕۆ لێـرە کاتەکـە بەسـەر دەبەیـن. ئێرەیـش دڵگیـرە. ئـەی چـی! وەهـای دەیگـوت. بـە دەم خواردنـەوەی قـاوەوە، دەیپرسـی:

- سیروان تۆ چوویت بۆ شام؟
- نەخێر.
- چۆن؟ شامت نەبینیوە؟
- نەخێر کاک شێرکۆ گیان.
- ماڵـت نەشـێوێت، دەبێـت بچیـت. دەزانیـت سـیروان ئێـرە خۆشـە، قاوەخانەکانـی پاریـس، مۆزەخانەکانـی، شـانۆکانی، ئۆپێراکانـی و هتـد. بـەڵام لـە هیـچ شـوێنێکی ئـەو دونیایـە ئەوەنـدەی شـام، ژنـی جـوان و شـۆخم نەبینیـوە. ژنانـی شـام جوانییەکـی جیاوازیـان هەیە. ژنانـی شـام!.. جگەرەکـەی بەرزدەکـردەوە و دووکەڵـی جگـەرە ئـەو نـاوەی دەتەنـی.

لـە گەشتیشـدا سیسـتەمی خـواردن و خـەوی خـۆی تێکنـەدەدا، هەڵبەتـە تاکـو ئـەو شـوێنەی کاری کـردە بێـت. بەیانیـان حەفـت بـۆ حەفـت و نیـو تاشـتێ بـوو، نیـوەڕوان یـەک بـۆ یـەک و نیـو فراڤیـن بـوو، دەیپرسـی: ئێـواران چ دەکەیـن؟ حەفـت و نیـو دەسـت بـە خواردنـەوە دەکەیـن و دواتـر، درەنـگ شـتێکی سـووک دەخوێـن. بـۆ مـن ئـەم ڕیزبەنـدی خـواردن و خواردنەوەیـە نەگونجـاو بـوو، هەندێـک جـار خـۆم لەگەڵـدا دەگونجانـد

و هەندێـک جاریـش خـۆم لـێ دەدزییـەوە. ڕۆژی پاشـتر بـە بزەیەکـی شـیرینەوە دەیگـوت:

**"ئـەم جارەیـش بـاش و ماقوڵانـە خـۆت دزییـەوە، هـا؟. ئیتـر شـێرکۆیش هەندێـک جـار وەکـو منـداڵ وایـە"**، ئـەوەی دەگـوت و پێدەکەنـی.

بیرەوەریـی خێـرا کـەم نیـن لەگـەڵ شـێرکۆ بێکـەس. لـە هەنـدێ لـەو بیرئانینانـەدا، ئـەو بیرئانینانـەی مـرۆڤ بـەرەو لای خۆیـان دەگێڕنـە دواوە، شـتی یەکجـار خەندەبەخـش و تایبـەت هـەن.

سـاڵی 2005 فێسـتیڤاڵی شـێخ ڕەزا لـە سـلێمانی سـاز کـرا. لـە یەکـەم دانیشـتنی ئـەو یـادەدا لـە هۆڵـی ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکان، لەگـەڵ شـێرکۆ بێکـەس ئامـادە بووین و هاوشـانی یـەک لە ریزەکانی ناوەڕاسـتدا دانیشـتبووین. یەکەمیـن دانیشـتنی یادەکـە هیـچ بەسـەرکردنەوەیەکی شـیعری ڕووت و ڕووبـەدەری شـێخ ڕەزای تێدا نەبـوو. کۆمەڵێک شـیعری شـێخ دەخوێندرانـەوە و ئامـاژە بـە هەندێـک بەسـەرهاتی ژیانـی ئـەو شـاعیرە دەکـرا، بـەڵام دوور بـوون لـە تایبەتمەندیـی سەردەسـت و ناسـراوی شـاعیرێک کـە خاوەنـی "تیغـی زمـان" بێـت. بـە کاک شـێرکۆم گـوت لـە یـادی شـێخ ڕەزا ناچێـت. گلەیـی بێـت لێیـان و شایسـتەی "هەجوویـەک" هـەن. پێکەنـی و گوتـی:

**"ڕاست دەکەی، ئەم کارە نابێت بێ هەجوو تێپەڕێت".**

ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ لـە سـەردەم یەکمـان بینـی و گوتـی: شـتێکم نووسـیوە، بـەڵام بـۆ خـۆت، تـا ماوەیەکـی زۆر بـا لای خـۆت بمێنێتـەوە. بەیتێکـە، خـۆی یەکەمجـار خوێندییـەوە بـۆم، پاشـان دایـە دەسـتم و گوتـی: لای خـۆم ناپارێـزم بـا لای تـۆ بمێنێتـەوە.
"هەجوو"ی کاک شێرکۆ بۆ ئەو یادە، ئەم بەیتە بوو:

**ئەمە یادە بەبێ سوورە، حوزوری کوا هەیە شیعرم لە کنتان**

**درێغا گەر کڵاوقوت لێرە بووایە، بە مەترەق چی ئەکرد لێتان؟**

بێگومـان خـۆی یەکێـک بـوو لەوانـەی یەکجـار بـە شـێخ رەزا سەرسـام بـوو. لـە بـارەی شـێخی گـەورەوە دەیگـوت: نازانـم بـەو "تیغـی زمـان"ەوە، یـان بـێ ئـەوەی "تەبعێکـی هەبێـت پابەنـدی خەلایـق" چـۆن بـۆی کـراوە بـژی ئـەو شـاعیرە؟ سـەیرە هـا؟

لـە باسـی نالیـدا دەیگـوت: نالـی خاوەنـی دیوانێکـە پڕاوپـڕ لـە شـیعر و دەربڕینـی هـەرە جـوان، ئـەو شـیعری تەنیـا لەبـەر هونـەر و بـۆ جوانـی نووسـیوە. جوانتریـن بەیتـی نالـی لـە لای شـێرکۆ بێکـەس، وەکـو خـۆی دەیگـوت، ئـەم بەیتەیـە:

**دەورانییە وەک هێڵەگی سەودا سەری گێژم**
**بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم**

لـە چەندیـن دانیشـتن و باسوخواسـدا سـەبارەت بـە نالـی، شـێرکۆ بێکـەس ئامـاژەی بـەو بەیتـەی نالـی دەکـرد. بێگومـان لەبـەری بـوو، چەند جارێـک ئـەو بەیتـەی دەگوتـەوە و بەلایـەوە جوانتریـن بەیتـی نالـی بـوو. هەروەهـا دەربـارەی نالـی دەیگـوت: وەکـو گوتوومـە؛ ئـەو شـاعیرێک بـوو لەبـەر خاتـری هونـەر و جوانـی شـیعری نووسـیوە. بۆیـە شـیعرەکانی پـڕن لـە جوانیـی تایبـەت بەخـۆی و وردەکاریـی هونـەری.

# کۆڕێک لە سنە

یەکێک لەو شارانەی کوردستان لەلای شێرکۆ بێکەس خۆشەویست بوو، خۆشەویستییەکی تایبەت، شاری سنە بوو. بەردەوام لە حەسرەت و تاسەی ئەوەدا بوو ناهێڵن لەو شارە کۆڕی شیعرخوێندنەوە ساز بکات و بە دڵی خۆی شیعر بۆ ئازادی و بۆ جوانی پێشکەش بکات. دەیگوت:

**"ئاواتی من ئەوەیە رۆژێک مۆڵەتی ئەوە بدەن لەوێ بە کامی دڵ، تینووێتی شیعرخوێندنەوەم بشکێنم، هیوای من ئەوەیە لەو دڵە زیندووەی رۆژهەڵاتم چەندین سەعات شیعر بۆ جگەرگۆشە و ئازیزانی دڵ و گیانم بخوێنمەوە. با بهێڵن ئەو کارە بکەم، با رێ بدەن لە سنە شیعر بخوێنمەوە، ئیتر پاش ئەوە چ دەبێت با ببێت. بێباکم لە ئەنجامی کارەکەم".**

شێرکۆ بێکەس لە چ کات و لە چ شوێنێک ژیا؟ لە چ قۆناخێکی ژیان و پێشڤەچوونی مرۆڤدا؟ لە چ ناوچەیەک ژیا؟ لە شوێنێک ژیا شیعر کارێک بوو هەوێنی ژانەسەر، کارێک بوو ترسناک. بیربکەوە، شیعرخوێندنەوە بە کوردی و بۆ شاعیرێکی کورد سەرکێشییەکی چەند ترسناکە؟

# دەست خوێندنەوە

نازانم کێ دەزانێت و کێ ئەوەی لە شێرکۆ بێکەس بینیوە؟ من پێشتر نە دەمزانی و نە باوەڕیشم دەکرد، کاک شێرکۆ دەست بخوێنێتەوە. شتێکی یەکجار سەرنجڕاکێشی کاک شێرکۆ ئەوە بوو دەیتوانی دەست بخوێنێتەوە، بەڵام چۆن خوێندنەوەیەک، یەکجار تایبەت و فرە وەستایانە. ڕەنگبێت خەیاڵ ڕۆڵی سەرەکی لەو بوارەدا هەبێت، خەیاڵ و چۆنییەتی دەربڕین، شێرکۆیش لەو دوو ئاستەدا شێرکۆ بوو، بۆیە ئەوەندە نایاب دەستی دەخوێندەوە، بەجۆرێک بەرانبەرەکەی سەرسام دەکرد، مرۆڤی دەخستە سەر باوەڕ و قەناعەتێکی چاوەڕواننەکراو. چەند جارێک خۆم بینیومە تەماشای دەستی کردووە و دەستی خوێندووەتەوە، دیارە کەسەکان، کەسانی زۆر نزیک و ئاشنا بوون، یان کەسانێک لەلای ئەو شاعیرە لەبەر دڵ شیرین بوون. لەو بوارەیشدا بە زمانێکی شیعری و بە خەیاڵێکی یەکجار ورد و زراڤ شتەکانی دەردەبڕی.

# پەشیمانبوونەوە لە وێنەی دێرین

هەندێک جار لێرە و لەوێ باس لەوە دەکرا کە شێرکۆ بێکەس سەبارەت بە شیعری خۆی تێبینی و باری سەرنجی هەن، یان واوەتر دەچوون، دەگوترا؛ تەنانەت لە هەندێک شیعری خۆی پەشیمانە. لە یەکێک لە گەشتەکانماندا جارێک پێکەوە باسمان لەو مژارە دەکرد. کاک شێرکۆ بە خەندەیەکی تاڵەوە گوتی:

"نازانم کێن ئەوانەی شتی لەو جۆرە دروستدەکەن، من بیستوومە، کاتێک لە کوردستان نەبووم، لە هەندێ کۆڕدا، لەبەر بڵندگۆ و بەئامادەبوونی کەسانی بە ژمارە زۆریش ئەو شتانە بەناوی منەوە باسکراون، گوایە من لە هەندێک شیعری دێرینی خۆم پەشیمانم. نەخێر هیچ سەرچاوەیەک نییە ئەوە بسەلمێنێ. من لە هیچ شیعرێکی خۆم پەشیمان نیم. شیعرەکە هەرچۆنێک بێت و لە چ ئاستێکدا بێت، یاخود بابەتی شیعرەکە هەرچییەک بێت، ئەوە من بووم لەو ساتەدا، جا راست یان هەڵە، جوان یان نا، ئەوە بابەتێکی دیکەیە، بەڵام لە هیچ شیعرێکم پەشیمان نیم. پاشان پەشیمانبوونەوە هیچ لە بابەتەکە دەگۆڕێت؟" دەیپرسی. "نەخێر، پەشیمان ببمەوە یان نا، شیعرەکە هەر هی منە و من نووسیومە". سەبارەت

بـە مـژاری پەشـیمانبوونەوە لـە شـیعر، شـێرکۆ بێکـەس دەیگـوت: "پەشـیمانبوونەوەی شـاعیر لـە شـیعری خـۆی کوتومـت لـەوە دەچێـت کەسـێک لـە وێنـەی دێریـن یـان رەش و سـپیی خـۆی پەشـیمانبێتەوە. ئایا ئـەوە کاری کردەیـە؟ ئایـا شـتی وەهـا سـەردەگرێت؟".

# لە ئامەد.. کۆڕێکی دووکەسی

(کورسـی) یەکێـک لـە دەقـە نایابەکانـی شـێرکۆ بێکەسـە. سـاڵی 2005 نووسـیویەتی. سـەرەتا کاتێـک باسـی بیرۆکـەی ئـەو دەقـەی کـرد، دەیگـوت؛

**لەوەیە نزیکەی 15 لاپەڕەیەک دەرچێت.**

بـەڵام کاتێـک تـەواو بـوو، ئـەو دەقـە فـراوان و جوانـەی لێدەرچـوو، دیـارە ئاسـمانی شـاعیر نـەک سیاسـاڵ نەبـووە، بەڵکـو لـە کاتـی نووسـینی کورسـیدا ئاسـمانێک بـووە بـە لێزمـە باریـوە. هاوینـی 2005 لـە شـاری ئامـەد پێکـەوە بووین. پێشـتر وەهـا پلانمـان دانابـوو، ئەو لـە سـلێمانییەوە هـات و منیـش لـە ئەڵمانیـاوە، لـەو شـارە یەکمانگـرت، لەوێـوە دەسـتمانپێکرد و گەشـتێکمان بـە باکـوور، تورکیـا و ئەوروپـادا کـرد. رۆژی 2005/7/8 مـن بـەرەو ئەنقـەرە چـووم و لەوێـوە رۆژی پاشـتر گەیشـتمە ئامـەد. چەنـد جارێـک ئـەو باسـی (کورسـی)ی کـرد،

کـە لـە دوو کـۆڕدا لـە سـلێمانی و لـە دهـۆک خوێندوویەتییـەوە. بـە کاک شـێرکۆم گـوت دەقەکـەت هێنـاوە؟ گوتـی، بەڵـێ. گـوتـم، ئـەی بـۆ نامدەیتـێ بیخوێنمـەوە؟ بێدەنـگ بـوو. ئیتـر منیـش داواکـەم دووبـارە نەکـردەوە. ڕۆژی دواتـر گوتـی؛ بـا چایخانەیەکـی تایبـەت بدۆزینـەوە و لـەوێ کۆڕێکـی دوو کەسـی سـاز دەکەیـن. لـە ئامـەدی پایتەخـت مـن کورسـی دەخوێنمـەوە و تۆیـش تاکـە گوێگـری شـیعر بـە. بـۆ ئـەو مەبەسـتە چووینـە (چایخانـەی خانـی حەسـەن پاشـا)، ئـەوێ یەکێکـە لـە چایخانـە دیرۆکـی و جوانەکانـی ئامـەد. لـەوێ کاک شـێرکۆ ئـەو دەقـە نایابـەی بـۆم خوێنـدەوە و منیـش تاکـە گوێگـری شـیعر بـووم لـەو کـۆڕە دووکەسـییەی ئـەو ڕۆژە گەرمـەی ئامـەددا.

پاشـان بەسـەرهاتێکی خۆشـی بـۆم گێڕایـەوە. گوتـی ئـەو کاتـەی لـە سـلێمانی (کورسـی)م خوێنـدەوە، پـاش تـەواو بـوون، هـاوڕێ و بـرای شـاعیر کاک یاسـینی فەقـێ سـەعید گوتـی: " کاک شـێرکۆ پـاش گوێگرتـن لـەو دەقـە نایابـە، پیـاو حـەزی دەکـرد کورسـی بووایـە".

*            *            *

هـەر لـە مـزاری ئامـەد و بیرئانینـی ئـەو شـارە گرنگـەی کوردسـتاندا، لـەم سـاڵانەی دواییـدا چەندیـن جـار ئـەو قسـەیەی دووبـارە دەکـردەوە کـە سـەرۆک شـارەوانیی ئەودەمـی ئامـەد ئۆسـمان بایدەمیـر، لـە کۆڕێکـی فراوانـدا پێیگوتـووە. سـەبارەت بـە قسـەکەی ئۆسـمان بایدەمیـر، شـێرکۆ بێکـەس دەیگـوت: هەرگیـز لەبیـری ناکـەم، لـە مردنیشـدا لەگەڵـم دەبێـت ئـەو قسـەیە. لـە ئامـەد کـۆڕم گـرت و گەورەتریـن خەڵاتـم وەرگـرت، لێمپرسـی: گەورەتریـن خـەڵات؟ گەورەتریـن خـەڵات بـۆ مـن ئـەوە بـوو لـە ئامـەد بایدەمیـر وەهـای پێگوتـم؛ **تـۆ بێکـەس نیـت، چـل ملیـۆن کـەس، چـل ملیـۆن کـورد لـە پشـتی تـۆوەن.**

# دەسەڵاتی شیعر

„کام کونە دەرزی بیرۆکە زۆر بچووکە
بە تاریکیش من ئەتوانم
دەزووی شیعریان پێوە بکەم
کامە خەیاڵ ئێجگار لووسە
من ئەتوانم هەر بە دەستی رووتی رستە،
بیگرم وەکو ئەم پێنووسە
کام حووتی دەریا گەورەیە،
من ئەتوانم لە پەرداخێ وشەی پڕدا،
جێی کەمەوە
بەڵام ئەوەی نە لە دڵما و نە لە شیعرا
هەرگیز جێیان نابێتەوە
درۆی گەورە
یان بچووکە".

ئەوە شیعرێکی شێرکۆ بێکەسە بە ناوی دەسەڵات و باس لە توانای شیعریی خۆی دەکات. هەر کاتێک شیعری شێرکۆم دەخوێندەوە،

هەنـدێ جـار ئـەو شـیعرەیم دەهاتـەوە بیـر. یـان جـاری وەهـا هەبـوو کـە پێکـەوە سـەبارەت بـە شـیعر قسـەمان دەکـرد، بـە هەمـان شـێوە تایبەتمەندیـی ئـەو "دەسەڵات"ــەی ئـەوم بـە روونـی دەبینـی. جارێـک تـازە کۆمەڵـە شـیعری (حەفتـا پەنجـەرەی گـەڕۆک)ی چاپکردبـوو، لـە سـەردەم نیـوەی بـۆم خوێنـدەوە. پاشـان گوتـی:

**ئێسـتا ئیتـر لەگـەڵ شـیعر ئەوەنـدە هاودەمێکـی رێکیـن، تـۆ وشـەیەکم بدەیـە، هـەر وشـەیەک، بـەڵام جـوان بێـت باشـترە، بـا بڵێیـن؛**

**کەمـەر، تریفـە (هـی چاوێکـی جـوان)، نیگایـەک (ی شـەرمن)، ترپـە (ی دڵێـک)، یـان هـەر شـتێکی تـر، دەیکـەم بـە شـیعر. ئێسـتا ئیتـر مـن لـەو قۆناغـەدام، ئـەو شـاعیرە دەیگـوت.**

کاتێـک ئەمـەی دەگـوت، شـادومانی لێدەباری، شـادومانی بۆ ئەو ئاسـتەی هێـزی شـیعر، ئـەو گەیشـتووە بـە کوێـی شـیعر و چ دەسـەڵاتدارێکە لـە قەڵەمـڕەوی وشـە و لـە جووڵاندنـی پەیـڤ و دەربڕینـدا.

# هەژدە سەعات ئێشکگرتن به دیار شیعرەوە

ئەو کاتەی دەقی (**ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە**)ی لە شاری سلێمانی - لە مێلۆدی کافێ دامێ، گوتی؛ کەی کاتت بوو بیخوێنەوە. گوتم چەند رۆژێکم ماوە لێرە، کە چوومەوە یەکسەر دەیخوێنمەوە. گوتی: هیوادارم کارێکی باش بێت بەلاتەوە. هەندێک قسەی لەسەر بەرهەمەکە و کاتی نووسینی کرد. بۆ من گرنگترین و سەرنجڕاکێشترینیان ئەمەیان بوو:

**گوتی: رۆژ هەبووە هەژدە سەعاتی بەردەوام کارم لەم دەقەدا کردووە.**

مرۆڤێک تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵ بێت و هەژدە سەعات بە دیارە شیعرەوە ئۆقرە بگرێت، ئەو وێنە و تێگەیشتنە دەگەیەنێت، شیعر چ واتایەکی بۆ شێرکۆ هەبووە و چۆن ئاوێتەی ژیانی بووە. ئەوەی شێرکۆی لە نزیکەوە ناسیبێت، ئەو وزە و پشوودرێژییەی ئەو بۆ نووسینی شیعر هەیبوو، بۆ خوێندنەوەی شیعر هەیبوو، بۆ هیچ شتێکی دیکە و تەنانەت بۆ هیچ کەسێکیشی نەبوو. لەوەیە

هەندێک جار لە جگەرەیش بێزار بووبێت، بەڵام لە شیعر هەرگیز نا. شاعیرێکیش بوو تاکو مردن لەگەڵ شیعردا بوو، بێگومان شیعریش ئەمی بە تەنیا جێنەدەهێشت. بەردەوام پێکەوە بوون. پەروەردگاری میهرەبانیش بە هانایەوە چوو، ئەو نزایەی لێ وەرگرت و "**کەنەفتی سەر جێگەی بێ شیعر**"ی نەکرد.

شاعیرێک بوو بێ شیعر شپرزە دەبوو. شیعر نەهاتبا بۆ لای، ئەم دەچوو بۆ لای شیعر. وەکو خۆی دەیگوت ئەو دەستبەرداری شیعر نەدەبوو، ئەو وازی لە شیعر نەدەهێنا. زۆر جار شیعر بۆ شێرکۆ نەدەهات، شێرکۆ دەچوو بۆ لای شیعر، شیعر لە منداڵێک دەچوو چووبێتە دەرەوەی ماڵی شاعیر، ئەم دەچوو بە زۆر دەیهێنایەوە و پەلکێشی دەکرد بۆ نێو ماڵی رستە و پەڕە رەنگینەکان، یان رووپەلە پڕ لە یارییەکانی پەیڤ.

پاش ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەو دەقە بوومەوە، مەبەستم دەقی والای (**ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە**) یە، بۆم دەرکەوت، شاعیرێک لەو پاییزی تەمەنەیدا، بە جەستەیەکی نەخۆشەوە، لە نێو دووکەڵی ماندووکەری جگەرەدا، لە بۆتەی خەمی بەردەوامی نیشتمان و پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەکەیدا، هەژدە سەعاتی بێ پشوو بە دیارە شیعر و وشەوە دابنیشێت و لە نێو مێرگەکانی خەیاڵدا، لە نێو دەراڵ و نەواڵەکانی شیعر و داڕشتندا بێت و بچێت، بێگومان دەتوانێت "**ئەسپێک بئافرێنێت لە پەڕەی گوڵاڵە**".

# بەردەوام هەڵکۆڵین لە یادەوەریی نەتەوەدا

لـە یەکەمیـن دیوانـەوە تاکـو کۆتایـی، تاکـو ئـەو رۆژانـەی سـەرەڕای بـاری پڕووکێنـەری نەخۆشـیش، سـەرقاڵی نووسـینی یادەوەریـی پاسـکیلێکی کەرکووکـی بـوو، چـوون تەماشـاکردنی پێدەشـتێکی یەکجـار فـراوان، گـەر مـرۆڤ بەچـاوی تیـژ و گشـتگیرەوە سـەرنجی ورد بگرێتـە کێڵگـەی شـیعری وی و لـە پێدەشـتی شـیعری شـێرکۆ بڕوانێـت، روانینـی سـەرتاپاگیر، دەبینێـت ئـەم شـاعیرە چ هەڵکۆڵینێکـی لـە یـادەوەری، لـە کارەسـات و لـە دیرۆکـی نەتەوەیەکـدا کـردووە. کارێـک لـە ئەنجامـدا شـاعیرەکە خۆیشـی بـووە بـە چاوێکـی هەمیشـە روون و بـەردەوام کـراوەی ئـەو دیرۆکـە، دیرۆکێـک شـێرکۆ بەزمانێکـی بـاڵا و زۆر وردبینانـە دەیخاتـەوە بـەر دیـدەی روانیـن و نرخانـدن.

لـەم ئامـاژە خێرایـەدا؛ ئامـاژە بـە هەڵکۆڵیـن لـە یادەوەریـی نەتەوەیەکـدا لـەلای شـێرکۆ بێکـەس، هەندێـک نموونـە بـۆ کۆمەککـردن پێویسـتن، هەندێـک نموونـە بـۆ ئـەوەی زەمینەسـاز بـن تاکـو بچینـەوە سـەر مەبەسـت:

تریفەی هەڵبەست

کەژاوەی گریان

من تینیوێتیم بە گڕ دەشکێت

کازیوە

دوو سروودی کێوی

کەشکۆڵی پێشمەرگە

رووبار

دەربەندی پەپوولە

خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێ

نسێ

رەنگدان

گۆڕستانی چراکان

کورسی و.. هتد

تاوەکو

یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی...

چـوون تەماشـاکردنی دارسـتانێک، **دارسـتانی شـیعر**، ئـەو دەمـەی لێکۆڵـەر وەکـو دارسـتانێک، تەماشـای دار بـە داری ئەو شیعرسـتانەی وی بـکات، گـوێ رادێرێـت بـۆ درەخـت بـە درەختـی بێشـەیەکی پڕ وشـە کـە ئـەو شـاعیرە ئافراندوویەتـی، لەنجـەی گـەڵاو و دەنگـی زراڤـی زنەیـەک بژنەوێـت، ئـەو دەم بـۆ لێکۆڵـەر دەلوێـت بگەڕێتـەوە، گەڕانـەوە تاکـو لای رەگ و لای بیرکردنـەوەی بنـەڕەت، دەشـێت شـتەکان یەکجـار روون بێنـە بـەر دیـدە؛

ئـەوە ببینرێـت کـە شـێرکۆ لـە بـواری ئـەو توخمـەوە، لـە بـواری هەڵکۆڵینـەوە، دیـرۆک و کارەسـاتەکانی نەتەوەکـەی چـۆن خوێندوونـەوە و بـە چ شـێوازێکیش دایڕشـتوونەوە.

ئایا شێرکۆ چەند مەبەستی بووە بگەڕێتەوە سەرەتا، ئاوڕ لە ڕەگ بداتەوە و لەوێوە هەڵسەنگاندنی گشتگیر و فرەلایەن بۆ دیرۆک، بۆ شەڕ یان بەرگری لە سۆنگەی مانەوەی میللەتەکەیدا، بکات؟

کاتێک بەو چاوە گشتگیرەوە، مینا زوومی کامێرایەکی پڕ وزەی بینین و روون تەماشای کێڵگەی دەیان ساڵەی شیعری شێرکۆ بکرێت، هێڵێکی هەڵکشانی سرووشتی، کتوموت وەکو هەڵکشانی باڵای چڵەگەنم و لاسکی جۆ، چوون بەژنکردنی گوڵەبەڕۆژەیەک، بەڵام نەک هەر سرووشت لەم بەژن و باڵاکردنەدا بەشدارە، بەڵکو هۆشی شاعیرێک، پلانی خۆی، ئەندێشەی خۆی بۆ هەڵکۆڵین لە یادەوەریی نەتەوەکەیدا کارایە. داهێنانی شاعیرێک لە گەردوونی شیعری خۆیدا، خۆر، ئاو، با و شتەکانی شاعیرەکە خۆی، خاکی ئەو بەرهەم و باڵاکردنەن، شاعیرێک وەکو بەردەڤکی سرووشت بێت ئازاری نەتەوەکەی تێکەڵ بە ڕەنگەکانی سرووشت دەکات، هەموو کارەساتەکان بەنێو ڕەنگ و بەنێو دەنگی سرووشت خۆیدا جارێکی دیکە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە، گواستنەوەیەک لە بەرگی باڵا و هەرە ڕەنگینی شیعردا.

## خەمگینترین یادەوەری

لە کۆڵن بووین، شەوێکی باراناوی، شەوێکی یەکجار تاریک، تاریک هەروەکو بەختی کورد و چوون داهاتووی کوردستان. پاش ئەوەی چەند تەلەفۆنێکی بۆ دێت و سەبارەت بە شەڕی ناوخۆ قسە دەکەن، پاش ئەوەی لەوبارەیەوە هەندێک شتی دیکە لەگەڵ منیش دەڵێت، دواتر دەبینم شێرکۆ دەگری، سەرەتا شۆک دەبم، پاشان تێدەگەم بۆ کورد و لە سۆنگەی شەڕی خۆکوژیی کورداندا دەگری. بەرچاڤک لادەبات و دەست بۆ پەڕەدەسماڵێک دەبات، چاوی دەسڕێت و سەبارەت بە گریانەکەی دەڵێت؛ ئیتر شەڕی ناوخۆی ئێمە ئەمەیشی

تێدەکەوێـت.  بێدەنـگ دەبێـت و پاشـان دووبـارە بـە بێزارییـەوە قسـە دەکات و دەڵێـت؛ ملیۆنـان کـەس خەونیـان بـە ئازادییـەوە دەبینی، کەچی وا سـەرکردەکانی ئێمـە لـە ژێـر ساباتی ئازادیـدا کـورد بەدەسـتی یەکتـر بەکوشـتن دەدەن. ئـەو شـەوە ئیتـر هەردووکمـان بـەرەو نوێنەکانمـان چوویـن، هیچـی دیکەمـان نەگـوت، هیچـی دیکـە و خەوتیـن. ئـەوە ساڵی 1997 بـوو، لـە شـاری کۆڵـن.

# بەهاریساڵی 2005.. شوێن سلێمانی.. ئاخافتن سەبارەت بە منداڵی و بە شیعر

یەکەم خاڵ لە سروودەکانی بێکەس خۆیەوە دەستپێدەکات

منداڵێک بووم خەونەکانی دارستانم ئەخوێندەوە
بەچاو بۆنی تیشکی ئاڵۆزکاوم ئەکرد
گوێم لە زریکەی کاروانی رەنگەکانی سرووشت ئەگرت
من رۆیشتنی گرد و شاخ و داربەڕووەکانم ئەبینی
زریکەی گۆم و ئەستێرک و خۆڵم ئەبیست
هەناوی ئەستێرەم ئەدی. [1]

1 - خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێ.

# پیاسەیەک بە کۆڵانەکانی منداڵیدا

دوانیوەڕۆیەکــی روونــی بەهــارە. رەنگــی ئاســمان ســایی و جەســتەی گوێژەیــش رووناکــی دەپرژێنێــت. پەڵەهــەورەکان لــە پۆلێــک باڵنــدە دەچـن بەسـەر گوێژەوە، مینـا پۆلێـک باڵنـدە لـە باوەشـی خۆیانـدا یـاری بـە مەلۆتکـە بکـەن، هێمـن هێمـن دێـن و دەچـن. سـلێمانی لـە ژنێکـی بزێــو دەچێــت. "**ژنێــک بــەرەو مەغریــب دەچێــت و زەردە دەدا لێــی**" [1]، ژنێـک جوانیـی لـێ دەبارێـت. کات دوانیوەڕۆیەکـی بەهـاری سـاڵی 2005 و شــوێن گەڕەکــی گوێــژەی شــاری ســلێمانی-یە. ســلێمانی، مەڵبەنــدە زیندووەکــەی هونــەر و رۆشــنبیریی نیشــتمانی ئێمــە. ئایــا رێکەوتــە بەشـێکی زۆر لـە داهێنەرانـی بـواری شـیعر و ئەدەبیاتـی کـوردی خەڵکـی ســلێمانین؟ پێدەچێــت هــەر لەگــەڵ بنیاتنانــی ئــەم شــارەدا تــۆوی شیعریشـیان وەشـاندبێت. کاتێـک سـاڵی 1784، میـری بابانـەکان، برایـم پاشـا، ئـەم شـارە بنیاتدەنـێ و دەیکاتـە پایتەختـی میرنشـینی بابـان، هـەر لــەم شــارەدا و لەســەر دەســتی شــاعیران (نالــی، ســالم و کــوردی) شـیعری کـوردی وەرچەرخانـی گـەورە بەخـۆوە دەبینـێ. نالی کـە قەڵەمی سەردەســتی قوتابخانــەی شــیعری بابانــە ، شــیعری کــوردی دەباتــە

1 - چەند جوانی بەرەو مەغریب دچیت زەردە دەدا لێت. گۆران

ئاسـتێکی دیکـە و گەشـەیەکی زۆر بەگشـتی بـە شـیعر، بـە تایبەتـی بـە دەربڕیـن، دەسـتەواژە، پەیڤسـازی و بـە زمانـی کـوردی دەدات.

لـە سـلێمانیی دڵگیـر، شـارێک لـە مێـژە مەڵبەندێکـی پـڕ جووڵـە و چالاکیـی رۆشـنبیری و هونەرییـە، لـە کەونەگەڕەکـی گۆیـژە، لەگـەڵ شـێرکۆ بێکـەس پیاسـە دەکەیـن. هـەوڵ دەدەیـن لـە دەسـتپێکەوە، لـە منداڵییـەوە، گەشـتێک بکەیـن بـە ژیانـی شـاعیرێکدا، شـاعیرێک لـە تەمەنێکـی یەکجـار زووەوە شـیعری ناسـی و بـوو بە هاوڕێی هەمیشـەیی ژیانـی، شـاعیرێک تاکـو مـرد هاوڕێـی گیانـی بـە گیانیـی شـیعر و وشـە بـوو.

لە شـارەکەی نالیـدا، سـەبارەت بـە هەندێـک بڕگـەی ژیانـی قسـە لەگـەڵ شـێرکۆ دەکەیـن، شـێرکۆیش لـە شـیعری کوردیـدا، وێسـتگەیەکی گرنگـی وەرچەرخـان و نوژەنکردنەوەیـە.

شـێرکۆ بێکـەس کاتێـک لـە وەڵامـی منـدا سـەبارەت بـە سـەرەتا و رۆژگاری دێریـن دەدوا، دەیگـوت:
وەکـو هەمـوو لایـەک دەیزانـن باوکـم یەکێـک بـووە لـە شـاعیرانی سـەردەمی خـۆی. ئـەو سـەردەمەی ئیتـر وەک نیشـتمانپەروەر و وەک شـاعیریش، یەکێـک بـووە لەوانـەی تـەواو پرشـنگدارە لـە ئەدەبـی کوردی و لـە شـیعری کوردیـدا. بێکـەس جێگایەکـی هەیـە تایبـەت بـە خـۆی. بـە تایبەتـی شـیعر و ئەدەبـی بێکـەس درێـژەدان بـووە بـەو هێڵە شـیعرییەی لـە ئەحمـەدی خانییـەوە بـۆ حاجی قـادری کۆیـی و تاکو هاتووەتەوە سـەر بێکـەس خـۆی لـە سـەردەمێکی تـردا، بـەردەوام بـووە. بێگومـان مـرۆڤ کاتێـک لـە ماڵێکـی وەهـادا لەدایکبێـت، هـەر لـە منداڵییـەوە کاریگەریـی ئـەو کەشـەی بەسـەرەوە دەبێـت. چونکـە تـۆ باوکـت دەمێـک لـە ماڵەوە بێـت، ئەگـەر فامیشـت نەکردبێتـەوە، دەبینـی کتێبـی بەدەسـتەوەیە، دەبینـی دەخوێنێتـەوە، جـا بێکـەس هەندێکجـار لەبەرخۆیـەوە شـیعری

دەگـوت. یـان بـەر لـەوەی بچمـە قوتابخانەیش، دەسـتی دەگرتـم، لەگەڵ خۆیـدا دەیبـردم لەپۆلـدا دایدەنـام. سـروودەکانی خـۆی پێدەگوتینـەوە [1]. کەواتـە، پێمـوایـە رەنگبێـت بتوانیـن بڵێیـن؛ **یەکـەم خـاڵ لـە سـروودەکانی بێکـەس خۆیـەوە دەسـتپێدەکات.**

---

1- سەبارەت بە سروودەکانی فایەق بێکەس، گرنگە لێرەدا باس لە بیرەوەرییەک بکەم. بیرەوەرییەک لەگەڵ مامۆستایەکی چەمچەماڵی. مامۆستا حەمەسەعید حەمەعەلی مەلا عومەر (1930-1991)، خەڵکی چەمچەماڵ بوو، مرۆڤێکی هونەرمەند و میهرەبان، مامۆستایەکی دلۆڤانیش بوو. لە سییەکاندا لە فێرگەی بنەڕەتی چەمچەماڵ فێرخواز دەبێت و فایەق بێکەس مامۆستایان بووە.
بێکەس لە ساڵانی نێوان 1936-1938 لە چەمچەماڵ مامۆستا بووە. ساڵی 1986، کە ئێمە تازە لە هەندێک شتی سادە حاڵی دەبووین، شەوێک بە ئامادەبوونی هاوڕێی هێژام دلێر حەمەئەمین باسی یادگارییەکی خۆی بۆ کردین، یادگاری رۆژانی منداڵی و بیرەوەری خۆشی خۆی لەگەڵ سروودەکانی مامۆستا بێکەس. مامۆستا حەمەسەعید گوتی؛ باشم لە بیرە کاتێک مامۆستا بێکەس لە چەمچەماڵ مامۆستامان بوو، رۆژێکیان هاتە ژوورێ و گوتی؛ ئیمڕۆ سروود دەخوێنین. گوتی؛ مامۆستا بێکەس بە دوو پەنجە ئاماژەی بە لێدانی ریتم کرد لەسەر تەختە کورسییەکانمان و ئێمەیش لاساییمان کردەوە، دواتر مامۆستا بێکەس خۆی دەستی کرد بە گوتنی ئەم سروودە کە مامۆستا حەمەسەعید لەبیری مابوو. مامۆستا حەمەسەعید خۆی مۆسیقاریش بوو. دەیگوت؛ ئاوازەکەش هی مامۆستا فایەق بێکەس خۆی بووە. کاتێک ساڵی 1988 لە شانۆیی "وانەیەک لە بێکەسەوە" بەرهەمی تیپی شانۆی چەمچەماڵ، ئەو سروودەمان بەکارهێنا و پێشکەشمان کرد، یەکێک لەو کەسانەی دروستیی سروودەکە و شاعیرەکەی پشتڕاستکردەوە مامۆستای هێژا و هونەرمەندی دەنگئاوا مامۆستا کەریم کابان بوو. کابان گوتی منیش لە قۆناخی بنەڕەتیدا بووم و هەمان سروود لە مامۆستا فایەق بێکەسەوە فێر بووم.
سروودەکە کە ئێمە، دلێر حەمەئەمین و من، لە شاری چەمچەماڵ، لە مامۆستا حەمەسەعید حەمەعەلیمان وەرگرت، ئەمەیە و وا بۆ یەکەمجار لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە:

با هەستین با هەستین
کوڕگەل زۆر عەیبە سستین
ئەمڕۆ رۆژی فەرمانە
زەمانی هەوڵدانە

با هەموو کۆمەڵ بەستین
هیممەت کەین بۆ وا سستین

وەڵاتمان زۆر شیرینە
دەشتی گوڵزار و شینە
خاکی پاکی زێڕینە
حەیفە مات و خەمگینە

با هەموو کۆمەڵ بەستین
هیممەت کەین بۆ وا سستین

[بۆ تەماشاکردنی نۆتەی سروودەکە تکایە ئەلبوومی وێنەکان ببینە.
هاوڕێی هونەرمەند رزگار حەمەرەووف نۆتەی سروودەکەی نووسیوەتەوە].

لـە گەڕەکــی گـوێــژە یــان "گەڕەکــی گاوران" پیاســە دەکەیــن، شــێرکۆ بێکـەس تەماشـای دار و بـەردی کۆڵانـەکان بـە وردی دەکات، بـە چاوێکـی تیــژ و وردەوە دەڕوانێـت. پـاش ئێســتێک دەڵێــت؛ تەماشــا هەمــوو کۆڵانـەکان وەکـو خۆیـان مـاون.

گەڕەکەکە وێستگەیەکی گرنگە لە ناسـین و ئاشـنابوون بە سـەرەتاکانی ئەم شـاعیرە.

لێــرە، لــە گەڕەکــی گاوران، گەڕەکێــک لــە رۆژگاری لەدایکبوونــی شـاعیردا، گەڕەکـی شەبەنگئاسـای ئاینـەکان بـووە، ئامێزێـک بـووە بـۆ ئاینـی ئیسـلام، جـوو و عیسـایی. گەڕەکێـک مزگـەوت، دێـر و سـیناگۆک (پەرسـتگای جـووەکان)ی لەخـۆ دەگـرت. لـە بـواری پیاسـەی پێکەوەییـدا، گەشـتێکی پـڕ یـادەوەری بـە کۆڵانەکانـی منداڵیـدا دەکەیـن، دەچینـەوە کــن ســاتی پشــکوتن و چاوتروکانــدن، دەچینــە ئــەو ماڵــەی شــێرکۆ بێکەســی تێــدا لەدایکبــووە. دەچینــە ژوورەوە، ژنێکــی میهرەبــان بــە ســیمایەکی روونــاک و ڤەکــری پێشــوازیمان لێــدەکات. ئێمــە کەســمان ئـەو ناناسـین، بـەڵام ئـەو شـاعیرەکە دەناسـێت و پێماندەڵێـت؛ **"ئـەم ماڵــە شــوێنی لەدایکبوونــی شــێرکۆ بێکەســە"**.

دەچینـە ژوورەوە، بـە سـیمای شـاعیرەکەمانەوە هەسـتێکی تایبەتـی پـڕ تاسـە دەخوێنرێتـەوە. شـێرکۆ دەڵێـت:
**رۆژی 2\5\1940 لێرە، لەم ماڵەدا لەدایکبووم.**

شــێرکۆ بــەردەوام دەبێــت؛ یەکــەم منداڵــم لــە دایکــی خــۆم. باوکــم منداڵێکـی دیکـەی هەیـە، بـەڵام لـە ژنێکـی تـر. بێگومـان ئـەو منداڵەمـان لەگـەڵ نەبـوو. لێـرە، دایکـم، باوکـم و مـن دەژیایـن. نازانـم بـە دروسـتی لـە کام ژووردا، بـەڵام لـە یەکێـک لـەم ژوورانـەدا لەدایکبـووم.

ئــەم شــاعیرە لــە رۆژگارێکــدا لەدایــک دەبێــت، شــەڕی جیهانیــی

یەکـەم لـە کڵپەسـەندندایە، هەشـت مانـگ بـەر لـە لەدایکبوونـی ئـەم شــەڕ هەڵگیرســاوە، شــەڕێک بــە یەکێــک لــە پێڤــاژۆ هــەرە تاریــک و پشتشـکێنەکانی دیرۆکـی مرۆڤایەتـی دەژمێردرێـت. نادڵنیایـی، هـەژاری، بێهیوایـی ئامـاژە سەردەسـتەکانی ئـەو ڕۆژگارەن. شـێرکۆ و هاوڕێیانـی منداڵیـی شـێرکۆ، سـەردەمێکی پـڕ بـرک و ژانیـان بەسـەربردووە. لـەو ڕۆژگارەدا و لـە ژێـر ساباتی ترسـناکی ئـەو شـەڕەدا کـە دەبێتە سـەرەتای بەکارهێنانـی چەکـی کۆکـوژ، چەکـی ئەتـۆم، داهێنانـی بـەدی مـرۆڤ، لەو شـەڕەدا بەکاردەهێنرێـت. لـەو دەمـی بەکارهێنانـی ئەتۆمەدایـە، فایـەق بێکـەس تـف دەکات لـە عیلـم و لـە سـەنعەت و لـە کارەبـا. تووڕەیـی و یاخیبوونــی بێکــەس و تفکردنــی لــە زانســت بــە هــۆی کارەســاتی بەکارهێنانـی بۆمبـی ئەتۆمـەوە بـووە لـە هـەردوو شـاری ناکازاکـی و هێرۆشـیمای ژاپـۆن.

**"داخەکەم بۆ ئەو زەمانەی رووی زەمین**
**وەک بەهەشت بوو پڕ لە خۆشی و پێکەنین**
**بێ تەماع و بێ درۆ و خاڵی لە قین**
**دڵنیا و دوور بووین لە ئەتۆمی لەعین**
**تف لە عیلم و سەنعەت و سەد کارەبا**
**مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت، مەرحەبا**
**یادی تۆ ئێستا لە دڵ خەم لائەبا"** [1]

گـەر فایـەق بێکـەس کـوڕی وەڵاتێـک بـا بـە فەرمـی خـۆی و زمانەکـەی ناسـرابان، گــەر نیشــتمانەکەی ئەنــدام بــا لــە کۆمەڵــەی گــەلان، ئــەم شــیعرەی بێکــەس، ئــەم هەڵویســتەی وی لــەو ڕۆژگارەدا و لــە دژی شـەڕ، چـۆن تۆمـار دەکـرا؟ جەخـار بەشـێک لـە دەوروبـەر، بەشـی زۆری دراوسـێکانی کوردسـتان، بـێ خـاک و بـە تۆپەڵێـک وشـەوە هاتـن، هاتن و

1 - دیوانی فایەق بێکەس، ل 195، شیعری - بە بۆنەی بۆمبای ئەتۆمەوە-.

خاکیان داگیر کرد، هاتن و زمانی کوردی و زمانی زۆرێک لە میللەتانی تریشیان لەناوچەکە کوشت یان قەدەخە کرد، ئەو تاوانگەلەیان کرد و خۆیان کرد بە خاوەنی خاک، بە خاوەنی زمان و کوردیش دەستڤاڵا مایەوە. دیارە زۆری دیکە سڕانەوە و نەمان. کورد چوون چیایەک بەپێوە مایەوە، چیایەک رووتیانکردەوە لە بەرگی درەخت و لە کراسی گوڵ و گیا، کەژێکی رەنگین کرا بە مامەڕووتەیەک، بەڵام مامەڕووتەیەک، یان کەژێک تاکو ئێستا بەپێوەیە و نەکەوتووە. کەژێک کەسانی وەکو خانی، حاجی و بێکەس لە ستوونە پتەوەکانی راگرتنی بوون. لە شاعیرانی دەوروبەر، لە یادەوەریمدا ئێستا کەس شک نابەم لەو دەمەدا شیعری بۆ کارەسات و برک و ژانی ژاپۆن نووسیبێت. جگە لە شاعیری تورک نازم حیکمەت [1]، حیکمەتیش ساڵی 1956، واتا پاش 10 ساڵێک لە روودانی کارەساتەکە شیعری بۆ هێرۆشیما نووسیوە.

لەو رۆژە رووناکەی سلێمانیدا و لەبەردەوامیی قسەکردندا لەگەڵ شێرکۆ، لای بێکەسین، شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

هەر لە منداڵیمەوە خەڵک منیان خۆشدەویست، دیارە لەبەر باوکم. بەهۆی هەڵوێستەکانی، لەبەر شیعرەکانی، منیش لە هەست و لە نەستی منداڵیی خۆمدا دەمگوت؛

**"تۆ بڵێی منیش ببم بە شاعیرێک هەمان ئەو خۆشەویستییەم لەناو خەڵکدا هەبێت؟"**

رەنگە یەکەم پرسیار لای من وەها دروستبووبێت.

ئەمە واتای چییە؟ واتای ئەوەیە ئەو، بێکەس، لەڕێی خۆیەوە، لەڕێی ناوبانگییەوە، لەڕێی شیعرەکانییەوە، یەکەم گەرای خۆشەویستیی

1 - ناوی شیعرەکەی نازم حیکمەت، واتە منداڵی کچ، کچی منداڵ. کەنیشک. kız çocuğu.

شـیعری لەنـاو دڵـی منـدا خسـتووە. بێگومـان ئەمـە هـەر مایـەوە تاکـو ئـەو دەمانـەی خۆشەویسـتیی شـیعر و ئـەدەب بـوون بـە مەسـەلەیەکی گـەورە لـەلام، دیـارە بەبـێ ئـەوەی هێشـتا هیچیشـم نووسـیبێ.

## دایکم قارەمانی ژیانمە

ژنێـک لـە ژیانـی شـێرکۆدا هەیـە، وەکـو خـۆی پاشـان بەڕوونـی ئامـاژەی پێـدەکات **"قارەمانـی ژیـان"ی ئـەم شـاعیرەیە.**
ئەو ژنە شەفیقە خانی دایکی شێرکۆ بێکەسە.

خاتـوو شـەفیقە سـەعیدی وەسـتا حەسـەن، هاوژینـی فایـەق بێکـەس و دایکـی شـێرکۆ، سـاڵی 2005 لـە شـاری سـتۆکهۆڵم ـ سـوێد بینیـم. ژنێـک سـەرتاپا بـۆن و بەرامـەی ژنانـی دێریـن و دایکانـی لێدەهـات، لـە هەڵسـوکەوت، لـە ئاخافتـن، لـە میهرەبانـی و لـە بارینـی پرشـنگەکانیدا سـەرچاوەی خۆشەویسـتی بـوو. کاتێـک سـەبارەت بـە منداڵیـی شـێرکۆ پرسـیارم لـە شـەفیقە خـان کـرد، ئـەو دایکـە سـەبارەت بـە منداڵیـی شـێرکۆ بەمجـۆرە دوا:

لـە منداڵیـی خۆیـدا، شـێرکۆ بـەردەوام خەریکـی شیعرنووسـین بـوو. سـەرقاڵی خوێندنـەوە بـوو. خەریکـی سـروودگوتن بـوو، لەبەرخۆیـەوە سـروودی دەگوتـەوە. شـێرکۆ کوڕێکـی هێمنـی لەسـەرخۆ بـوو، هەروەهـا کوڕێـک بـوو قانیـع. منداڵێـک بـوو دەیزانـی ئێمـە حاڵمـان چۆنـە و ئەحواڵمـان چۆنـە. واتـا شـێرکۆ دەیزانـی ماڵێکـی هەژاریـن، ماڵێـک ناتوانیـن، بـۆ نموونـە هەمـوو ڕۆژێ چێشـت و گۆشـت و برنـج و ئـەو جـۆرە خواردنانەمـان هەبێـت. ڕۆژی وای تێدەکـەوت هەبـوو، ڕۆژی وایـش کـە نەبـوو. ڕۆژی وەهـا دەهاتـە پێشـێ، بـۆ نموونـە هاوڕێکانـی دەبینـی هەمـوو پاسـکیلیان هەیـە و ئـەم نییەتـی، بـەڵام سـەرەڕای ئـەو حاڵەیشـمان ڕۆژێـک لـە ڕۆژان شـێرکۆ بـە منـی نەگـوت؛ بـا منیـش پاسـکیلم هەبێـت. یـان نەیدەگـوت بـا منیـش فـڵان شـتم ببێـت. نەخێـر.

بـەو جـۆرە ژیانمـان بەڕێکـرد تاکـو خوێندنـی تـەواو کـرد [1].

سـەبارەت بـە رۆژگاری منداڵـی و رۆڵـی خاتـوو شـەفیقەخانی دایـک، شـێرکۆ بێکەسـیش دەڵێـت:

لـە فامکردنـەوەی تـەواوەوە، بـۆ گەنجێتـی و تاوەکوکـو ئێسـتایش (ئـەم قسـەیەی شـاعیر لـە سـاڵی 2005 دا کـراوە)، واتـا تـا ئـەم سـاتانەی ئێسـتایش کـە تەمەنـی دایکـم نزیکـەی 85 یـان 86 سـاڵە، دەتوانـم سـەبارەت بـە دایکـم وەهـا بڵێـم؛

**"ئەگـەر لـە ژیانـی هـەر کەسـێکدا پاڵەوانێکـی گـەورە هەبێـت، دایکـم ئـەو پاڵەوانەیـە لـە ژیانـی منـدا".**

چونکـە لـە بێوەژنکۆشـیدا، تەنانـەت کاتێـک شـووی دووەمیشـی کـردەوە، دایکـم هـەر وەکـو خـۆی وابـووە لەگـەڵ ئێمـە. بـەڵام پـاش مردنـی باوکـم، حـەوت سـاڵی یەکەمـی پـاش مردنـی بێکـەس، لـە کاتێکـدا ئـەو لە تەمەنـی زۆر گەنجیـدا لێـی قەومـا، لـە بیسـتەکانی تەمەنیـدا بـوو، دایکـم توانـی ئازایانـە و زیرەکانـە ئـاگای لـە پەروەردەکردنـی مـن و هـەردوو خوشـکەکەم بێـت، فریشـتە و گەزیـزە. دەبێـت ئـەوە بڵێـم دایکم خۆیشـی هـەر لەسـەرەتاوە ژنێکـی بەدەسـت و بـە دەموپـل بـووە، ژنێـک نەبـوو مردەلۆخـە بێـت. دایکـم ژنێکـی زیرەکـە، زیرەکـە و بیردەکاتـەوە. رەنگـە لـە هەمانکاتـدا بوونـی ئـەو لەگـەڵ بێکەسـدا، ئەزموونێکـی گـەورە بووبێـت بـۆی. بـەڵام هـاوکات دایکـم خـۆی بـۆ خـۆی، وەک قسـەکردن، وەک دەمـودوو بەتوانـا بـووە و بـە توانایـە. بـۆ نموونـە، مـن هـەر لـە منداڵییـەوە ئاگام لـەوە بـووە دایکـم لـە هـەر کۆڕێکـدا بووبێـت، لەگـەڵ دەستەخوشـکانی خۆیـدا، یـان مـاڵان هاتبـن بـۆ میوانیمـان، یاخـود ئێمـە چووبیـن بـۆ میوانـی، دایکـم قسـەکەری مەجلیـس بـووە.

1- بۆ خوێندنەوەی تەواوی ئەو دیدارەی شەفیقە خان لەم کتێبەدا تەماشای بەشی هەڤپەیڤین لەگەڵ شەفیقە خاندا بکەن.

# سووورداش و زنجیره چیای چەرماوەند

سووورداش لە ژیانی منداڵیی شێرکۆ بێکەسدا وێستگەیەکی فرە گرنگە. فایەق بێکەس مامۆستا بووە و بەهۆی کارەکەیەوە، زۆر شوێنی جۆراوجۆری کردووە. یەکێک لەو شوێنانە سووورداش بووە. سووورداش لەودەمەدا ئاواییەک بووە. لەو ئاواییە بێکەسی باوک مامۆستا دەبێت، ساڵی 1948، لەوێ، شێرکۆی منداڵ دەچێتە قوتابخانە. شێرکۆ دەچێتە پۆلی یەک و دەست بە خوێندن دەکات، لە قوتابخانەیەک کە بێکەسی باوک تێیدا مامۆستایە.

لەگەڵ شێرکۆ بێکەس بەهاری ساڵی 2005 چووینە هەمان شوێن، لە نێوان ماڵە دێرین و فێرگە دێرینەکەدا وەستاین و دەستمان بە قسە کرد. ئەو شاعیرە ئاماژەی بە شوێنی ئێستای فێرگەکە کرد و گوتی:

ئاوایی ئەم فێرگەیەی ئێستا، ئەوەی پێشوو نییە، ئەمە نوێکراوەتەوە. شوێنە کۆنەکە تێکدرا و ئەمەی ئێستا لە جێگەی بنیاتنرا.

لەوێ، لە تەنیشت فێرگەکەوە راوەستاوین و شێرکۆ ئاماژە بە دوو ماڵ، لە ماڵانی بەرانبەر فێرگەکە دەکات و دەڵێت؛ یەکێک لەم ماڵانە

ماڵـی ئێمـە بـوو، چونکـە مـن لـە پۆلەکـەی خۆمـەوە ماڵـی خۆمانـم دەبینـی. دەمبینـی دایکـم هاتوچـۆ دەکات، دێـت و دەڕوات. دیـارە لەگەڵ باوکمـدا چەنـد مامۆسـتایەکی دیکەیـش هەبـوون لـە سـووورداش.

رەنگبـێ رۆژانـی ژیانـی سـووورداش یەکێـک لـە پێڤـاژۆ هـەرە تایبەتەکانـی ژیانـی منداڵیـی شـێرکۆ بێکـەس بووبـێ. لـەوێ شـێرکۆی منـداڵ لـە قوتابخانەیـەک دەخوێنێـت، بێکەسـی بـاوک تێیـدا مامۆسـتایە. رۆژانـە گـوێ لـە وانـەی بـاوک دەگرێـت و بـە شـەویش دەخزێتـە ئامێـزی چیرۆکـە گەرمەکانـی دایکـەوە. وەکـو خۆیشـی بـەردەوام ئامـاژەی بـۆ دەکـرد، بـۆ یەکەمجـار لـەم دەڤـەرە کێوییـەی سرووشـت، لـە بنـاری چیـای چەرماوەنددا، چـاوی شـێرکۆ بەڕەنگـی خـوەزای کوردسـتان دەکرێتـەوە. هـەر لێرەیـش، بـۆ یەکەمجـار، شـێرکۆ گوێـی لـە کۆمەڵـێ ئەفسـانە و چیـرۆک دەبێـت، چیـرۆک و گێڕانـەوەی وەهـا، ئاسـۆی نـوێ لـە خەیاڵـی منداڵیـی ئـەودا بەرجەسـتە دەکـەن.

شێرکۆ لە بناری چیای چەرماوەنددا دەوەستا و دەیگوت:
**"تەماشـای سـیمای ئـەم شـاخە بکـە و لێـی ورد ببـەوە، چەندیـن تابلـۆ و چەندیـن پەیکـەری تێـدا دەبینـی. ئـەو شـتانە خەیاڵـی منداڵیـی ئێمەیـان یەکجـار چـالاک دەکـرد." بـۆ نموونـە؛ "ئـا ئـەم شـاخە پیرەمێـردە مـل باریکـە [1]"، رەنگبـێ نووسـینی چەندیـن شـیعر و دەیـان رسـتە لـەو وێنـە و لـەو روانینانـەی منداڵیمـەوە سـەرچاوە بگـرن"، شـێرکۆ بـە دەم تەماشـای چەرماوەنـدەوە دەیگـوت.**

سـووورداش و ریـزە چیـای چەرماوەنـد، لـە وێسـتگەی دەسـتپێکدا خەیاڵـی ئـەم منداڵـە بـە رەنگـی کەسـکی نیشـتمان تەڕوپـاراو دەکـەن. شـێرکۆیەک، ئـەو منداڵـەی نیشـتمان، منداڵێـک پاشـتر دەبێـت بـە شـاعیرێکی دەگمـەن و بـەردەوام بـە سـروود و سـتران ئازارەکانـی

1 - رستەیەکە لە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس خۆی.

نیشـتمانەکەی، ژانـی کـەژ و ئـازاری زنـەی زێـدی خـۆی دەلاوێنێتـەوە.

شـێرکۆ، لەگـەڵ دوو خوشـکەکەی و دێ و بابـدا، ماڵباتێکـی بەختەوەریان هـەس، بـەڵام بـە مردنـی بێکـەس سـاباتی دڵنیایـی و شـادیی ئـەم ماڵباتە دەکەوێـت. فایـەق بێکەسـی بـاوک و هـاوکات یەکێـک لـە سـتوونەکانی شـیعری بەرگـری و نیشـتمانی لـە شـیعری کوردیـدا، هاوکاتیـش رەخنەگرێکـی تـووڕە لـە میللەتەکـەی، لـە شـاری هەڵەبجـە دەمرێـت. شـێرکۆ لـە تەمەنێکـی زۆر بچووکدایـە کاتێـک بێکـەس دەمرێـت، نەونەمامێکـە و بەرگـەی ئـەو زریانـی کۆسـتە ناگرێـت. لەکاتـی ئـەو مردنـەدا دایکیـش لـە سـەرەتای بیسـتەکانی تەمەنیدایە، لەوما مردنـی لەنـاکاوی فایـەق بێکـەس، کۆژانێکـی گـەورە دەبێـت بـۆ ئـەم ماڵباتـە. کۆژانێـک خۆشـی و شـادی ئـەم خێزانـە هـاوکات هـەژار و بەختـەوەرە وێـران دەکات.

رۆژی 1948\11\18، بێکەسـی بـاوک لـە سـبەینێیەکی تـووش و تۆفـدا، سـبەینێیەک باهـۆز و بـاڕن[1] تێیدا سەردەسـتن، لـە هەڵەبجـە دەمرێت و لـە گۆڕسـتانی سـەیوانی شـاری سـلێمانی بەخاکـی دەسـپێرن.

شـێرکۆی هەشـت سـاڵە بـێ بـاوک دەمێنێتـەوە، بـەڵام بـە جەسـتە، دەنـا وەکـو یـاد، وەکـو هەڵوێسـت و بیـر، بێکەسـی بـاوک و شـاعیر بـەردەوام لـە هەسـت، لـە نەسـت و هەروەهـا لـە هەڵکشـانی بەژنـی شـیعردا، لـەلای شـێرکۆ ئامادەیـە.

شێرکۆ سەبارەت بە رۆڵی باوکی لە ژیانی خۆیدا دەڵێت:
هەرچەنـدە مـن زۆر منـداڵ بـووم کاتێـک باوکـم مـرد، بـەڵام بوونـی بێکـەس لـە ژیانـی منـدا، چرایەکـی یەکجـار گرنـگ بـوو. بێکـەس وەک چرایەکـی مانـەوی لـە رۆحـی منـدا بـەردەوام ئامادە بـوو. بـەردەوام وەک هەسـت بکـەم باوکـم لەگەڵمدایـە. شـێرکۆ لـە رسـتەیەکی کاریگـەردا

1- باڕن: بای تیژ و سارد کاتێک بەفر لە یاڵ و لاپاڵەکان دەماڵێت و دەیبات.

سەبارەت بە ئامادەبوونی بێکەس لەلای، دەڵێت؛
**"من وام هەستدەکرد لە نووسینی هەموو شیعرێکدا لە تە نیشتمە و ە یە".**

کاتێک بێکەس دواکۆچ دەکات، شەفیقە خاتوون ژنێکی یەکجار گەنجە، لە بەهاری تەمەنی خۆیدایە. بێکەس دەمرێت و سێ منداڵ و شەفیقەخان دەمێننەوە. لە جزدانەکەی بێکەسدا "پارە و پووڵ" بەجێنامێنێ. شتێک لە جزدانەکەیدا کە بەجێدەمێنێ "**شیعرێکە بۆ ئازادی**" [1] وەکو شێرکۆ پاشتر پێناسەی دەکات. شەفیقە خان روو دەکاتە ئاسمان و داوای هێز و پشتگیری لە ئاسمان و لە پەروەردگاری دلۆڤان دەکات تاکو بە هانایەوە بچێت. مردنی بێکەس، هاوکات ئاوابوونی خۆری خۆشەویستیی باوک، نەدارییەکی پڕووکێنەر و پاشتریش شووکردنەوەی دایکی بەدوادا دێت. هەموو ئەو رووداوانە بەژنی نەونەمامئاساى شێرکۆ دڵڕەقانە دەشکێننەوە. شووکردنەوەی دایک بۆ شێرکۆ کارەسات دەبێت. شەفیقە خان لە کاتێکدا دەڕوات، کاتێکە هەم رۆڵی دایک و هەم باوک لە ژیانی شێرکۆدا بەرجەستە دەکات. دایکێک تاوەکوکو مردیش، جگە لە وابەستەیی دایک و فرزەندی، هەروەسا پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی ئاوس بە ئەڤینێکی ئاسمانی لە نێوان ئەو دایک و کوڕەدا هەبوو.

شەفیقە خان لە تەمەنی 85 ساڵیی خۆیدا دەیگوت: **"تاکو ئێستا دڵم لە شێرکۆ زویر نەبووە و زۆریش خۆشحاڵ و بەختەوەرم لەگەڵ شێرکۆ".**

پاش شووکردنەوەی شەفیقە خان و چوونی بۆ شاری بەغدا، شێرکۆی تەنیاباڵ دەچێتە ماڵی خاڵی و ماوەیەک لە ماڵی خاڵۆ عومەری دەژی.

---

1- شیعری چیرۆکی جزدانێ، شێرکۆ بێکەس، لە بەشی هەڤپەیڤین لەگەڵ شەفیقە خانی دایکی شێرکۆ بێکەسدا شیعرەکە ببینن.

شـێرکۆ خـۆی لـە باسـی ئـەو دەمـە کامبـاخ و ئـەو ڕۆژگارە شـپرزەیەی ژیانیـدا، گـەر بزەیەکیـش لـە سـیمایدا گوڵـی کردبـا، بزەیـەک بـوو داپۆشـراو بـە تەپوتۆزێکـی خەمگیـن، کاتێـک لەوبارەیـەوە قسـەی دەکـرد، دەیگـوت:

یەکێـک لـەو شـتانەی پێموایـە بـۆ یەکەمجـار تووشـی جۆرێـک لـە گۆشـەگیری، هەروەهـا نائومێـدی، تووشـی جۆرێـک لـە ڕەشـبینیی کردم، ئـەوە بـوو دایکـم شـووی کـردەوە. چونکـە هەسـتم دەکـرد دەبێـت ئـەو دایکـە هـەر هـی مـن بێـت. پێموابـوو نابێـت ئـەو هـی کەسـێکی دیکـە بێـت. دیـارە هەسـتی مـن لـەو کاتـەدا وەهـا بـوو. ئـەو ڕووداوە بـوو بـە هـۆی ئـەوەی زۆر زۆر نیگـەران بـم. بێگومـان ئیتـر دوای ئـەو ڕووداوە لانەیشـم لێتێکچـوو. هەرچەنـدە دایکـم دەیویسـت مـن بەرێـت لەگـەڵ خـۆی. چونکـە لەگـەڵ دوو خوشـکەکەمدا چـوون بـۆ بەغـدا. دایکـم شـووی کـردەوە بـە کاک عومـەر هەڵمـەت، باوکـی کاوە و کامـەران، (هـەردوو ناوبـراو بـرای شـێرکۆ بێکەسـن لە دایکـەوە)، دایکم دەیویسـت و مەبەسـتی بـوو مـن بەرێـت لەگـەڵ خـۆی. بەڵام مـن خۆم نەچـووم. زۆر هەوڵـی دا و زۆر لەگەڵـم خەریـک بـوو، بـەڵام مـن لـە سـلێمانی مامـەوە. دیـارە بێپەنـا و بێداڵـدە مامـەوە، تاکـو ئـەو دەمـەی چوومـە لای خاڵـم. خاڵیشـم فەرمانبەرێکـی ئاسـایی بـوو لـە شـارەوانی. ژوورێکـی بەکرێـی هەبـوو لـە ماڵانـدا. چوومـە لای ئـەوان. کاتێـک چوومـە ماڵـی خاڵـم تەمەنـم هەڵکشـابوو، گـەورە ببـووم، ئیتـر لـە پۆلـی شەشـی سـەرەتایی و یـان هەڵکشـاوتر بـووم. ئەوانیـش تـازە منداڵێکیـان ببـوو، هەسـتم کـرد مـن بـارم بەسـەر ئـەم خێزانـەوە. لەبـەر ئـەوە دەبـوو شـتێک بکـەم. ژوورێـک هەبـوو هـەر لەنـاو ماڵەکـەدا، ژوورەکـە تـەرک کرابـوو، جـاران لـە ماڵانـدا ژووری وەهـا هەبـوو، ژوورەکـە زەخیـرە و شـتی لـەو بابەتـەی تێدابـوو، بەرانبـەر بـە ژوورەکـەی ماڵـی خاڵـم. پێمگوتـن دەمەوێـت بچمـە ئـەو ژوورە. ژوورەکـە زۆر سـەیر بـوو، دارەڕای کـۆن، دیـواری داڕزاو، لـە ژوور نەدەچـوو. چـووم و لـەو ژوورەدا جێگەیەکیـان بـۆ ڕاخسـتم. بـەڵام

شـەو تاوەکوکـو بەیانـی لەگـەڵ مشـک پێکـەوە بوویـن.. بەڵـێ مشـک. نـە یەکێـک و نـە دووان، بـە دەیـان مشـک لـە هاتوچـۆدا بـوون. مشـک تاکـو سـەری سـبەی چالاکانـە دەهاتـن و دەچـوون. جـاری وەهـا هەبـوو قاچیـان دەکرانـدم، بەسـەر لێفەکەمـدا دەهاتـن و دەچـوون. بـە شـەوان لـەو ژوورەدا مشـک بەزمێکـی سـەیریان سـاز دەکـرد. بێگومـان ژمارەیـان ئەوەنـدە زۆر بـوو، تەڵـە و شـتی وەهـا دەرەقەتیـان نەدەهـات [لەکاتـی گێڕانـەوەی ئـەم بەسـەرهاتانەدا پێدەکەنـێ].

ئێمـە دواتـر بـە هاوڕێیەتـی شـێرکۆ بێکەس (سـاڵی 2005) سـەردانی ئەو دوو مرۆڤـە میهرەبانەمـان کـرد. چووینـە ماڵـی خاڵـی شـێرکۆ بێکـەس. عومـەری سـەعیدی وەسـتا حەسـەن، بـە هەسـتێکی پـڕ لـە شـانازی و هاوکاتیـش تـژی لـە گـوڵاوی خۆشەویسـتی دەیگـوت:
**" خۆشـحاڵ و سـەربەرزم خوشـکەزایەکی وەکـو شـێرکۆمان هەیـە. پێمخۆشـە. تـۆ خوشـکەزایەکی وەهـات هەبێـت خـۆش نییـە؟".**

هـاوکات خاڵۆژنیشـی لـە گێڕانـەوەی یەکێـک لـە یادگارییەکانـدا، لەبارەی منداڵیـی شـێرکۆ، دەیگـوت:

کاتێـک شـووم کـرد، شـێرکۆ تەمەنـی نـۆ سـاڵ بـوو. ئـەو دەمـە بەیەکـەوە دەژیایـن. شـێرکۆ، دایکـی و ئێمـە، هەمـوو لـە ماڵێکـدا لـە گەڕەکـی حاجـی حـان پێکـەوە بوویـن. شـێرکۆ منـداڵ بـوو، تەمەنـی نـۆ سـاڵ یـان 10 سـاڵ دەبـوو. دەچـوو بـۆ قوتابخانـە و دەهاتـەوە مـاڵ. جـاری وەهـا هەبـوو دەیگـوت دەمـەوێ بچـم بـۆ سـینەما. نرخـی بلیتـی سـینەما ئەوکاتـە چـل فلـس بـوو.

شـێرکۆ دەیگـوت؛ دەبێـت پـارەم بدەنـێ دەچـم بـۆ سـینەما. منیـش دەمگـوت باشـە دەتدەمـێ. بـەڵام ئێسـتا پـارەم پـێ نییـە، سـبەینێ بەڵێـن بێـت دەتدەمـێ. شـێرکۆ دەیگـوت؛ ئەمـڕۆ پارەکـەم نەدەیتـێ بـەر بـەردت دەدەم. منیـش دەمگـوت؛ باوکەکـەم بەربـەردم مـەدە، سـوێند دەخـۆم

بە قورئان سبەینێ دەتدەمێ. ئێستا جارێ وەرە ژوورەوە.

خاڵۆژنی شێرکۆ دەڵێت؛ **"لەو عانەدا کە من قسەم بۆ دەکرد و دەمویست رازی بکەم، رایکردە دەرەوە و بەر بەردی دام"** [1].

رۆژگارێکی تاڵ و پڕ کێشە منداڵیی شێرکۆ بارگاوی دەکات. ئەو دەمەی لە شاری سلێمانی ئامادەیی پیشەسازی دەکرێتەوە، شێرکۆ بێکەس دەچێت لەوێ دەست بە خوێندن دەکات.

بۆچی ئامادەیی پیشەسازی؟ چونکە ئەو فێرگەیە بەشی ناوخۆیی هەیە و فێرخواز دەتوانێت لەوێ هاوکات بمێنێتەوە و شوێنی خەویشی هەبێت. ئەمە ساڵانی نێوان 1954-1958 دەبێت. رۆژێک پێکەوە چووینە ئەو فێرگەیە لە شەقامی سالمی شاری سلێمانی. لەو شوێنەی شێرکۆ چوار ساڵی تەنیایی و دووریی لە ماڵبات بەسەر بردبوو. لەو فێرگەیە سەرەتاکانی شیعر و خۆشەویستی بۆ شیعر باڵا دەکەن. شێرکۆ لەو فێرگەیە فێرخوازی ئامادەیی پیشەسازییە، بەڵام لە خەیاڵی خۆیدا، لە هەواری خولیا و لە گۆمەکانی حەزیدا، لە نێو دەلیڤەکانی شیعر و هونەردا دێت و دەچێت.

لەگەڵ شێرکۆدا رۆژێک چووین و گەشتێکمان بەو فێرگەیە و ڕاڕەوەکانیدا کرد. چووینە هەمان ئەو پۆلەی شێرکۆ لەوێ خوێندوویەتی. لەسەر یەکێک لە تەختەکورسییەکان دانیشت، وەکو ئەوەی لە یادەوەری یان روونتر لەو رۆژگارە سادەیەی منداڵی و لاوێتیدا بژی، یاخود چووبێتەوە هەناوی ئەو سەردەمە، رووی تێکردم و دەستی بە گێڕانەوە کرد، ئاماژەی بۆ ئەمسەر و ئەوسەری پۆلەکە

---

1- ساڵی 2008 لە شاری کۆڵن و لە ماڵەوە، کاتێک پێکەوە تەماشای فیلمی ترۆی-مان دەکرد، لەسەر دی ڤی دی، یادی ئەو بەردتێگرتنەمان کردەوە، کاک شێرکۆ پێدەکەنی و دەیگوت: لە سەرەتایەکی زۆر زووی تەمەنەوە حەزم لە چوونە سینەما و تەماشاکردنی فیلم بوو. دەیگوت: بەڵام بەداخەوە ساڵانێکی زۆر نەبوونیی رێگر بوو لەوەی سەردانی سینەما بکەم.

کـرد و گوتـی:

لەوێـوە تاکـو دەگاتـە ئێـرە، هەمـوو شـتەکان، ڕاڕەو، رووبەرێکـی زۆر لـە سـیمای شـوێنەکە وەکـو خۆیـان مـاون. ژووری بەڕێوەبەر هەمـان ژوورە. لەوانەیـە مـرۆڤ بڵێـت؛ هەمـان قەنەفـەش (پێدەکەنێـت). پاشـان لـە پۆلەکـەدا و لەسـەر یەکێـک لـە کورسـییەکان دادەنیشـێت و دەڵێـت:

لەبیرمــە، لــەم ژوورەدا، چۆنــە ئاوەهــا، وەکــو ئێســتا، مامۆســتایەکی نەجەفیمــان هەبــوو، وانــەی عەرەبــی پێدەگوتینــەوە. لــەم ژوورەدا، دیــارە هەمــوو وانــەکان لــەم پۆلــەدا دەگوترانــەوە، جگــە لــە وانــەی پراکتیکــی، وانــەی پراکتیکــی جــودا بــوو، شــوێنی خــۆی هەبــوو. لەنــاو هەمـوو ئـەو قوتابیانـەی لێـرە بووین، مـن لـە عەرەبیـدا زۆر بـاش بـووم. لەبیرمـە تەمەنـم 14 سـاڵ 15 سـاڵێک دەبـوو. کاتێـک داڕشـتنی عەرەبـی دەنووسـرا، مامۆسـتاکە منـی دەهێنایـە پێشـەوە و بـە منـی دەگـوت؛ داڕشـتنەکەی خـۆت بخوێنـەوە بۆمـان. بێگومـان ئـەو وانەیـەی مـن زۆر تێیـدا کۆڵـەوار بـووم ماتماتیـک بـوو. بـاوەڕ ناکـەم هەرگیـز لـە بیرکاریـدا دەرچووبـم.

"دەروونم دارستانێ بوو
هێندەی شەوانی تەنیاییم پان و بەرین".
شێرکۆ بێکەس

# گۆرانییەکانی دایکم

لـەو فێرگـەیـە و لـە بەشـی ناوخۆیـی ئـەو فێرگـەیـەی سـەر شـەقامی سـالم لـە شـاری سـلێمانی، شـێرکۆ چـوار سـاڵی تەمەنـی بەسـەردەبات. بەسـەربردنێکی پـڕ لـە خەمۆکـی و هەروەهـا تەنیابـاڵ. چـوار سـاڵ ئـەو هـەواره هـەم شـوێنی فێربـوون و هـەم شـوێنی نووسـتن و حەوانەوەیشـی دەبێـت.

خـۆی دەیگـوت: "شـوێنێک بـوو دوور لـە دایکـم، دوور لـە دەنـگ، لـە لایلایـە و دوور لـە گۆرانییەکانـی دایکـم".

دەنگێـک دێـت، دەنگـی لایلایـە، دەنگێـک سـۆز و ئەڤینـی لێدەبارێـت، گـەر دەنگـی دایـک نەبێـت، ئـەی دەبێـت چ دەنگێـک بێـت؟

بێگومـان دەنگـی لاواندنـەوەی دایکـە، شـەفیقە خـان، لـە تەمەنـی 85 سـاڵیدا، لاواندنەوەیـەک پێشـکەش بـە شـێرکۆی کـوڕی دەکات و بـەم شـێوەیە دەیلاوێنێتـەوە:

**لایلایە رۆڵە، قەزات لێمکەوێ**

**خەوی بەبێ مەرگ لە چاوت کەوێ**

**لای لای لای بۆ خۆم ئەتنوێنم**

**بەناوی خوا و حاجی کاک ئەحمەد هەڵتدەستێنم**

**خەو بتباتەوە ڕۆڵە خەو بتباتەوە**

**خەوی لە خێران خەبەرتکاتەوە**

پاشـان شـێرکۆ دەربـارەی دایـک و دەنگــی خۆشــی دایکــی هەندێـک زانیـاری گرنـگ دەدرکێنــێ و دەڵێــت:

هـەر لـە منداڵییـەوە حـەزم لـە گـۆرانـی بـوو، بـۆ؟ چونکـە دایکـم دەنگـی خۆشـە. دایکـم گـۆرانـی بـۆ دەگـوتـم. ئێسـتایش دەنگـی خۆشـە. ئێسـتا دایکـم تەمەنـی 85 سـاڵە. تـۆ هەسـت بکـە؛ کەسـێک لـە منداڵییـەوە گـوێی لـە دەنگـی دایکـی دەبێـت یـان گـوێـی لـە دەنگـی دایکـی بووبێـت، بـە دەنگێکـی خـۆش گـۆرانـی بـۆ بڵێـت، ئیتـر چـۆن گـۆرانیـی خۆشـناوێت؟ بـۆ نموونـە لەبیرمـە، دایکـم گـۆرانـی (سـەبری) بـۆ دەگـوتـم:

**سەبری بەچاوی مەستەوە**

**رێی لە رێبوار دەبەستەوە**

لـە بەردەوامیـی گـۆرانییەکـەدا دایکـم دەگەیشـتە شـوێنێک، لـەوێ خەیاڵـی مـن زۆر قـووڵ دەبـووەوە. لـەو شـوێنەی سـترانەکەدا کاتێـک دەڵێـت:

**سەبرییان برد بۆ تانجەرۆ**

**کراسیان بۆ کرد لە گوڵەهێرۆ**

ئـەو کـراس بۆکردنـە لـە گوڵەهێـرۆ! مـن بیـرم لێدەکـردەوە و زۆر جـوان بـوو لـەلام. دیـارە منـداڵ بـووم. بـەڵام تـۆ بیهێنـە بەرچـاوت؛ کراسـێک لـە گوڵەهێـرۆ! ژنێکـم دەهێنایـە بەرچـاوی خـۆم، کراسـێکی لەبەردایـە، هەمـوو کراسـەکەی بەگوڵەهێـرۆ چنـراوە!

کەواتـە شـەفیقە خـان دایکێـک بـووە، نـەک هـەر زمانـی کـوردی لـە لای شـێرکۆ شـیرین کـردووە، بەڵکـو هێـزی خەیـاڵ و چێـژی جوانیـی بـە کوڕەکـەی بەخشـیوە. گومـان لـەوەدا نییـە، بەشـێک لـە خەیـاڵ و بڕێـک لـەو تۆوانـەی ئـەو دایکـە لـە کاتـی خۆیـدا وەشـاندوونی، پاشـتر لـە دارسـتانی پـان و بەرینـی شـیعر و خەیاڵـی شـێرکۆدا بـوون بـە داری بـەردار و درەختـی بەسـایە.

# بەرەو چیا .. ئەزمونی شاعیرێک لەنێو شۆڕش و شەڕدا

درێژە دووکەڵی ئەم بێشە غەمناکە
وەک بەژنی نەخشەکەم.
درێژە فرمێسکی ئەم شاخ و داخانە
لە دیجلە و فوراتیش درێژتر.
درێژە کرووزەی پەلکەگیا
تا چاوی برینم بڕ دەکا.
درێژە هاواری کۆڵان و شەقامی ئەم لەشە
تا لای خوا [1].

1 - دەربەندی پەپوولە.

ساڵانی مێردمنداڵی و لاوێتیی شێرکۆ بێکەس، ساڵانێکن جەخار تاڵ و بەسوێ. لەو دەستپێکەدا هەنگاوەکانی تەمەنی وی سەخت و دژوار تێپەڕ دەبوون. ڕۆژەکان بۆ وی شتێک بوون سست و بێ ئەندازە پڕووکێنەر. پاش ئەوەی لە دۆخێکی قورس و نالەباریشدا خوێندن تەواو دەکات، خوێندنەکەی شتێکی ئەوتۆی لێ سەوز نابێت. زۆربەی کاتەکانی لە ماڵ سەرقاڵی خوێندنەوە یان نووسین دەبێت، یاخود گۆشەگیرانە لە ڕووداوەکان و لە چارەنووسی نەتەوەکەی رادەمێنێ. خاڵی جێی سەرنج لای شێرکۆ بێکەس ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە کەسێک بووە لە خەمی نەتەوە، زمان و کولتووری گەلەکەیدا بووە. دیارە ڕۆڵی بێکەس لە شێوازی ژیان، لە هەڵسوکەوتی و لە بیرکردنەوەیدا، ڕۆڵێکی کاریگەرە، ڕۆڵی دایکیشی کە تاوەکو چ ئاستێکی باڵا زمانی کوردی لەلا شیرین دەکات، ئەوەیش ئاشکرایە، بەڵام شێرکۆ خۆی، هەڵبەت پاشتر لە بواری **چەمک و تێگەی کوردبووندا**، بە شیعر و بە نووسین کاری یەکجار فراوان، بێپسانەوە و بەردەوامی کرد. ئەو بە درێژایی چەندین دەیەی تەمەنی بە شیعر سەرقاڵی هەڵکۆڵین بوو لە یادەوەریی نەتەوەکەیدا، وەکو شوێنەوارناس لە خەم و لە گەڕانی بەردەوامدا بوو، ئەم بە نێو زامی گەلەکیدا لە گەڕاندا بوو. لە هەر شوێنێکی نیشتمان برینێک هەبا دەیبینی و لە هەر دەڤەرێکیش زریکەیەک هەبا دەیبیست. لەو بوارەدا شاکارەکانی وی کەم نین. هەر لە ڕۆژگاری؛

من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ -وە تاوەکو قەسیدەی کۆچ، دەربەندی پەپوولە، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک، ڕەنگدان و دواتریش دەقە واڵاکانی وەکو کورسی، گۆڕستانی چراکان و هتد، دەیان ساڵ لەو بوارەدا پەیڤ و شیعری شێرکۆ لە گێنگڵی بەردەوامدا بوون، بۆ کوردبوون و بۆ تیشکخستنەسەر ستەم و بێدادییەک لە گەلەکەی، لە زمان و لە بوونی نەتەوەکەی دەکرێت، ستەم و بێدادییەک چوون

"نەخشـەی کوردسـتان"[1] درێـژە. لـەو کارانـەدا؛ شـیعر و داڕشـتنی شـێرکۆ ئـازاری بـەردەوام بـوون بەنێـو ئـەو رووبـەرە بەرینـەی ئـازار و بـە نێـو ئـەو کـۆژان و لـە بۆتـەی ئـەو کۆهاوارانـەدا لـە هاتوچـۆدا بـوون. بـرک و ژانێـک سیسـتەمە ترسـناکەکانی دەوروبـەر سـەرچاوەن بـۆی، سیسـتەمگەلێک جارێـک لـە سـنە، جارێکـی دی لـە دێرسـیم یـان لـە ئامـەد، جارێـک لـە کەرکـووک یـان لـە هەولێـر، هەندێ جـار لـە رۆژئـاوا و جارنـاژی لـە رۆژهەڵاتـی زێـدە لەتلەتکـەی، تاکـو ئێسـتایش بێـدادی و سـتەم بەسـەر نیشـتمانێکدا دەبەخشـنەوە.

**"سنوورەکان بوون بە گاسن**
**بەسەر کێڵگەی لەشی مندا**
**دێن و دەچن**
**وەرە پشتم هەڵبەرەوە**
**چی ئەبینی؟**
**- چۆن نازانم!**
**نەخشەیەکی کوردستانی**
**ئەنجن ئەنجن!"**[2]

ئـەو کـوڕی بێکەسـە، لەومـا هـەر لەدەسـتپێکەوە هەسـتی بـەوە کـردووە نیشـتمانەکەی چـۆن کـراوە بـە کێڵگـەی داگیـرکاری، رێبـەزی و سـتەمی بـێ پسـانەوە، بۆیـە شـیعری ئـەو لـە سـەرەتا و هـەر لـە دەمـی چاوکردنـەوەوە، لـە سـاتی زارکردنـەوە و تێگەیشـتنەوە دەلیڤێـک بـووە بـۆ بەرگـری لـە کوردبـوون و رەتکردنـەوەی بێـدادی و داگیـرکاری. بێگومـان ئـەو لـە کاتێکـدا بەرگـری لـە نیشـتمان و لـە نەتـەوەی خـۆی دەکات، بریـن و ئـازاری ئەوانیتـر لەبیـر نـاکات و دەیانبیسـتێ. ئازارەکانـی کوردسـتان دەلاوێنێتـەوە و هاوکاتیـش تاوەکـو دەرفەتـی بووبێـت،

1 - درێژە وەک بەژنی نەخشەکەم. دەربڕینێکی شێرکۆ بێکەس خۆیەتی.
2 - داستانی هەڵۆی سوور.

گۆرانی بۆ بەشێک لە برین و بۆ بەشێک لە ئازارەکانی سەرزەوینی دیکە، بۆ مەرگەساتەکانی ئەوانی دیش گوتووە. لە هەر شوێنێک گوێی شیعری شێرکۆ بە هاوارێک، بە ئازارێک زرنگابێتەوە، جا هاوار و ئازاری مرۆڤ بووبن یان هی دارێک، هی ئازادی یان رووبارێک، شێرکۆ دەنگی هەڵبڕیوە و ئەستێرەی شیعرێک یان زنەی هەڵبەستێکی پێشکەش کردووە. لەو بوارەدا شێرکۆ لە نێو هەموو ئەدەبیاتی دونیای هاوچەرخدا لە هەرە دەگمەنەکانە، ئەگەر تاقانە نەبێت.

شێرکۆ لە رۆژگارێکدا گەشە دەکات، چاوی رامانی دەکرێتەوە و تێدەگات، رۆژگارێکە لە دەربەندێک دەچێت بەردەوام باهۆز و وەیشوومە تێیدا هەموو شتێک لوول دەکەن. کاتێک خوێندن تەواو دەکات، لە بری ژیانێکی ئارام و جێگیر، لە بری ئەوەی ئیتر وەکو کەسێکی پێگەیشتوو، بەجۆرێکی دیکە چێژ لە ژیان، لە گەشت و گەڕان، لە کار و لە کۆڵانەکانی منداڵی ببینێت، لە بری ئەوەی لەو تەمەنەدا، پاش بڕینی پێڤاژۆی سەختی خۆپێگەیاندن و خۆڕزگارکردن لە هەورازە سەختەکان، کەچی ناتوانێ لە شارە دڵگیرەکەی خۆیدا بمێنێتەوە. شێرکۆ ناچارە گەڕەکی منداڵیی خۆی، دێرەکەی گەڕەکی گاوران، مزگەوتی حاجی حان و هەموو یادگارییەکانی دیکەی لەگەڵ خۆی ببات و رووبکاتە چیا. دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا کە لەلایەن کۆمەڵێک ئەفسەری فاشییەوە بەڕێوەدەبرێت لەو رۆژگارەدا، ئەفسەرگەلێک هاوڕێی نزیکی خۆیان لەسەر دەسەڵات دەکوژن، ئەو ئەفسەرانە نزیکەی چوار ساڵ بوو، شەڕێکی گشتگیریان لە دژی گەلی کوردستان دەستپێکردبوو، شەڕێک تێیدا هەمان ئەو ئەفسەرە فاشییانە هەموو جۆرە چەکێکی ئەو دەمە - رێگەپێدراو و نەدراو- یان لەسەر خاکی کوردستان تاقیدەکردەوە. لەو رۆژگارە ئاڵۆز و ترسناکەدا، ساڵی 1965 شێرکۆ لە تەمەنی 25 ساڵیدا روودەکاتە چیا.

شێرکۆ سەبارەت بە قۆناخی چوونە چیا دەیگوت:

**شـاخ خـۆی بـۆ خـۆی ئەزموونێـک بـوو تایبـەت، نـەک هـەر بـۆ خـۆم، بەڵکـو بـۆ زمانیـش. چونکـە لـە نزیکـەوە تێکەڵـی خەڵکـی دەرەوە بـووم، مەبەسـتم لـە لادێنشـینانە، گوێـم لـەوان دەگـرت و زمانیشـیان بـۆ مـن مێرگێـک بـوو، مێرگێـک بـۆ چنینـی کۆمەڵێـک وشـەی نـوێ.**

لـە ناوچـەی باڵەکایەتـی و لـە نزیـک شـارۆچکەی چۆمـان دەگیرسـێتەوە. شـێرکۆ ئـەودەم لـە راگەیاندنـی شۆڕشـی ئەیلوولـدا دەسـت بـەکار دەکات.

دەبێت بە یەکێک لە کارمەندەکانی رادیـۆی شـۆڕش. ئەوکاتـە رادیـۆی شـۆڕش لـە ئەشـکەوتی سـەردێمان دەبێـت. ئەشـکەوتی سـەردێمان هەڵکەوتـەی شـوێنێکە رێک بەرانبـەر چیای مامـەڕووت. لـەو ئەشـکەوتە شـێرکۆی لاو، لەگـەڵ کەسـانی بـە ئەزمـوون و بەتەمـەن و لـە خـۆی گەورەتـر دەسـت بـە کار دەکات، وەکـو خـۆی دەیگـوت، زۆر سـوودی لـە ئەزمـوون و پێکەوەکارکـردن لەگـەڵ کەسـانی وەکـو هـەژار، سـاڵح یوسـفی و ئەوانـی دیکـە وەرگرتـووە.

# ساڵی 1968، ساڵی تریفەی هەڵبەست و هاوژینی

ساڵی 1968، ساڵێکە ئیتر شێرکۆ بێکەس وەکو شاعیرێک دەناسرێت. لەو ساڵەدا تریفەی هەڵبەست، یەکەمین کۆمەڵە شیعری شێرکۆ بێکەس بڵاودەبێتەوە. تریفەی هەڵبەست، یەکەمین هەنگاوە، هەنگاوێکە خاکی، بەڵام لەوێوە بەرەو "**دەربەندی پڕ لە پەپوولەی ڕەنگینی شیعر**" دەکەوێتە ڕێ و دەست بە گەشتی شیعر دەکات. گەشتێک تاکو مردن، بێ ماندووبوون و بێ پسانەوە تێیدا بەردەوام بوو. شێرکۆ دەبێت بە شاعیرێک ئیتر بۆ شیعر و بۆ پەیڤ بژی، ئەو لە پەیامی خۆیدا لەگەڵ شیعر لە ڕاستگۆترینەکان بوو.

هەمان ساڵ و لە بواری ژیانی تایبەتیدا، ژیانی هاوبەش لەگەڵ خاتوو نەسرینی ئەحمەد میرزا کە دۆتمامی خۆیەتی، پێکدەهێنێت. نەسرین خان و شێرکۆ دەبن بە دێ و بابی سێ کچ ؛ هەڵبەست، هێژا و هانا، هەروەها کوڕێک؛ هەڵۆ.
نەسرین خان سەبارەت بە سەرەتای هاوژینی و بەر لە هاوژینییش دەڵێت:

پێــش ئــەوەی پێکــەوە بژیــن، لــە پێــش نیشــان و کاتــی نیشــانکردنمدا، چەنــد شــیعرێکی بــۆ مــن نووســیبوو. یەکێــک لــەو شــیعرانە لــە دیوانــی تریفــەی هەڵبەســتدا هەیــە؛

یەکــەم شــیعری ئــەو دیوانەیــە، شــیعرێکە بــە نــاوی **دیــاری**، وەهــا پێشکەشــی کــردووە؛ "**بــۆ ن - ی خۆشەویســت**".

**"لەســەر ڕێگــەی گەڕانــەوەم/ چــی بــێ دیــاری ســەردانەوەم/ چــی بــۆ بــەرم بــۆ ئــەو یــارە/ زۆر نــازدارە/ چــی بــێ دیــاری دڵ و دەســتم/ بــۆ تاقانــەی خۆشەویســتم".**

نەســرین خــان دەڵێــت: بێگومــان شــیعرەکە ســێ پەڕەیــە، لــە کۆتاییــدا دەنووســێت:
**ئەم هەڵبەستە/ پێشکەش بێ بەو خۆشەویستە.**

دەربــارەی پێکەوەهەڵکــردن و ژیانــی خێزانــی، نەســرین خــان زۆر بەکورتــی دە ڵێت:

لەوکاتــەوە ئێمــە پێکــەوە دەژیــن، وا دەبێــت بــە 36 ســاڵ، شــەش جــار تــووڕە نەبــووە [1]. کەســێکی هێمنــە. تــووڕە نابێــت. پیاوێکــە ئــارام. لەگــەڵ

1 - ئەو دیدارە لەگەڵ خاتوو نەسرین ئەحمەد میرزا هاوینی ساڵی 2005 کراوە.
لەو دیدارەدا نەسرین خان هەروەها باسی لەوە کرد کە شێرکۆ بێکەس شیعری "دەنکە زیخێ"کی چۆن نووسیوە.
نەسرین خان گوتی: لە سوێد بووین، ڕۆژێک لە کوردستانەوە جل و نامەمان بۆ هاتبوو، لە ناو جلەکاندا شتی جۆراوجۆر هەبوو. کاتێک کچەکان نامەکانیان دەکردەوە و تەماشای جلەکانیان دەکرد، بینییان لەناو چاکەتێکدا دەنکە زیخێکی بچووک هەیە، شتێکی یەکجار بچووک بوو، هەڵبەستی کچم ئەو دەنکە زیخەی بینی. کچەکان دەستیان کرد بە گریان، شێرکۆیش پاش ئەو ڕووداوە شیعری "دەنکە زیخێ"کی نووسی.

دەنکە زیخێ

تاڵە قژی کچێکی جوان
لەسەر شانم بەجێ مابوو
لە دواییدا تاڵە قژم
کرد بە پەتی دیلانێ بۆ،

ئێمەیـش هێمنـه و بەدڵـی ئێمەیـش دەکات. هیـچ ئاسـتەنگێکی بـۆ مـن، بـۆ کـچ و منـداڵ دانەنـاوە.
سـاڵانی نێـون 1970 بـۆ 1974 سـاڵانێکن ئـارام. چەکـەکان بێدەنگـن. پرۆسـەیەکی وتووێژ لەنێـوان دەسـەڵاتی ناوەنـدی و بزاڤـی ئازادیخوازیـی کوردسـتاندا هەیـە. ئـەو چـوار سـاڵە بـۆ کوردسـتانیان دەمێکـە ئـارام، بـۆ هونەرمەنـدان و نووسـەرانیش سـاڵانی بەخششـە. لـەو چـوار سـاڵەدا شـێرکۆ بێکـەس زۆرتـر لـە دیوانێـک بڵاودەکاتـەوە. یەکێـک لـە دیوانەکانـی شـێرکۆ بێکـەس ئـەم دیوانەیـە:
من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ.

ئـەم دیوانـە لـە ژینەنیـگاری شـیعری شـێرکۆدا هەنـگاوی هـەرە پتـەوی سـەرەتا و هەڵکشـانە بـەرەو ژوور. جگـە لـەو بەرهەمـە شـیعریانەی شـێرکۆ، لـە شـیعر و شـانۆنامە، هـەر لـەو سـاڵانەدا، لەگـەڵ سـێ هاوڕێـی دیکـەی نووسـەریدا بانگـەوازی روانگـە دەردەکـەن، بەیـان یـان بانگەوازێـک بـۆ نوێبوونـەوەی ئەدەبـی کـوردی و بـرەودان بـە وزەی نـوێ لـە بـواری بەخششـی ئەدەبی و هونەریدا. سـەرباری بۆچوونـە جیاوازەکان دەربـارەی روانگـە، بـەڵام روانگـە خاڵێکـی گرنگـی وەرچەرخانـە لـە بـواری جووڵـە و گفتوگـۆی گـەرم سـەبارەت بـە ئـەدەب، شـیعر و نووسـینی کـوردی.

---

هەڵبەستێکی پێنج شەش ساڵم.
دەنکە زیخێکی کوردستان
لە کەیەوە؟ چۆن؟ نازانم؟
پەڕیبووە لۆچی گیرفانی چاکەتێکم
ئەمڕۆ رێکەوت دۆزیمەوە
دەرمهێنا و ماچم کرد و
کردم بە بەردی کەعبەی گشت
شیعرەکانم.

1989
„دیوانی شێرکۆ بێکەس"

ئـەو سـاڵە هێمـن و ئارامانـە بـەردەوام نابـن و سـاڵی 1974 گفتوگـۆی نێـوان کوردسـتان و دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەگاتـە بنبەسـت، بەغـدا دووبـارە و بەهەمـوو هێـزی خۆیـەوە هێرشـی بێئامـان دەکاتـە سـەر کوردسـتان و کوردسـتانیان. بەغـدا دەیەوێـت خاکـی کوردسـتان بـە توورەکـە ببێژێـت. بەغـدا غـەزەب لـە کـورد دەگرێـت و پەلامـاری کوردسـتان دەدات. لـەو ڕۆژانـەدا شـێرکۆ بێکـەس جارێکـی دیکـە ڕوودەکاتـەوە چیـا.

شێرکۆ بێکەس سەبارەت بەو قۆناخە دەیگوت:
کاتێـک ڕێککەوتننامـەی ئـادار هەڵدەوەشـێتەوە، ئەودەمـەی پـردی گفتوگـۆ لەگـەڵ حکومەتـی ناوەنـدی دەڕووخێ، دیسـانەوە ڕوومکردەوە شـاخ.

کاتێکیـش شـۆڕشـەکەمان تێکشـکا، بابڵێیـن پـاش ڕێککەوتننامـەی جەزائیـر لـە نێـوان ئێـران و عێـراق، ئێمـە گەڕاینـەوە نێـو شـار. من شـوێنی دیکـەم هەڵنەبـژارد. نـە مانـەوەم لـە ئێران هەڵبـژارد و نەچوونیـش بـۆ دەرەوە. هاتمـەوە بـۆ سـلێمانی.

ئەودەمـەی هاتینـەوە سـلێمانی، مـن یەکێـک بـووم لەوانـەی دەربـەدەر کـران. پـاش دوو سـێ مانـگ لـە هاتنـەوەم، کەسـانی زۆریـان بـەرەو خـوارووی عێـراق دوورخسـتەوە، منیـش یەکێـک بـووم لـەو کەسـانە. لەگـەڵ دەسـتەیەک ڕووناکبیـر و ئەدیبـی دیکـەدا دەربـەدەر کرایـن. مـن بـەر پارێـزگای ڕومـادی کەوتـم. لەوێـوە بـۆ هیـت، لـە هیتیشـەوە بـۆ شـارەدێیەک کـە نـاوی بەغـدادی بـوو. بەغـدادی دێیەکـی دواکەوتـووی هەڵکەوتـوو لەنێـو کۆمەڵێـک دارخورمـای پەرشـوبڵاودا. مـن لـەوێ گیرسـامەوە. نزیکـەی سـێ سـاڵێک لـەو تاراوگەیـەدا ژیـام.

پاشـان کاتێـک دەسـتیانکردەوە بـە گواسـتنەوەی فەرمانبـەران و هەموو ئەوانـی دیکـە، منیـش هاتمـەوە بـۆ سـلێمانی، لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئـاو

و ئـاوەڕۆ، وەکـو فەرمانبەرێـک کارم دەکـرد. چونکـە دەرفەتـی دیکـە نەبـوو. لـە سـلێمانی دوو بـۆ سـێ سـاڵێک ماینـەوە. تاوەکـو سـەرەتای سـاڵانی هەشـتاکان و هەڵگیرسـانی ئاگـری شـەڕی ئێـران ـ عێـراق، هـەر لـە شـاری سـلێمانی بـووم.

*          *          *

بێگومـان تاراوگـەی وەڕسـکار و تـژی لـە دڕدۆنگـی، شـێرکۆ لـە شـیعر دانابڕێـت، تاراوگـە نکارێـت ئـەو دووانەیـە لێـک بترازێنـێ، دووانـەی شـێرکۆ و شـیعر. شـێرکۆ دوورە لـە نیشـتمان، لـە چـاوی نیشـتمان و لـە ئـاو و هەواکـەی، بـەڵام ئەڤینـی نیشـتیمان لـە گیانیـدا هەناسـە دەدات، هەربۆیـە لـە تاراوگـەی دوورەدەسـت و تاسـەباردا بـەردەوام دەنووسـێت. بـەردەوام بـۆ نیشـتمان و بـۆ ئازارەکانـی، شـیعر بـە کەرەسـتەی ئاوریشمئاسـا دەچنێـت. شـێرکۆ قەسـیدەکانی "کـۆچ، برایمـۆک و گۆرانیـی بەفـر و منداڵیـم" دەنووسـێت، دیـارە جگـە لـە بەخشـش و بەرهەمـی دیکەیـش. قەسـیدەی کـۆچ، کـە یەکێکـە لـە شـاکارەکانی شـێرکۆ، خـۆی بە دەسـتپێکی قەسـیدەی درێـژ دەیناسـێنێ. کـۆچ قەسـیدەیەکە رووبـەری فـراوان و شـوێنپێی سـەرکەوتنی شـیعری لـە دەلیڤـی هەڵکشـاندا بـە هەناسـەی درێـژ و جیـاوازەوە دەسـتەبەر کـردووە بـۆ ئـەو شـاعیرە.

سـاڵی 1979 دەگەڕێتـەوە شـارە خۆشەویسـتەکەی خـۆی. لـە تاراوگـەوە دەگەڕێتـەوە سـلێمانی. لـە شـاری سـلێمانی و لـە بەشەشـاری ئیسـکان لەگـەڵ ماڵباتەکەیـدا نیشـتەجێ دەبـن. لەگـەڵ دایکـی، نەسـرین خانـی هاوژینـی و هەروەهـا لەگـەڵ منداڵەکانیانـدا، سـاڵانێکی تەمەنـی لـەو گەڕەکـە بەسـەردەبات.

لـەو ماڵـەی ئیسـکان، بـە مەبەسـتی بەشـداریکردن لـە پاراسـتنی کوردسـتان و هەروەهـا بەئامانجـی ئـەوەی شـیعریش بەشـێک بێـت

لــە توێشــووی ڕۆژانــەی ســەختی پێشــمەرگە، ســەرەتایەکی نــوێ لــە شــیعری شــێرکۆ دەســتپێدەکات. نووســینی شــیعری بەرگــری و بەرخــوەدان، دەبێــت بــە خــەم و کارێکــی بەمەبەســت و بــە ئامانــج لــەلای شــێرکۆ بێکــەس. لێرەوە، لــە ماڵەکــەی ئیســکانەوە، دەســت بــە نووســینی شــیعری بەرگــری دەکات. لــەو ڕۆژگارەدا کاری کــردە نەبــوو ئــەو شــیعرانە بــە نــاوی خۆیــەوە بڵاوبکاتــەوە. شــیعرگەلێک بــوون لــەو دەمــەدا بقــە، بقــە و لــە ترۆپکــی ترســناکیدا، بەعــس لەســۆنگەی ئــەو جــۆرە شــیعرانەدا مرۆڤــی دەکوشــت. شــێرکۆ لەڕێگــەی کەســانی باوەڕپێکــراوی خۆیــەوە بــەردەوام ئــەو شــیعرانە بــەرەو چیــا دەنێرێــت. لــەوێ، لــە چیــا و لــە ڕێگــەی دەرفەتــی ســادەی ئەودەمــی شــۆڕشــەوە، لەنێــو پێشــمەرگە و خەڵکــی دێهاتەکانــدا بڵاودەبنــەوە. لــەوێ خاوەنــی ئــەو شــیعرانە جوامێــرە. جوامێــر نــاوی نهێنیــی شــاعیرێکە، نهێنــی بــەو مەبەســتەی نــەوەک نــاوی شــاعیرەکە خــۆی ئاشــکرا بێــت و لــە ســۆنگەی نووســینی شــیعرەوە دەوڵــەت خــۆی و ماڵباتیشــی بکوژێــت. جوامێــر ئــەو ســاڵانە خــۆی و شــیعرەکانی ئەســتێرەی بــە پرشــنگ بــوون لــە ئاســمانی کوردســتان و بەســەر چیاکانــی نیشــتمانی شــیعرەوە ســترانی پــڕ جریوەیــان دەبارانــد.

# قۆناخی بەجوامێربوون

ئـەو پێڤاژۆیـە لـە ژیانـی شـێرکۆی شـاعیردا، یەکێکـە لـە شـتە هـەرە سەرسـامکەرەکان. شـتێکە دەبـوو یـان دەبێـت لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە بکرێـت، یـان بەڵگـەکاری یاخـود وەکـو بەسـەرهات بـە وردی تۆمـار بکرێت. شـاعیرێک بـۆ ئـەوەی بەشـدار بێـت لـە پاراسـتنی زمـان و بوونـی نەتەوەکەیـدا، ناچـارە لەنێـو چیـاکان و لەسـایەی دەربەنـدە ئازادەکانـدا بـە دیـار وشـەوە شـەونخونی بـکات، لـە کـن پەیـڤ ئێشـک بگرێـت. ئایـا ئەمـە کردەیـەک نییـە پڕ بانـدۆر؟ کردەیـەک نییە مـرۆڤ و ویسـتی مرۆڤ ئاوێتـەی خەڵوەتێکـی چـالاک و پـڕ وزەی مرۆڤانـە دەکات؟ هاوکاتیـش نـەک هـەر بـۆ خـۆی، بەڵکـو شـەڕ لەسـەر ناسـنامە و بەرگـری لـە بوونـی بەشـێک لـە سـامانی مرۆڤایەتـی دەکات؟ لـەو ناوچەیـەدا بەتایبەتیـش بەئامانجـی تواندنـەوەی کـورد و زمانەکـەی، تاوانـی یەکجـار گـەورە و نامـۆ کـراون، بـێ ئـەوەی تـا ئێسـتا لـە ئاسـتی زاگۆنـی و لـە کۆمەڵێـک ئاسـتی تـردا کاری سـەبارەت کرابێـت. جەخـار لاپەڕەکانـی دیـرۆک تژیـن لـە هەوڵـی لەناوبردنـی ئەوانـی دیکـە لـە زۆر رووبـەری ئـەم گـۆی زەوییـەدا.

هـاوکات لـەو رۆژە ئاڵۆزانـەدا، ئـەم شـاعیرە ناچـارە نـەک هـەر وەکـو جوامێـر، بەڵکـو وەکـو شـێرکۆ بێکەسـیش چـالاک بێـت و وەکـو

رووبارێکــی ســەربەرەوژوور، بجووڵێـت و لـە هەڵکشـان بـەردەوام بێـت. بـەڵام ئایـا ئـەوە دەکرێـت؟ لێدەگەڕێـن؟ عێـراق خاوەنـی سـامانی بـن و بـان زەوییـە، خاوەنـی لەشـکرێکی زەبەلاحـە، ئـەو دەلیڤانـە و تێکـڕای وەڵاتەکـە قەتیســن لــە نێـو چنگــی ســەدام حوسـێندا. سـەدام ئـەو رۆژانـە خەونـی بـەوەوە دەبینـی ببێتـە پێشـەوای نەتـەوەی عـەرەب، نـەک هـەر پارێزڤانـی دەروازەی رۆژهەڵاتـی نیشـتمانی عـەرەب، وەکـو خۆیـان دەیانگـوت، بەڵکـو دەیەوێـت ببێـت بـە یەکـە سـەرداری بـێ چەندوچۆنـی هەمـوو عـەرەب. قادسـیەی سـەدام بـە تەنیـا مارکەیـەک نەبـوو بۆ شـەڕ و بـۆ فریودانــی هەســتی نەتەوەپەرســتانی عــەرەب، وەکــو دیکتاتــۆر و فاشیسـتەکانی دیکـە، شـەڕی ئـەم دیکتاتۆرەیـش، شـەڕی سـەدامیش دیاریـی خـۆی، خەڵاتـی خـۆی و کۆمەڵێـک شـتی دیکـەی تایبـەت بـە خـۆی بەنێـوەوە کرابـوو. خەڵاتـی قادسـیە بـۆ شـیعر، بـۆ ئـەدەب، بـۆ هونـەر و زۆر بـواری دیکەیـش هەبـوو. سـەردەمێک هاتـە پێشـەوە مەبەسـتیان بـوو، خەڵاتـی قادسـیە پێشـکەش بـە شـێرکۆ بێکـەس بکەن، شـێرکۆیش شــاعیرێکە نەتەوەیــەک ئــەو بــە ســەرمایەی میناکــی خــۆی دەزانــی، شــاعیرێک کۆدەنگیــی لەســەرە و وەکــو هێمایەکــی نێــوداری نەتــەوە هێژایـە، شـاعیرێک وێنەیەکـی روونـاک و پاکـژی لـەلای هەمـووان هەیـە، بەعسـییەکان مەبەسـتیان بـوو لـە رێگـەی بەخشـینی ئـەو خەڵاتـەوە ئـەو وێنـە رەنگینـە، وێنـەی شەبەنگئاسـای شـاعیرێک وردوخـاش بکـەن. لـە نـاکاو شـێرکۆ بێکـەس دەبیسـتێ نـاوی ئەویـش هاتووەتـە ناوانـەوە و دەیانـەوێ خەڵاتـی قادسـیەی سـەدامی پـێ ببەخشـن.

بێگومـان لــە بەخشـینی ئـەو خەڵاتـەدا مـەرج نەبـوو ئـەو نووسـەرەی خەڵاتەکـە وەردەگرێـت بەرهەمـی بـۆ قادسـییەی سـەدام نووسـیبێ، نەخێـر بـۆ بەعسـییەکان گرنـگ بـوو؛ زۆرتریـن ژمـارەی کەسـەکان دەسـتەمۆ و زۆرتریـن رووبـەری جوانـی دزێـو بکـەن.

شـێرکۆ خـۆی لـە ئافاتـی ئـەو خەڵاتـە لادەدات، بـەڵام لادان بـەو باجـەی بـەرەو چیا بـڕوات و گـەڕانـەوەی ئـەم جارەیـش یەکجـار نادیـارە. شـێرکۆ جارێکــی دیکــە شــارە دڵگیرەکــەی بەجێدەهێڵێــت، ناچــار دەکرێــت ئــەو کارە بـکات. ئـەو ناچـار دەکرێـت یـان سـەر و سامانی ماکـی و میناکـی بفەوتێنـێ، یاخـود سـەری خـۆی و شـیعر دەربـاز بـکات. جوامێـری شـاعیر یــان شــێرکۆ بێکــەس، شــار بەجێدەهێڵێــت و دەڕوات. ئــەم جارەیــان لەئامێـزی ئەفسـووناویی بەرگەڵـوودا دەگیرسـێتەوە. بەرگەڵـوو ئـەو شـوێنە ئـازادەی لـەو دەمـەدا دەزگای راگەیاندنـی شۆڕشـی کوردسـتانی لێبـوو. شـوێنێکی هەڵکەوتـەی نێو باوەشـی کـەژە سەرکەشـەکان. لەوێ دووبـارە شـێرکۆی بەردەڤکـی سرووشـت، ئازادانـە درێـژە بەنووسـینی شـیعر بـۆ سرووشـت خـۆی، بـۆ جوانـی و بـۆ ئـازادی دەدات.

لـەوێ ئیتـر شـێرکۆ خـۆی و شیعریشـی راسـتەوخۆ پێکـەوەن، بـە گیـان و جەسـتە، پێکـەوە لەگـەڵ خەڵکـی دێهاتنشـین و پێشـمەرگەدان. ئـەوە جـاری سـێیەم دەبێـت لـە ژیانیـدا کـە روودەکاتـە چیـا.

ئـەم جــارەش لــە نێــو چیاکانــی کوردســتاندا، وەکــو لــە نێــو چیرۆکــە خەیاڵییەکانــدا بێــت، ســەرپێهاتی، یادگاریــی تــاڵ و شــیرین لــە ژیانــی پێشـمەرگایەتی ویـدا زۆرن، شـێرکۆ لـەو بـوارەدا بـاس لـە رووداوێکـی یەکجــار دراماتامێــز دەکات، لــە کــوێ؟ لــە بەرگەڵــوو، دەچینــە ئــەو شــوێنەی بــارەگای راگەیاندنــی لێبــووە، شــوێنەکە لــە گــوێ چەمێکــە، چەمێـک سرووشـت ئەمبـەر و ئەوبـەری بـە دوو ریـزە چنـاری چـڕ چنیـوە. شـێرکۆ بەرانبـەر بـە چنـارەکان دەوەسـتێ و رادەمێنـێ، وەکـو ئـەوەی بیرەوەریــی ئــەم شــاعیرە بــاڕن بــکات، دەســت بــە گێڕانــەوە دەکات:

" هەفتەیـەک بـوو بـە نهێنـی نەسـرین و منداڵـەکان هاتبـوون بـۆ لام. رۆژەکـەم بـاش لـە بیـرە، رۆژی 24\6\1986 بـوو. بەیانیـی ئـەو رۆژە، واتـە 24ی مانگـی شـەش، پێکابێـک هـات و ئەوانـم رەوانـە کـردەوە بـۆ شـار.

هـەر ئـەوان ڕۆیشـتن و نیـو سـەعاتی پێنەچـوو فڕۆکـەی شـەڕ پەیـدا بوو. فڕۆکـە هاتـە سـەرمان، مـن لەسـەر نوێنەکـەم پاڵکەوتبـووم. دەنگێـک، گڕەیـەک هـات، هیـچ گوێـم نەدایـە. لـە دووەم هـاڕە و گـڕەدا دەنگەکـە زۆر نزیـک بـووەوە. کونێـک هەبـوو بەرانبـەرم، بەرانبـەر نوێنەکـەم، نێوانـی دوو بـەرد بـوو، رامکـرد بـە ئاراسـتەی کونەکـە، مـن چـووم و هـەوای بەهێـز و پاڵەپەسـتۆی بۆمبـا منیـان پشتاوپشـت، یـان بـا بڵێـم بـە قونـدا خسـتە نـاو کونەکـەوە، واتـا هێزەکـە منـی پـاڵ نـا بـۆ نـاو کونەکـە. بۆردومـان بـوو، بـەڵام چ بۆردومـان. دیـارە فڕۆکـەی شـەڕی بەعـس بـوون، پـاش ئـەوەی بۆردومـان تـەواو بـوو، لـە کونەکـە هاتمـە دەرێ، تەماشـام کـرد هەرچـی ئـەم چنارانـە هەیـە هیچیـان سـەریان نەمابـوو، یەکـەم شـت ئـەوە سـەرنجی ڕاکێشـام. سـەری ئـەم درەختانەی بەردەممـان نەمابـوون. کۆمەڵێـک درەختـی بـێ سـەر مابوونـەوە. دوای ئەوەیـش تەپوتۆزێکـی زۆر لەوبەرمانـەوە دەبینـرا. لـەوێ چایخانەیەکـی سـەرەڕێ هەبـوو، چایخانەکـە هـی کوڕێـک بـوو نـاوی عوسـمان بـوو، دوو منداڵـی بچکۆلـەی جوانـی هەبـوو، لەوێـی دابـوو، ئیتـر مـن گەڕامـەوە ناو کەپرەکـەی خـۆم. شـوێنێکی خـەوم هەبـوو، دەسـتێک نوێـن و هەندێـک پێداویسـتیی سـادە. کاتێـک تەماشـام کـرد پارچەیـەک، پارچەیەکـی گـەورە لـە بۆمباکـە ڕێـک لـە شـوێن سـەرینەکەی داوم".

لـەوێ و لـەو ڕۆژگارە پـڕ بـرک و ژانـەدا، ژیـان لـە ژێـر بۆردومانـە بـێ ئامانەکانـی ڕژێمـی بەعسـدا بـەردەوام بـوو، لـە بـن ئاگربارانـی فڕۆکەکانـی شـەڕدا، لـە بـن بارینـی مـردن و لـە خەزانـی جوانیـدا، ئـەو ڕۆژانـە، ڕۆژانێـک بـوون مـردن چنگـی لـە هەمـوو شـتێک گیردەکـرد، ئـەو ڕۆژانـە شـیعریش دەمـرد.

لـە گونـدی هەڵـەدن، کەمێـک لـەولای گونـدی سـەرگوڵوو، سـاڵی 1985، لـە ئاکامـی بۆردومانـی فڕۆکەکانـی ڕژێمـی بەعسـدا کیژێکـی 10 سـاڵە دەکوژرێـت، 10 بەهـاری گـەش و 10 خەونـی ڕەنگیـن بـۆ

پاشـەڕۆژ هەلاهـەلا دەبـن، شـیعری شـێرکۆ لەوێیـە و لـە حەسـرەتدا، لـە حەسـرەتی ئـەو مردنـە پـڕ جەخـارەدا، راسـتەوخۆ بـەدوای مردنـی ئـەو کەنیشـکەدا، 10 شـیعری شـێرکۆیش دەمـرن. ئاخـر لـەلای ئـەم شـاعیرە مـرۆڤ لـە شـیعر مەزنتـرە:

"کە گەڵایەک مرد
حەرفێکم لێ مرد
کە کانییەک مرد
وشەیەکم مرد
کە باخچەیەک مرد
ڕستەیەکم مرد
بەڵام ئەی کیژی تەمەن دە ساڵەی
گوندی هەڵەدن
وەختێ تۆ کوژرای
دە شیعرم مردن".

ئـەم شـاعیرە سـاڵانێک لـەو چیـا و پێدەشـتانەی کوردسـتان دەمێنێتـەوە، لـە نێـو رەوشـی سـادە و هـاوکات پـڕ مەترسـیی ئـەو رۆژگارەدا دەژی. ژیانێـک تانوپـۆی لـە ئاگـر و هاوشـانی مـردن رێ دەکات. بـەڵام بـەردەوام لـەو دۆخەیشـدا لـە شـیعر دانابڕێـت، لـەو دەمـە سەختەشـدا هـەر شـیعر هاوڕێـی بـەردەوام و دانەبـڕاوە لـە شـێرکۆ. دووانـەی شـێرکۆ و شـیعر دەچنـە نـاو دنیـای بـارگاوی بـە مەرگەسـات و یاریکـردن بـە ئاگـر. شـێرکۆ شـیعر دەکات بـە توخمـی خۆشەویسـتی بـۆ شـەڕڤانانی ئـازادی، پێشـمەرگە شـیعری وی لەبـەر دەکـەن و لـە دەمـی خۆشـی و ناخۆشـیاندا دەیڵێنـەوە.

شـێرکۆ شـیعر دەگێڕێت، لـە گوندێکـی سـووتاوەوە بـۆ ئـەوی دیکـە و لە چیایەکـی برینـدارەوە بـۆ کەژێکـی سەرسـەوز. ئەو شـیعر دەبەخشـێتەوە،

شـیعر بـەو جیهانـە دەگـەمەنـە دەبەخشـێتەوە، هەروەهـا بـەو رووبـەرە لێورێـژە لـە مەترسـی و بـەو دێهاتـە شـپرزانەی بـن سـایەی فڕۆکـە شـەڕکەرەکان.

لـەو کـەژ و کێـوە، شـێرکۆی شـاعیر و پێشـمەرگە، شـیعری ئەڤینـداری و بەسـەرهاتی "بـا و قامیشـەڵان"، شـیعر بـۆ یلْمـاز گونـای، شـیعر بـۆ بێشـکچی، شـیعر بـۆ برینـی دیجلـە و فـورات، بـۆ سـیروان، بـۆ گونـدی سـووتاو، بـۆ خۆرتاوەکـوو و... هتـد دەنووسـێ. دەنگـی دەگمەنـی ئـەو شـاعیرە لـە خوێندنـەوەی تایبەتـی شـیعریدا، پاشـتر بـە نێـو کـەژ، چیـا و دۆڵەکانـی نیشـتماندا دەنگدەدەنـەوە. دەنگدانـەوە لـە شـێوەی بەرجەسـتەکردنی بانگـی ئـازادی و چڕینـی لاوکـی دادپەروەریـدا.

بـەڵام ئـەو گەشـتە شـیعرییانە تاکـو سـەر ناچـن. هێرشـە بـێ ئامانەکانـی بەعـس، پەلامـارە دژوارەکانـی بەعـس، بۆردومانەکانـی بەعـس بەردەوام لـە هەڵکشـاندا دەبـن. ئیتـر بەعـس لـە بۆردومانەکانیـدا هـەر بـە چەکـی ئاسـایی پەلامـار نـادات، بەڵکـو وەکـو خۆیـان رایاندەگەیانـد، "چەکـی نـوێ"، "چەکـی کاریگەر"یـان پەیـدا کـردووە. رۆژگارێـک هاتـە پێـش ئیتـر رژێمـی بەعـس چەکـی کۆکـوژی هەبـوو. چەکـی کۆکـوژ پێشـکەش بـە رژێمـی بەعـس کرابـوو. بۆیـە سـەرکردەکانی پێشـمەرگە لـەو رۆژانـەی کوردسـتاندا بەلایانـەوە بـاش نابێـت شـێرکۆ بێکـەس لـە چیـا بمێنێتـەوە. هەمـووان پێیانوایـە لـەوێ بمێنێتـەوە و لـەو دۆخـەدا بـەردەوام بێـت لەناودەچێـت. شـێرکۆ بێکـەس لەوێـوە روو لـە ئێـران دەکات، پاشـان دەچێتـە سـووریا. لـەوێ لـە چاوەڕوانیـی ڤیـزای ئیتالیـادا ماوەیـەک بەناچـاری دەمێنێتـەوە.

# مەبەستت لەو شێرە چییە؟

لە دارستانێکدا

تاریک داهات، شێرێ لە لانەکەی خۆیدا

بیری کردەوە، چۆن سبەی

پەلاماری پڵنگەکەی هاوسێی بدا؟

پڵنگەکەیش بیری ئەکردەوە کە چۆن،

بەیانی رێوی بگوورێ و کەوڵی بکا؟

رێویش بیری ئەکردەوە

چۆن بگاتە هێلانەی ئەو کونە شاخە و

زەڕنەقوتەی کۆتر بخوا؟

کۆتریش بیری کردەوە

چۆن ئەتوانێ؟

راوچی و

باڵندە و

ئاژەڵی

ناو دارستان هەموو یەک خا؟

چۆن ئەتوانێ؟

**ئەو شێرە چییە؟ مەبەستت لەو شێرە چییە؟**

لـە مـاوەی مانەوەیـدا لـە شـام، شـێرکۆ بێکـەس لـەو شـارە کۆڕێکـی گـەورەی بـۆ سـاز دەکرێت، لـەوێ بە ئامادەبوونی کەسـانی شیعردۆسـت و ئازادیخـواز لـەو ئێوارەکـۆڕەدا هەڵبژاردەیەکـی تایبـەت لـە شـیعرەکانی خـۆی بـە زمانـی کـوردی پێشـکەش دەکات، شـیعر بـۆ خۆشەویسـتی و بـۆ ئـازادی بـە دەنگـە تایبەتەکـەی شـێرکۆ شـام دەهەژێنێـت. هـاوکات شـیعرەکان لـە لایـەن شـانۆکارێکی سـوورياييەوە بـە زمانـی عەرەبـی دەخوێندرێنـەوە.

لە سـۆنگەی چاوەڕوانیـدا، ماوەیەکـی بـاش لـە شـام ناچـارە بمێنێتـەوە، شـێرکۆ لـەوێ چاوەڕوانـی ڤیـزای ئیتالیـا دەبێـت. لـەو مـاوەی مانـەوە و چاوەڕوانییـەدا شـێرکۆ کۆمەڵێـک کەسـی جۆراوجـۆر دەناسـێ، لـە کـوردی شـام، لـە نووسـەران و ئەدیبانـی کـورد، لوبنانـی و فەلەسـتینی. کاتێـک هەمـووان بەرهەمـی شـێرکۆ دەبینـن و ئـەو شـاعیرە باشـتر دەناسـن، پێشـنیازی بـۆ دەکـەن کۆڕێکـی گـەورەی بـۆ سـاز بکـەن، شـێرکۆ بێکەسـیش خۆشـحاڵانە بیرۆکەکـە پەسـەند دەکات و ئـەو کـۆڕە فراوانـەی بـە شـێوەیەکی بـاش بـۆ سـاز دەکـەن.

شـێرکۆ بێکـەس بـە سـیمایەکی تێکـەڵ لـە خـەم و خەنـدە بـاس لـەو کـۆڕە و کاردانـەوەی رژێمـی بەعسـی سـووریا دەکات لـە پـاش کۆڕەکـە و دەڵێـت:
رۆژێـک چوویـن و کـۆڕ سـاز کـرا. بێگومـان کۆڕێکـی فـراوان، نزیکـەی 300 کـەس هاتبـوون کـە زۆربەیـان لاو بـوون. هەمـوو ئـەو کەسـانە خوێنـدکاری زانکـۆی شـام بـوون، بەشـی زۆری ئـەم گەنجانـە کـورد بـوون. کـوردی ئـەوێ. شـیعرەکان خوێندرانـەوە، تەنانـەت لـە بیرمـە، لـە کاتـی خوێندنـەوەی شـیعرەکاندا کارەبـا بـڕا، لۆکسـێکیان هێنـا. هەمـوو شـیعرەکان خوێندرانـەوە، هەمـوو ئـەو شـیعرانەی بـۆ خوێندنـەوە

ئامادەمـان کردبـوون تـەواو بـوون. مـن بـە کـوردی و شـانۆکارێکیش بـە زمانـی عەرەبـی، بـەردەوام بوویـن لـە خوێندنـەوە و پێشکەشـکردن، پاشـان پێشـوازییەکی زۆرمـان لێکـرا، کاردانەوەیەکـی گـەرم و دۆسـتانە هەبـوو. کاتێـک لـە هۆڵەکـە هاتمـە دەرەوە، ئـەو خوێندکارانـەی کـە کـورد بـوون دەورەیـان لێـدام. ئـێ بێگومـان دەزگای "موخابەراتـی" ئـەوێ بـەم کارەیـان زانـی، واتـە ئـەوەی مـن شـیعرم خوێندووەتـەوە و بەوجۆرەیـش پێشـوازی لـە شـیعرەکانم کـراوە. ناردیـان بـە شـوێنمدا. چـووم و دەسـتیان کـرد بـە لێکۆڵینـەوە، پرسـییان ئـەوە تـۆ چـی دەکەی؟ دەزانیـت هـای لـە کـوێ؟ تـۆ لـە کوێـوە هاتوویـت؟ بـە چ زمانێـک شـیعر دەخوێنیتـەوە؟ چەندیـن پرسـیاری سـەیر. گوتـم؛ مـن بـە زمانـی کـوردی شـیعر دەخوێنمـەوە. پرسـییان؛ باشـە تـۆ وا دەزانیـت ئێـرە کوێیـە؟ گوتـم ئێـرە شـامە. گوتیـان؛ کەواتـە لێـرە نابێـت، کاری وەهـا و شـتی وەهـا ناکرێـت.

کـوا شـیعرەکان لـە کوێـن؟ شـیعرەکانیان لێوەرگرتـم، شـیعریان دەبـرد و دەهێنـا، پەیتـا پەیتایـش دەپرسـن؛ ئەمـە چییـە و ئـەوە چییـە؟ گوتـم ئەوانـە شـیعرن. ئینجـا پرسـییان؛ کـوا پاسـەپۆرتەکەت؟ پاسـەپۆرتم دانـێ. زۆر پرسـیاری دیکـە و نازانـم چـی و چیتـر؟ پاشـان پرسـیاریان کـرد؛ تـۆ لـە چ ڕێگەیەکـەوە هاتـووی؟ گوتـم خـۆ مـن بـە دزییـەوە نەهاتـووم بـۆ ئێرە. ئـەوە پاسـەپۆرتم، ئـەوە بەڵگەکانـم. بـەم شـێوە ناخـۆش و نامرۆڤانـە دوو بـۆ سـێ ڕۆژ منیـان هێنـا و منیـان بـرد. لـە شـام هەمـان "تـاس و حەمامـی" لێکۆڵینـەوەی دەزگا سـیخوڕییەکانی عێراقـی بەعـس چـالاک بـوون.

ئـەوەی زۆر مایـەی پێکەنیـن و هـاوکات سەرسـوڕمان بـوو، ڕۆژێـک لـە کۆتایـی لێکۆڵینـەوەدا، دەیانپرسـی؛ ئەمـە چییـە و ئەوەیـان چییـە؟ لەوێدا مەبەسـتت چییـە و شـتی لـەو بابەتـە. پرسـیار و لێکۆڵینـەوە هاتـە سـەر ئـەو شـیعرەم بـە نـاوی **"لـە دارسـتانێکدا"**، شـیعرەکەی وەکـو دەیزانـن

وەهـا دەسـتپێدەکات:

**تاریک داهات، شێرێ لە لانەکەی خۆیدا**
**بیری کردەوە، چۆن سبەی**
**پەلاماری پڵنگەکەی هاوسێی بدا؟**

گوتیـان ئـەم شـیعرە چییـە؟ بێگومـان نـاوی شـێر کـراوە بـە عەرەبـی و بـووە بـە "**ئەسـەد**"، پرسـییان؛ ئـەم ئەسـەدە چییـە؟ تومـەس ئـەوان خەیاڵیـان لـەلای "**ئەسـەدێکی**" دیکەیـە. منیـش گوتـم؛

"**ئەسـەد ئاژەڵـە، ئاژەڵێکـی ناسـراوە**". کاتێـک گوێیـان لـەم قسـەیەی مـن بـوو، ئەوەنـدەی دیکـە کارەکـە خـراپ بـوو. زۆر خـراپ کەوتـەوە. گوتـم؛ ئـەم بابەتـە وەهـا نییـە وەکـو ئێـوە راڤـەی دەکـەن، ئـەوە ئێـوەن ئـەم جـۆرە لێکدانەوەیـە بـۆ ئـەم شـیعرە و هەمـوو شـیعرەکان دەکـەن. گوتیـان؛ نەخێـر ئێمـە ویسـتمان بزانیـن ئەمـە چییـە و دەمانـەوێ مەبەسـتی تـۆ بزانیـن. پـاش هەمـوو شـتێک شـیعرەکانیان دامـێ و گوتیـان کـەی لێـرە دەڕۆیـت؟ چونکـە دەبـێ بڕۆیـت.

ئـەو دەمـەی شـێرکۆ ناچـار دەکرێـت لـە سـووریا دەربچێـت، هـاوکات بەخـت یـاری دەبێـت، رۆژێـک، رۆژێکـی خەمگیـن و نادڵنیـا، لـە چایخانەیەک، ئـەو چایخانەیـەی رۆژانـە لێـی دادەنیشـت، وەکـو شـیعرێکی شـپرزە و وەکـو مەلێکـی بـێ ئۆقـرە ئـەو رۆژەیـش لـەوێ دانیشـتووە، کاتێـک هەواڵـی بـۆ دێنـن ڤیـزای وەڵاتـی ئیتالیـای بـۆ هاتـووە و لـە باڵیۆزخانـەی ئـەو وەڵاتـە چاوەڕێـی دەکـەن. بەوجـۆرە بەرەو شـاری فلۆرەنسـای ئیتالیا دەفڕێـت. مانگـی چـواری سـاڵی 1987 دەگاتـە فلۆرەنسـا و تاکـو مانگـی یـازدەی ئـەو سـاڵە، واتـە هەشـت مانـگ لـە شـارەکانی؛ فلۆرەنسـا، تۆرینـۆ، میلانـۆ، ڤینیسـیا، رۆمـا و چەنـد شـارێکی دیکـە دەمێنێتـەوە. لـەو شـارانە کۆمەڵێـک کـۆڕ و چالاکـی زۆری دەبێـت. لـە سـووریا دەردەکرێـت و لەوێیـش، لـە وەڵاتـی دانتـێ و داڤینشـی، بـە شـێوەیەکی

زۆر گـەرم پێشـوازی لـە خـۆی و لـە شـیعری دەکرێـت. لـەوێ، لـە شـام شـێرکۆ میوانێکـی ئێسکسـوک و لەبـەر دڵان نییـە و دەردەکرێـت، لـە نیشـتمانی ڤێردییـش گوڵبـاران دەکرێـت، نووسـەرێکی چـالاک و زرنگـی وەکـو خاتـوو لاورا شـرادەر کـە هـەر لەسـەرەتاوە پێشـوازی لێـدەکات و زۆر هـاوکاری دەبێـت، سـەبارەت بـەو شـاعیرەی کوردسـتان دەڵێـت: **"شـێرکۆ شـاعیرێکی جیهانییـە، وەک هەمـوو شـاعیرە گـەورە جیهانییـەکان"**. [1]

1 - بۆ زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە گەشتی شێرکۆ بێکەس و مانەوەی لە ئیتالیا لەو کاتەدا، بڕواننە هەڤپەیڤین لەگەڵ لاورا شرادەر، لەم کتێبەدا.

# ستۆکهۆڵم و خەڵاتی تۆخۆڵسکی

شـێرکۆ بێکـەس لـە ئیتالیـاوە ڕوودەکاتـە سـوێد. لـە سـوێد لـە شـاری سـتۆکهۆڵم دەگیرسـێتەوە. لـە زێـدی پڕ بریـن و شـپرزەی خۆیـەوە، بـە تـاران و شـامدا، دەگاتـە فلۆرەنسـا و پاشـان سـتۆکهۆڵم. لـە زێدێکـەوە تـرس، نادڵنیایـی و کارەسـات بـوون بـە تانوپـۆی، بـەرەو شـوێنێک دەچێـت دڵنیایـی و ئارامـی، تریفـە و گزنـگ، جۆشـی جوانییـان داوە. لە شـوێنێکەوە شـیعر لـە تریـاک ترسـناکترە، بـەرەو شـوێنێک تێیـدا شـیعر گوڵـی سـەر دڵـە و تێیـدا خۆشەویسـتی دەسـتلەملانێی شـاعیر دەبێـت. شـێرکۆ بـەو وێسـتگانەدا دەگاتـە سـتۆکهۆڵم و لـەوێ بـە جەسـتە دەگیرسـێتەوە. بـەڵام نـە ئـەوێ و نـە هیـچ شـوێنێکی دیکـە نەبـوون بـە مەنـزڵ بـۆ ڕوحـی ئـەو، نەبـوون بـەو هـەوارەی شـێرکۆ لـە کـن خۆیـان گلدەنـەوە و ڕوونەکاتـەوە نیشـتمان.

کسپە

تا قەڵەمەکەم ماڵی بوو
تەختەبەندی قەڵەمدان و بۆ خۆی ژووری گیرفانی بوو
ئەگەر شەوێ رێکەوتایە
نەچووایەوە و
لە هەواری ئازیزێکدا میوان بووایە
تاقە شەوێ سەرینەکەی خۆی نەبووایە
تاقە شەوێ دۆشەکەکەی خۆی نەبووایە
لێفەکەی خۆی بەسەری خۆیدا نەدایە
لەسەرلا رووی نەکردایە
ئەو دیوارەی لە پاڵیایە
ئەبووایە هەر گینگڵی بێ و تلی بایە!

- دایە خەوم لێ زڕاوە
خەوم نایە

- رۆڵە ئەوە ئەمشەو جێگەت
لێ گۆڕاوە
پێخەفەکەت هی خۆت نییە
رۆڵە بنوو ئارامت بێ
هەر یەک شەوە و کۆتایی دێ!

-هۆ.. هۆ.. دایە
ئەوە لەکوێی!؟
لە کوێی؟ لە کوێی؟
وا ئاوی رەش هەڵئەقوڵێنن

ئەم دوو چاوە
ئێستە نەک خەو
من ژیانم لێ زڕاوە

تاقە شەوێ نییە دایە
دوو سێ شەوێ نییە دایە
هەزاران شەو نییە دایە
جێ گۆڕینێ نییە دایە
من ژیانم لێ زڕاوە!

- رۆڵە نەوەک هەر لێفەکەت
ئاسمانیشت لێ گۆڕاوە
رۆڵە نەوەک هەر سەرین و دۆشەکەکەت
زەمینیشت لێ گۆڕاوە
رۆڵە نەک من
زوبانیشت لێ گۆڕاوە
رۆڵە بنوو.. بنوو.. بنوو!
من ئەزانم
نیشتمانت لێ گۆڕاوە!

ستۆکهۆڵم 1987\9\23

# پێشوازی لە ستۆکهۆڵم

لـە سـتۆکهۆڵم شـێرکۆ و شـیعر لـە بەرزترین ئاسـتدا پێشـوازی دەکرێن، لـەو شـارە کـە تازەهـەواری شـاعیرێکی کـوردە، هەرچەنـدە تاراوگەیـە و دوورە لـە چـاوی نیشـتمان، سـەرەڕای ئـەوەی تاراوگەیە و شـێرکۆ دوورە لـە مێرگـەکان و چەپکـە گزنگـی کوردسـتان، بـەڵام لـەو شـارە ئارامـە، دڵنیایـە و لـە تەناهیـدا دەژی. لـەوێ بـەدکاران یەخـەی شـیعری ناگـرن و کـەس لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ نـاکات، لێکۆڵینـەوەی دەزگای نهێنـی و سـیخوڕی لەهەمبـەری شـیعر و لـەدژی وشـە و دەربڕیـن. لـە شـاری سـتۆکهۆڵم و لـە سـاڵی 1987 دا تەنانـەت خەڵاتـی گرینـگ وەردەگرێـت. خەڵاتـی تۆخۆلسـکی بـۆ سـاڵی 1987-1988 کـە سـەرۆکوەزیرانی ئەودەمـی سـوێد، **ئینگڤـار کارلسـۆن** [1] خـۆی لـە ئاهەنگـی بەخشـینی خەڵاتەکـەدا ئامـادە دەبێـت، بەڵـێ سـەرۆکوەزیرانی ئەودەمـی سـوێد خـۆی خەڵاتـی تۆخۆڵسـکی پێشـکەش بـە شـێرکۆ بێکـەس دەکات.

* * *

هاوینـی سـاڵی 2005 بـە مەبەسـتی بەسـەرکردنەوەی هەندێـک شـوێن

1- سیاسەتڤانێکی سوێدییە، ناوی تەواوی گۆستا ئینگڤار کارلسۆنە و لە نێوان ساڵانی 1986-1991 و 1994-1996دا دوو جار سەرۆکوەزیرانی سوێد بووە.

و بڕێـک بیرەوەریـی ئـەو ڕۆژانـە، سـێ ڕۆژ لەگـەڵ شـێرکۆ بێکـەس لـە سـتۆکهۆڵم بەسـەردەبەین. دەچینـە ئـەو قاوەخانەیـەی زۆربـەی بەشـەکانی قەسـیدەیەکی هـەرە درێـژی خـۆی لـەوێ نووسـیوە، شـاعیر چامـەی خـاچ و مـار و ڕۆژژمێـری شـاعیرێ-کی لـەوێ نووسـیوە. خاوەنـی قاوەخانەکـە پیاوێـک بـوو لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی یۆنانسـتان. دواتـر دەچینـە گەملَسـتان و دەچینـە گەڕەکـی پەنابەرانـی تێنسـتا.

سـتۆکهۆڵم شـارێکە ڕەنگیـن و ڕازاوە. شـارێکە مینـا پەرییـەک لـە نێـو زەریـادا پاڵکەوتبێـت، پێدەچێـت پەرییـەک بێـت لـە نێـو ئـاودا ڕاکشـابێت و بەردەوامیـش ماسـییەکان یـان سـەما بـەدەوری پەریـی ڕاکشـاودا بکـەن، یاخـود چیرۆکـی پـڕ تاموچێـژی بـۆ بگێڕنـەوە.

لـە سـتۆکهۆڵمی ڕەنگیـن و ڕازاوە ئـەم شـاعیرەمان ئارامـە و دڵنیـا. بـەڵام بـۆ ئـەم ڕەنگینـی و ڕازاوەیـی شـارەکە بەس نیـن. خـەڵات دەکرێت، شـیعری بـە کـوردی و بـە سـوێدی چـاپ دەبێـت، بـەڵام ئـەم، دڵـی ئـەم، گیانـی شـپرزەی ئـەم شـاعیرە بـەو جوانـی و ڕەنگینییـە ئـاو ناخواتـەوە، نیانـی و دڵگیریـی شـارەکە تاسـەی ناشـکێنێ. لـەم سـەرزەمینە جوانـەدا، شـێرکۆ بـەردەوام دڵـی لـەلای زێـد و لـە کـن نیشـتمانەکەی خۆیەتـی. بـۆ ئـەو دوورە وەڵاتـی کسـپە و ئـازارە، ئازارێـک بـەردەوام بـە دڵ و بـە گیانییـەوە، لەومـا هەر خۆیشـی دەیزانێـت نامۆیی سـەرچاوەی چ ئازارێکی قـووڵ و بەسـوێیە. شـێرکۆ نایەوێـت چـاوی لە چـاوی وەڵاتەکـەی دابڕێت. ئیتـر ئـەوە سرووشـتی شـێرکۆ خـۆی و سرووشـتی شـیعرەکانیەتی، پەیڤ و دەربڕینـی ئـەو شـاعیرە هـەر وەهـا بـوون و دەیانەوێـت لـە سرووشـتی زێدەکـەی خۆیانـدا هەناسـە بـدەن، لـە نیشـتمان دەنـگ هەڵبـڕن و لـە نیشـتمانیش سـەما بکـەن.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

**"کـە لـە ئیتالیـاوە بـەرەو سـوید هاتـم. لێـرە خەڵاتـی تۆخۆڵسـکییان**

پێبەخشیم. ئینگڤار کارلسۆن خۆی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتە هات، لە ئاهەنگێکی خنجیلانەدا کە 70 ـ 80 هەڵبژاردەی ئەدیب و رووناکبیری سویدی لێ ئامادە بوو، خەڵاتەکەم وەرگرت. لە پاش ماوەیەک دیارە بۆ ئەوەی بتوانم بمێنمەوە و بێگومان ناچاریش بووم بمێنمەوە، ئیتر داوای مافی پەنابەریم کرد و بەو جۆرە، داخوازینامەی پەنابەرێتیم پەسەند کرا و مامەوە".

یەکەم کۆڕی شیعری شێرکۆ بێکەس لە سوێد، بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە کوردستانیان و هەروەها دەستەبژێرێکی میدیاکار، ئەدەبی و هونەریی سوێدی، لە ستۆکهۆڵم ساز دەکرێت، شێرکۆ لەوێدا بە جلوبەرگی کوردی و هەروەها جامانە لەسەر [1]، شیعر دەخوێنێتەوە، یەکەم شیعریشی لەو کۆڕەدا شیعری بەنێوبانگی "من تینوێتیم بە گڕ دەشکێ" دەبێت. دیارە خوێندنەوەی ئەو شیعرە لەو دۆخەدا ئاماژەکردن بووە بە دۆزێکی گەورە، هەروەها مەبەستی شاعیر ئەوەیش بووە لە هەر کوێ بێت، بگات بە هەر ئاست و بە هەر سەکۆیەکیش، بەهەمان دەربڕینەکانی، بەهەمان بنەمای جێگیر، بە هەمان پەیام، دۆز و پرسە گەورەکەی خۆی دەستپێدەکات و دەربارەی دەئاخفێت.

"ئاوم ئاوم
ئاوی تینووم
سەرچاوەکەم لە دەمی شەوێکی سوێردا هەڵدەقوڵێ
جێپێی شەپۆلی خنکاوی خۆی هەڵدەگرێ
ئاوی تینووم
رووباری ئاواتی ماندووی رووە و زەریا سەرهەڵگرتووم
تاوەکو سەربەرەوخوار بڕۆم

1 - دەکرێت تەماشای ئەلبوومی وێنەکان بکەن.

**تا دەموچاوی غەریبیم لە ڕێگەی دوورترا بشۆم**
**لە تینوویێتیم دەخورێتەوە و خۆم هەر تینووم".**

لـە دنیـای پـڕ مەترسـیی چیاکانـی کوردسـتانەوە، لـە دۆزەخێکـەوە کـە بەعـس بـۆ کوردسـتانیانی داخسـتووە، لـە تونێلێکـی تاریـک و بنبەسـتی قڕکردنـەوە سـەرهەڵگرتن بـەرەو سـتۆکهۆلمی ئـارام و دڵگیـر.

لـە سـتۆکهۆلم شـێرکۆ ژیانێکـی جیـاواز بەسـەر دەبـات، ژیانێـک جیـاوازە لـە ژیانـی نـاو چیاکانـی کوردسـتان، جیـاوازە لـە بـن سـاباتی پـڕ ترسـی بۆمبـای فڕۆکەکانـی شـەڕ، خەمـی بەردەوامـی سـووتان، بۆکـڕووزی کێڵگـە، وێرانکردنـی دارسـتان، کوشـتنی کانـی و چنـارەکان.

سـوێد بـۆ شـێرکۆ بێکـەس تاراوگەیـە، بـەڵام تاراوگەیـەک دوور لـە شـەڕ و لـە کوشـتن. تاراوگەیـە و شـێرکۆ دڕدۆنگانـە بەنێـو بازاڕەکانـدا پیاسـە دەکات. برینێکـی ئاوارەیـە، ژانێکـە نامـۆ و تەنهـا دێـت و دەچێـت. خـۆی دەکات بـە چایخانەیەکـدا، تاوێـک دادەنیشـێت. لـەوێ وەڕس دەبێـت، هەڵدەسـتێ و تاوێکـی دیکـە پیاسـە دەکات. پاشـان خـۆی دەکات بـە قاوەخانەیەکـی دیکـەدا. دەخوێنێتـەوە و شـیعر دەنووسـێت. وەڕسـە، لـە دڵـی بپرسـە و گـوێ لـە ترپـەی دڵـی بگـرە؛ لـە دڵـەوە دەیەوێـت ئـەم شـەوە درێـژەی تاراوگـە کۆتایـی بێـت و شـیعر بـەرەو سـەرچاوە و بـەرەو نیشـتمان لەشـەقەی بـاڵ بداتـەوە. بـەڵام جەخـار ڕۆژگاری دوورە وەڵاتـی درێـژە و هـەروا سـانا ئـاوا نابێـت.

مێژووم و سەفەر ئەکەم و
لەگەڵ خۆمدا شۆڕشەکانم ئەگێڕم
لە خۆم زیاتر کەس تەماشای خوێنم ناکات.

دووکەڵم ئەسووڕێمەوە و
لەگەڵ خۆمدا دێهاتەکانم ئەگێڕم
لە خۆم زیاتر چاوی کەس ناکزێتەوە
بەم دووکەڵە [1].

شـێرکۆ لەو شـارە پشـوویەک دەدات، پشـوویەکی کورتی پاش گەشتێکی درێـژ. دواتـر دەسـتپێدەکاتەوە و شـیعر بـە زۆربـەی وەڵاتانـی ئەوروپـادا دەگەڕێنێـت، بەتایبەتـی بـۆ رەوەنـدی کـورد لـە ئەوروپـا، بـە شـێوەیەکی بـەردەوام کـۆڕی شـیعری سـاز دەکات، شـیعری نـوێ بەرهـەم دەهێنێـت و ئاسـمانێکە رێژنـەی شـیعر دەبارێنـێ.

رۆژێکـی دیکـە پێکـەوە دەچینـە گەڕەکـی تێنسـتا لـە شـاری سـتۆکهۆڵم، گەڕەکـی تێکـەڵ و پێکـەڵ لـە زمانـی جیـاواز، رەنگـی جیـاواز و فەرهەنگـی جیـاواز، هەمـوو رەنـگ و بۆیـەک کـە رەنـگ و بـۆی وەڵاتـی بیربخەنـەوە، دایدەچڵەکێنـن و لـەلای خۆیـان گلـی دەدەنـەوە. گـەر مـرۆڤ لـەم کاتانـەی تاراوگـەدا شـێرکۆ ببینێـت، هەسـت بـەوە دەکات و دەزانێت ئەم شـاعیرە لـە شـوێنی راسـتەقینەی خـۆی تـرازاوە. درەختێکـە هەڵکەندراو. لـەو کاتانـەدا تەماشـای بکـە؛ هەسـت دەکەیـت دوورەوەڵاتـی ئـەم قەڵەمەیـان چەنـد درِدۆنـگ و شـپرزە کـردووە.

پاشـتر و لـە گەشـتی ئـەو رۆژەمانـدا، پێکـەوە سـەرێک لـە کتێبخانـەی گەڕەکـی  تێنسـتا دەدەیـن. ئـەو کتێبخانەیـە یەکـێ لـەو شـوێنانە بـووە لە

1- دەربەندی پەپوولە.

کاتی خۆیدا بەردەوام رووی تێکردووە. ئەم کتێبخانەیە، وێستگەیەکی تری نووسین و خوێندنەوە بووە بۆی. باوەشێکی گەرموگوڕ بووە بۆ وی لەم شارەدا. لەم کتێبخانەیەدا بەشی زمانەکانی رۆژهەڵاتیش هەیە. لێرە تەنانەت بەرهەم و دیوانەکانی شێرکۆ بێکەس خۆیشی دەستدەکەون. ئێرە پەنایەکی دیکە بووە لەو رۆژانەدا ئەم رووی تێکردووە، توانیویەتی لێرە بخوێنێتەوە و بنووسێت. زۆربەی رۆژ، بەیانیان لە ماڵەکەی خۆیەوە روویکردووەتە ئەم کتێبخانەیەی گەڕەکەکەی خۆیان. هاتووە و تا دەمەونیوەڕۆ لێرە ماوەتەوە.

کتێبخانەی گەڕەکی تێنستا، ماڵێکی سپی و ئاوەدان، لە ژیانی ئاوارەیی شێرکۆ بێکەسدا، شوێنێکی دیارە و لەبیرناکرێت.

لە بەرگەڵووەوە بۆ ئێرە.. ژیان لە ستۆکهۆڵم و ژیان لەوێ، دوو ئەزموونی یەکجار جیاوازن، زۆر جیاوازن.

شێرکۆ بێکەس لەو بارەیەوە دەڵێت:

**"دوو دنیای زۆر جیاوازن لە یەکتر. واتە دنیایەک تۆ لێرە تێیدا ئارامیت، هێمنیت، لەوێیش؛ بێگومان تەواو بە پێچەوانەوە. ئەوێ دونیای شەڕ، فڕۆکەی شەڕکەر و تۆپباران و هتد. وانییە؟ جگە لەوەیش، لێرە مرۆڤ زیاتر هەستی بە دڵنیایی دەکرد. مژاری نووسینیش لە شوێنی دڵنیادا فەزاکەی فراوانترە. ئاسمانی زۆر کراوەترە. خەیاڵ زۆر ئازادترە، واتە بۆ فڕینی خەیاڵ رووبەرێکی لەبار هەیە".**

## "لە ئێستە بەدواوە من ئیتر هەڵەبجەم"

دڵنیایـی و ئارامیـی سـتۆکهۆڵم بـۆ ئـەم شـاعیرە درێـژە ناکێشـێ. ئـەو بـە جەسـتە لێرەیـە، بـە جەسـتە دوورە لـە مەترسـی، بـەڵام بـە بیـر، بـە هـۆش و بـە خەیـاڵ لەوێیـە، لـە وەڵات، لـە وەڵاتیـش هەڵمەتەکانـی ئەنفـال دەسـتیانپێکردووە. لەشـکری تاڵانـکار و دڕنـدەی بەعـس هـار بـوون، بـە شـێوەیەکی ترسـناک پەلامـار دەدەن، بڕیـاری کۆمەڵکوژییـان داوە، ئـەم لێرەیـە و لـەوێ، لـە وەڵات، هەڵەبجـە شـەهید دەبێـت. ڕۆژی 1988\3\16 ڕژێمــی بەعــس بــە چەکــی کۆکــوژ هەڵەبجــە بۆردومــان دەکات و هەناسـە لەبـەر ئـەو شـارە دەبڕێـت.

لــە بــەر دەروازەی بەهــاری ئــەو ســاڵەدا هەڵەبجــە خەڵتانــی خوێــن دەکرێـت. شـارێک سـەرتاپا لـە خوێنـی خۆیـدا دەتلێتـەوە. کەسـێک نییـە لــەو ڕۆژگارەدا دەســتی کۆمــەک بــۆ هەڵەبجــەی تــاک و تەنهــا درێــژ بـکات. لـەم دنیـا بەرینـەدا، لـە دنیایەکـدا گوایـە "دادپـەروەری" هـەس، هەڵەبجـە تەنهایـە و بـە تەنیـا دەکوژرێـت، کوژرانێـک بـێ پرسـە و بـێ پرسـینی هەواڵێـک دەربـارەی. کوشـتنی هەڵەبجـە، ژەهربارانکردنـی دانیشـتووانی، کوێرکـردن و ژاراویکردنـی کانیاوەکانـی، کوشـتنی

ژینگەکـەی، لـەو رۆژانـەدا ئـاکاری دنیـای سیاسـەتیان روونتـر دەرخسـت، رۆژانێـک پێڤـاژۆی بەدبەختـی و بێکەسـی بـوون بـۆ کوردسـتان.

ئـەو کاتـەی کارەسـاتی هەڵەبجـە روودەدات، شـێرکۆ لـە لەنـدەن دەبێت، شـێرکۆ شـۆک دەبێـت، سـەرەتا ناتوانـێ هیچـی ئەوتـۆ بنووسـێت، وەکـو خـۆی دەیگـوت :"هەرچیـم نووسـیبا دڵۆپێـک بـوو بەرانبـەر بـە رووبـاری ئـەو کۆسـتە". بـەڵام پاشـان لـە (دەربەنـدی پەپوولـە)دا بـە جۆرێکـی فـراوان، بـە شـێوازی جیـاوازی خـۆی بـاس لـە کۆسـت و لـە کوشـتنی هەڵەبجـە دەکات. باسـکردنێک بـە خوێندنـەوەی خوێنـەر دەکەوێتـە نێـو هەنـاوی کۆسـتێکی گـەورەی وشـە و دەربڕینـەوە. کۆسـتێک شـێرکۆ توانیویەتـی لـە پەیـڤ و لـە دارشـتنی تایبـەت بـە خۆیـدا بەرجەسـتەی بـکات.

"لە ئێستە بەدواوە من ئیتر هەڵەبجەم
لە ئێستە بەدواوە
من دەنکە فرمێسکی هەناری ئەو خەمە گەورەیەم
لە ئێستە بەدواوە
من باری ئەو سێوەم کە ئیتر بارناکرێ بۆ ئەوێ
لە ئێستە بەدواوە
من تاڵێ لە ڕیشی هۆرەکەی مەولەویم
لە ئێستە بەدواوە
ئەو شەمی شەمانی وەڵاتمە و
من وەلیم"

پێم بڵێن من چی بکەم
بۆ ئەوەی گریانی کافوری ئەم زەڵمەم
لوزەوی کەم نەکات؟

پێم بڵێن من چی بکەم
بۆ ئەوەی ئەم جوانووە سەرکەشەی هەنسکم
ڕام نەبێت؟
دەبڵێن، من چی بکەم، چی نەکەم بۆ ئەوەی خوا بێتە خوارەوە
و
هیچ نەبێ بۆ تاوێ لە پرسەی ئەم مانگە جوانەدا لەگەڵمان
دانیشێ؟؟
پێم بڵێن
من چی بکەم؟؟
پێم بڵێن،
پێم؟ [1]

* * *

لە ئاخافتن و گوتوبێژێکدا لەگەڵ هاوژینی شاعیر، خاتوو نەسرین ئەحمەد میرزا، سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس و هەندێک وردەکاریی ژیان و هەڵسوکەوتی، وەها باس لە ژیانی ڕۆژانەی شێرکۆ دەکات، بەتایبەتی باسکردن سەبارەت بەو ڕۆژانەی ژیانی تاراوگەیان:

"شێرکۆ بەردەوام سەرقاڵە، بیری جەنجاڵە. پێموایە یەکەم؛ بیر لە شیعر دەکاتەوە کە بینووسێ. پاشان؛ بەردەوام هەموو بیر و هۆشی، هەست و نەستی لەلای کوردستانە. هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو نەیتوانی لە سوێد بژی. جاری وەها بووە کە لێرە زۆر وەڕز دەبوو. گەلێک بێتاقەت دەبوو، ئێمەش خۆمان پێمانخۆشبوو لە کوردستان بێت. چونکە بەڕاستی باری دەروونیی لێرە باش نەبوو. زۆر بێتاقەت دەبوو. بێگومان نەک تووڕە بێت، تووڕە نەدەبوو، بۆ نموونە؛ جاری وەها بووە ئەوەندە بێتاقەت دەبوو مرۆڤ دڵی بۆی

1 - دەربەندی پەپولە.

دەسـووتا، بەزەییت پێدا دەهاتـەوە. چونکـە لێرە هـەر لـە ماڵـەوە بـوو. کافتیریایەکیـش هەبـوو لـەم گەڕەکـەی خۆمـان دەچـووە ئـەوێ، لـەو کافتریایـەش هـەر دەینووسـی. بـەڵام شـێرکۆ لـە غەریبـی بەرهەمـی شـیعری زۆرتـر بـووە و زۆرتـری نووسـیوە".

سـەبارەت بـە دۆخـی شـێرکۆ لـە دەمـی ڕۆژە ڕەشـەکان و کاتـی ڕوودانی کارەسـاتەکاندا، نەسـرین خانم دەڵێت:
"لـە کاتـی ڕەوەکـەدا زۆر زۆر بێتاقـەت بـوو، ئـەو کاتـە پێکـەوە لـە سـوید بوویـن. لـەو کاتـەدا، شـەو و ڕۆژ بـە دیـار ئـەو تەلەفزیۆنەوە دادەنیشـت. مـن لـە کاتـی کیمیابارانـی هەڵەبجـە لەگەڵـی نەبـووم. ئـەو کاتـە ئێمـە چـوار سـاڵ بـوو یەکتریمـان نەبینیبـوو. بـەڵام لـە کاتـی ڕەوەکـەدا یـان لـە کاتـی ئـەو کارەسـاتانەی لـە کوردسـتان ڕوویانـدەدا، ئەوسـا کاتێـک لێـرە بوویـن پێکــەوە، زۆر مانـدوو و بێتاقـەت دەبـوو. خەویشـی زۆر کەمتـر بـوو".

شـێرکۆ خۆیشـی سـەبارەت بـە کارەسـاتی هەڵەبجـە کـە وەکـو مەرگەسـاتی نەتەوەیـەک باسـی دەکـرد، دەڵێـت:
**"سـەبارەت بـەو مەرگەسـاتانە دەڵێـم؛ پێموایـە دوو مێـژوو هەیـە، مێـژووی پێـش هەڵەبجـە و مێـژووی دوای هەڵەبجـە. لەبەرئـەوە هەڵەبجە لـە ژیانـی ئێمـەدا، ئەنفـال، ئەنفـال هۆلۆکۆسـتی کـوردە بـە دڵنیاییـەوە، پێویسـتە ئێمـە ئـەم چیرۆکانـە، چیرۆکـی ئـەم مەرگەسـاتانە، بـۆ نـەوە لـە دوای نـەوە بگێڕینـەوە. ئیتـر لەڕێگـەی شـیعرەوە بێـت، لەڕێی پەخشـانەوە بێـت، یـان لەڕێگـەی ڕۆمانـەوە، یاخـود لەڕێـی شـانۆوە. ئێمـە پێویسـتە کارێـک بکەیـن، کارێکـی وەهـا؛ نەهێڵیـن ئـەو مەرگەسـاتانە هەرگیـز لەبیربچنـەوە. دەبێـت بـەردەوام ئـەو بەسـەرهاتانە لـە گێڕانـەوەدا بـن".**

شـێرکۆ بێکـەس، لـەو دیدارەمانـدا لـە دوایـن ڕۆژی گەشـتی

ســتۆکهۆڵمدا، ســەبارەت بــە نووســین و داهێنــان لــە بۆتــەی ئــەو هەمـوو رووداوە ترسـناک و ئـەو هەمـوو نەهاتییانـەدا، هـاوکات ئاسـتی داهێنــان و نووســینیش، بــە زمانــە تایبەتییەکــی خــۆی دەڵێــت:

"مــن پێموایــە یەکێــک لەوشــتانەی ئــەدەب و داهێنــان دروســتدەکات شــپرزەییە. چونکــە شــپرزەیی دژی قەناعەتــە. ئــەو ئەدیبــە، ئــەو هونەرمەنـدەی کاتێـک قەناعـەت دەکات بـە شـتێکی خـۆی، مانـای وایـە بـە جۆرێـک بڕیـار لـە وەسـتان دەدات. بـەڵام کـە تـۆ قەناعەتـت نەبـوو، لـە بـری قەناعـەت گومانـت هەبـوو، هیـچ کاتێـک تەماشـای شـتەکانی خۆیشـت ناکەیـت بـە تـەواوی، هەسـت دەکەیـت هەمیشـە بەرهەمـی تـۆ کەموکوورِیـی هەیـە. مـن تازەتریـن کاری خۆمـم تاکـو چەنـد رۆژێـک خۆشـدەوێت. تاوەکـو جارێـک یـان دوو جـار دەیخوێنمـەوە. لـە دوای ئـەوە، ئیتـر پەیوەندیـم بـەو دەقـەوە نامێنـێ. واتـە وەهـای دەزانـم و بـەو جـۆرە تێیدەگـەم؛ جـاری وەهـا هەیـە کـە هیچـم نەنووسـیوە. بـەردەوام وا دەزانـم هێشـتا پێویسـتە بنووسـم، هێشـتا دەگەڕێـم بـۆ ئـەو ئـاوەی تینوێتیـم بشـکێنێ، کـە دیـارە دەزانـم هەرگیـز نایگەمـێ. بـەڵام هەمیشـە بەشـوێنیدا دەگەڕێـم.

لەبەرئـەوە پێموایـە؛ بابەتەکـە لـەوەوە هاتـووە. دڕدۆنگییـە، خـەوی پچـڕ پچـڕە، شـپرزەییە، واتـە نائارامـی وات لێـدەکات بـە شـوێن خۆشەویسـتیی زیاتـردا بگەڕێـی. بــەڵام کاتێــک ئــارام بــووی، کاتێــک پاڵــت لێدایــەوە، پێموایـە، ئـەو کاتـە ئـەو خۆشەویسـتییەش بـەرەو کاڵبوونـەوە دەچێـت. خۆشەویســتی بــۆ نووســین و داهێنــان کاڵ دەبێتــەوە".

# کۆتایی تاراوگە

تاراوگــە، نامۆیــی و دەربــەدەری لــە وێســتەگەیەکدا کۆتاییــان دێــت. گــەر بــۆ قۆناخێکیــش بێــت، شــەوانی نائارامــی، شــەوانی پــڕ مۆتەکــە و سـیاکات کۆتاییـان دێـت. بـۆ وەرزێکیـش بێـت خـۆری هیـوای گەلەکـەی شــێرکۆ بێکــەس هەڵدێــت، خۆرێــک دەڕژێتــە نــەواڵ و دەربەندەکانــی باشــووری کوردســتانەوە. گــەر بــۆ قۆناخێکیــش بێــت، ئــەم جــارە ڕۆژی ڕاپەڕینــی خەڵــک نیشــتمانی شــیعر ڕوونــاک دەکاتــەوە.

شــێرکۆ بێکــەس کــە ئۆقــرەی لێبــڕاوە و بــێ هــەدادان چاوەڕوانــی دەلیـڤ و دەرووبەکـی لـەو جۆرەیـە، دەسـتبەجێ و پـاش ڕاپەڕیـن خـۆی دەگەیەنێتــەوە کوردســتان.

هێشــتا وەڵات بۆنــی ڕاپەڕینــی لێدێــت، هێشــتا شــەقام و هێــژ [1] درەختـەکان بـەدەم شـنەی ئازادییـەوە، خەندەبەخشـانە سـەما دەکـەن، شـێرکۆ کـۆڕی شـیعرخوێندنەوە سـاز دەکات. شـیعری نوێ و قەسـیدەی دڵخــوازی خــۆی پێشــکەش دەکات. مەبەســتێتی دەربەندێــک پڕاوپــڕ لــە پەپوولــەی باڵنەخشــین پێشــکەش بــە زێــدی ڕاپەڕیــو بــکات.

1- هێژ یان هێژی: هێشتا. لە کرمانجی سەروودا.

دواتریش لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەبێت بە ئەندامی یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراو لە دیرۆکی نەتەوەکەیدا و پاشان دەبێت بە وەزیری رۆشنبیری.

پاش چەند ساڵێکیش، لە ساڵی 1998 دا و لە قۆناخێکی دیکە و لە دەرفەتێکی تردا، بە هاوکاریی کۆمەڵێک لە هاوڕێ ئەدیب، نووسەر و هونەرمەندەکانی، لە شاری سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دادەمەزرێنن. ئەم جارەیان تێهەڵچوونەوەیەکی دیکە و ئەزموونێکی جیاواز تاقیدەکاتەوە. شێرکۆ بێکەس، لە گەڕانەوەی ئەم جارەیدا بۆ وەڵات، لە سەردەمی ئازادیدا، بەردەوام دەبێت، ئەم جارە لەتەک شیعردا، بەجۆرێکی دیکە بەردەوام دەبێت و تێدەکۆشێت. ئەو هاوشانی شیعر، شەڕ لە پێناو بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگایشدا دەکات. لە سۆنگەی وەکهەڤی، دادپەروەری و مافی ژناندا تێدەکۆشێت.

لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی 2005 شێرکۆ بێکەس سەبارەت بە رۆڵی ژن و رەوشی ژن لە جڤاتی ئەو رۆژەی کوردستاندا دەڵێت:

**"ئێستا یەکێک لەو شتانەی کە دەستی بەستووین، بێگومان لە زۆر مەیداندا ئەوەیە؛ ژنانمان ناتوانن بەشداریی کارایان هەبێت. هەرچەندە بەبەراورد لەگەڵ هەندێک شوێنی دەوروبەر، ئێرە باشترە، مەبەستم کوردستان بەراورد ناکرێت بە هەندێک شوێنی دیکە، لەو بوارەدا ئێرە تەنانەت بە سعودیە و دەوڵەتانی کەنداویش بەراورد ناکرێت. تۆ خۆت دەبینی لێرە ترادیسیۆنێک هەبووە لە کۆنەوە، لە کوردستان و لە عێراقدا، بە تایبەتی لەلای ئەو حیزبانەی کە زیاتر عەلمانی بوون، یان بابڵێین بەشێک لە عەلمانییەتیان تێدابووە، تێڕوانینیان بۆ ژن جیاواز بووە. لەبەرئەوە تۆ تەماشای بابەتی بەشداریکردنی ژن بکە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمە تا ئێستا لە دەوڵەتەکانی کەنداوی عەرەبیشدا**

**نییە. بەڵام ئەم کێشەیە لێرەیش هێشتا زۆری ماوە. من کاتێک دەڵێم ژن ئازادە، کاتێک خۆی بتوانێت بڕیاری ئەخلاقی خۆی بدات، بڕیاری سیاسی خۆی بدات، دوور لە بڕیاری باوک، یان برا، هەروەها دوور لە بڕیاری خزم و خێڵ. ئەمەیان من پێموایە هێشتا زۆری دەوێت".**

ئەو رۆژە لە دەزگای سەردەمەوە دەردەچین و ئێوارە پیاسەک بە شاردا دەکەین. شێرکۆ بە خۆشحاڵییەوە پیاسەی نێو شاری دەکرد و کاتێک باسی لە رۆژانی رابردوو دەکرد، رابردووی شار، شیرینەیادی جۆراوجۆر لە ئاخاوتنی دەباری.

شێرکۆ بە من دەڵێت: وەرە ئارەزووی پیاسەیەکی ناو شار دەکەم، دیارە بە یادی جارانەوە. لە سەرووی مزگەوتی گەورەوە دێینە خوارێ، بەلای مزگەوتی گەورەدا تێپەڕ دەبین و دەڵێت؛ لێرەوە دەڕۆین، بە شەقامی "بێکەس"دا تێدەپەڕین. بە هەر شوێنێکدا تێپەڕ دەبین دەیانەوێت رایبگرن، قسەی لەگەڵ بکەن و بیدوێنن. لە شوێنێک فەرمووومان لێدەکەن بۆ چا خواردنەوە، بێگومان دەچین و پشوویەکی چا خواردنەوە دەدەین. ئەوە رێک لە شەقامی بێکەس بوو. لە شەقامی بێکەسەوە، کە چەند جارێک ناوی ئەو شەقامە دێنێت و لەڕێی ناوهێنانەکەوە دەیدرکێنێت چەند ناوی ئەو شەقامە لەبەر دڵی شیرینە، بەوێدا تێپەڕ دەبین و دەچینە بەردەرکی سەرا. ئێرەش هەڵگری مێژوویەکی سەرنجبەری ئەم شارەیە. لەو ئێوارەیەی بەهاری ساڵی 2005 دا دەچینە کتێبخانەی سلێمانی، ئەو کتێبخانەیە یان ئەو کتێبفرۆشییە، یەکێکە لە کتێبخانە کۆنەکانی شاری سلێمانی، لەوێ سڵاوێک لە کاک عومەری مەکتەبە دەکات، دەچینە ژوورێ و تاوێک لەوێ دەوەستین.

بۆ شێرکۆ بێکەس شەقامەکانی ئەم شارە، کۆڵانەکانی سلێمانی پڕن لە یادگاری، یادگاری چوون وێنەی رەنگین و خەیاڵئامێز. بۆ ئەم

شـاعیرە خۆشەویسـتیی سـلێمانی، شـارە دڵگیرەکـەی، خۆشەویسـتێکە رکابـەری نییـە، چونکـە ئـەم شـارە کێڵگـەی گەشـەکردنی شـیعر و خەیاڵی ئارامـی ئەمـە، لـە سـایەی رووناکیـی چـاوی ئـەم شـارە بەژنـی بیرۆکـەی ئـەم وەکـو نەمامـی گوڵەبـەڕۆژە بـاڵا دەکات و دەکەوێتـە شنەشـن.

ئێسـتا ئـەم شـارە سـاڵانێکە ئـازادە، هەنـاوی ئـازادی ئاوسـە بـە ئارەزوویەکـی رەنگیـن، ئارەزوویـەک؛ دڵنیایـی بداتـە خـۆی و ئـارەزووی ببێـت بـە راسـتی و جارێکـی دیکـە پەلامـاری ئـەم شـارە و نیشـتمانەکە نەدرێـت.

ئـازادی، ئەمـە خەونـی لـە مێژینـەی شـێرکۆ بوو. شـاعیرێک لە "نسـێ"کانی تاراوگـەدا، کـە تیشـکێکی خـۆر دەرکەوتایـە، بەپیرییـەوە دەچوو، باوەشـی پێـدا دەکـرد، خـۆی دەدایـە بـەر رێژنـەی تیرێـژی رۆژ، مەراقـی بـوو وزەی تاوەکـووی نیشـتمانی پێبێـت و گیانـی سـڕبووی ببووژێنێتـەوە.

بـۆ شـێرکۆ بێکـەس، ئـەم شـەقامانەی دنیـای ئـازادی بـۆن و بەرامـەی ژیانیـان لـێ هەڵدەسـتێ. پیاسـەکردن بـە شـەقامەکانی ئازادیـدا، جیاوازن و تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیـە. ئـەو لێـرە لـە ئامێـزی زێدەکـەی خۆیـدا ئیتـر ئارامـە، لـە پـاڵ هیواخواسـتن بـۆ ئـەوەی نیشـتمان پارێـزراو بێـت، تەنیـا شـپرزەیی و خەمێـک هەیبێـت، تاکـە دڕدۆنگییـەک لوولـی بـدات، خەمـی شـیعرە، شـیعر لـە پـەڕەی نێرگـز و گوڵاڵـە.

ئـەو بـەردەوام بـەو خـەم و بـەو دڕدۆنگییـەوە ژیـا، بۆیـە لـە بەخشـینی بەرهـەم بـەردەوام بـوو، تاکـو مردیـش کێڵگەیەکـی بـە پیتـی شـیعر و پەیـڤ بـوو. شیعربەخشـین و بەرهەمـی جـوان لـە لای شـێرکۆ ببـوون بـە دیاردەیەکـی بـەردەوام، دیاردەیـەک هیـچ شـتێک لـە رێگەیـدا نەبـوو بـە ئاسـتەنگ و بـە کۆسـپ. نـە ئاوارەیـی، نـە دەربـەدەری و نـە سـەرزەمینە جیـاوازەکان، هیچیـان نەشـیان شـیعری شـێرکۆ و زمانـی شـێرکۆ لەگـۆ بخـەن. شـێرکۆ ئەڤینـداری ژن بـوو، ئەڤینـداری جوانـی بـوو، ئەڤینـداری

مەی بوو، ژنی میهرەبان مەستیان دەکرد، بەڵام چونکە پتەوترین و گەورەترین ئەڤینی، پڕوزەترین ئەڤینی وی بۆ شیعر بوو، بۆیە دەیتوانی بێ ئەو ئەڤین و حەزانەی دیکەی هەڵبکات، کەچی کاری کردە نەبوو بێ شیعر بتوانێ هەناسە بدات. شیعر زەوی و ئاسمانی شێرکۆ بوو. شیعر تاکە ئاسمان بوو هانای بۆ دەبرد و دەیتوانی تێیدا بفڕێت، ئاسمانی شیعری وی، ئاسمانێکە تا چاو بڕ دەکات شین و ڕێژنەی پەیڤی ڕووناکی لێدەبارێت.

*　　*　　*

لە پیاسەی ئەو ئێوارەیە بەردەوامین تاکو سوورایی خۆرنشین باڵ بەسەر ئاسماندا نەکێشێت ناوەستین. دەگەینە وێستگەیەکی گرنگ و هەستیاری باسوخواس. نەبوونی ژن لە شەقامەکاندا. ڕەنگ و دەنگ و سەنگی زاڵی پیاو لە شەقامەکانی شاردا.

شەقامەکانی جاران پڕ بوون لە ژن. **"ئەم شەقامانە شیعری من تووڕە دەکەن. ئەم سەردەستبوونەی ڕەنگی پیاو ترسناکە"**. شێرکۆ وەها دەڵێت.

هەروەها دەڵێت: هەموومان دەزانین بۆ وای لێهات؟ بۆ گەیشتین بەم وێستگەیە؟ بزاڤە توندڕەوەکان، هاتنی ئەوان، سەرهەڵدانی ئەوان و بێگومان لێبووردەیی بەرانبەریان. من لە حەفتاکاندا فەرمانبەر بووم لە زانکۆی سلێمانی، باوەڕ دەکەی یەک ژنی لەچک بەسەر هەبوو؟ یەک ژن لە تەواوی ئەو زانکۆیەدا.. دیارە ئێمە لە دژی پۆشین و جۆری جلوبەرگ نین، بەڵام کاتێک بابەتەکە هێمای سیاسی و توندڕەوی بێت، ئیتر ئەوە شتێکی دیکەیە.

کەمێک بێدەنگ دەبێت، مژێکی قووڵ لە جگەرەکەی دەدات. بێدەنگین، بە پرسیارێک بێدەنگی دەشکێنێ: تۆ "پەخشانی ژن"ت

خوێندەوە؟ مـن دەڵێم؛ نەخێر، ئەو دەڵێت، لـەم دواییـەدا نووسـیومە، ئێسـتا دەچینـەوە مـاڵ و کۆپییەکـت دەدەمـێ.

## لە "پەخشانی ژن"ەوە

لـە شـەقامەکانی شـاری عەقڵـەوە، ئاپـۆڕەی قەڵـەم و چراوگـی

رووناکییـان بـە گـڕا بکـەن، ژن

تـۆ کچـە قژسـوورەکەی شـیعری بێکەسـی، شـەوت پـڕە لـە بروسـکە

و لـە راپەڕیـن، ژن

تـۆ باڵێکـی سـروودەکەی ئـەی رەقیبـی دڵداریـت و پڕیـت لـە یاقووتـی

درەوشـاوەی مانـا و روانیـن، ژن

تـۆ هاوارەکـەی شـێخ نـووری شـێخ سـاڵحیت، پڕیـت لـە سـاماڵ و لـە

کارێـزی تەقینـەوە و پڕیـت لەگوڵجـاڕی ئەویـن،

تـۆ جیهانیـت، لەبەردەمـی دەروازەکـەی سـەدەی ٢١ دا، فڕینـی مانگـی

دەسـتکردی و تـۆ قووڵبوونـەوەی چاوەکانـی ئینتەرنێتـی بـۆ ئاینـدەی

ئـەم پەیامـە، ژن

لێرەیـش، لەسەرانسـەری وەڵاتـی سـێدارە و خۆڵەمێش و ئەنفالیشـدا،

تـۆ خوشـکەکەی سـنەوبەری قەڵادزێیت

کاتـێ کـە تـۆ ئەچوویتـە نـاو گـەرووی نەهەنـگ و دۆڵپـاوە، لـەو دەمەدا

یەکێـک نەبـوو لـە ژنخۆرەکانـی ئەمڕۆ،

یەکێک نەبوو لە خەتیبە جەهەنەمییەکانی ئەمڕۆ،

تـرس زمانـی پـێ قـووت نەدابێـت و دەنگـی لـە ژێـر سـەرینەکەیدا

نەشـاردبێتەوە و

ئازایەتی لە پەنایەکدا گرمۆڵە نەکردبێ.

مەکە، سەر و قژت کفن مەکە، ژن

گوڵـزار چـۆن کفـن ئەکـرێ؟ گوڵەگەنـم چـۆن کوێـر ئەکـرێ؟ کژۆگیـا

چـۆن بەنـد ئەکـرێ؟
ئازادی چۆن زیندەبەچاڵ ئەکرێ؟ ژن
سەروقژت مەدەرە دەست پارچە پەڕۆیەک، ژن

* * *

هــەر لــەو ئێوارەیــەدا و لــە بەردەرکــی ســەرا، دەچینــە لای پەیکــەری بێکــەس، تەماشــایەکی پەیکــەری بێکەســی بــاوک دەکەیــن. کەســانێک دێــن و وێنــە لەگــەڵ شــێرکۆ بێکــەس دەگــرن. شــێرکۆ بــە ســیمایەکی گــەش و هاوڕێیانــەوە پێشــوازییان لێــدەکات.

دوا وێســتگەمان باخــی گشــتیی شــارە. لــەو باخچەیــە و لەپەنــای پەیکــەری نالیــدا، ئیســتێک دەکات. شــێرکۆ زۆرجــار چووەتــەوە لای نالــی، بەتایبەتــی لــە "دەربەنــدی پەپوولــە"دا. نالــی هێمــای نامۆیــی و تاراوگەیــە، نالــی شــاعیری هونــەر و داڕشــتنی نایابــە. نالــی کــە لــە ســۆزی هیجرەتــدا دڵــی بــوو بــە ئــاو، دڵێــک لــە حەســرەتی بێبەختیــی زێدەکــەی تەقــی کــرد. لــە پەنــای نالیــدا ئــەو دوو بەیتــەی "دەربەنــدی پەپوولــە"م بــۆ دەڵێــت و بــەدەم گوتنــی بەیتەکانــەوە زەردەخەنەیەکــی شــیرین دەکات و دەڵێــت: زۆر کــەس وا تێگەیشــتبوون ئــەو دوو بەیتــە هــی نالیــن و مــن ئامــاژەم پێنەکــردووە. منیــش دەڵێــم؛ ئاخــر "**هەورێکــی شــیعر دۆســتی قایمــکار**"[1] ســەری لێتێکــدان، هەورێــک لــە دەربەنــدی پەپوولــەدا و رێــک لــەو شــوێنەدا، تــۆ خــۆت دەڵێیــت؛ هەورێکــی شــیعر دۆســتی قایمــکار شــیعرێکی بڵاونەکــراوەی نالــی هەڵگرتــووە. شــێرکۆ پێدەکەنــێ.

**"کرمی ئاوریشمە خەیاڵم، بۆ سەرووی ئەو قامەتت**
**من کە قۆزاخەی خەمێکم، دەوری داوم چاوەکەت**
**ئیشتیاقم: بەحری تینوو، هیجرەتم: سەحرا بە کۆڵ**
**ڕۆحی نالی هەنگی عیشقە و، شانەکەیشی ناوەکەت!"** [2]

1 - دەربڕینێکی شێرکۆ بێکەسە لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولە دایە.
2 - دیداری نالی لە دەربەندی پەپوولەدا.

# داگیرکەری یەکەم لە عێراقدا
# سەدام خۆی بوو

هـەر لـە باخـی گشـتیی شـار و لـە نزیـک پەیکـەری نالـی، بـاس لـە شـەڕ دەکەیـن، شـەڕی ئەمریـکا لـە عێـراق، ئەودەمـە هێشـتا باسوخواسـی شـەڕ گـەرم بـوو، بـەر لـە شـەڕ و پـاش شـەڕەکەیش دەنگـی ناڕەزایـی، نمایشـی ناڕەزایـی و ئـاوازی ناڕەزایـی ڕۆژانـە شـەقامی شـارەکانی ئەوروپایـان دەتەنـی. گومـان لـەوەدا نییـە شـەڕ بەدتریـن بژارەیـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان. شـەڕ دەبێـت نەکرێـت، ئاشـی شـەڕ گوناهبار و پاکـژ پێکـەوە دەهاڕێـت، ئاگـری شـەڕ کـەس ناناسـێ، شـەڕ بەرلـەوەی خـاک و مرۆڤـەکان بـکات بـە سـوتماک، پـرس بـە تاوانبـار و بێتـاوان نـاکات. شـەڕ دزێوتریـن شـتە مـرۆڤ پەنـای بـۆ ببـات.

لـەو ڕۆژگارەدا بـۆ مـن گرنـگ بـوو، بۆچوونـی شـاعیرێک کـە بـەردەوام گۆرانـی بـۆ پێکەوەهەڵکـردن، لێبووردەیـی، خۆشەویسـتی و ئـازادی چڕیـوە، بۆچوونـی وی دەربـارەی ئـەو شـەرە بزانـم. ئایـا ئەمـە شـەڕی ئـازادی بـوو یـان داگیرکـردن؟

ئایا بۆچوونی شێرکۆ سەبارەت ناڕەزایی ڕۆژئاواییەکان لە هەمبەر شەڕ چۆنە؟

ئایا شێرکۆ دژی شەڕە؟

شێرکۆ: بێگومان، دژی شەڕم. بەڵام کام شەڕ؟ شەڕێک سەدامی تێدا لەناودەچێت؟ یان شەڕێک ئاشتی تێدا لەناودەچێت؟ بێگومان ئەو ناڕەزایی و قسانە غەدرن سەبارەت بە کورد دەکرێن، غەدرکردنە لە واقیع و لە دیرۆکیش. چونکە میللەتی کورد تەنیا لەم ڕۆژانەدا خەباتی نەکردووە. پەنجا ساڵ زیاترە ئەو میللەتەی ئێمە تێدەکۆشێ، لە ڕۆژگاری شێخ مەحموودەوە کورد لە تێکۆشاندایە. بۆ چەند ساڵ دەچێت؟ گەلی کورد لە ساڵی 1919- وە لە سەنگەردایە [1]. قوربانیی یەک لە دوای یەک، ئێ ئەمە مێژوویەکی زۆر لەوە درێژترە هەندێک لە ئەوروپاییەکان یان هەندێک کەسی دیکە وا بیربکەنەوە و وای ببینن. من کاتێک ئەو خۆپێشاندانە گەورانەم دەبینی، خەمگین دەبووم. دەمگوت؛ ئەم کەسانە بەداخەوە هەموویشیان ڕووناکبیرن، کەچی ئێمە نەمانبینین لە دوای هەڵەبجە، یان لە دوای ئەنفالەکان، تەنانەت لە پاش ئەوەی تێگەیشتن و گۆڕی بەکۆمەڵیش پێشاندرا، نەمانبینین بێنە سەر شەقام و خۆپیشاندانێکی گەورە بۆ قوربانییەکانی ئێمە بکەن.

داگیرکەری یەکەم لە عێراقدا سەدام خۆی بوو.

1- ئەم هەڤپەیڤینە لە بەهاری ساڵی 2005دا کراوە.

# نووسینی شیعر بۆ ژن
# یەکێکە لە ئەرکەکانی شیعر

کوتومـت، چـۆن بـە عیشـقێکی ئاسـمانییەوە شـیعری دەنووسـی، هـەر بـەو جۆرەیـش خوێندنـەوەی شـیعر یەکێـک بـوو لـە ویسـت و حـەزە تایبەتـەکان بـە خـۆی. خوێندنـەوەی شـیعر لـەلای یەکجـار گرنـگ بـوو. خوێندنـەوەی شـیعر هـەم دیاردەیەکـی جـوان بـوو لـە کـن وی و هـەم بەشـێوەیەکی نایـاب شـیعری دەخوێنـدەوە. هەمیشـە خۆشـحاڵانە شـیعری خـۆی دەخوێنـدەوە، ئیتـر گرنـگ نەبـوو کـێ لـەوێ بێـت، گرنـگ نەبـوو بەرانبەرەکـە یـەک کـەس، یـان چەنـد هاوڕێیـەک یاخـود ئامادەبووانـی کۆڕێـک بـن. هەرگیـز ئـەو شـتانە گرنـگ نەبـوون لـەلای، گرنگ ئـەوە بـوو کاتێـک شـیعر دەخوێنێتـەوە، مەلـی شـیعری لـە دڵـەوە بفڕێـت، بـە دڵانـی دیکـە بـگات و لـە شـوێنی مەبەسـت لەنگـەر بگرێـت. ئێوارەیەکـی مانگـی چـواری سـاڵی 2005، لـە ئامێـزی باخچەیەکـدا کۆڕێکـی شـیعرخوێندنەوەمان بـۆ وێنەگرتـن سـاز کـرد. لـەو ئێوارەیـەدا کۆمەڵێـک خانمـی لاو، کۆمەڵێـک ژنـی تـژە ژیـان و ئەڤیـن ئامادەبـوون. شـێرکۆ بـە دەنـگ و بـە شـێوازی نایابـی خـۆی چەپکێـک لـە شـیعرەکانی خوێنـدەوە. چەنـد جارێـک لـە لای مـن باسـی نووسـینی شـیعری دەکـرد

بـۆ ژن، تایبـەت بـۆ ژن، بـۆ کێشـە و ئازارەکانیـان، شـێرکۆ دەیگـوت؛ "**نووسـینی شـیعر بـۆ ژن یەکێکـە لـە ئەرکەکانـی شـیعر**". ئـەو ئێوارەیـە یەکێـک لـەو شـیعرانەی بـۆ ژنـی نووسـیبوو، هەڵیبژاردبـوو تاکـو لـەوێ، لـەو جڤینـەدا بیخوێنێتـەوە، هەڵبەتـە هەڵبژاردنێکـی بـە مەبەسـت بـوو. لـەو جڤینـەدا ، شـیعرەکەی بـە دەنگێکـی جیـاواز و پـڕ سـۆز خوێنـدەوە، خوێندنەوەیـەک تاکـو بـەرەو دڵـی ئـەو ژنـە ژیرانـە بفڕێـت و لـەو دڵ و بیـرە رووناکانـەدا شـوێنگەیەکی هەبێـت، ئـەو شـیعرەیش "ماڵەکەمـان" بـوو:

ماڵەکەمان

ماڵەکەمان
چ ماڵێکی مڕومۆچ و پەستمان هەیە، ماڵەکەمان
حەسارەکان رووناکییان دەرکردووە
دەرگای حەوشە رووخۆشیی کڵۆم کردووە
نە رۆژێ تاوەکوو ئەبێتە میوانمان و
نە شەوێک مانگ سەرێک ئەدا لە پەنجەرەی سەر ژوورمان و
نە جارێک با لە هەیواندا، گۆرانییەکمان بۆ ئەڵێ و
نە باڵدارێک لە لای هەوا و بارانەوە دێ بۆ لامان، ماڵەکەمان،
چ ماڵێکی گرژومۆن و پەستمان هەیە، ماڵەکەمان
باوکم، باوکم،
ریشی باوکم بووە بەپەردەی پەنجەرە و
بووە بە عەبای درەخت و
بووە بە پەچەی گوڵەکان
ریشی باوکم بەردەرکی خەونی گرتووین و
هەورەبان و سەربان و چیمەنمانی داپۆشیوە، ریشی باوکم
باوکم، باوکم،
دەنگی باوکم لە ناو ژووری خوشکەکەمدا،

مقەستێکە رائەکشێت و هەڵئەستێت و
لە کەنتۆرا کراسێکی ئاودامانی تا بەرپێیە
هەموو رۆژێ،
پەنا و پەسێری ناو سەرمان ئەپشکنێ و
بۆ مۆسیقای کراسی کورت و
بۆ لێوی سووری گۆڤار و
بۆ دەنووکی ئاوازێک و
بۆ خەیاڵێکی تەنک و
بۆ نوکتەی قاچاخ ئەگەڕێ
ماڵەکەمان
چ ماڵێکی مڕومۆچ و پەستمان هەیە
ماڵەکەمان
دارەمەیتی ماڵەکەمان

*  *  *

رۆژێـک پـاش ئـەوەی لـە سـۆنگەی پرسـیارە زۆرەکانـی منـەوە مانـدوو ببـوو، ئاخـر ئـەو تەنیـا لـە شـیعر مانـدوو نەدەبـوو، لـە هەمـوو شـتێکی دیکــە مانــدوو دەبــوو، دەیتوانــی وێڵــت بــکات، یــان دڵــت بشــکێنێت، بەجێتبهێڵــێ و بــڕوات، بــەڵام شــیعر، نەخێــر، هەرگیــز شــیعری وێــڵ نەدەکـرد و دڵـی شـیعری نەدەشـکاند. پرسـی؛ تـەواوی نەکەیـن؟ بـا بـۆ ئیمـڕۆ بـەس بێـت. گوتـم دوا پرسـیارم ئەمەیـە، گوتـی؛ ئـادەی...

گوتـم؛ سرووشـت لـە شـیعری شـێرکۆدا گیانبەخشـێکی یەکجـار کارایـە، شـیعری شـێرکۆ لـە سرووشـتدا دەژی، شـیعری تـۆ منداڵێکـە، منداڵـی خــوەزا، ســەر لــە هەنــاوی سرووشــت خۆیــەوە دەردێنــێ، لــە مێــرگ و دارســتانەکاندا گەشــە دەکات. دەتوانیــن ســەبارەت بــە شــیعر و سرووشـت لای تـۆ زۆر شـت بڵێیـن و درێـژە بـە قسـە بدەیـن.

بە کورتی مـن وای دەبینـم شـیعری شـێرکۆ بـۆ زمانـی سرووشـت، بـۆ زەخیـرەی سرووشــت، زەخیـرەی وزەبەخشــی سرووشــت هەڵنـاکات. ئـەوەی شــیعری شــێرکۆ بخوێنێتــەوە، زۆر جــاران وا هەســت دەکات، کۆمەڵەدارێک هاوڕێـی گیانی بـە گیانـی تـۆن. یـان هەندێـک جـار ژوانـت لەگـەڵ چەنـد پەڵەهەورێکـدا هەیـە، یاخـود لـەوە دەچێت پۆلێـک باڵنـدە دۆسـتت بـن.

شــیعری تـۆ، هەندێـک جـار وا بیردەکەمـەوە، بـۆ سرووشــت ناتوانێـت هەڵبـکات و بفڕێـت. تـۆ دیوانـت نییـە، دیوانـی بـاو، بەڵکـو **دارســتانی شــیعرت** هەیـە.

شــێرکۆ کــە رامــاوە و بیــر دەکاتــەوە، دووکەڵــی جگەرەکــەی چــوون ســروەیەک رووبەرەکــە دەتەنێــت، دێتــە قســە و دەڵێــت:

ئــەوە زۆر نزیکــە لــە راســتییەوە، چونکــە ئەگــەر سرووشــت لــە شــیعرەکانی مــن دەربهێنــی، شــتێکی وەهــای نامێنێتــەوە. سرووشــت بـە رەهەنـدە جیاوازەکانیـەوە، بـە جوڵانیـەوە، بـە قسـەکردنیەوە.. ئیتـر ئـەوە درەخـت بێـت، رووبـار بێـت، پەڵەهـەور بێـت، یـان جۆگەیـەک بێـت، یاخـود گوڵێـک بێـت. هەمـوو شـاعیرێک کۆمەڵێـک وشـەی هەیـە، ئـەو وشــانەی لــێ بســتێنیتەوە رەنگــە دەستەوەســتان بێــت.

بـۆ نموونـە لای مـن ئەمـە رووبـارە، هـەورە، بارانـە، گوڵـە، باڵندەیـە، مەلـە، درەختـە، رەگـە، ئـەم توخمانـەن کـە زۆر لـەلای مـن دووبـارە دەبنـەوە. راسـتە مـن لە شـار لەدایکبووم، بـەڵام لە سـەرەتای منداڵیمدا لەگـەڵ باوکـم دوو سـێ جـار لـە دەرەوەی شـار نیشـەجێ بووین. باوکـم مامۆســتا بــوو. بــۆ نموونــە، ئەگــەر باوکــم نەبووایــە، نەچووینایــە بــۆ ســووورداش، مـن وا لـە نزیکـەوە چیـای چەرماوەنـدم نەدەبینـی، چیاکـە ئــەو کارەی تێنەدەکــردم. ئــەو زریــان و سرووشــتە تــووڕە و هەندێجــار هێمنانـەم نەدەبینـی گـەر هـەر لـە شـاردا بوومایـە.

لـە شـارێکی وەکـو سـلێمانی، راسـتە شـاخ لـە دەوروپشـتمانە، ئـەوە گۆیژەیـە لـە پشـتمانەوە، ئـەوە پیرەمەگروونـە، بـەڵام کارەکـە زۆر جیاوازە لـەوەی مـرۆڤ لـە نزیکـەوە لەگەڵیانـدا بێـت. لەبـەر ئـەوە تـۆ هەسـت دەکەیـت، ئەمـە سرووشـتە لەگـەڵ منـدا و لەگـەڵ شـیعری منـدا، بـەڵام سرووشـت وەکـو خـۆی لـە شـیعری منـدا دووبـارە نابێتەوە. شـاعیر سرووشـتێکی دیکـە دووبـارە دەکاتـەوە. گرنـگ ئەوەیـە وەکـو شـاعیر بتوانیـت لـە شـیعردا سرووشـتێکی دیکـە دروسـتبکەیتەوە. واتـە گـەڵا هـەر گـەڵا نییـە. رەنگـە گـەڵا ببێـت بـە منداڵێـک. لەوەیـە لقـی دارێـک ببێـت بـە باسـکی ژنێکـی جـوان. لەبەرئـەوە کارەکـە بەمجۆرەیـە؛ **خوڵقاندنـەوەی سرووشـتە بـەو بینینـەی، یـان بـەو چـاوەی شـاعیرێک دەیەوێـت ببینێـت.**

* * *

کات؛ رۆژێکـی بەهـاری سـاڵی 2005، ئێـوارەی ئـەو رۆژە شـێرکۆ بێکـەس تـەواو مانـدوو ببـوو. بەپێـی حـەزی خـۆی بڕیـار درا بـەرەو لای ئـەو بـۆ ماڵـەوە بچینـەوە و ئێوارەیەکـی ئـارام بەسـەر ببەیـن. بـەڵام مـن کامێـرا و کەرەسـتەکانی وێنەگرتنـم ئامادەکردبـوون و لەگـەڵ خۆمـان بردمـن.

لـە کاتـی خـواردن و خواردنـەوە و قسـە، پرسـی: چیـن ئەمانـە؟ گوتـم گـەر حەوسـەڵەتان بـوو، یـەک شـیعر و یـەک پەخشـان بخوێنیتـەوە و تۆماریـان دەکەیـن. پـاش پشـوو، "**پەخشـانی ژن**"ی هەمـوو خوێنـدەوە. دواتریـش شـیعری بـەراورد-ی خوێنـدەوە و هەنـدێ جووڵـەی واتادارمـان سـەبارەت بـە شـیعرەکەیش پێکـرد و هەمـوو شـتەکان تۆمـار کـران. ئیتـر تـەواو مانـدوو ببـوو، لـە سـیمایدا تووڕەیـی دەبـاری و کەسـمان نەماندەوێـرا تـەواو تەماشـای بکەیـن. خەتاکەیـش هـی مـن بـوو، ئـەو رۆژە زۆر مانـدووم کـرد. شـێرکۆ چـووە ژووری نووسـتنەکەی و پـاش کەمێـک بـە بیجامـەوە هاتـە دەرێ و دانیشـت و گوتـی:

**[کەیفی خۆتە دەمێنیتەوە یان دەڕۆیت، بەڵام ئیتر "بە گۆڕی بێکەس" ئەمشەو هیچ شتێکی دیکە ناخوێنمەوە و ورتەم لە دەم دەرنایە].**

تووڕەبوونەکەی هی ماندووبوون بوو، ماندووبوونێک من هۆکاری بووم. پاش ئەو قسەیەی ئێمەیش بە بێدەنگی کشاینەوە و ماڵئاواییمان کرد.

دڵم هەر لەلای بوو، ئاخۆ زویربوونەکەی تا چ ئاستێکە. بۆ سبەی زوو زەنگی دا و پرسی؛ دەتوانیت بێیت بۆ سەردەم؟

یەکسەر چووم بۆ لای بۆ سەردەم، هەستا و باوەشی لێدام، ماچی کردم و گوتی: کارێکی باشتان کرد، دەمەوێت سوپاستان بکەم. لە تووڕەیی دوێنێ شەوم دەبووریت هەڵبەت، تەمەنیش کاتێک هەڵکشا مرۆڤ زووتر ماندوو دەبێت.

هەردووکمان پێکەنین و پاشان بەدەم خواردنەوەی چایەکی بە تامەوە گوتم: سەرباری ماندووبوونیش خوێندەوەی شیعری **بەراورد** زۆر باش تۆمار بووە.

**بەراورد**
**سەعاتی دوانزەی نیوەشەو**
**تەواو و ڕێک**
**وەک کورد و خەم**
**دوو میلی جووت**
**سەعاتی دوانزەی نیوەشەو**
**وەک خەیاڵم**
**سەرمێزێکی پاک و ڕووناک**
**بیست جگەرە و تەنها یەک کلیلی وشە**
**دوای سەعات یەک**

دوو میلی لەیەک دابڕاو
وەکو من و چاوی وەڵات
دوای سەعات دوو
وەک ئاوارە و دەربەدەر
کاغەز، قەڵەم
شتومەکی سەرمێزێکی پەرش و بڵاو
دوای سەعات سێ
تەپڵەکێ فلتەر و
سوتووی قەڵاچن و
ژووری دووکەڵ
لەولایشەوە شاعیرێکی خەولێکەوتوو
بەڵام
شیعرێکی بەخەبەر

شیعرێکی بە خەبەر، شیعرێکی تەواو بێدار، شیعرێک نزیکەی شەست ساڵ چاوی دانەخست، نزیکەی شەست ساڵ لە شەقڵن و لە فڕینی بەردەوامدا بوو.

فڕینی بەردەوام، بەڵام فڕین بە ئاسمانە ڕووناک و بە ئاسمانە جیاوازەکاندا.

# هەڤپەیڤینێکی بڵاونەکراوە

ساڵی 1996 - کۆڵن

شێرکۆ بێکەس:

**■ لە منداڵیمەوە لە جانتایەکی سەفەر دەچم**

**■ کاتێـک بیـر لـە منداڵیـی خـۆم دەکەمـەوە، کەروێشـکێکی بێلانـەم دێتـەوە یـاد.**

**■ شیعر بۆ من وەکو دایکم وایە کاتێک گۆرانیم بۆ دەڵێت.**

**■ شـیعر ئەوەنـدەی چەخماخـە بەهێـزە و هـاوکات ئەوەنـدەی دەنگـی باڵندەیـش ناسـکە.**

**- گـەر شـاش نەبـم، نزیکـەی چـل سـاڵ تێدەپەڕێـت لەگـەڵ شـیعردان. بـە گشـتی سـەبارەت بـەو ئەزموونـە، ئەزموونێکـی وەهـا درێـژ، لـە منداڵیتانـەوە تاکـو ئێسـتا، دەشـێت چـی بگوتـرێ؟**

- منداڵیـی سـەرچاوەی هەمـوو خـەون و هیواکانـە. کاتێـک نووسـەرێک یـان شـاعیرێک لـەم سـەرچاوەیە داببڕێـت، رووبـەڕووی وشـکبوون دەبێتـەوە. بۆئـەوەی بتوانیـن بـەردەوام دونیـا دووبـارە ببینینـەوە و راڤـەی بکەیـن، دەبێـت بـەردەوام خاوەنـی دڵ و چـاوی منداڵانـە بیـن. ئەمـە پێداویسـتییەکە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بتوانێـت داهاتـووی خـۆی وەکو دڵێـک ببینێـت لـە رەنگـی بەفـر و بـە پاکیـی بەفـرەوە، هاوکاتیـش توانـای هەڵسـەنگاندنی هەبێـت. منداڵیـی هەمووومـان هـەم رەگـی رۆحیـی ئێسـتا و تـەواوی ژیانیشـمانە. گـەر منداڵـی قۆناخێکـی رووناک بووبێـت یـان تاریـک، بمانەوێـت یـان نـا، جێپەنجـەی گرنگـی لـە ژیانـی دواتـری هـەر یەکێکمانـدا دەبێـت. مـن منداڵییەکـی زۆر تـاڵ و پـڕ دەردەسـەری ژیـام. کاتێـک بیـر لـە منداڵیـی خـۆم دەکەمـەوە، کەروێشـکێکی بێلانـەم دێتـەوە یـاد. بەهـۆی مردنـی زۆر زووی باوکمـەوە وێـڵ و پەرێشـان بووم. دایکـم باوکێتیشـی بـۆ دەکـردم. بـەڵام ئـەو باوکایەتیکردنـەی دایکـم زۆر درێـژەی نەکێشـا، لەبەرئـەوەی ماوەیەکـی درێـژ بەسـەر مردنـی باوکمـدا تێپەڕ نەبـوو کاتێـک دایکـم جارێکـی دیکـە شـووی کـردەوە و دەسـتی بـە ژیانێکـی نـوێ کـردەوە. لـە منداڵیمـەوە لـە جانتایەکـی سـەفەر دەچـم. جانتایـەک لـەم شـارەوە دەچێـت بـۆ ئـەو شـاری دیکـە. خەونەکانـی منداڵیـم پـڕ بـوون لـە مۆتەکـە و تـرس. هێلانـەی لاوێتیـم بەشـی ناوخۆی قوتابخانـە بـوو. لـەو رۆژەوە تاکـو ئێسـتا شـیعر هاوڕێیەتیـم دەکات. بـە دەربڕینێکـی تـر، لـەو رۆژەوە هـەر شـیعرە بـەردەوام دایکایەتـی و باوکایەتـی بـۆ کـردووم. لـە سـایەی شـیعرێکی جوانـدا هەسـت دەکـەم گیانـم ئاسـوودە دەبێـت. شـیعر بـۆ مـن وەکـو دایکـم وایـە کاتێـک گۆرانیـم بـۆ دەڵێـت. پاشـتر و لـە داسـتانی هەڵکشـانی ماجـەرا ئاسـای شـیعردا، لـە نێـو سـەری شـیعرمدا زۆر پرسـیار دروسـتبوون. قارەمانـە

گـەورە و راسـتەقینەکانی مێـژووی خۆمـم ناسـین:
کاوە، شـێخ سـەعید، شـێخ مەحمـوود، شـێخ عوبێـدوڵا، دکتـۆر فوئـاد، قـازی محەممـەد و هتـد. هێشـتا منـداڵ بـووم ئـەو وێنەیـەی قـازی محەممـەدم بـە سـێدارەوە بینـی، لەو وێنەیـەدا کـە قـازی هەڵواسـراوە، ئـەو وێنەیـە وەکـو تەقینـەوەی بۆمبێـک بـوو لـە رۆحـی منـدا. وام هەسـتدەکرد خەڵکـی شـوێنێکم، هاووڵاتـی نیشـتمانێکم هـەر هەمـووی لەسـێدارە دەدرێـن. بەڵـێ لـە پەنجـەرەی ئـەو وێنەیـەوە وشـەی خۆشەویسـتیی خـاک و وەڵاتەکـەم رژانـە رۆحمـەوە.
لـە یەکەمیـن دیوانـی منـدا، تریفـەی هەڵبەسـت، رووبەرێکـی زۆر تەرخـان کـراوە بـۆ ئـەو قارەمـان و ئـەو نـاوە گەورانـەی گیانیـان بـە نیشـتمانی ئێمـە بەخشـی. لـە ژیانمـدا گرنگتریـن کتێـب کاری لـە بیرکردنـەوەی مـن کردبێـت، کتێبەکـەی بلـەچ شـێرکۆ بـوو بـە نـاوی مەسـەلەی کـورد یـان کێشـەی کـورد. یەکەمجـار لـە رێگـەی ئـەو کتێبـەوە لـەوە تێگەیشـتم کـە دەوڵەتـی داگیـرکاری تورکیـا چ ژیانێکـی تـاڵ و نامرۆڤانـەی بـە میللەتەکـەی مـن لـە باکـووری وەڵات بەخشـیوە. لـەو رۆژە بـەدواوە شـیعری مـن ئـەو ئـازارە بەسـوێیانەی گەلەکـەم لـە خـۆدا هەڵدەگرێـت و دەیگەڕێنێـت.

**- نامەوێـت هەندێـک پرسـیاری بـاوت لێبکـەم، بـەڵام گرنگیشـە بپرسـم، بـە سـادەیی، پـاش ئـەو سـاڵانە لەگـەڵ شـیعر و دوای ئـەو بابەتانـەی ئامـاژەت بـۆ کـردن، ئێسـتا و لـەم تەمەنـە هەڵکشـاوەدا چـۆن لە شـیعر دەڕوانـی؟**

- شـیعر بـۆ مـن عەشـقە. کاتێـک عەشـق نەبێـت شـیعر لەدایـک نابێـت. چـەک و سـەنگەر بـۆ پێشـمەرگەیەک چەنـد گرنـگ بـن، بـۆ شـاعیرێکیش شـیعر، وشـە و نووسـین ئەوەنـدە گرنگـن. جێگـەی بیرهێنانەوەیـە کـە؛ بەژنـی قوربانـی و کارەسـاتەکانی ئێمـە لـە بەژنـی ئەدەبیاتەکەمـان بڵندتـرە.

گەرم، ئەوەندەی خوێنی شەهیدێک. زیانەکانی ئێمە و ئەو کارەساتانەی بەسەرمان هاتن، ئەوەندە بابەتی گەرم و پڕن کە بتوانین لەسەریان بنووسین. کاریگەرییەکە ئەوەندەی هاواری منداڵێکی دایک و باب کوژراو گەورەیە. گەورە ئەوەندەی عاشقبوونی فیداکارێکی ئەڤیندار ئەو دەمەی لە پێناوی ئازادیدا مردنی لە باوەش گرتبێت، بەڵام ئێمە ئەوەندە نووسینمان لەم بارەیەوە کەمە، هەر یەکجار کەم. ئەو ئازارانەی گەلەکەی ئێمە بینیویانە، زۆر کەم خەڵکی دیکە بینیویانن. هەموو رۆژێکی ژیانی ئێمە رۆمانێکە. هەموو سەعاتێکمان قەسیدەیەکی درێژە. لە باشووری کوردستان نەوەی ئێمە، لە چاوکردنەوەمانەوە لەگەڵ زۆر گۆڕانکاریدا رووبەڕوو بووینەوە، ئێمە خۆمان لە دەربەندێکی پڕ زریاندا بینییەوە. ئەو رۆژانەی دوژمنان دەستیانکردە کوشتنی بە کۆمەڵی کورد. ئەو ئاگرانەی لە چیا و دۆڵەکانی کوردستان بەردەبوون، هەر ئەو چیا و دۆڵانە بوون هاواریان لە من دەکرد شیعری زیندووتر بنووسم و دەست بە جۆرێک لە بەرگری بکەم.

**- باشووری کوردستان بە رۆژگارێکی ئاڵۆز و نەخوازراودا تێدەپەڕێت، لەم رۆژگارە ئاڵۆزەی کوردستاندا، چۆن دۆخی ئەدەبیات لەوێ دەبینن و هەڵیدەسەنگێنن؟**

- لە باشوور ئێستا بزووتنەوەیەکی گەورەی ئەدەبی هەیە. بەتایبەتی لە بواری شیعردا. بۆ نووسین و بەرهەمهێنانی شیعر سەرچاوە و بەهرەی گرنگ هەن. ئیمڕۆ لە باشوور شیعر وەها دەنووسرێت کە لە ئاستی شیعرە جوانەکانی دنیادان. نەوەی ئێستا، نەوەیەکە زۆرینەی ژیانی لە چوارچێوەی زوڵم و چەوساندنەوەدا ناسیوە. ئەوان منداڵی ناو رۆژانی مردنەکان، برینەکان، کارەساتەکانن، ئەوان منداڵی ناو کارەساتە گەورەکانی وەکو ئەنفال، هەڵەبجە و کۆکوژییەکانن. بێگومان ئەو شیعرانەیش هەن کە لەژێر کاریگەریی شیعری رۆژئاوادا دەنووسرێن، بەڵام ئەو شیعرانە لە منداڵی بێ دایک و

باوک دەچن، ئەو منداڵانە بە بیر دەهێننەوە کە منداڵی بێناسنامەن. شیعری بێتام و بێبۆن. ئەو شیعرانە وەکو مۆدە یان ناو بەناو وەکو شەپۆلێک دێن و دەچن. بەڵام شیعری راستەقینە و بۆندار وەکو داربەڕووی کوردستان رەگ دادەکوتێ، جۆرە شیعرێکن چاوی کچانی کورد بە بیردەهێننەوە، لە رووباری بەخوڕ و چیای کوردستان دەچن، ئەو جۆرە شیعرانە هەمیشە دەژین.

**- ئەو شیعرانەی بە کوردی ـ شێوەزاری کرمانجیی سەروو دەنووسرێن، راتان دەربارەیان چییە؟**

- لە باری هونەرییەوە بە شیعری لاوازیان دەبینم. مرۆڤی لاواز و کەم خوێنم دێننە بەرچاو. زۆر کراوەن، بێ واتا شت دەخەنەڕوو، بریتین لە کۆمەڵە وشەیەکی باوی رۆژانە. هەر وەکو راستە نووسینێکی سادە بە هەندێک وشەی ئاسایی چندراون. شیعر هونەرێکی تایبەت و زۆر قورسە، شتێکە پڕە لە واتای قووڵ. شیعر وێنەیە، رووبارێکە بە هاژە و خوڕ. شیعر دەنگی بارانە. مانشێتی رۆژنامە نییە. هەمیشە پێویست ناکات شیعر بە دەنگی بەرز قسە بکات. هەندێک جار چرپەیەکی شیعر لە هاوارێک دەنگدانەوە و کاریگەریی زۆرتری دەبێت. شیعر ئەوەندەی چەخماخە بەهێزە و هاوکات ئەوەندەی دەنگی باڵندەیش ناسکە، هاوکات ئەوەندەی هاژەی ئاوێکی بەخوڕیش جوانە. شیعر پێناسەی تایبەت و نایابی خۆی هەیە. بۆیە لەم رووەوە شیعر نە لە وتارێک دەچێت و نە لە هیچ جۆرێکی دیکەی نووسین. شیعر لە لای زۆربەی شاعیرانی باکوور بووە بە جۆرێک لە دروشم. لەبری ئەوەی کارێکی هونەری و بەرهەمێکی هونەری بێت، بووە بە شتێک تاکو بۆ گوێلێگرتن بیگونجێنن. بابەتی شیعر چ دەبێت با ببێت، ئەوە گرنگ نییە، بەڵام ئەوە گرنگە کە شیعر بەر لە هەموو شتێک دەبێت شیعر بێت. هەر شتێکی نووسراو، هەر دەقێک شیعر نەبوو، نیازی باش نایکات بە شیعر.

**- ئەگـەر کـۆک بـن لەگەڵـم، هەندێـک بـاس لـە سیاسـەت و تێکۆشـانی کوردیـش بکەیـن بـۆ ئـازادی. لـە باکـوور سـاڵانێکە شـەڕێکی چەکـداری لـە نێـوان دەوڵەتـی تورکیـا و بزاڤـی ئازادیخـوازی کوردسـتاندا هەیـە، ئێـوە لەوبارەیـەوە بۆچوونتـان چییـە؟**

- زۆر بـە کورتـی دەمەوێت بڵێم؛ ئەو شۆڕشـەی لە باکوور هەڵگیرساوە، شۆڕشـی هەمـوو گەلـی کـوردە. لـە بـاری مێژووییـەوە تەماشـا بکەیـن؛ ئـەم بزاڤـە گیانـی خسـتەوە بـەر گەلـی کـورد. ئـەم بزاڤـە پـەردەی تـەم و نەبینینـی لەبەرچـاوی کـورد لـەو پارچـە گەورەیەمـان ڕەوانـدەوە. کارێکـە چـوون سـەرلەنوێ لەدایکبوونـەوەی کـورد. ئـەم بزووتنەوەیـە ملیۆنـان کـوردی نائـاگاداری لـە مێـژووی خۆیـان هۆشـیار کـردەوە. لـە شـەوگاری ئەنگوسـتەچاودا ئـەم بزووتنەوەیـە ڕێگـەی ڕووناکـی کـردەوە. بـوو بـە داسـتانی دووبـارە ژیاندنـەوە. ئـەم بزاڤـە بـوو بـە دوو چـاو بـۆ ئـەو کـوردەی چـاوی لەدەسـتدابوو، بـۆ ئـەوەی توانـای بیسـتنی لەدەسـتدابوو بـوو بـە گـوێ و ئەوەیشـی توانـای قسـەکردنی بـزر کردبـوو بـوو بـە زمـان بـۆی.

تەماشـا ئـەو ڕژێمـە، ڕژێمێکـە نـەک هـەر لـە دژی کـورد، بەڵکـو لـە دژی تورکەکـەی خۆیشـیەتی. ئاشـتی بـە شایسـتەی کـەس نازانێـت. بـە بـڕوای مـن لـە دژی ئـەم ڕژێمـە ڕەگەزپەرسـت و سـتەمکارە، باشـترین وەڵام بەرگـری و تێکۆشـانە. چونکـە ڕژێمێکـە سـەرت دەبڕێـت، پاشـان بەهـەردوو دەسـتی سـەری بـڕاوت بـەرز دەکاتـەوە و پێدەکەنێـت، هـاوکات کەڵبـەی خوێنـاوی خـۆی نمایـش دەکات. باشـە لـە وەڵامـی ئەمـەدا تـۆ چیـت پێدەکرێـت؟ گـەر گەریلات نەبێـت، گـەر تێنەکۆشـیت، تۆیـش دەبێـت چاوەڕوانـی مـەرگ بیـت. ئەمـە ڕژێمێکـە هیـچ قانوونێکـی پێکەوەژیـان ناناسـێت. تورکیـای ئیمـڕۆ لـە گایەکـی شـێت دەچێـت لەدەسـت دەرچووبێـت. بەرخوەدانـی کـورد لـە باکـوور ئەوەنـدەی چیـای ئاگـری گـەورە بووەتـەوە. ئەمـە چـۆن چۆنـی دەتوانرێـت پەردەپـۆش

بکرێت و بشاردرێتەوە؟ ئەوانەی کورد دەکوژن، لە راستیدا مافی مرۆڤ، دیموکراسی و ئازادی دەکوژن. ئەوان ئیتر بێ کێشە ناتوانن دانیشن، بەڵام جگە لە خراپەکاری و جگە لەوەی ژیان دەکەن بە دۆزەخێکی راستەقینە هیچ دەستکەوتێکی تریان چنگ ناکەوێت. کاتێک ئەوان دەرگای خۆیان بەڕووی ئاشتیدا دەگرن، هەموو دەروویەکی گۆڕەپانەکە بەڕووی خۆیاندا دادەخەن. مرۆڤ تەنانەت زۆر لە کۆترێکیش بکات، رۆژێک دێت بە دەنووک چاوی هەڵدەکۆڵێت.

بۆ ئیسماعیل بێشکچی
دارێ وتی؛
ئێمە ئێستاکە ناتوانین شەقامێکی دیاربەکر
بەناوی تۆوە ناوبنێین.
گوڵێ وتی؛
ئێمە ئێستاکە ناتوانین باخچەیەکی نێو قامشلو
بەناوی تۆوە ناوبنێین.
شیعرێ وتی؛
ئێمە ئێستاکە ناتوانین کتێبخانەیەکی سابڵاخ
بەناوی تۆوە ناوبنێین.
بەردێ وتی؛
ئێمە ئێستاکە ناتوانین پەیکەرێکت
لە سنگی بابەگوڕگوڕدا بۆ داتاشین
دوایی کوردستانیش وتی؛
ئەوەی ئێستاکە ئێمە ئەتوانین بیکەین
هەر ئەوەیە
وەک گوڵ و شیعر و ئازادی
لە گیانماندا هەڵتگرین!

**- ئێـوە ئـەم شـیعرەتان بـۆ بێشـکچی نووسـیوە، جـاری یەکـەم مـن لـە کۆڕەکـەی چەمچەمـاڵ گوێـم لێبـوو (لـە سـاڵی 1991)، کاتێـک خۆتـان شـیعرەکەتان خوێنـدەوە، لـەو دەمـەوە ئـەم شـیعرەم لەبـەرە. نزیکـەی سـێ سـاڵێک لەمەوبـەر لـە ئیسـتانبوڵ ئـەم شـیعرەم دا بـە بێشـکچی، هاوڕێیەکیشـمان [1]، دەمودەسـت وەریگێـڕا، بێشـکچیی هێـژا شـیعرەکەی خوێنـدەوە، بـە گیانێکـی خاکـەڕاوە گوتـی: ئەمـە بـۆ مـن نووسـراوە؟ ئەمـە شـتێکی زۆر گـەورەیـە. تـۆ بێشـکچیت بینیـوە؟**

- بـە داخـەوە بێشـکچی لـە نزیکـەوە ناناسـم. حەیـف تاکـو ئێسـتا دەرفەتـی ئـەوەم بـۆ نەڕەخسـاوە لـە نزیکـەوە ئـەو مرۆڤـە ببینـم. بـەڵام زۆرێـک لـە نووسـین و وتارەکانیـم خوێندوونەتـەوە. لەوانەیـش گرنگتـر کەسـایەتی سـەربەرزی بێشـکچی و هەڵوێسـتی ئازایانـەی لـە دڵـی گەلـی کـورددا سـەکۆیەکی بـۆ خـۆی دەسـتەبەر کـردووە. بـە بـڕوای مـن لـەم رۆژگارەدا و لەنـاو نەتـەوە سەردەسـتەکاندا نموونـەی مرۆڤـی وەکـو بێشـکچی یەکجـار دەگمەنـە. مرۆڤێکـی وەهـا کـە ژیانـی خـۆی پێشـکەش بـە پاراسـتنی نەتەوەکـەی مـن کـردووە، هـەردوو چـاوی خۆمـی پێشـکەش بکـەم هێشـتا هیچـم نەکـردووە. ئـەم جـۆرە مرۆڤانـە لـە داسـتانە گـەورەکان، لـە گـەورە کەسـایەتییەکانی نـاو مێـژوو دەچـن. ئـەو مرۆڤـە خـۆی لەخۆیـدا، ژیانـی خـۆی رێکتریـن و جوانتریـن شـیعرە.

**- کاک شـێرکۆ ئێسـتا سـەرقاڵی چیـن؟ قەسـیدەیەکی درێژتـان تـەواو کـردووە، وایـە؟ دەتوانـن کەمێـک باسـی بکـەن؟**

- دوا کاری درێـژم مانگـی چـواری ئەمسـاڵ تـەواوم کـرد. هێشـتا دەستنووسـە. جۆرێکـە لـە رۆمانـە شـیعر. خـاچ و مـار و رۆژژمێـری شـاعیرێ، ئـەوە ناوەکەیتـی. پانۆرامایەکـی درێـژە. ئـەم بەرهەمـە چـوون فیلمێـک گێڕانەوەیەکـە لـە رۆژی لەدایکبوونمـەوە تاکـو ئەمـڕۆ. مێژووی

1 - نووسەر و هونەرمەند حوسێن کایتان هەڵبەستەکەی کردە تورکی.

مـن و 56 سـاڵە. گێڕانـەوەی ژیانـی مـن و ئەندێشـە و تاڵییەکانمـە. ئـەم بەرهەمـەم درێژتریـن بەرهەمـی شـیعریی ئەدەبیاتـی کوردییـە. لـە زۆر رووەوە ئـەم کارە لـە سرووشـتی کوردسـتان دەچێـت. لـە گەرمیـدا رۆحـی دایکمـە و لـە هاواریشـدا شـیعری باوکمـە. بەرهەمێکـە وەکـو هـاوڕێ شـەهیدەکانم. برینـی دێرسـیم، زریکـەی کەرکـووک، ئەڤینـی مهابـاد و جوانیـی قامیشـلوی لـە یـەک کاتـدا بەرجەسـتە کـردووە. نـۆ مانـگ سـەرقاڵی نووسـینی بـووم. دەمەوێـت سـاڵی داهاتـوو وەکـو کتێـب چاپـی بکـەم. بـەڵام پێـش چـاپ و بڵاوکردنـەوەی، حـەز دەکـەم گەر دەرفەتـم هەبێـت، بچمـەوە کوردسـتان و بـە دوو رۆژ پێشکەشـی خەڵـک و هـاوڕێ نووسـەر و ئەدیبەکانمـی بکـەم. لـەو رێگەیـەوە دەمەوێـت هەسـت بـە دووبـارە لەدایکبوونـەوەی خـۆم بکـەم.

# هەڤپەیڤین لەگەڵ ئۆسمان بایدەمیر سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس

ئۆسمان بایدەمیر:

- **شێرکۆ، بێکەس نییە، ئەو چل ملیۆن کوردی لەپشتەوەیە.**
- **شـێرکۆ تەنهـا شـیعری نەدەنووسـی و تـەواو، لـە شـیعری ویـدا بیرکردنـەوە، فەلسـەفە و کوراییـەک [1] هەبـوون.**
- **وشەی شێرکۆ پشکۆیە لە گەرمیدا.**

ئۆسـمان بایدەمیـر کەسـایەتییەکی ناسـراوە، نـەک هـەر لـە باکـوور، بەڵکـو لـە سەرانسـەری کوردسـتاندا، یەکێکـە لـە هێمـا درەوشـاوەکانی خەباتـی نەتەوەیـەک لـە دژی سـڕینەوە و نکوڵیلێکردنـی بـەردەوام. گـەر لـە ژیانـی هـەر کەسـێکدا بکرێـت بـاس لـە گەورەتریـن شـانازیی تەمـەن بکرێـت، پێمـوایـە بایدەمیـر دەتوانێـت وەڵامێـک، رسـتەیەک کـە ڕۆژی

---

1- کور: قوڵ. کورایی: قوڵایی.

2017\12\13 لە پەرلەمانی تورکیادا گوتی، لە سەرەوەی شانازیگەلی تەمەن و تێکۆشانی خۆی، لە سەری سەرەوە بە هێڵی درشت تۆمار بکات. ئەو دەمەی لە دانیشتنی پەرلەمانی تورکیادا، بایدەمیر وەکو ئەندام پەرلەمان باسی کوردستانی کرد و ناوی کوردستانی هێنا، سەرۆکی پەرلەمانەکە لێیپرسی؛ بەڕێز بایدەمیر کوردستان لەکوێیە؟ بایدەمیر دەستی خستە سەر دڵی خۆی و وەها بەرسڤی دایەوە؛ **کوردستان لێرەدایە**.

کاتێک ئۆسمان بایدەمیر سەرۆک شارەوانی ئامەد بوو، شێرکۆ بێکەس چەند جارێک سەردانی ئەو شارەی کردووە و چەند جارێکیش کۆڕی شیعرخوێندنەوەی بۆ سازکراوە. لە یەکێک لەو کۆڕانەدا بایدەمیر پێیدەڵێت: تۆ بێکەس نیت، چل ملیۆن کەس لە پشتی تۆوە ئامادەن. شێرکۆ بێکەس ئەو قسەیەی بە خەڵاتێکی گەورە دەزانی بۆ خۆی، وەکو خۆی دەیگوت: لە ئامەدی پایتەخت گوتنی ئەو رستەیە لە لایەن سەرۆکی شارەوانیەوە، بۆ من یەکجار گرنگ بوو، هەرگیز لە بیرم ناچێت و هیوادارم تۆمار کرابێت.

**سیروان رەحیم: شێرکۆ بێکەس لە سەرەتای شیعر نووسینەوە کەسێک بووە نەتەوەیی، کەسێک لە تەمەنێکی زۆر زوودا شیعری بۆ باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستانیش نووسیوە. ئەو تاکو مردنیشی هەر بەو جۆرە بیری دەکردەوە. بەسەرهاتێکی ئێوە هەیە بەردەوام باسی دەکرد، دەیگوت؛ گەورەترین خەڵاتی من ئەوە بوو، کاتێک لە ئامەد، کاک ئۆسمان بایدەمیر وەکو شارەوان، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری شارەکە لە کۆڕی شیعرخوێندنەوەمدا گوتی: شێرکۆ تۆ بێکەس نیت، چل ملیۆن کەس لە پشتی تۆوەن. تکایە بە وردی چیرۆکی ئەو رۆژە و ئەو قسەیەمان بۆ بگێڕنەوە، قسەیەک شێرکۆ بێکەس بە خەڵاتێکی گەورەی ژیانی خۆی پێناسەی دەکرد..**

- **ئۆسـمان بایدەمیـر:** ئـەو ڕۆژە مـن بـە شـێرکۆ بێکەسـم گـوت؛ تـۆ بێکـەس نیـت، چـل ملیـۆن کـورد لەپشـتی تـۆوەن. بەڵام ئێسـتا دەبینـم زۆرتـر لـە چـل ملیـۆن کـورد شـێرکۆیان لـە دڵـی خۆیانـدا هەڵگرتـووە و لـە دڵ و لـە هـزری خۆیانـدا بەردەوامـی بـە ژیانـی شـێرکۆ دەدەن. ئێمـە وەکـو شـارەوانیی شـارەکانی باکـوور و بەتایبەتـی شـاری ئامـەد، مەبەسـتمان بـوو لـە ڕێگـەی چالاکـی ئەدەبـی، هونـەری و کولتووریـەوە هەمـوو نووسـەر و هونەرمەندانـی کوردسـتانی گـەورە بانگهێشـت بکەیـن، بەئامانجـی ئـەوەی لـەو ڕێگەیـەوە، لـە ڕێگـەی کاری کولتـووری و هونەرییـەوە ئـەو سـنوورە نەهێڵیـن کـە لـە نێـوان ئێمـەدا دروسـتیانکردووە. ئێمـە پێمانوایـە دەبێـت یەکێتـی زمانیـش دەسـتەبەر بکرێـت، چـۆن یەکێتـی کـورد پێویسـتە، دەبێـت یەکێتـی زمانیـش دەسـتەبەر ببێـت، واتـا زمانێکـی سـتاندارد بـۆ کـورد هەبێـت. کاتێـک هونەرمەنـد و نووسـەری ئێمـە یەکبگـرن، کەواتـە کوردسـتان یەکیگرتـووە. کاتێـک هونەرمەنـد، نووسـەر و شـاعیری کـورد یەکدەگـرن، حیزبەکانـی کوردیـش ناچـارن یەکبگـرن و خزمـەت بـە گەلـی کـورد بکـەن.

هەڵبەتـە مـن پێشـتر نـاوی شـێرکۆ بێکەسـم بیسـتبوو، ئەدەبیاتـی شێرکۆشـم دەناسـی، بـەڵام جـاری یەکـەم لـە نزیکـەوە کاتێـک بینیـم، ئـەو دەمـە بـوو وەکـو میوانـی شـانازی لـە ئامـەد بانگهێشـت کرابـوو. ڕۆژێکـی تایبـەت بـوو کـە مـن ئـەو شـاعیرەم لـە نزیکـەوە بینـی. هەمـان ڕۆژ محەممـەد ئـوزون، ئـارژەن ئـاری، پرۆفیسـۆر عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ ئامـادە بـوون. لـە هەرچـوار پارچـەی کوردسـتانەوە هونەرمەنـد و نووسـەر هاتبوونـە ئامـەد. ئـەو ڕۆژە دیرۆکـی بـوو بـۆ مـن، پـاش ئـەوەی شـیعری خوێنـدەوە، بـە ئامادەبوونـی کەسـانێکی زۆر، بـە شـێرکۆم گـوت تـۆ بێکـەس نیـت، چـل ملیـۆن کـورد لـە پشـتی تـۆوەن. ئێسـتایش دەبینـم لـە چـل ملیـۆن کـەس زۆرتـر شـانازی بـە شـێرکۆوە دەکـەن و لـە دڵـی ئەوانـدا دەژی. لـە ئێسـتایش بـەدواوە، مـن وەکـو کوردێـک دەڵێـم؛ میللەتـی کـورد لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان بـە

شـێرکۆ بێکەسـەوە سـەربەرزن. چـۆن میللەتانـی دیکـە شـانازی بـە نـاوە گرنگەکانـی خۆیانـەوە دەکـەن، ئێمەیـش بـەو جـۆرە شـانازی بـە نـاوی شـێرکۆ بێکەسـەوە دەکەیـن. وەکـو کـورد مافـی سرووشـتیی خۆمانـە لـە ڕێگـەی شـێرکۆ بێکەسـەوە شـانازی بـە خۆمانـەوە بکەیـن و پەسـنی خۆمـان بدەیـن.

**سـیروان ڕەحیـم: وەکـو ئاماژەمـان بۆ کرد، شـێرکۆ بێکەس لە سـەرەتای شـیعر نووسـینەوە کەسـێک بـووە نەتەوەیـی، دیـارە ئـەو کـوڕی فایـەق بێکـەس بـووە، فایـەق بێکـەس، هەڵگـری هەمـان چرایـە کـە ئەحمـەدی خانـی و حاجـی قـادری کۆیـی دایانگیرسـاندبوو، داگیرسـانێکی بـەردەوام لـە هـزری نەتەوەیـی ئێمـەدا، فایـەق بێکەسـیش بەردەوامیـی هەمـان ڕێبـاز بـوو. بـە تێڕوانینـی ئێـوە، ئایـا شـێرکۆیش بەردەوامیـی هەمـان بیـر و هزرانـدن بـووە؟**

**- ئۆسـمان بایدەمیـر:** بـە بۆچوونـی مـن، شـێرکۆ بێکـەس هـەم خانـی و هـەم فەقـێ تەیرانـی لـە ئەدەبیاتـی خۆیـدا کۆکردووەتـەوە، بـەڵام هەمـوو شـاعیرێکی گـەورە نـاوی خـۆی، شـێواز و ناسـنامەی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، شـێرکۆیش لـەو شـاعیرانەیە، لـە گـەورە شـاعیرانە. وشـەی شـێرکۆ پشـکۆیە لـە گەرمیـدا و هەروەهـا هەندێـک شـیعری هـەن دەرمانـن، دەرمـان بەڕاسـتی. شـێرکۆ تەنیـا شـیعری نەدەنووسـی و تـەواو، لـە شـیعری ویـدا بیرکردنـەوە، فەلسـەفە و کوراییـەک هەبـوون. هەندێـک جـار لـە خوێندنـەوەی شـیعری شـێرکۆدا ئاگـری نـەورۆز لـە دڵـی مرۆڤـدا دادەگیرسـێت. جـاری وایـش هەیـە بـە خوێندنـەوەی شـیعری وی برینەکانـی دڵـی مـرۆڤ لـە بیـر دەکرێـن. شـێرکۆ لەنـاو شـیعر و بیرکردنـەوەی کـورد و کوردسـتاندا بـوو بـە فێرگەیـەک. ئامانج و مەبەستیشـی بـوو زمانـی کـوردی بەرەوپێش بچێـت و لـەو بوارەیشـدا کاری زۆری دەکـرد. خەمـی گـەورەی بـوو زمانـی کوردی ببێت بـە زمانێکی سـتاندارد و کـورد لـە هەمـوو شـوێنێکی کوردسـتان کێشـەی لەگـەڵ

زمانەکـەی خۆیـدا نەبێـت. تاوەکوکـو کـورد و کوردسـتان هەبـن، بـاوەڕم وایـە شـێرکۆ شـانازی پێوەدەکرێـت و پەسـنی ئـەو شـاعیرە دەدرێـت.

**سـیروان ڕەحیـم: چونکـە ئێـوە لـە نێـو پرۆسـەی تواندنـەوەی زمانـی کوردیـدا ژیـاون، پرۆسـەی تاڵـی ئاسیملاسـیۆنی دەوڵەتـی تـورک لـە دژی زمانـی کـوردی، دەربـارەی ئـەو بابەتـە و خزمەتەکانـی زمانـی کـوردی و پاراسـتنی زمانـی کـوردی لەلایـەن شـاعیرێکی وەکـو شـێرکۆ بێکەسـەوە، هەروەهـا داهێنـان لـە ئاسـتێکی بڵنـدی زمانـدا لـەلای ئـەو شـاعیرە چ دەڵێـن؟**

**- ئۆسـمان بایدەمیـر:** ئـەو دەمانـەی دەهاتـە ئامـەد پێکـەوە قسـەمان لەوبارەیـەوە دەکـرد، لەگـەڵ شـێرکۆ بێکـەس باسـمان لـە تواندنـەوە و هەوڵـی لەناوبردنـی کـورد و زمانەکـەی دەکـرد، بەڕاسـتی بـە سـایەی مامۆسـتای کـورد، بـە سـایەی دایکانـی کـورد و کەسـانی وەکـو باوکـی شـێرکۆ، مامۆسـتا فایـەق بێکـەس، ئـەم زمانـەی ئێمـە نەتوایـەوە و گەیشـتە ئـەم ڕۆژە، هـەر زمانێکـی دیکـە بـا، لـە مێژبـوو شوێنەواریشـی نەمابـوو. مانـەوە و لەسـەرپێ وەسـتان لـە سـایەی بەرهەمـی ئـەو کەسـانەیە، لـە سـایەی ئەوانـە ئێمـە و زمانەکەمـان دەمێنینـەوە، ئـەوان بـە نووسـینی خۆیـان ئێمـە و زمانەکەیشـمان لەگـەڵ خـۆدا دەپارێـزن. بـە بۆچوونـی مـن شـێرکۆ بێکـەس باشـووری نییـە، بـە تەنیـا، بەڵکـو کوردسـتانییە و هـی هەمـوو کوردسـتانە. ئـەو بـە دڵ و بـە هزریـش کوردسـتانی بـوو، لـە شـوێنێکی کوردسـتانیش نییـە بـە تەنیـا؛ جارێـک لـە کرماشـانە و جارێـک لـە سـنە، جارێـک لـە قامیشـلوە و جارێـک لـە عەفریـن، جارێـک لـە وانـە و جارێـک لـە ئامـەد، لە سلێمانی، لـە هەڵەبجە، لـە پیرمامـە و لـە هەمـوو دەڤەرێکـی کوردسـتانە. لەبەرئـەوەی کـورد و کوردسـتان لـە دڵ و لـە مێشـکیدان، بـە بۆچوونـی مـن ئـەو لـە مێـژە سـنوورەکانی لـەلای خـۆی سـڕیونەتەوە. لـەوەدا سـەرکەوتوو بـوو بـە شـیعر و لەنـاو وەڵاتـی شـیعری خۆیـدا سـنوورەکان بسـڕێتەوە. چونکـە

ئەو دیزانـی سـنوورەکان بـە دەسـتی بـاب و دایکی ئێمـە نەنەخشـێنراون، بەڵکـو بـەزۆر و بـە ناچـاری سـنوورەکانیان بەسـەر ئێمـەدا سـەپاندووە. شـێرکۆ بێکـەس، چارەنووسـی خـۆی، بێباوکـی، نەهامەتـی و نەبوونیـی خـۆی و ئـەو شـێوانەی لـە چارەنووسـی نەتەوەکـەی پێکـەوە تێکـەڵ کـردووە و کردوویەتـی بـە توخمـی نەتەوەسـازی. بۆیـە لـە سـەدەی نوێـدا و لـەلای نـەوەی نـوێ، بـە بیـروڕای مـن؛ دەبێـت وەکـو مۆدێلێـک، وەکـو نموونەیەکـی بـاڵا شـێرکۆ بخوێندرێتـەوە. وەکـو مۆدیلـی ڕۆڵ و کاراکتـەری کاریگـەر تەماشـا بکرێـت.

**ئەوانـەی بـە ئێمەیـان دەگـوت زمانـی کـوردی زمانـی ئـەدەب و نووسـین نییـە، ئێمـە دەتوانیـن لـە ڕێگـەی نووسـین و شـیعری شـێرکۆ بێکەسـەوە وەڵامیـان بدەینـەوە کـە زمانـی کـوردی زمانێکـی چەنـد دەوڵەمەنـد و پتـەوە، کـوردی زمانێکـە لـە زمانـە دەوڵەمەنـد و کەوناراکانـی جیهـان.**

# هەڤپەیڤین لەگەڵ لاورا شرادەر [1]

سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس

**لاورا شرادەر: شێرکۆ لە روانگەی خوێندنەوەی شیعرەوە هێزێکی ئەفسانەیی هەبوو بۆ راکێشان**

لە بواری کوردناسی و داکۆکیکردن لە کێشەی کوردستان، لاورا شرادەر ناوێکی دیار و چالاکە لە ئیتالیا. ئەو لە نزیکەوە شێرکۆی ناسیوە و شیعری شێرکۆی بە زمانی ئیتالیایی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

---

1 - لاورا شرادەر (1938)، رۆژنامەنووس و نووسەری ئیتالیایی لە ڤێرچێلی نزیک شاری تۆرینۆ لەدایکبووە. رۆژنامەنووس، نووسەرێکی چالاک و دیاری وەڵاتی خۆیەتی. لە ساڵی 1975 بەدواوە کوردستان و کێشەکەی دەناسێت، سەبارەت بە کوردستان و کورد کاری زۆری بە نووسینی کتێب و هەروەها لە بواری راگەیاندندا ئەنجامداوە.
بەگشتی بەرهەمی لاورا شرادەر لەو بوارەدا نووسینی زۆرتر لە 10 کتێب و هەروەها دیوانێکی چاپکراوی شێرکۆ بێکەسە بە زمانی ئیتاڵی کە خۆی هەم لە وەرگێڕانیدا بەشدار بووە، هەم چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.
لاورا شرادەر یەکێک لە دۆستە هەر گەورەکانی کوردستان و دۆزی کوردە.

بـەر لـەوەی بێینـە سـەر باسـی شـاعیرێک، لـە وەڵامـی چـۆن لەگـەڵ کێشـەی ئاڵـۆزی کوردسـتان ئاشـنا بـووە و لـە کەیـەوە لـەو بـوارەدا کار دەکات، خاتـوو شـرادەر دەڵێـت:

من سـاڵی 1975 بە کێشـەی کورد ئاشـنا بووم. ئەو کاتەی بەشـێوەیەکی تراژیـدی شۆڕشـی کـورد لـە عێـراق کۆتاییهـات، شۆڕشـێک لایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە رێبەرێتـی دەکـرا. ئـەو شۆڕشـە بەڕاسـتی شۆڕشـی گەلێـک بـوو، شۆڕشـێک بەشـێوەیەکی گونجـاو بەڕێوەدەچـوو، بەڕێوەچـوون لەلایـەن هەمـوو میللەتەکـەوە. ئـەو شۆڕشـە لەلایـەن رۆژئـاواوە، وەکـو هەمیشـە لـە مێـژووی کـورددا روودەدات، ناپاکـی لێکـرا. ئـەو رووداوە کاریگەریـی زۆری لەسـەر مـن دانـا. لەبەرئـەوەی لەوکاتـەدا، هیـچ کەسـێک یارمەتـی گەلـی کـوردی نـەدا. هـۆکار ئـەوە نەبـوو ئـەوان خواسـتی بەردەوامبوونیـان لـە شۆڕشـەکە نەبێـت، بەڵکـو هـۆکار ئـەوە بـوو دەرگای هاتنـی هـاوکاری و چەکـی پێویسـتیان لـە سـنووری ئێرانـەوە لێداخـرا و خۆیـان بەرانبـەر بـە گوشـارێکی نامرۆڤانـە بینییـەوە. هەڵبەتـە ئەمـەش کاریگەریـی زۆری بەسـەر شـەڕکەر و پێشـمەرگەکانەوە هەبـوو. لەهەمـان کاتیشـدا ئـەو ئەنجامـە بەئـازارە بـوو بـە هـۆکاری گیانلەدەسـتدانی چەندیـن کەسـی سـڤیل، هەروەهـا پیـاوان و ژنانـی پێشـمەرگە. لـەو رۆژانـەدا هەنـدێ کـەس بەهـۆی سـەرما و زۆری بەفـرەوە لـە هەندێـک ناوچـەی کوردسـتان رەقبوونـەوە.

بەڕاسـتی کارەسـاتێک بـوو جیهـان یـان بێدەنـگ بـوو لێـی، یاخـود زۆر کـەم باسـی لێـوە کـرا. پـاش ئـەوە مـن خـۆم گەیشـتمە ئـەو بـاوەڕەی گەلێکـی زۆر ئـازا هەیـە، بـەڵام لـە رووداوە مێژوویـی و سیاسـییەکاندا بەخـت یاوەریـان نەبـووە. هـەر لـەو دەمـەدا بـاس لـە کێشـەی هەندێـک گەلـی دیکـە دەکـرا، کـە بـە بۆچوونـی مـن یان بـەو شـێوەیە کێشـەکانیان گرنگیـی نەبـوو، یاخـود کێشـەکانیان زۆر کەمتـر کاریگـەر بـوون بـەراورد بـە کێشـەی کـورد.

پـاش تێپەڕبوونـی ماوەیـەک بەسـەر ئـەو رووداوەدا، دوو هونەرمەنـدی کـوردم ناسـین، ئـەو دوو هونەرمەنـدە لـە فلۆرەنسـا - ئیتالیا نیشـتەجێ بـوون و لـەو شـارە دەیانخوێنـد، پـاش ناسـینی ئـەوان، لـە نزیکـەوە گوێگرتـن لـە رەوشـی خۆیـان و گەلـی کـورد، هەسـتم کـرد و بینیـم چ مەرگەسـاتێک هەیـە لـە ژیانـی هـەر تاکێـک لـەو گەلـەدا، جـا چ لێـرە بژین یـان لـە وڵاتانـی دیکـەی ئەوروپـا، یاخـود ئـەو کوردانـەی لـە کوردسـتان دەژیـان، بـەردەوام سـتەمیان بەرامبـەر دەکـرا و بەشـێوەیەکی خـراپ هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ دەکـرا. دواتـر کەمـال بورقایـم ناسـی، ئـەو سـەرۆکی پارتـی سۆسیالیسـتی کـوردی تورکیـا بـوو، لـە رێگـەی بورقـای-یـەوە تێگەیشـتم چەنـدە سـەختە کاتێـک هەوڵـی سـڕینەوەی تـەواوی زمانـی میللەتێـک بدرێـت. ئەوانـە هـۆکار بـوون بـۆ ئـەوەی وەخۆکـەوم و کات بـۆ کێشـەی ئـەو گەلـە تەرخـان بکـەم.

*   *   *

**کاتێـک گوتمـان بـا بێیـە سـەر مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم هەڤپەیڤینـە و پرسـیارمان کـرد؛ کـەی و لـە کـوێ بـە شـێرکۆ بێکـەس ئاشـنا بـووە؟ لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا خاتـوو شـرادەر دەڵێـت:**

شـێرکۆ بێکـەس هاتـە تۆرینـۆ - ئیتالیـا، دەمزانـی لەنـاو پێشـمەرگەی کوردسـتاندا بـووە. لـە سـووریاوە هاتـە تۆرینـۆ، هەڵبەتـە پێـش ئـەوەی بچێتـە سـوید. شـێرکۆ لـە تۆرینـۆ میوانـی هاوڕێیەکی کـوردم بـوو، لێرەدا دەمەوێـت یادێکـی ئـەو هاوڕێیـە، جەبـار باخـەوان بکەمـەوە، جەبـار باخـەوان، کـە مـن هـەر بـە جەبـار بانگـم دەکـرد. ئـەوەم زانیبـوو شـێرکۆ بێکـەس شـاعیرێکی گەورەیـە. بەشـێوەیەکی زۆر خێـرا و چاوەڕواننەکـراو دوو ئێـوارەم رێکخسـت. لەبەرئـەوەی دەمزانـی کاتـی کەمـە و لای ئێمـە زۆر نامێنێتـەوە. دەمەوێـت ئـەوە بگێڕمـەوە یەکـەم ئێـوارە چـی روویـدا؛

ئـەو ئێوارەیـە لەلایـەن رێکخراوێکـی کولتوورییـەوە سـازکرابوو، دەبـوو

شـاعیرێکی بەناوبانگـی ئیتالیایـی لـەو ئێوارەیـەدا شـیعرەکانی بـە زمانـی ئیتالیایـی پێشـکەش کردبـا. بەرپـرس و رێکخـەری ئـەو ئێـوارە کۆڕانـە هاوڕێـم بـوو، بـۆم باسـکرد، پێشـنیازی ئـەوەم بـۆ کـرد لەگـەڵ ئـەو شـاعیرە ئیتالیاییـە شـێرکۆ بێکەسـیش بـە ئامادەبـووان بناسـێنین.

ئـەو وێنەیـەی دەیبینـن، وێنـەی ئـەو ئێوارەکۆڕەیـە [1]، لـە وێنەداکـە ئێمـە دیاریـن؛ مـن، شـێرکۆ، جەبـار و رێکخـەری کۆڕەکـە کـە نـاوی ئێرنێسـتۆ ڤیدۆتـۆ بـوو. ئـەوەی روویـدا، سـەرەتا و یەکەمجـار شـێرکۆ بێکـەس پێشـکەش کـرا، شـێرکۆ خـۆی هەندێـک لـە شـیعرەکانی بـە کـوردی خوێنـدەوە و هـاوکات لەلایـەن جەبـارەوە وەرگێـڕدران بـۆ زمانـی ئیتالیایـی. ئەنجامـی چاوەڕواننەکـراو چ بـوو؟ هـەر بەڕاسـتی شـتێکی زۆر سـەیر بـوو، هەرگیـز لـە هیـچ چالاکییەکـی ئـەو رێکخـراوەدا نەبینـراوە، رێکخراوێـک لەسـەر ئاسـتی ئیتالیـا گرنـگ و ناسـراو بـوو.

بەڕاسـتی سەرسـوڕهێنەر بـوو، کاتێـک شـێرکۆ خـۆی شـیعرەکانی دەخوێنـدەوە، بـە شـێوەیەک رایدەکێشـایت باوەڕنەکـراو بـوو. شـێرکۆ لـە روانگـەی خوێندنـەوەی شـیعرەوە هێزێکـی ئەفسـانەیی هەبـوو بـۆ راکێشـانی گوێگـر و ئامادەبـوو، هێزێکـی نەبینـراو بـوو، دەنگـی، شـێوازی، ریتمـی خوێندنـەوەی، بەگشـتی رۆڵـی ئـەو شـاعیرە بەڕاسـتی زۆر زۆر بەهێـز بـوو. لـە کۆتاییـدا کاتێـک تـەواو بـوو، هەمـوو ئامادەبـووان هەسـتان و بـەرەو مێزەکـەی رایانکـرد.

لاورا شرادەر، لە بەردەوامیی ئەو گێڕانەوەیەدا دەڵێت:

لـەو ماوەیـەدا رۆژ بـە رۆژ سـەرقاڵی وەرگێڕانـی شـیعرەکان بوویـن و توانیمـان هەندێـک هەڵبەسـتی شـێرکۆ بکەیـن بـە ئیتالیایـی. لـەو بەرهەمانـە کتێبێکـی بچووکمـان دروسـتکرد، ئەمـە کتێبێکـی تـەواو نییە، نازانـم دروسـت نـاوی چـی لێبنێـم، شـتێک لـەو جـۆرەی کاتێـک مـرۆڤ

1- تکایە تەماشای ئەلبوومی وێنەکان بکەن.

لـەماڵـەوە خـۆی دروسـتی دەکات. لـە نووسـینگەی ڕێکخـەری کۆڕەکـە خـۆی چاپمـان کـرد و چەنـد کۆپییەکمـان لـێ ئامـادە کـرد. (کاتێـک قسـە دەکات، نموونەیـەک لـەو کۆمەڵـە شـیعرە ئیتالییـەی ئەوکاتـەی بەدەسـتەوەیە)، ئـەم چاپکـراوە بچووکەمـان دابەشـکرد بەسـەر ئامادەبووانـدا، هەموویـان بـە ڕاکـردن بـەرەو لای شـێرکۆ ڕایانکـرد تاکـو ئـەم ناميلکەیەیـان بـۆ واژۆ بـکات.

لاورا شـرادەر دەڵێـت: نازانـم لای ئێـوە لـە کوردسـتان ئـەو ڕۆژگارە کولتـووری واژۆکـردن لەسـەر کتێـب هەبـوو یـان نـا؟ شـێرکۆ چاوەڕوانـی ئـەوە نەبـوو لـە ئیتالییـەکان، ڕووی کـردە جەبـار و پرسـی: ئـەو خەڵکـە هاتـوون چییـان دەوێـت؟ جەبـار پێیگـوت: دەیانەوێـت تـۆ کتێبەکەیـان بـۆ واژۆ بکەیـت. (لێـرەدا لاورا واژۆی ئـەو ڕۆژەی شـێرکۆ بێکـەس پێشـان دەدات)، تەماشـا، ببینـە لێـرە واژۆی شـێرکۆ هەیـە! هەروەهـا پێشکەشکردنێکیشـی نووسـیوە، بـە زمانـی کوردییـە و مـن نازانـم بیخوێنمـەوە.

لـەو ئێـوارە کـۆڕەدا شـاعیرێکی ئیتالیاییـش هەنـدێ شـیعری خـۆی خوێنـدەوە. مـن ئێسـتایش کاتێـک بیـر لـەو کـۆڕە دەکەمـەوە، دڵـم بـۆ ئـەو شـاعیرە ئیتالیاییـە دەسـووتێ، لەوەیـە کەمێکـم پێوەنابێـت، بـەڵام ئـەو شـاعیرە ئیتالیاییـە، کـەس تەماشـای نەدەکـرد. کاتێکیـش هەڵبەسـتەکانی دەخوێنـدەوە، کـەس گرنگییەکـی ئەوتـۆی پـێ نـەدا. بـەڵام بـۆ شـێرکۆ سـاتێکی چاوەڕواننەکـراو و سـەرکەوتنێکی گـەورە بوو. دووبـارەی دەکەمـەوە، خوێندنـەوەی شـیعر بـە زمانێـک کـە کـەس لـە ئامادەبـووان پێشـتر ئاشـنای نەبووبـن، شـتێکی زۆر تایبـەت بـوو. پاشـان تەنیـا یـەک کەسـی ئیتالیایـی، ئەندازیارێـک بـوو، خۆیشـی یەکێـک بـوو لـە ڕێکخەرانـی کۆڕەکـە، گوتـی زمانەکـە بـۆ ئـەو نـوێ نییـە، ئـەو ئەندازیـارە گوتـی؛ ئـەو زمانـە دەناسـم، شـیعر و زمانـی کوردیـش یـادگاری زۆر خۆشـی ژیانیـان وەبیرهێنامـەوە.

لاورا شرادەر و هاوڕێکانی هەر لەو دەمەدا کۆڕی دووەم بۆ شێرکۆ بێکەس ئامادە دەکەن. کۆڕێکی تایبەت بە خوێندنەوەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە هەردوو زمانی کوردی و ئیتالیایی.

لاورا لەوبارەیەوە دەڵێت:

دووەم ئێوارەکۆڕ تایبەت بوو بە شیعرەکانی شێرکۆ، واتا تایبەت بوو تەنیا بە خۆی. لەو ئێوارەیەدا شیعری زیاتر پێشکەش کرا و ئەکتەرێکی ئیتالیاییش وەرگێڕانی شیعرەکانی پێشکەش دەکرد. کۆڕەکە لە شوێنێکی زۆر ناسراو ساز کرا. شوێنی کۆڕەکە لەسەر رووباری 'پۆ' [1] بوو، شوێنێک هەمووی بە دار دروستکرابوو. شوێنێکی فراوان بوو. کاتێک شێرکۆ کۆتایی بە خوێندنەوەی شیعرەکانی هێنا، چەپڵە لێدانێکی چاوەڕواننەکراو دەستیپێکرد، چەپڵە و دەنگەدەنگ، کۆڕەکە ئەنجامێکی زۆر باشی هەبوو. بەتایبەتیش پاش خوێندنەوەی هەڵبەستەکان بەزمانی کوردی، واتا بۆ ئامادەبووان زمانێکی نەناسراو بوو، هەروەها کۆمەڵێک شیعر لە لایەن شاعیرێکەوە کە پێشتر هەرگیز کەسانی ئامادەبوو ناویشیان نەبیستبوو، کارەکە دەستکەوتێکی گەورە بوو. بەتایبەتیش شێوازی خوێندنەوەیەی شێرکۆ بێکەس، خوێندنەوەیەک هەموو مەبەست و هەستێکی شاراوەی دەگەیاند.

1 - رووباری پۆ درێژترین رووباری وەڵاتی ئیتالیایە. درێژیی رووبارەکە 652 کیلۆمەترە. تورین یان تۆرینۆ یەکێک لەو شارانەی باکووری وەڵاتەکەیە کە رووباری ناوبراوی پێدا رەتدەبێت.

# شێرکۆ شاعیرێکە
# بۆ هەمووان قسە دەکات

لاورا شرادەر دەڵێت:

لەو دەمەوەی شێرکۆ بێکەسم ناسیوە، شیعری ئەوم بەلاوە گرنگە، ئەمە تەنیا بۆ من وا نییە، واتا ئەوە نییە تەنیا من شیعرەکانیم بەدڵ بێت. لە هەڵسەنگاندنی مندا بۆ بەرهەمی شێرکۆ بێکەس؛ بەراوردی دەکەم بە نێرودا، گارسیا لۆرکا، ئێلیمی ویکیسۆن، ئەوجێنیۆ مۆنتالێ، واتا بەراوردی دەکەم بە شاعیرانی دیکە، من زیاتر شاعیرە رۆژئاواییەکان دەناسم، بەڕاستی من شێرکۆ بەراورد دەکەم بە شاعیرانی ئاستبڵندی جیهان، ئەوانەی من شیعریانم ناسیبێت.

ئەوەش بیرۆکەی من بوو شیعرەکانی وەکو کتێب چاپ بکەین. پاش ئەو سەرکەوتنانەی ئێرە بە ئامادەبوونی شێرکۆ خۆی، من تەنیا ئاماژەم بە دوو دانە لەو چالاکییانە کرد. بەڵام پاش ئەو کارانە، کۆڕی زۆرمان ساز دەکرد، لەو کۆڕانەدا شیعرەکانی شێرکۆ لەلایەن ئەکتەرێکی ئیتالیایی پیاو یان ژن دەخوێندرانەوە، دیارە ئەو شیعرانەی کرابوون بە ئیتالیایی. هەڵبەتە لەو کۆڕانەدا خۆی ئامادە نەدەبوو. گەر خۆی ئامادە با، خوێندنەوەی خۆی کاریگەریی زیاتری دەبوو. بێ ئامادەبوونی خۆی ئێوارەی ئاسایی بوون، بەڵام پێشوازییەکی چاوەڕواننەکراو لە هەڵبەستەکانی دەکرا. ئێستاش تۆ شیعرێکی شێرکۆ بێکەس بە زمانی ئیتالیایی لە فەیسبووک دابنێ سەرکەوتنێکی گەورەی دەبێت و خەڵک شیعری ئەویان زۆر بەدڵە. شێرکۆ شاعیرێکە بۆ هەمووان قسە دەکات. هاوکات کەسایەتییەک و هێزێک ئەو شاعیرە هەیەتی، هەروەها بیرۆکە، تێڕوانین، وێناکردن، بەڕاستی شاعیرێکی زۆر تایبەتە، زۆریش گەورەیە.

لاورا شرادەر سەبارەت بە بیرۆکەی وەرگێڕان و چاپی کتێبەکە دەڵێت:

لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کات، هەڵبەتـە لـەو دەمـەوە شـێرکۆ بێکـەس گەیشـتە تۆرینـۆ و مـن هەندێـک لـە شـیعرەکانیم ناسـی، هەروەهـا ئـەو کاتـەی دەسـتمانکرد بـە دەرکردنـی نامیلکەکـە کـە وەکـو گـوتـم ناکرێـت بڵێیـن کتێبـە، کتێـب نییـە. لـەو کاتـەوە دەسـتمکرد بـە بڵاوکردنـەوەی شـیعری دیکـەی شـێرکۆ و بـەردەوام وەرگێڕانـی شـیعرەکانی. شـیعرە وەرگێڕدراوەکانـم خسـتنە نـاو ئـەو زنجیـرە هەڵبەسـتانەی پێشـتر وەرمگێڕابـوون. هـەر لەگـەڵ ئـەو شـیعرانەدا، کۆمەڵێـک شـیعری مێژوویـی و بەهێـزی شـاعیرانی دیکەیشـم دانـا و لـە دووتوێـی پەرتووکێکـدا بەنـاوی "گۆرانیـی خۆشەویسـتی بـۆ ئازادیـی گەلـی کـورد" بڵاومکـردەوە. شـیعرەکانی ئـەو پەرتووکـە بریتیـن لـە کۆمەڵێکـی زۆر هەڵبەسـتی کـوردی لـە سـەدەی حەوتەمـی پێـش زاییـن تاوەکـو رۆژانـی ئێسـتامان، تەنانـەت شـیعری فۆلکلۆریشـی تێـدان. بـەڵام بەشـێکی زۆر لـە پەرتووکەکـە شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکەسـن.

لاورا شرادەر لە درێژەی ئەو مژارەدا دەڵێت:

بـۆ نموونـە لـە کتێبێکـی ترمـدا، کتێبێـک گێڕانـەوەی گەشـتەکەم بـوو بـۆ کوردسـتان، گەشـتی سـەرەتای راپەڕیـن، چەنـد هەڵبەسـتێکی شـێرکۆ بێکەسـم لـەو کتێبەیشـدا دانـاوە. لـەو بەرهەمـەدا بەشـێکی زۆرم لـە شـیعرەکانی شـێرکۆ دانـاوە. بێگومـان دانانـی ئـەو شـیعرانە لێـرەدا لـەو سـۆنگەیەدایە کـە زۆر سـەختە لـە ئیتالیـا، وەشـانخانەیەک بدۆزیتـەوە تەنیـا شـیعر بڵاوبکاتـەوە. بەتایبەتیـش شـیعری شـاعیرێک کـە لـە ئیتالیـا زۆر ناسـراو نەبێـت.

پاشـان زۆر بـۆم گرنـگ بـوو، پەرتووکێکـی تایبـەت ئامـادە بکـەم لەسـەر شـێرکۆ و هەڵبەسـتەکانی، لێـرە نامەکـەی شـێرکۆم لەوبارەیـەوە مـاوە و لەبەردەسـتدایە، پاراسـتوومە لەبەرئـەوەی نامـەی خۆیەتـی، سـاڵەکە

نووسـراوە، سـاڵی 1998 بـوو. هەروەهـا هەندێـک هەڵبەسـتی خـۆی بـۆ ناردووم، ئامـاژەی بـەو شـیعرەیش کـردووە، شـیعرەکە نـاوی لاورایـە [1]. شـێرکۆ هەڵبەسـتەکانی خـۆی بـە کـوردی بـۆ ناردم و پێیگـوتـم کـە حـەز دەکات ئـەو هەڵبەسـتانەی یـان هەندێـک لـەو هەڵبەسـتانەی لـە ئیتالیـا بڵاوبکرێنـەوە.

پاشـان توانیـم شـیعرەکان بڵاوبکەمـەوە، بـە دوو شـێوەی جـودا، لـە پەرتووکێکـدا بەشـێوەیەی تایبـەت و هەروەهـا لـە دووتوێـی پەرتووکێکی دیکەیشـدا شـیعر، ژیاننامـەی شـاعیر خـۆی، هەروەهـا ئـەو بەرهەمانـەی مـن سـەبارەت بـەو نووسـیومن، دیـارە لـەو پەرتووکـەدا سـەرجەم پەنجـا شـیعری شـێرکۆ بێکـەس هـەن. مامۆسـتایەکی زانسـتگەیش لـە بـواری خۆیـدا، بـواری زمانەوانـی، لێکۆڵینەوەیەکـی دەربـارەی زمانـی شـیعریی شـێرکۆ بێکـەس نووسـیوە و لـەو پەرتووکـەدا ئەوەیشـمان دانـاوە.

*      *      *

سـاڵی 1998 بـوو، مانگـی مـارت، هـاوڕێ کوردەکانـم هەواڵیـان دامـێ کـە ئـەوان لـە تەلەفزیـۆن بینیویانـە شـێرکۆ بێکـەس هۆنـراوەی لاورای خوێندووەتـەوە. دواتـر لـە 27ی مـارت، وابزانـم هۆنراوەکەیشـی لـە مانگـی مارتـدا یـان زووتـر نووسـیبێت، شـێرکۆ بێکـەس لـە 27ی مارتـی هەمـان سـاڵدا لـە سـویدەوە نامەیـەک و هەندێـک لـە شـیعرەکانی خـۆی بـۆ نـاردم، بـەڵام شـیعری لاورای تێـدا نەبـوو، بـۆی نووسـیبووم کـە حـەزدەکات ئـەو هەڵبەسـتانە وەربگێڕدرێنـە سـەر زمانـی ئیتالیایـی و بڵاوبکرێنـەوە. شـێرکۆ بـۆ منـی نووسـیبوو:

**"هـاوڕێ ئازیـزە مرۆڤدۆسـتەکە، کاتێـک ئیتالیـا بەبیردەهێنرێتـەوە،**

1- بۆ خوێندنەوەی شیعری لاورا، تکایە تەماشای کۆتایی ئەم بەشە بکەن.

**تۆیـش بەشـێکیت لـەو بیرهێنانەوەیـە لەنـاو ئـەو هاوڕێیانـەی 10 سـاڵ لەمەوبـەر بینیمـن، وا هەسـت دەکـەم ڕۆژێـک تێپەڕیبێـت، هەندێـک جاریـش سـەدەیەک. چـی تێپەڕیبێـت؟ ماوەیـەک لەمەوبـەر هۆنـراوەی لاورام نووسـی، یـادگاری و کارەکانـت لەناخمـدا مانـەوە و نـاوی تـۆ و هەڵبەسـتەکەت لەدایک بوو، بەداخەوە ئێسـتا شـیعرەکەم لەبەردەسـت نییـە، هـەر دۆزیمـەوە بۆتـی ڕەوانـە دەکـەم".**

لاورا دەڵێـت؛ لـە 30ی مارتـدا هەڵبەسـتەکەی بـۆ نـاردم، واتـە سـێ ڕۆژ دوای نامەکەی.

* * *

دەمەوێـت بڵێـم؛ سـەرباری هـەر شـتێک، شـێرکۆ بێکـەس شـاعیرێکی زۆر گەورەیـە، ئـەو بـۆ هەمـووان قسـە دەکات، کـێ هۆنراوەیەکـی بخوێنێتـەوە عاشـقی دەبێـت، دەمەوێـت ئەوەیـش بەبیربهێنمـەوە، کاتێـک هـات بـۆماڵەکـەی مـن، ئـەو دەمـەی هاتـە ژوورەوە، پەنجـەرە بەرزەکانـی ژورەکەمـی بینـی، تەماشـای کـرد چوارچێـوەی پەنجـەرەکان بۆیـەی سـەوز کرابـوون، دەسـتیکرد بـە پێکەنیـن و گوتـی:

**"وا هەسـتدەکەم هاتوومەتـە ماڵـی ئیمـام"**، لاورا شـرادەر پێدەکەنێـت و دەڵێـت؛ نازانـم مـن بـە ئیمـام تێگەیشـتبوو؟ لـە چـواردەوری مێزێـک دانیشـتین، لەگـەڵ هەندێـک لـەو هـاوڕێ کوردانـەی زمانـی ئیتالیاییـان دەزانـی. بێگومـان مـن نازانـم ئـەو هۆنراوەیـەی لەوکاتـەدا نووسـی یـان نـا.. بەهەرحـاڵ، لاورا شـیعرێکی زۆر نـوێ بـوو، ئـەو شـیعرەکەی نووسـی و ئێمەیـش وەرمانگێڕا بـۆ سـەر زمانـی ئیتالیایـی. هۆنراوەیەکـی زۆر جـوان بـوو، لەگـەڵ چەنـد شـیعرێکی دیکـەی. زۆر خـۆش و تایبـەت بـوو لەگـەڵ خـۆی شـیعرەکان وەربگێڕدرێـن و وشـەکان لەگـەڵ خـۆی

هەڵبژێریـن، بێگومـان شـتێکی تایبەتـە کاتێـک شـاعیر خـۆی لەگـەڵ وەرگێڕەکانـدا وشـەکان هەڵبژێرێـت.

لاورا لە کۆتاییدا دەڵێت:

"ئـەوەی دەمەوێـت دووبـارە ئامـاژەی بـۆ بکـەم، شـێرکۆ شـاعیرێکی جیهانییـە، وەک هەمـوو شـاعیرە گـەورە جیهانییـەکان".

## لاورا

لاورا
پڵنگە شیعری خۆشناویێ!
لاورا ئەڵێ: هۆنراوەی تۆ و
پڵنگە تووڕە و برسییەکان لە یەک ئەچن

لاورا ئەڵێ: کە شەو دادێ
لە زریکەیان ئەترسم
هەر پێم ئەڵێت و پێم ئەڵێ:
وەک ئەنووسی بە باڵی کۆترێ بنووسە!
بە دەنووکی چۆلەکەیەک
یاخود بە روومەتی گوڵێ
بۆچی بە چڕنووکی پڵنگ؟!

چی بکەم لاورا.. پڵنگ نەبووم
نە بە دەنگ و
نە بە چنگ و
نە بە سیما

بەڵام لاورا (داوە)کانی هەرچواردەورم
تۆ ئەو (داو)انەت بیر نەچێ!

لاورا
بە هاوار و بانگەبانگی چیاکانم
بە هەڵسانە سەرپێی بەرد و
بە دەنگی بەرزی درەختم
زۆر پەست ئەبێ

لاورا ئەڵێ: نزم  بدوێ
مەبە بە گڤەی شێت و وێت
مەبە بە چەمی زستانە و
دەنگ هەڵمەبڕە
نزم، نزم، نزم بدوێ!

چی بکەم لاورا! منیش هەمیشە هەر سروەم
لە رەشەبا و
مانگەشەوم لە گەرداو لا جوانتر بووە
بەڵام ئاخر سێدارەکان، لاورا
سێدارەکانی چوار مەرگم
سێدارەکانت بیر نەچێ!

لاورا
لە وڕێنەی شەوانەم و
لە جووڵە جووڵی خەیاڵم و
لە تەقە و رەقەی هاتوچۆی مەکۆی ژانم
دەهری بووە و

وا خەریکە ماڵ جێبێڵێ!

لاورا ئەڵێ: دە بە ئارامی پاڵکەوە
بە ئارامی خەو ببینە و
وەکو ئەم خەڵکە راکشێ!

چی بکەم لاورا
منیش هەر حەز بەوە ئەکەم
بوخچەی هەورێکی شل و مل سەرینم بێ
وا حەز ئەکەم، وەک چارۆگەی
بەلەمێکی سەر رووی زەریا
لەبەر سایەقەی شەوێکی دڵنیادا
لەرەم نەیە
بەڵام لاورا، ئاخر لاورا، ئەنفالەکان
ئەنفالەکانت بیر نەچێ!

لاورا رقی
لە رەنگی گریان و، بۆنی
شین و شەپۆڕ ئەبێتەوە

لاورا ئەڵێ:
ئەم تەمومژە لابەرە لەسەر چاوت
ئەو پەردەیە هەڵبەرەوە لەسەر خەمت و
روونبەرەوە
وەک سپێنەی چاوەکانم روونبەرەوە
وەکو قژم بریسکەت بێ و
وەکوو خوێنم قوڵپ بدە و

وەک سپێدەی گەردنیشم
شەوق بەرەوە

چی بکەم لاورا! چی بکەم، منیش
زۆر حەز ئەکەم شەپۆلی پێکەنین بمبا
زۆر حەز ئەکەم.. پرشنگەکانی گۆرانی دامپۆشن و
زۆر حەز ئەکەم.. ببم بە گەڵا شیعرێکی
هەڵفڕیوی نیوە شەوی باندی سەما
بەڵام لاورا! ئاخر لاورا! تۆ هەڵەبجە،
تۆ هەڵەبجەمت بیر نەچێ!

لاورا نایەوێ قەت چارەی
شیعری سیاسیم ببینێ
ئەو گەلێ جار.. لە ژوورەکەم دەریاندەکا
ئەو گەلێ جار.. چەکیان ئەکا و
پێناسەیان ئەسووتێنێ و
دروشمەکانیان ئەدڕێنێ!

لاورا ئەڵێ: ئەم گژەبای سیاسەتە
وەختێ کە دێت
ڕۆحی شیعر ئەژاکێنێ
شەونمیان وشک ئەکاتەوە

لاورا ئەڵێ: ئەو شیعرانەت
ماڵیان پڕ کردووم لە دووکەڵ
لە بۆکڕووزی غەریبی
لە بۆنی گۆگردی خوێن و

له ناڵەناڵی سێداره و له تەمتومانی تەنیایی

ئەو شیعرانەت.. سووتوو لەسەر کورسیەکەم و
جلەکانم و چەرچەفی پاکم جێدێڵن
لەسەر مافووری هۆڵەکەم
جێ پێی خوێناوی جێدێڵن
لەگەڵ خۆیان قورڕولیتەی کۆچ و کۆچڕەو
دەهێننە ناو داڵانمەوە

چی بکەم لاورا، سیاسەت لای ئێمە، لاورا
له دەسرازەی ناو بێشکەوە تاکوو کفن
له لەشامانەوە ئاڵاوە، لاورا
هەموو رۆژێ نان و مەراق
لەگەڵ سیاسەتا ئەخۆین، لاورا
له هاوسەرەکانمان زیاتر لەگەڵ سیاسەتا ئەنووین، لاورا
له منداڵەکانمان زیاتر لەگەڵ ئەودا دائەنیشین، لاورا

بەڵام لاورا.. ئاخر لاورا.. کوردستانم، کوردستانم
تۆ کوردستانت بیر نەچێ!

شێرکۆ بێکەس
ستۆکهۆڵم
1997\11\18

# هەڤپەیڤین لەگەڵ لوسیەن لایتس [1]

## سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس

- **شـێرکۆ بێکـەس قسـەکەری گەلەکـەی خۆیەتـی. شـیعرەکانی ئەزموونیـان لێدەبـاری.**
- **دەبوو شێرکۆ بێکەس خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتبا.**

1 - وەشانکار لوسیەن لایتس، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری وەشانخانەی ئونیۆن-ە، بنکەیان لە شاری زویرخ ـ سویسرایە. ئونیۆن یەکێکە لە وەشانخانە گرنگ و کاریگەرەکان لە رووبەری زمانی ئەڵەمانیدا. کاری وەشانخانەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیاتی بیانییە بە زمانی ئەڵەمانی.

**سیروان ڕەحیم: دەزانم ئێوە شێرکۆ دەناسن، بەڵام سەرباری ئەوەیش دەبێت بڵێم لەگەڵ ئێوەدا باس لە شاعیرێک دەکەین کە رووبەرێکی گەورەی لە شیعری کوردیدا بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، نزیکەی شەست ساڵی بەردەوام و بێ ناوبڕ شیعری پێشکەش کرد. لە یادەوەری زۆرێک لە ئێمەدا تیرێژێکە بۆ خۆی. دەزانم ئێوە شیعری شێرکۆتان وەرگێڕا و بڵاوتانکردەوە. دەتوانن لەوبارەیەوە چ بڵێن؟**

- گەورە بووم، زانکۆم تەواو کرد، ئەدەبیاتم خوێند، بێئەوەی ناوی شێرکۆ ببیستم و شێرکۆ بناسم. ساڵانێکی زۆر مرۆڤی وەشانکار لە پشت مێزی کارەکەیەوە دادەنیشێت، بەردەوام دەق و بەرهەمی بۆ دێت، دەستنووس و وەرگێڕان و هتد. هەندێکیان سەرنجڕاکێشن و هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە. هەندێک جار مرۆڤ ناچارە زۆر بیربکاتەوە سەبارەت بەو بەرهەمانە و هەندێک جاریش نا، دەقەکە بۆ بڵاوکردنەوە ناگونجێت و تەواو. بەڵام هەندێک جار دەقێک دێت، مرۆڤ نووسەرەکەیشی ناناسێ، دادەنیشی دەیخوێنیتەوە، دەیخوێنیتەوە و تەماشا دەکەیت دەقێکە دەیپێکێت، هەر وەکو بروسکەیەک نیشانە بپێکێت. ئەو دەمە دەزانیت ساتی بەختەوەریی ئەو کارە، ئەو دەقە هاتووە. ڕێک بەو چەشنە بوو، ڕۆژێک کەسێک وەرگێڕانی شیعری بۆ ناردبووین، من نووسەرەکە یان شاعیرەکەم نەدەناسی. نازانم بەڵام ئەو شیعرانە یەکسەر بەسەرمدا پەڕینەوە لام، بازیاندا و گەیشتنە دڵم، نازانم بۆچی بازیاندا. شیعرەکان ئەوەندە چڕ بوون، ئەوەندە پڕ بوون لە ژیان، هاوکات تژە بوون لە ئەزموون. کۆمەڵێک دەق بوون لە تراژیدیاوە سەرچاوەیان گرتبوو. هەروەها دەقگەلێکیش بوون شیرین و لە ئەڤینەوە هەڵدەقوڵان، لە هەستی قووڵەوە، سرووشتیان تێدابوو، ئەزموونیان لێدەباری. شاعیرەکە ئەمانەی هەموو بەشێوازێکی ئەفووسنکاری و هونەری دەربڕیبوون. ڕاستییەکەی ئەم توخمانەیشن ئەدەب دروستدەکەن. ناوی نووسەر

گرنگ نییە، گرنگ نییە کێ ئەم دەقەی نووسیوە، ئەوە گرنگە کاتێک دەقەکە دەچێتە دڵتەوە، کێ نووسیویەتی ئەوە ئیتر شتێکی دیکەیە. بێگومان شێوازەکانی نووسینی شیعر و لیریک یەکجار زۆرن، شیعری تایبەت هەیە، شیعری هەڵچوون و شیعری سیاسی هەن. هەروەها شێوازێکی نووسینیش هەیە دەشێت شیعر نەبێت، بەڵام گێڕانەوەیە بە شێوازی شیعرسازی. بەڵام بۆ من کاتێک بەرهەمەکانم خوێندەوە، روون بوو ئیتر دەمەوێت بەرهەمی ئەم شاعیرە بڵاوبکەمەوە. من بڕیارەکەم دابوو، پاشتر زانیم ئەم نووسەرە یەکێک لە نووسەرە گرنگ و واتادارەکانی ئەدەبیاتی جیهانییە. بەڵام شانسی نەبوو، بەخت یاری نەبوو، کاتێک ئەو لە وەڵاتی خۆی هەموو کەسێک دەیناسێت، تەنانەت هەموو منداڵێکیش، کەچی بەداخەوە، زۆر بە پێچەوانەوە لای ئێمە منداڵێکیش نایناسێت. نەک هەر گەورەکان، بەڵکو منداڵیش نایناسێت. بەڵێ ئێمە ئیتر ئەو دیوانەمان چاپ و بڵاوکردەوە. ئەوە دیارە ئەرکی وەشانخانەی ئێمەیە، بێ ئەوەی بپرسین کە ئەم نووسەرە بە چ زمانێک دەنووسێت، خەڵکی چ نیشتمانێکە یان رەنگی پێستی چۆنە، یاخود چ شێوازێکی نووسینی هەیە.. کاتێک نووسەرێکی گەورەی ئەدەبیاتی جیهانی بێت، ئەودەم دەبێت هەموو خوێنەرێکی ئەم جیهانە شانسی ئەوەیان هەبێت ئەم نووسەرە بناسن. ئەمە کۆماری ئازادی ئەدەبیاتی جیهانیی منە. کۆمارێک من لە سەری خۆمدا هەمە. هەربۆیە بڕیارمان دا شیعری شێرکۆ بێکەس بڵاوبکەینەوە. بەڵام بێگومان ئاسان نییە لە رووبەری ئەدەبیاتی زمانی ئەڵمانیدا دیوانی شاعیرێک بڵاوبکەیەوە کە سەبارەت بە هەندێک بابەتی جیاواز دەنووسێت؛ هەندێک بابەت، لە باری رێژەییەوە، بۆ خوێنەری ئەڵمان دوور دیارن. بابەتەکان لەو خوێنەرەوە نزیک نین. بابەتی نائاشنان. خوێنەر ناوی شاعیرەکەی نەبیستووە، خەڵکی شوێنێکە نەناسراوە، ئایا نیشتمانە ئەو شوێنە یان هەرێمێکە؟ پرسیار دروستدەبێت. باشم لە بیرە، هەموو ساڵ

بەر لە دەستپێکی وەرزی چاپ و بڵاوکردنەوەمان، کۆمەڵێک کەس کە نوێنەرایەتی کتێبفرۆشییەکان دەکەن دێنە لامان، کارەکەیان، کارێکی یەکجار سەختە، هەزاران کەس، لەوانە بە نوێنەرایەتی کتێبفرۆشییەکان دێنە وەشانخانەکان، کاریان ئەوەیە دەربارەی کتێب قسە بکەن و کتێبیان بۆ پێناسە بکرێت. ئەوان تەماشای دیوانەکەی شێرکۆیان کرد و گوتیان ئەمە شتێکی یەکجار تایبەتە. دیوانەکەی شێرکۆ بەو شێوە سەرنجڕاکێش و بەو شەوقەوە بەرەو کتێبخانەکان کەوتە رێ. ئەمە چیرۆکی چاپکردنی ئەو دیوانەیە، دیوانێک نموونەی ئەدەبیاتێکە مەراقی بینین و خوێندنەوەی دەکرێت.

**سیروان رەحیم: لە قسەکانتدا ئاماژەت بە پێناسە یان چەمکێک کرد، بە ناوی ئەدەبیاتی جیهانی؟**

- پێناسە یان چەمکی ئەدەبیاتی جیهانی پەیوەندی بە ئەردنیگارییەوە نییە. بابەتەکە پەیوەندی بەوەوە نییە کێ و لە چ گۆشەیەکی دونیاوە دێت و ئەدەبیاتی جیهانی دەنووسێت. چەندین نموونە هەن ئاوەزی مرۆڤ جارنا باوەڕ ناکات، ئەدەبیاتی جیهانی هەیە لە لەندەن لەدایکبووە. هەیە لە چوکۆرۆڤا، نموونەی یاشار کەمال. لە کۆلۆمبیا ماکۆندۆ یاخود کەسێک لە چیلی هەیە بە ناوی پاپلۆ نیرۆدا، هەروەها لە سلێمانی شاعیرێک هەیە ناوی شێرکۆ بێکەسە. با چاوەڕێ بکەین و بڕوانین نووسەران پەیدا بن و بێنە ناومانەوە، لە کوێوە دێن با بێن. ئەرکی ئێمە ئەوەیە بێدەنگ بین، بە سادەیی بڵێم گوێ بگرین. بپرسین لە کوێ نووسەری گەورە هەن؟ بێگومان شێرکۆ بێکەس سەر بەو پۆلە شاعیرە هەرە گەورەیەی سەدەی بیست و بیست و یەکە. بۆ نموونە وەکو پاپلۆ نێرۆدا یان کاریبیک وۆڵ کۆت، کە خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیشی وەرگرتووە. بێگومان دەبوو، دەبوو شێرکۆ بێکەس خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتبا، دەبوو وەریگرتبا، بەڵام بەداخەوە کەس نەیدەناسی، ئەوە کێشەکە بوو.

ئەمە کێماسی و هەڵەیەکی دیرۆکییە. هەڵەیەکی دیرۆکییە بۆ هەر یەکێک لە ئێمە لەم دونیایەدا و وەکو خوێنەر، نووسەرێک لەو ئاست و چۆنیەتیەدا، ئێمە شانسی ناسینیمان نەبوو، کەسمان ئەو شانسەمان نەبوو. من هیوادارم لە داهاتووی نزیکدا بە چەندین زمان بەرهەمی شێرکۆ بێکەس هەبێت و بخوێندرێتەوە، تاکو خوێنەر، هەموو خوێنەرێک شانسی ئەوەی هەبێت بەرهەمی نووسەرێکی وەها بە کواڵیتی بخوێنێتەوە.

**سیروان رەحیم: ئەوە هیوای ئێمەیشە. شێرکۆ بەزمانێک شیعری نووسیوە، دیارە بە چاوپۆشین لەوەی لیریکە، بەڵام زمانێکی یەکجار تایبەتە. ئەو هەر بەتەنیا زمانی کوردی نوژەن نەکردەوە، بەڵکو زۆر دەربڕین، زۆر وشەی لە خەو هەستاندن و ئەو وشانەی هێنانەوە ناو شیعر و لەناو شیعردا چاندنییەوە. چۆن ئەو زمانە سەرنجڕاکێشەی شێرکۆ گەیشتووە بە زمانی ئەڵمانی؟**

- ئەوە کارێکی زۆر دژوارە، ئەوە بەگشتی کێشەی وەرگێڕانی شیعرە. شیعر لە هەوای وشەدا دەژی، لە ئاوازی وشەدا، شیعر ئاهەنگ و میوزیکسازیی وشە پێکیدەهێنێ. وەرگێڕانی شیعر یەکجار دژوارە، تەنیا وەستا کارامەکان دەتوانن شیعر وەربگێڕن. لەوانەشە بڵێین رێگەیەک نییە بۆ وەرگێڕانی تەواوەتی و کوتومتی شیعر. بێگومان لە ناوخۆماندا باسمان لەو بابەتە دەکرد، لە لایەکەوە کوردی زمانێکە یەکجار دێرین، زمانێک زۆریشی لێ بزر بووە. لەملای دیکەوە زمانێکە بەردەوام نوژەن دەبێتەوە و لە جووڵەدایە. تورکیش وەهایە، زمانی هەرێمی هەیە و هەندێک بنزاراوە لە ئەنجامی کاریگەریی جڤاکیدا چێدەبن. هەروەها زمانێکیش هەیە دەبێت و پێویستە وشەی نوێ لە سەدەی 20 و 21 دا بدۆزێتەوە. ئەمە کارێکە نزیکی تێنەگەیشتن و لێحاڵینەبوون، چونکە زمانی ئەڵمانی زمانێکی جێگیر و دامەزراوە. یان بابڵێین پتەو دیارە. چونکە زمانەکە دینامیکێکی گەشەکردنی

هەبـووە. لەوەیـە ئێسـتا وا نەبێـت، چونکـە پـاش ئەزموونێـک، زمانەکـە بـە جۆرێکــی دیکــە دەژی، بەکاردێــت، قســەی پێدەکرێــت و خزمەتــی پێدەکرێـت، وەکـو سـەرچاوە، زمـان بـە شـێوەیەکی چـالاک بەکاردێـت، بـەڵام لێـرەدا بابەتەکـە بابەتـی شـیعرە، وایـە؟ ئێمـە پێمانوایـە بـەو شـێوەیە ناتوانیـن لـە مژارەکـە حاڵـی بیـن. دەبێـت بیدەینـە خوێنـەر و بـۆی بـاس بکەیـن، بـەڵام مـن دەتوانـم زۆر بـاش مەزەنـدەی بکـەم، شـێرکۆ بێکـەس دوو ئەرکـی هەیـە؛ وەکـو کەسـێک سـامانێکی دێریـن و لەبیرکــراو دەژێنێتــەوە، بــەڵام بــە بەکارهێنانــی نوێــوە، بەجۆرێــک دەیەوێـت بـاز بـدات بـە زمـان، ئـەوە بۆچوونـی منـە. مـن وای دەبینـم.

**سـیروان ڕەحیـم: بـۆ نموونـە شـێرکۆ بێکـەس دەڵێـت؛ بەیانیـت بـاش بارانەکــەم، بــەڵام بــاران لــە ڕۆژهــەڵات شــتێکە و لــە ئەڵمانیــا یــان لــە سویســرا ســیمایەکی دیکــەی هــەس.. چــۆن ئــەم ســڵاوە دەگات؛ بەیانیــت بــاش بارانەکــەم؟**

- ئـەوە کارێکــی بەردەوامــە لــە ئەدەبیاتــدا. بــۆ نموونــە نووســەرێک دەنووسـێت؛ پیاوەکـە وای کـرد هاوڕێکـەی لەبـەر بارانـدا ڕاوەسـتێ. ئەمــە نووســەرێکی میســرییە. تــۆ ناتوانــی ئــەم وێنەیــە بــەکار بێنیــت، لەبەرئــەوەی کاتێــک لــە میســر بــاران دەبارێــت، منــداڵان ڕادەکەنــە سەرشــەقام و ئاهەنــگ دەگێــڕن، یــاری دەکــەن و ســەما دەکــەن. خۆشـحاڵ دەبـن. بـەڵام لای ئێمـە کاتێـک بـاران بـاری، مـرۆڤ چەترەکـەی هەڵـدەکات و بـەرەو مـاڵ دەبێتـەوە. ئەمـە دەربڕینێکـە بـۆ بارانـی بەخت. بــەڵام لــە زمانــی ئەڵمانیــدا ئــەو دەرفەتــە هەیــە دۆخێکــی وەهایــش بێتـە نووسـین یـان بێتـە دەربڕیـن. بارانـی بەختـم، بارانـی خێـر و خۆشـی و هتـد. ئـەوە پرسـیاری وەرگێڕانـە، بـەڵام مـن پێموایـە ئـەو ئەزموونـە جۆراوجۆرانــەی کولتــوور، لــە لای پەخشــان و شــیعریش بەتــەواوی بابەتەکـە یـان دەربڕینەکـە ناگات، ئـەو جـۆرە تایبەتمەندیانـە لـە دەربڕیـن بەداخــەوە ناگــەن، یــان وەکــو هــەن بــە تــەواوی ناگــەن.

**سـیروان ڕەحیـم: شـێرکۆ و یادەوەریـی نەتەوەکـەی، چارەنـووس و نەهاتـی و کارەسـاتەکان.. تـۆ چـی دەڵێـی سـەبارەت بـە چارەنووسـی گەلـی کـورد؟**

- ئـەوەی بـەردەوام مـن دەجووڵێنـێ و سەرسـامم دەکات، توانـای مانـەوە و ئـەو هێـزە پتەوەیـە لـەلای کـورد. هۆمـۆر و نوکتەسـازی، ئـەو پتەوبوونـەی وا دەکات رووەکێـک لەسـەر تاشـەبەردێک دەڕوێت و پێـوەی دەنووسـێت. بـێ ئـاوی، مەترسـی و هەمـوو ئاسـتەنگەکانی دیکە، رووەکەکـە لەناونابـات، بـەردەوام دەژی و دەژێتـەوە. بێگومـان لێـرەدا شـانازی بەخۆکـردن، شـانازییەکی مافـدار هەیـە، کـە کـورد یەکێـک لـە دێرینتریـن گەلەکانـی دنیـای کولتـوورە. مـن پسـپۆڕی ئـەو بـوارە نیـم، بـەڵام گـەر هەڵـە نەبـم، یەکێـک لـە دێرینتریـن دەقەکانـی نووسـین و کولتـوور لـەو ناوچەیـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، ئێمـە هـەر هەمـوو لـە سـەرەتادا بوویـن و شـتی بچووکمـان دەگـوت، کەچـی لـەوێ داسـتانی گەورەیـان دەگێڕایـەوە و لێیشـی حاڵـی دەبـوون. ئـەوە بـەردەوام بووە و هەمیشـەیش گەشـەی کـردووە. مـن حاڵـی دەبـم، چونکـە سویسـرایش لـە هەندێـک رووەوە هاوشـێوەیە، گەلێکـی چیاییـە. گەلانـی چیایـی شـتی هاوبەشـیان هەیـە، لـە سـەوزایی سـەر تاشـەبەردەکان دەچـن، هـەر کاتێـک بـوار رەخسـا دووبـارە سـەوز دەبنـەوە. پاشـان پرسـیارەکان بـە سـانایی چیرۆکـی وەهـا دەدۆزنـەوە، یـان گەلێکـی وەهـا قسـەکەرێک دەدۆزێتـەوە بـۆ خـۆی، یـان سـترانبێژێک دەئافرێنێـت، بەختـەوەرە ئـەو گەلـەی سـترانبێژێکی وەکـو شـێرکۆ بـۆ خـۆی دەدۆزێتـەوە، لەبەرئـەوەی دنیایـەک رووداو نەمـر دەکات و دەیهێڵێتـەوە. مـن لەبیرمـە کاتێـک شـێرکۆ بێکـەس سـەردانی ئێمـەی کـرد لـە وەشـانخانەکەمان. [ئامـاژە دەکات بـۆ کەنەفەیـەک] لەسـەر ئـەو کورسـییە دانیشـت، بـە جەسـتە مرۆڤێکـی بچـووک، بـەڵام دەتبینـی هەمـوو شـتەکان لـەو مرۆڤـەدا، لـە ناویـدا دەگەشـێنەوە. ئـەوەی ئێمـە لـە رسـتەیەکیدا دەیخوێنینـەوە، هەمـوو لـەودا، دەتتوانـی لـە خۆیـدا ببینـی. هەڵچوونێکـی باوەڕپێنەکراو

لـە ھەناویـدا ھەبـوو. ئامادەبوونـی وی بـۆ گـۆڕانیگـوتـن، یان بـۆ گـێڕانەوە، یاخـود ئـەو تەقینـەوە و لەبەرڕژانـەی وشـە لـە نـاو ئـەو مرۆڤـەدا، چـۆن دروسـتببوو، مـن ھەسـتم بـەو شـتانە دەکـرد. ئـەو وەکـو مرۆڤیـش ھـەر ھەمـان شـت بـوو، تەقینـەوەی تێدابـوو. لـە نـاکاو زۆر گـەورە دەبـوو، بەھێـز و ھەروەھـا پڕدەنـگ. کاتێکیـش بێدەنـگ دەبـوو، ھێمـن دەبـووەوە، کـپ و خاکـەڕا، ئینجـا جگـەرە لەسـەر جگـەرەی دەکێشـا، وەکـو ئـەوەی ھەمـوو ھەسـتەکان و سـۆزەکان ھەڵمژێـت و پاشـان بیداتـەوە بـە ئێمـە، بـە مرۆڤـەکان.

**لـە کۆتاییـدا لوسـیەن لایتـس شـیعرێکی شـێرکۆ بـە زمانـی ئەڵمانـی دەخوێنێتـەوە بـۆ مـن و سـەبارەت بـەو شـیعرەیش دەڵێـت:**

لێـرە کەتەلۆگـی ساڵانی وەشـانخانە و بنکـەی چـاپ یەکجـار گرنگـە. ئێمە لەسـەر رووی پێشـەوەی کەتەلۆگـی سـاڵی 2020ی وەشـانخانەکەمان شـیعرێکی شـێرکۆمان دانـاوە، لەبەرئـەوەی دەمانەوێـت دەقـەکان بـە خوێنەرەکانمـان ئاشـنا بکەیـن. ئێمـە ویسـتمان شـێرکۆ بێکـەس لـە خوێنـەری خۆمـان نزیـک بکەینـەوە. بـەڵام ھـاوکات مەبەستیشـمان بـوو لـە روانگـەی دانانـی ئـەم شـیعرەوە ئەوەیـش پێشـان بدەیـن کـە 45 سـاڵە لـەم رێگەیـەدا و لـەم کارەدا چ شـتێک بزوێنـەری بەردەوامیـی ئێمەیـە؛ ئاخـر تەمەنـی کاری وەشـانخانەکەمان بـوو بـە 45 سـاڵ. ئـەو شـیعرەی شـێرکۆ کـە لەسـەر بەرگـی کەتەلۆگەکەمـان چاپمان کـردووە، نـاوی لافـاوە [1].

1 - کۆمەڵە شیعری کازیوە، شیعری لافاو:

لافاو بە ماسیگری وت:<br>
ھۆی تووڕەبوونی لێشاوم<br>
گەلێک زۆرە<br>
بەڵام ھۆی ھەرە گەورەیان<br>
لەبەر سەربەستیی ماسییە و<br>
دژی تۆڕە!

لەوێ مەمرە.. جانی جانان!
لەوێ مەمرە!
نە (با)ی ئەوێ تۆ ئەناسێ و
نە مەلێکی و
نە ئاوی ئەوێش ئەزانێ
تۆ لەکام بەفری شاخانی!
لەوێ مەمرە
جانی جانان!
کێ نایزانێ
گڵی ئەوێ عەشق بڕە و، مەیل بڕە و
هەر بیرچوونەوەی تیا ئەڕوێ
کێ نایزانێ!
تۆ تەنیاییت
بەشێوە بێ یا بەڕەگ و
یان بەگەڵا و یان بە لاسك
هەر لەدرەختی شەوانی
ئێرە ئەچێ...
تۆ تەنیاییت
لە پایزە هەژارەکەی سلێمانی و
تۆ تەنیاییت هەر لەتەنیایی خوای ئێرە و
لە کۆترە شینکەی کەسیرەی
بەر پڕوشەی ئێواران و
لە ئەرخەوانی بێ خەوی
سەیوان ئەچێ!
لەوێ مەمرە و
نە غەریبی غەریبتر و
نە تەنیایی تەنیاتر و
نە بێکەسم بێکەسترکە!
لەوێ مەمرە
جانی جانان
لەوێ مەمرە..

شێرکۆ بێکەس

# فاتیمە بن مەحموود، نووسەر و شاعیری توونسی لەبارەی شێرکۆ بێکەس

■ شێرکۆ بێکەس نوێنەرایەتی فێرگەیەکی گرنگی شیعری دەکات، نەک هەر لە رووبەری ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لە رووبەری ئەدەبی عەرەبی و جیهانیشدا.

■ پێموایە شێرکۆ بێکەس لەنێو شاعیرە گەورەکاندایە، ئەوانەی مرۆڤایەتی بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤبوون بەرهەمی هێناون.

■ ناتوانین لە کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال تێبگەین ئەگەر شیعری شێرکۆ بێکەس نەخوێنینەوە.

■ کاتی دەوێت تاوەکو خوێنەران و رەخنەگران گەورەیی ئەم شاعیرە، قووڵیی داهێنەرانەی، تایبەتمەندیی جوانی ئەو لە گوزارشتکردن لە خۆی و لە ناسنامەکەی تێبگەن.

■ بوونی شێرکۆ بێکەس ئاماژەیەکە بۆ ئاوەزی داهێنەرانە لەنێو میللەتی کورددا.

خەڵکـی توونسـە و هـەر لەوێـش دەژی، بـەڵام دووربوونـی لـە کوردسـتان نەیتوانیـوە لـە کـورد و ئەدەبیاتـی کـوردی دایبـڕێ. ناسـینی شـیعری شـێرکۆ بێکـەس و سەرسـامبوونی خـۆی و هـاوڕێ شـاعیرەکانی بـەو ئەزموونـە جێـی سـەرنج و تێڕامانـە. ناسـینی شـێرکۆ و شـیعری وی یەکجـار کاریگەرییـان لەسـەری زۆرە. کاتێـک لەبـارەی شـێرکۆ بێکـەس دەدوێـت، بـەردەوام بـە شـێرکۆی گـەورە یـان مـەزن نـاوی دەهێنێـت.

فاتیمـە بـن مەحمـوود، شـاعیر و نووسـەری توونسـی، یەکێکـە لـەو پۆلـە شـاعیرەی وەڵاتەکـە، ئەوانـەی بـە خۆیـان دەڵێـن نـەوەی نەوەتـەکان. ئـەوان وێڵـی دوای شـێوازێکی نووسـین بـوون، وێڵـی دوای شـیعرێک روونتـر قسـە لەسـەر سرووشـت و مـرۆڤ بـکات.

نووسـەر و شـاعیری توونسـی خاتـوو فاتیمـە بـن مەحمـوود، لـەم هەڤپەیڤینـەدا لەبـارەی شـێرکۆ بێکـەس، ناسـینی ئـەو شـاعیرە و کاریگەریـی ئەدەبیاتەکـەی لەسـەر خـۆی و هاوڕێکانـی، قسـە دەکات:

لـە نەوەتەکانـی سـەتەی رابـردوودا، ئێمـە وێڵـی دوای جۆرێکـی دیکـە بوویـن لـە نووسـین و لـە شـێوازی شـیعر. لـەو رێگەیـەوە گەیشـتین بـە شـێرکۆ بێکـەس، مەبەسـتم بـە ئەدەبیـات و بـە شـیعری وی. گەیشـتین بـەو شـاعیرە و هەڵوێسـتەمان لەسـەر کـرد، بـۆ؟ چونکـە لـە کـن ئـەم شـاعیرە گەورەیـە رووحێکـی دیکـە و بۆنێکـی دیکەمـان دۆزییـەوە، چێژێکـی تـەواو جیاوازمـان کـرد، هەمـوو ئەمانەیـش لـە کولتوورێکـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە کـە تـەواو جیـاوازە لـە کولتـووری ئێمـە. لـە سـۆنگەی داپۆشـین و شـاردنەوەی راگەیاندنـدا، شـتێکی ئەوتۆمـان سـەبارەت بـە نیشـتمان و کولتـووری شـێرکۆ نەدەزانـی، هیـچ شـتێکمان دەربـارەی کوردسـتان و رووداوەکانـی ئەو نیشـتمانە نەدەزانی، بەشـێکی گـەورەی هۆکارەکەیـش ئـەو شـاردنەوە یـان ئـەو فەرامۆشـکردنە بـوو کـە نەیدەهێشـت شـیعری ئـەم شـاعیرە گەورەیـە لەنـاو ئێمـەدا

دەستاودەست بکات و لەو ڕێگەیەوە هەست بە خۆشحاڵی بکەین، خۆشحاڵی بەرانبەر بە شاعیرێکی داهێنەر کە دەستڕەنگینانە مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکات.

لە شیعری شێرکۆدا بۆمان دەرکەوت ئەو شتانەی ئێمە و کولتووری کوردی کۆدەکەنەوە زۆرن، زۆرن و لە وردەکارییەکانی ژیاندا، لە کۆمەڵێک خاڵ و شوێندا لەیەک دەچین. ئەم شاعیرە شتگەلی گرنگ بە جۆرێکی دیکە و جیاواز بە ئێمە دەڵێت. بۆمان ئاشکرا بوو ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ئێمە و کولتووری کوردیدا هەیە، هۆکارن بۆئەوەی بە پەرۆشەوە بەرەو رووی ئەو کولتوورە بچین و ئاشنای ببین. بۆیە دۆزینەوەی ئەم شاعیرە مەزنە وای کرد ئێمە هەست بە چێژێکی یەکجار گەورە بکەین.

لەبەرئەوەی من خۆم هەمیشە لایەنگری چەوساوان و ستەملێکراوانم، لە وێستگەیەکی دیکەدا، توانیم لە گەڕان و سۆراخی خۆمدا بگەم بە شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس. گەڕانی من لە بۆتەی گەڕانی ئەودا بوو بۆ ناسنامەی خۆی و میللەتەکەی لە ناو هەوڵی ستەم و سڕینەوەدا. ئەو رووحەی لە نێو ئابڵووقەدا دەیەوێت خۆی راپسکێنێ و ئازاد بێت، بۆیە زۆر چێژم لە ناسینی دنیای ئەم شاعیرە گەورەیە بینی. پاش ئەوە لە ڕێگەی دوو بەرنامەی رادیۆییەوە کە لەبارەی شێرکۆ بێکەس سازمانکرد، باسمان لەم شاعیرە گەورەیە کرد و ئاماژەمان بە شیعر و بە ئەزموونی ئەو کرد. لەو دوو بەرنامەیەدا باسم لە پاشخانی ئەو شاعیرە کرد، هەروەها ئەو شتانەی باندۆریان لەسەری هەبووە. ئاشنابوون بە کولتووری وی، ناساندنی شێوازی نووسینی شیعری، هەروەها نموونەی شیعری ئەو شاعیرەم پێشکەش بە خوێنەری توونسی کرد. خۆشحاڵانە ئەم دوو بەرنامەیە لە لایەن وەرگری توونسییەوە، هەردوو جۆری وەرگر، هەم رۆشنبیر و هەم وەرگری گشتی، یەکجار باش بوو،

زۆر بـاش پێشـوازی لێکـرا. هەمـوو ئـەو نووسـینانە پاشـان لـە گۆڤـاری رادیـۆی نیشـتمانیی توونسیشـدا بڵاوکرانـەوە. لەوێـدا زانیـم ئـەوە جـاری یەکەمـە لـە رادیـۆی نیشـتمانیی توونـس شـیعری کـوردی بخوێندرێتـەوە. هەروەهـا جـاری یەکەمـە ئـاورٍ لـە شـاعیرێکی لـەو جـۆرە، شـاعیرێکی گـەورەی وەکـو شـێرکۆ بێکـەس بدرێتـەوە. مـن شـانازی ئـەوەم هەیـە ئـەو دەستپێشـخەرییە لـە منـەوە بـوو.

لـە قۆناخێکـی دیکـەدا شانسـی ئـەوەم هەبـوو سـەردانی کوردسـتان بکـەم، بانگهێشـتکرام بـۆ فێسـتیڤاڵی ئەدەبیـی گەلاوێـژ، لـە نزیکـەوە دەرفەتـی ئـەوەم بـۆ رەخسـا گەلـی کـورد بناسـم، گەلێـک کـە لـە شـیعرەکانی شـێرکۆدا زۆر باسـکراوە و منیـش هـەر لەوێـوە ئاشـنای ئەو گەلـە ببـووم. لـە رێگـەی ئـەو شـیعرانەوە بـۆم دەرکـەوت ئـەم گەلـە لـە کولتـووردا دەوڵەمەنـد، لێبـووردە و میهرەبانـن، وابەسـتەی ناسـنامەی خۆیانـن، دیـارە هەمـوو ئـەو شـتانەم لـە سـەردانەکەمدا لـە کوردسـتان بـە کـردەوە بینـی. سـەردانی مەزاری ئـەو شـاعیرە گەورەیەمان لـە پارکی ئازادیـی شـاری سـلێمانی کـرد، سـاتێک بـوو هەژێنـەر و لەبیرنەکـراو. لـەو سـەردانەمدا، لـە سـۆنگەی پێشـوازیی گـەرم و ئـەو هەمـوو رێزگرتنـەدا دەمەوێـت سوپاسـی یەکـە یەکەیـان بکـەم، بەتایبەتـی رۆشـنبیر و نووسـەر د.نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد و کەناڵـی تەلەڤزیۆنـی رووداو.

**پرسـیار: بابەتـی شـێرکۆ بێکـەس و ناسـنامە، هەڵبەتـە لـە رێگـەی شـیعرەوە و بـە زمانـی بـاڵای شـیعر، چـۆن ئـەو بابەتـە بـە ئێـوە گەیشـتووە؟ دەتوانـن سـەبارەت بـەو دۆخـە چ بڵێـن؟ دۆخێـک تێیـدا نـەک شـیعری شـێرکۆ، بەڵکـو ناسـنامەی نەتـەوە و نیشتمانەکەیشـی رووبـەڕوون لەگـەڵ مەترسـی و ئاڵنگاریـی گـەورە.**

**فاتیمـە بـن مەحمـوود:** پێمـوایە تـۆ لـەلای شـێرکۆ بێکـەس لەبـەردەم فێرگەیەکـی شـیعریدای. کـێ ئـەو شـاعیرە بخوێنێتـەوە هەسـت بـەوە

دەکات. بـۆ؟ چونکـە ئـەو خەرمانێـک لـە شـیعری گرنگـی نووسـیوە، شـیعرگەلێک بریتیـن لـە دەوڵەمەندکردنـی دیمەنـی ئەدەبـی کـوردی و هەروەهـا خستنەسەریشـە بـۆ دیمەنـی ئەدەبیـی عەرەبـی و جیهانـی. بـۆ ئـەوەی ئەمـە روونبکەمـەوە دەڵێـم؛ کاتێـک سـەمیر ئەمیـن کتێبـە گـەورە و گرنگەکـەی خـۆی نووسـی "ئیمپراتۆریـای ئـاژاوە"، تیشـکی زۆری خسـتبووە سـەر ناسـنامە، پرسـیاری ئـەوەی کـردووە، چـۆن ناسـنامە دەپارێزیـن بـۆ ئـەوەی ون نەبێـت و لەناونەچێـت؟

سـەمیر ئەمیـن لـەو کتێبـەدا ئامـاژە بـە کۆمەڵێـک هـۆکار دەکات تاکـو ناسـنامە بتوانێـت خـۆی بپارێزێـت و بمێنێتـەوە. هـۆکارەکان هەندێـک سـتوونی وەکـو رۆشـنبیران، داهێنـەران، شـاعیرانن، سـەمیر ئەمیـن نـاوی ئەمانـەی نـاوە "ئـاوەزی داهێنـەر"، کاتێـک بـەر ئـەم چەمکـە دەکەویـن، دەبینیـن لـە کولتـووری کوردیـدا شـێرکۆ بێکەسـی گـەورە شـاعیر بـە شـێوەیەکی تـەواو و رێـک نوێنەرایەتـی ئـەم چەمکـە دەکات، مـن شـێرکۆ بێکـەس وەکـو یەکێـک لـە ئێشـکگرانی ناسـنامەی کـوردی دەژمێـرم. یەکێکـە لـەو پەیامهێنانـەی کولتـووری کـوردی بەوانـی دیکـە دەگەیەنێـت. لـە بەرهەمـی شـیعریی خۆیـدا شـێرکۆ بێکـەس زۆر ئامـاژە بـە خەسـڵەتەکانی کوردبـوون دەکات، ئەویـش لـە رێگـەی شـتە هـەرە وردەکانـەوە. کاتێـک دەگەڕێتـەوە بـۆ منداڵیـی خـۆی، دەمێـک سـروودەکان و نەریتـەکان بەسـەر دەکاتـەوە، تەدارەکـە شـاد و تاسـەبارەکان، ئەفسـانەکان، چیرۆکـی گەلێـری، لـە داسـتانەکاندا، لـە هەمـوو ئـەو شـتانەدا ئـەو شـاعیرە بـاس لـە ناسـنامەی کوردبـوون دەکات و هـەوڵ دەدات لـە رێگـەی شـیعرەوە باسـی بـکات، لەڕێی وێنەی جـوان و جیـاوازی شـیعرئامێزەوە، هەروەهـا لەڕێـی زمانێکـی نوێـی خـۆزا و خۆکـردەوە. ئـەو دیارتریـن کەسـێکە نوێنەرایەتـی ناسـنامەی کوردبوون بـکات، لـە ئاسـتی شیعرسـازیدا. واوەتـر بچـم، شـێرکۆ بێکـەس لـە دوو ئاسـتتدا بـاس لـە ناسـنامە دەکات؛

ئاستێک باس لە ناسنامەی کوردبوون دەکات و لە ئاستی دووەمدا باس لە ناسنامەی خۆی، باس لە ناسنامەی کەسیی خۆی دەکات. وەک شاعیرێک کاتێک باس لە ئازارەکانی خۆی دەکات، باس لە خەونەکانی خۆی دەکات، باس لە پارچەپارچەبوونی خۆی، باس لە برک و ژانی خۆی، هەمووو ئەمانە باسکردن و ئاماژەپێکردنە هەم لە پەیوەندی لەگەڵ خۆی و هەم وابەستە بە ناسنامەی کوردبوونەوە. شێرکۆ بێکەس ئەم دوو ئاستەی لە باسکردنی ناسنامەدا شیاو کۆکردووەتەوە، کاتێک باس لە خۆی و باس لە برینەکانی، خەون و ئازارەکانی گەلەکەی دەکات. هەوڵی داوە لەڕێی شێوازی جۆراوجۆرەوە باس لەم مژارانە بکات لە نووسینی شیعردا. بۆیە گوتم؛ شێرکۆ بێکەس نوێنەرایەتی فێرگەیەکی گرنگی شیعری دەکات، نەک هەر لە رووبەری ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لە رووبەری ئەدەبی عەرەبی و جیهانیشدا. شێرکۆ نوێنەرایەتی بەهرەیەکی دەرکەوتوو دەکات، نوێنەرایەتی بلیمەتبوونێکی شیعریی تایبەتمەند دەکات، دەبێت باسی بکەین، وەکو چۆن باس لە شاعیرانی گەورەی وەکو؛ ئەدۆنیس، مەحموود دەروێش، سەییاب، سەعدی یوسف، ئەبولقاسم ئەلشابی یان ئەمەل دنقل دەکەین، بەهەمان قووڵایی، بەهەمان گرنگیپێدان، بەهەمان دەربەستبوونەوە و بە هەمان خۆشەویستی و بەهەمان راچڵەکانەوە، دەبێت باس لەم شاعیرە گەورەیە بکەین، شاعیرێک پێماندەڵێت وەرگێڕان و گوێگرتن لەوانی دی دەبن بە پردی پەیوەندیی نێوان گەلان، وەرگێڕانیش ئەوە دەستەبەر دەکات و تێماندەگەیەنێت کە شاعیر دەنگی میللەتەکەیەتی، ویژدانی گەلەکەیەتی، پارێزەری ناسنامەکەی و قسەکەری ئەو گەلەیە. پێموایە شێرکۆ بێکەس لە کردەوەدا لەنێو شاعیرە گەورەکاندایە، ئەوانەی مرۆڤایەتی بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤبوون بەرهەمیهێناون.

**پرسیار: ئایا وەرگێڕانی بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس بوون بە هۆکارێک تاکو پەیوەندییەک لەگەڵ ئەدەبی عەرەبی بەگشتی و**

**خوێنـەردا بـە تایبەتـی دروسـت ببێـت؟ لـە بابەتـی پەیوەندیـی شـێرکۆ بێکـەس بـە شـیعر نوێـی عەرەبییـەوە، دەتوانـن چـی بڵێـن؟**

**فاتیمـە بـن مەحمـوود:** پێموایـە شـێرکۆ بێکـەس لـە نیشـتمانی خۆیـدا بەخشـین و خستنەسـەری خـۆی هەیـە وەکـو شـاعیرێک، شوێندەسـتی داهێنەرانـەی لـە رووبـەری شـیعری کوردیـدا دیـارە. ئەمـە بـە دڵنیاییـەوە کاریگەریـی دەبێـت لەسـەر شـیعری عەرەبـی و هەروەهـا شـیعری جیهانـی، بـۆ؟ چونکـە پەیوەنـدی لـە نێـوان شـیعری کـوردی، عەرەبـی و جیهانیـدا، لـە بنەڕەتـدا پەیوەندییەکـە ناوکۆیـی و کارلێککـەر، چەنـد بابەتێکـن لـە نـاوەوە کارلێـک دەکـەن، بابەتەکـە پەیوەنـدی کاریگـەری و کارلێکردنـە. ناتوانیـن بڵێیـن بەهـای شـیعرێک کەمتـرە یـان گرنگتـرە، شـیعرێک کەمتـر یـان زۆرتـر کاریگـەرە، نـا ناتوانیـن ئەمـە بڵێیـن. تاکـو ئـەو شـوێنەی کاریگـەری هەبێـت، هەسـتەکان لێکـدەدەن، لـە رێگـەی لێکدانـەوە شـتی هاوبـەش و بەرهەمـی هاوبـەش پەیدادەبـن.

شـێرکۆ بێکـەس لـەو بـوارەدا بەشـداری و هـاوکاری هەیـە، لـە بـواری پرسـیارەکانی شـیعری هاوچەرخـی عەرەبیـدا، لـە بەرانبـەر پرسـیاری ناسـنامەدا پشـکی هەیـە، لـە شـیعرەکانی ویـدا رووبـەڕوو دەبینـەوە لەگـەڵ رێژنـەی پرسـیاری خـود و هەروەهـا پرسـیار سـەبارەت بـە ناسـنامە. کەسـی برینـدار، کەسـی سـتەملێکراو، کەسـێک دەتلێتـەوە و لـە سـۆراخدایە چ شـتێک کەسـییە و چ شـتێک بابەتییـە، یـان کۆمەڵایەتـی. بۆیـە شـێرکۆ لـە شـیعرەکانیدا وەڵامـی پرسـیار سـەبارەت بـە خـود دەداتـەوە و هەروەهـا بەرسـڤی ناسـنامە دەداتـەوە، بەرسـڤ لـە کاتێکـدا بەرگـری لـە ناسـنامەی کوردبـوون دەکات. ئـەو بـاس لـەو رووداوانـە دەکات کـە بەسـەر کولتـوور و نیشـتمانی کـورددا هاتـوون. لەوێـدا وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوە:

ئێمە کێین؟ بۆچی هەموو ئەم شتانەمان بەسەر هات؟

ئـەو وەڵامـی تایبەتـی خـۆی هەیـە بـۆ پرسـیارێک کـە شـیعری هاوچەرخـی عەرەبییـش ئاراسـتەی کـردووە، مەبەسـتم پرسـیاری خـود و پرسـیاری ناسـنامەیە. لـە بونیـادی شـیعردا ئـەو باسـی لـەم بابەتانـە کـردووە. شـیعری هاوچەرخـی عەرەبـی ئیتـر زمانێکـی سـادەی هەیـە، زمانێکـی روون، بـەڵام نـەک راسـتەوخۆ، بەڵکـو زمانێکـی قـووڵ. زمانێک لـە رێگەی وێنـەوە وێڵـی دوای جوانییەکانـی خۆیەتـی. شـیعر بـە پلـەی یەکـەم پشـت بـە وێنـە دەبەسـتێ، پێموایـە شـێرکۆ بێکـەس، لـە باشـترین شـاعیرانی جیهانـە کـە وێنـەی شـیعریی داهێنەرانـەی نووسـیوە. ئـەو شـیعری بچووکـی نووسـیوە بـە چەنـد وشـەیەک، بـەڵام بـە وێنـەی دەوڵەمەنـد و واتـای گـەورەوە. لـەو بـوارەدا کاری نایابـی هەیـە. قەسـیدەی داسـتانی و دەقـی واڵاشـی نووسـیوە بـە شـێوازێکی یەکجـار وەسـتایانە. وەکـو نموونـە دەقـی واڵای کورسـی. لـە رێگـەی نووسـینی هەمـوو ئـەو بەرهەمانـەوە شـێرکۆ پرسـیاری نـوێ، یـان بـە شـێوازی نـوێ و تایبەتـی خـۆی، پرسـیاری سـەبارەت بـە خـود و ناسـنامە کـردووە، بۆیـە گوزارشـت لـە ناسـنامەیەکی کوردیـی تـەواو و روون دەکات. ئـەو بـە شـێوازی داهێنەرانـەی خـۆی دەنگـی چەوسـاندنەوە و پارچەپارچەبوون بەرجەسـتە دەکات، ئێمـە ناتوانیـن لـە کارەسـاتی هەڵەبجـە و ئەنفـال تێبگەیـن ئەگەر شـیعری شـێرکۆ بێکـەس نەخوێنینـەوە.

مارکیـز گوتەنـی؛ "رێگـەی بـەرەو ماڵەکـەم رێگـەی بـەرەو جیهانیبوونـە"، ئەمـە رێـک بەسـەر شـێرکۆ بێکەسـدا دەچەسـپێت. رێگـەی شـێرکۆ بەرەو ناسـنامەی خـۆی، بـە شـێوازە تایبەتەکـەی خـۆی، رێگـەی ئـەو شـاعیرەیە بـەرەو جیهانیبـوون. کاتـی دەوێـت تاوەکـو خوێنـەران و رەخنەگـران گەورەیـی ئـەم شـاعیرە، قووڵبوونـی داهێنەرانـەی، تایبەتمەندیـی جوانـی ئـەو لـە گوزارشـتکردن لـە خـۆی و لـە ناسـنامەکەی تێبگـەن. لێرەیشـەوە لـەو نرخـە حاڵـی دەبیـن، لـەو نرخـەی لەنێـو شـیعرەکانیدا نرخێکـی ئینسـانییە.

**پرسـیار: ئایـا وەرگێـڕان هەمـوو وردەکارییەکانـی ئـەو شـیعرانەی شـێرکۆ بێکەسـی گەیانـدووە؟ لـە روانگـەی وەرگرتنـەوە بـە زمانـی عەرەبـی، سـەبارەت بـە تایبەتمەندیـی شـیعری شـێرکۆ بێکـەس، ئێـوە دەتوانـن چـی بڵێـن؟**

**فاتیمـە بـن مەحمـوود:** شـێرکۆ بێکـەس، تایبەتمەنـدە لـە تیشکخسـتنە سـەر شـتە وردەکان. بـە گەڕانـەوە بـۆ ژیانـی منداڵیـی خـۆی، بـە چوونـەوە بـۆ لای دایکـی و بـە گەڕانـەوە بـۆ لای سـەرهاتەکانی دیکـە شـتی یەکجـار نایـاب دەتوانێـت بئافرێنـێ. تـۆ تەماشـا بکـە، وێنەیەکـی ورد و زۆر کاریگـەری هەیـە، کاتێـک دایکـی گاز لـە دەسـتی دەگرێـت و بـەو گازگرتنـە کاتژمێـری بـۆ دەکات. لەوێـوە دەبێـت بـە خاوەنـی کاتژمێـر. چ وێنەیەکـی کاریگـەرە. چونکـە دایکـی ناتوانێـت کاتژمێـری بـۆ بکڕێـت، بۆیـە ئـەو یارییـەی لەگـەڵ دەکات. بەرانبـەر بـەو شـتە وردانەیـش، ئـەو شـاعیری دۆزە گەورەکانـە. ئـەو کاتێـک داوای ئـازادی بـۆ گەلەکـەی دەکات، هـاوکات و لـەو داوایـەدا، داوای ئـازادی بـۆ هەمـوو گەلانـی جیهـان دەکات. کاتێـک ئـەو لایەنگـری چەوسـاوەیە، لایەنگرییەکـەی شـتێکە رەهـا و بـۆ هەمـوو چەوسـاوەیەکە. ئـەو لـە قۆناخێکـدا دەچێتـە نێـو بزاڤـی بەرگـری و بەرخـوەدانـەوە، بـەڵام شـیعر و وشـە چەکـی ئـەون، ئـەو لـە چوارچێـوەی ئایدیۆلۆژیایەکـدا بـاس لـە نیشـتمان نـاکات، نەخێـر وەکـو خۆیشـی دەیگـوت؛ شـیعر ناتوانـێ لەژێـر رەشـماڵی ئایدیۆلۆژیـا و سیاسـەتدا بـژی. بـە تێگەیشـتنی وی شـیعر خـۆی لـە هەمـوو کـۆت و بەندێـك رزگار دەکات و وابەسـتەی هەمـوو شـتێک دەبێـت کـە مرۆڤانـە بێـت. بۆیـە ئـەو شـاعیری شـتە وردەکانـی ژیـان و هـاوکات شـاعیری دۆزە گەورەکانـی ژیانـە بـە رەهایـی.

شـێرکۆ بێکـەس لـە هـەردوو ئاسـتی کوردبـوون و گەردوونیـدا کاری کـردووە، هـەم ئـازاری گەلەکـەی خـۆی، هـەم مـرۆڤ بەگشـتی بەسـەر دەکاتـەوە. ئـەو شـاعیرێکی گەردوونییـە، بـە رەهەنـدە جـوان و نرخـە

ئینسـانییەکانییەوە. ئـەو لـە نێـوان ئـەم دوو تایبەتمەندییـەدا دەهـات و دەچـوو؛ پرسـی تایبەتـی خـۆی و پرسـە گەردوونییـەکان. بۆیـە خـۆی لـە خۆیـدا فێرگەیەکـی شـیعرییە. فێرگەیـەک بـۆ هەمـوو شـتێک کـە نرخێکـی هەبێـت و جـوان بێـت، هاوکاتیـش داهێنەرانـە و مرۆڤانـە بێـت. ئـەو دەیگـوت و پێیوابـوو؛ "شـیعر تەنیا ئـەو دەمـە دەتوانێـت شـیعر بێت کـە رەهەندێکـی مرۆڤانـەی هەبێـت". هەمـوو ئـەو شـتانە وایانکـردووە شـێرکۆ بێکـەس ببێـت بـە شـاعیرێکی گـەورە و شـاعیرێکی جیهانـی. ئـەو حاڵەتێکـی شـیعری گرنـگ و کاریگـەرە. دەنگـی میللەتەکـەی خۆیەتـی بـۆ ئـازادی و دروشـمی ئازادیـی نیشـتمانێکە. بوونـی شـێرکۆ بێکـەس ئاماژەیەکـە بـۆ ئـاوەزی داهێنەرانـە لەنـاو میللەتـی کـورددا. زۆر کـەس بێئـاگا بـوون لـەو کارەساتانەی بەسـەر گەلـی کـورد هاتـوون، بـەڵام لـە رێگـەی شـیعر و وشـەی شـێرکۆ بێکەسـەوە ئاگاداربوونـەوە.

# شەفیقە خان[1].. هاوژینی فایەق بێکەس و دایکی شێرکۆ بێکەس

- **شێرکۆ شێوەی خوێندنەوەی شیعری زۆر چووەتەوە سەر باوکی**
- **بە شێرکۆم گوت: من مێردم شاعیر بوو شیعرێکی بۆ من نەنووسی، کوڕم شاعیرە و شیعرێکی بۆ نەنووسیم**

هەرچەندە ئەو لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەژیا، بەڵام کاتێک سەردانی ستۆکهۆڵمی کرد، هەلێکی باش بوو بیبینم، هاوینی ساڵی 2005 لە شاری ستۆکهۆڵم بینیم. پێشتر ناوی وی، بەسەرهاتی، قسەخۆشەکانی، توانای ئاخافتن و دەمودووی شیرینی ئەو دایکەم لە شێرکۆ بێکەسەوە بیستبوو، زۆریشم بیستبوو، بەڵام هەندێک لەو پەسن و پێناسانەم دەگێڕایەوە بۆ خۆشەویستیی

1 - ناوی تەواوی؛ شەفیقە سەعیدی وەستا حەسەنە. لە تەمەنی 99 ساڵیدا لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد و لەوێیش، لە هەرێمی ڤێرجینیا، بەخاک سپێردرا.

گەورەی نێوان ئەو دایک و کوڕە، خۆشەویستییەک شێرکۆ بە زمانە ئەفسووناوییەکەی خۆی باسی دەکرد. کاتێک شەفیقە خانم بینی و لە نزیکەوە قسەمان کرد، لە دڵی خۆمدا گوتم؛ بەڕاستی کاک شێرکۆ تەواو و رێک باسی ئەو دایکەی کردووە. دایکێک پڕ بوو لە ژیان و لە خۆشەویستی، دایکێک تژە بوو لە بزەی شیرین و تیرێژی میهرەبانی. ئەو دەمەی من ناسیم، تەمەنی لە نێوان 85 ـ 86 ساڵیدا بوو، بەڵام یادەوەری، قسەی رێکوپێکی، توانج و پلار پێکانی تەواوی، تەماشاکردن و هەستی لە گوێرەی تەمەنیدا نەبوون. خودای من ئەم ژنانەی نیشتمانی ئێمە گەر خوێندەوار بان چییان بەرهەم دەهێنا و چۆن دەبوون. خودای من چ چارەنووسێکی تاڵە کاتێک خوێندن و نووسین، کاتێک توانای تێگەیشتن لە مرۆڤ قەدەخە بکرێت!

گوتم؛ شەفیقە خان من هاتوومە خزمەتت تاکو باسی مامۆستا بێکەسی هاوژین و شێرکۆی کوڕت بکەین، تۆ ئامادەیت؟ بە بزەی شیرینەوە گوتی؛ من ئامادەم و چاوەڕێی تۆم رۆڵە.

کەواتە با لە رۆڵی کوڕێک دەربچم بەرانبەر دایکی وەستابێت، با بەشێوەی خۆم پرسیار بکەم.

**سیروان رەحیم: حەزدەکەم بەر لەوەی باسی کاک شێرکۆ بکەین، باسێک لە رۆژانی سەرەتای ژیانی خۆت بکەین، چۆن و لە کوێ لەگەڵ مامۆستا فایەق بێکەس بەیەکدی ئاشنا بوون؟ بێگومان هاوسەرگیریی ئێوە بەپێی داوونەریتی ئەوکاتە بووە، بەڵام وا باشە خۆت بۆمانی باس بکەیت چۆن یەکدیتان ناسی و چۆن مامۆستا بێکەس هاتە داخوازیی تۆ؟**

**شەفیقە خان:** کاتی خۆی ئیبراهیم ئەحمەد خوشکێکی هەبوو بەناوی نەعیمە، من و نەعیمە بە منداڵی پێکەوە شیرمان خواردووە. ئەوسا شیر و شیرخواز هەبوو. بەهۆی ئەوەوە کاکە برایمم وەکو

برایەکـی خـۆم سـەیر دەکـرد. تێکـەڵ بوویـن و بـەردەوام هاتوچۆمـان هەبـوو، ئەوکاتـە ئیبراهیـم ئەحمـەد هێشـتا ژنـی نەهێنابـوو. جـا بەهـۆی ئـەو تێکەڵاوییـە و منیـش لـە ماڵـی باوکـم بـووم و کـچ بـووم، لەوکاتـەدا بێکـەس ژنەکـەی وەفاتـی کردبـوو، خەڵـک پێیدەڵێـن بێکـەس بـۆ ژنێـک ناهێنیـت؟ دەڵێـت؛ جـا کـێ شـوو بـە مـن دەکات؟ منێکـی قەڵـەوی ورگن؟ دەڵێـن جـا قەڵـەوی بۆچـی عەیبـە؟ تـۆ پیاوێکـی باشـیت و شـاعیرێکی گـەورە و کوردپـەروەری و هەمـوو ژنێـک حـەز دەکات شـوو بـە تـۆ بـکات. بێکـەس دەڵێـت؛ لەبـەر ئـەو هۆیانـە رەنگـە، بـەڵام ئەگـەر لەبـەر گەنجـی و جوانـی بێـت، مـن ئەوانـەم تێـدا نییـە. کاکـە ئیبراهیـم هـات بـۆ ماڵـی ئێمـە بـە دایکمـی گـوت. دایکیشـم وەکـو ژنـی قەدیمـی ئەوسـا، دەڵێـت؛ ئەیـەڕۆ فایـەق بێکـەس یانـی چـی؟ بێکـەس! لـە هەتیوخانـە هەڵگیراوەتـەوە؟ ئەویـش دەڵێـت؛ نـا ئـەوە ناسـناوە و مانـای ئەوەیـە نیشـتیمانەکەم بێکەسـە و میللەتەکـەم بێکەسـە، ئەگەرنـا کەسـی ئـەم وڵاتـە هەمـوو کەسـی ئـەون. ئیـدی دایکیشـم دەڵێـت؛ وەڵا ئیبراهیـم گیـان ئەگـەر کەسـێکی وەهایـە و تـۆ بـە باشـی دەزانیـت و پێتوایـە پیاوێکـی باشـە قەیـدی چییـە. منیـش هێشـتا نەمبینیـوە و نایناسـم. بێکـەس لەوکاتـەدا دوورخرابـووەوە بـۆ حیللـە.. گوتـی باشـە مـن جـارێ دەڕۆم سـەرەوگێرێکی ئەمـە دەکـەم ئەگـەر ئێـوە رازی بـن. لـەو رۆژانەدا ناهیـدەی شـێخ سـەلام هـات بـۆ لام، ئەویـش هـەر خوشـکی شـیریم بـوو. ناهیـدە گوتـی کچـێ دانیشـە شـوو بـە کـێ دەکەیـت! ناشـیرینە و ئەمـەی وایـە و ئـەوەی وایـە. منیـش گوتـم جـارێ بـا یەکتـر ببینیـن و قسـە بکەیـن. کاکـە برایـم چووبـوو بـە باوکـی شـێرکۆی گوتبـوو، ئەویش لـە حیللـە مۆڵەتێکـی وەرگرتبـوو هاتـەوە. کـە هاتـەوە سـلێمانی، هـات بـۆ ماڵمـان. ئەوکاتـە پیاوێکمـان لەلابـوو نـاوی شـێخ رەشـید بـوو یـادی بەخێـر، لـە دەرگا درا و شـێخ رەشـید چـوو دەرگای کـردەوە. گوتبـووی بچـۆ عـەرزی سـەبیحە خـان (دایکـی شـەفیقە خـان) بکـە بزانـە بـۆم هەیە بێمـە ژوورەوە؟ دایکیشـم گوتـی بڵـێ فەرمـوو. دەرگای دیوەخانیشـی

بـۆ بکـەرەوە بـا بچـێ دانیشـێت. چـوو دانیشـت و منیـش تـازە وا تەمەنـم حەڤـدە سـاڵ بـوو، بـەڵام کچێکـی گورجوگـۆڵ بـووم، قەلێکـی گـەورەم لەبەردەسـتدا بـوو لـە ژێرخانەکـە دانیشـتبووم پاکـم دەکـرد. ژێرخانەکـەش بەرامبـەر دەرگاکـە بـوو. منیـش کـە هاتـە ژوورەوە بـە چـاوی کڕیار لـە تەوقـی سـەرییەوە تاوەکـو کەڵەموسـتی پێـی تەماشـام کـرد. ئـەو سـەردەمەی ئێمـە، قـادری حاجـی مـەلا محێدیـن و نـووری شـێخ سـاڵح و ئەمانـە لـە جوانیـدا بەنێوبانـگ بـوون، بـەڵام بـاوەڕم پـێ بکـە چونکـە خـوا کردبـووی، وەکـو قـادری حاجـی مـەلا محێدیـن هاتـە بەرچـاوم. لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم ئـەوە ناهیـدەی شـێخ سـەلام شـێت بووبـوو هاتبـوو دەیگـوت ناشـیرینە؟ ئـەو پیـاوە عەیبـی چییـە؟ وەڵا کۆڵێ جوانـە. ئیـدی چـوو دانیشـت و گوێـم لێبـوو دەکۆکـی، منیـش چـووم هەنـدێ گیـام بـۆ کوڵانـد و خوشـکێکم هەبـوو نـاوی بەهـێ بـوو، دواتـر شـووی کـرد بـە حەمەڕەشـیدی مـەلا عەلـی، ئەوکاتـە منـداڵ بـوو، گوتـم وەرە بەهـێ ئـەوە ببـە بـۆ ئـەو میوانـە، بڵـێ ئـەوە باجـی بـۆی کوڵانـدووی دەڵـێ بـۆ کۆخەکـەی باشـە بـا بیخواتـەوە. گوتبـووی ئـاااا باجیـت ئەوەنـدە بـە ماریفەتـە! یاخـوا دەسـتەکانی خـۆش بێـت، بـەڵام مـادام ئەمـەی بـۆ کوڵانـدووم بـا بێـت خۆیشـی ببینـم. دایکـم هـات گوتـی هەسـتە دەسـت لـەو ئیشـە هەڵگـرە و دەسـتوپلت بشـۆ. ئەوسـا بـاوی پوولەکـە بـوو دەکـرا بـە سەرپۆشـەوە، گوتـی سەرپۆشـە پوولەکەکـەت بەسـەردا بـدە و وەرە دانیشـە. منیـش وامکـرد و چـووم بەخێرهاتنـم کـرد و تەوقـەم لەگـەڵ کـرد. گوتـی بەخـوا دیارە ئـەم شـەفیقە خانـە زۆر پێشـکەوتووە و زۆریـش زیـرەک و عاقڵـە. ئینجـا گوتـی تـۆ دەزانیـت تووتـن بکەیتـە جگـەرەوە، پێکەنیـم.. گوتـم جـا ئـەوە چییـە؟ گوتـی باشـە ئەمـە یەکـەم. گوتـی دەزانیـت خواردنیـش دروسـت بکەیـت؟ ئـەم جـارە دایکـم گوتـی بەڵـێ لـە هەمـوو خواردنێک دەزانێت. گوتی: دەی زۆر باشـە و من زۆر زۆر بەدڵمـە، ئـەی تـۆ دەڵێیـت چـی؟ گوتـم منیـش رازیـم. رووی کـردە دایکـم و گوتـی مـن کەسـێکی وەهـام نییـە بینێـرم زێـڕ و شـتی بـۆ بکڕێـت. دایکم

گوتی زێڕی چی و شتی چی، ئەو قسانە هەر عەیبە. گوتی باشە پەنجا دینارتان بۆ دەنێرم. دیناری ئەوساش زۆر زۆر بوو، چووین لەو پارەیە جلوبەرگمان کڕی و خشڵمان کڕی و ئەوکاتەش شت زۆر هەرزان بوو، پێداویستیی ماڵمان هەمووی کڕی و ئینجا هاتە سەر ئەوەی زەماوەند بکەین. پڵاو لێنرا و ئەوکاتە ترۆزی و سێوی مزر دەکران بە شلە، شلە و پڵاو لێنرا و منیش تاوەکو ئەوکاتەی خەڵکەکەش هاتبوون هەر ئیشم دەکرد. دایکم هات گوتی کچێ راکە خۆت بگۆڕە و دانیشە. هەر لەو ماوەیەدا خانوومان گرتبوو، هەموویم رێکخستبوو، تەنانەت چرام دانابوو شقارتەکە لە تەنیشتییەوە بوو، مەبەستم ئەوەیە هەموو شتێک لە جێی خۆی بوو. ئەو سەردەمە ئۆتۆمبێلیش نەبوو، یەک ئۆتۆمبێل هەبوو هی ماڵی حەفسەخانی نەقیب بوو. ئەو ئۆتۆمبێلەش بەخێری زاوا بردبووی بۆ سەرچنار، ئیدی هیچ نەبوو منی پێ بگوازنەوە، بانگی ئێوارەی دا هێشتا من لە ماڵی باوکم بووم. پوورێکم هەبوو زۆر بە تەمەن بوو، گوتی ئای رۆڵە، ئەمە ئەوەڵتە ئاخۆ ئاخرت چۆن بێت. ئیتر هەر بە دەستووری جاران عەرەبانەیەکی دووئەسپییان بۆ هێنام و بردمیان بۆ گەڕەکی گاوران بۆ ماڵەکەی خۆمان. بۆ نەگبەتی رەشەبایەکیش بوو کەری بەبارەوە دەبرد ئەوەندە قایم بوو. لەوێ دانیشتم تاوەکو شەو درەنگ، ئەوەندەم زانی زاوا بە گۆرانی و دەهۆڵ و زوڕناوە لەگەڵ برادەرەکانی هاتەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم بووکی داماوی نەگبەت تۆ چۆن هاتی و زاواش چۆن دێتەوە!

پووری دایکم، خاتوونی فەتحوڵڵا سنەییان پێدەگوت، یەکەم مامان بوو، ئەو بووە بەربووکی من. ئەوسا بەربووک لەگەڵ بووکێ دەهات وەکو ئێستا نەبوو. گوتی رۆڵە تۆ ئەگەر خۆیشت کەست نەبوو، ئەم دەرودراوسێیە هەبوون پارەت بدابایە گۆشت و شتیان دەکڕی و ئامادەیان دەکرد و ماڵەکەیان هەندێ بۆ گەرموگوڕ دەکردی، چۆن ئاوا دەبێت؟

بێکـەس گـوتـی قەیـدی نییـە پـووریّ گیـان پەکناکـەویّ، ئێسـتا دەنێـرم لـە لۆقەنتـە (چێشـتخانە یـان رێسـتورانت) خـواردن بێـت، وەڵا چـوون و خواردنـی لۆقەنتەیـان هێنـا بـەو شـەوە درەنگـە، خواردنێکـی ساردوسڕ. چەنـدی کـردم و کۆشـام بـۆم نەخـورا. گوتـم مـن ئەمـە ناخـۆم، پـوورم گوتـی قەیـدی نییـە رۆڵـە گیـان ئـەم جـۆرە شتانەشـی تێدەکەوێـت.

ئیـدی لـەو رۆژەوە ئێمـە پێکـەوە ژیایـن. بـۆ بەیانییەکـەی دایکـم خـواردن و شـتی بـۆ ناردبـووم بـۆ ئـەویّ، چونکـە خۆمـان جـاریّ هیچمـان نەبـوو. گوتیـان بـۆ نیوەڕۆیـش هیـچ مەکـەن ئێمـە خـواردن دەنێریـن. تاوەکـو سـێ رۆژ لـە ماڵـی باوکمـەوە خواردنمـان بـە سـینی بـۆ دەهـات. فایـەق ئەفەندیـش چـی هـاوڕێ و بـرادەری هەبـوون هەمـووی دەهێنانـەوە بـۆ ماڵـەوە، دەیگـوت لـە ماڵـی ئێمـە خـواردن زۆرە وەرن لـەویّ نـان بخـۆن.

بەوجـۆرە حـەوت هەشـت سـاڵ پێکـەوە بوویـن هیـچ جارێـک ناخۆشـیمان نەبـوو. پیاوێکـی هێمـن و لەسـەرخۆ بـوو. خەریکـی نووسـینی شـیعر دەبـوو. نیـوەڕۆ و نیـوەڕۆ دەهاتـەوە خـواردن ئامادەبووایـە دەیخـوارد و سـەتڵێک ئـاوی سـارد و جامێکـی فافۆنـی خاوێـن لـە تەنیشـتییەوە، چونکـە ئـاوی زۆر دەخـواردەوە و منیـش دەرەقـەت نەدەهاتـم سـەتڵە بەفراوەکـەم لـە تەنیشـتی دادەنـا، ئەویـش دەیگـوت؛ ئـەی ئافەریـن پشـەخان. ئینجـا بـە نووسـینەوە خەریـک دەبـوو تاوەکـو دەمەوئێـوارە. ئێـوارەی لـێ دەهـات دەڕۆیشـت بـۆ نـادی (مەیخانـە).

ئاخـر 65 سـاڵ لەمەوپێـش زۆرە لەگـەڵ ئـەم سـەردەمە لەیـەک بچێـت، بێکـەس پێیدەگوتـم تـۆ بۆچـی بـە تەنیـا لـە ماڵـەوە دادەنیشـی؟ وەرە لەگەڵـم بـۆ نـادی، ئەوسـاش کۆکاکـۆلا و ئـەم شـتانە نەبـوو، شـەربەتی مێـوژ هەبـوو، دەیگـوت تـۆ شـەربەتی مێـوژ بخـۆرەوە. مـن قومێـک لـە عەرەقەکـە دەدەم تـۆش قومـێ لـە شـەربەتەکە بـدە، شـەو درەنـگ قـۆڵ بەقۆڵـی یەکدیـدا دەکەیـن و بۆخۆمـان دێینـەوە، بۆچـی لێـرە ئـاوا

بـە تەنیـا دادەنیشـی؟ منیـش دەمگـوت عەیبـە چـۆن شـتی وا دەکـەم بێـم بـۆ نـادی.
ئیدی دەیگوت:

**ئەم عەیبە عەیبە رەفیقان ماڵی خەڵک وێران ئەکا**
**پیاو ئەخاتە سواڵ و سووکی و فەقیر سەرگەردان ئەکا**
**هەر عەیبەیە تەرکی گشت فەرمان ئەکا...**

دیـارە لای ئێمـە وایـە، مـن ئەگـەر لێـم بقەومـێ، پێـم عەیبـە بێـم جلوبـەرگ بـۆ تـۆ بشـۆم و نـان بـۆ تـۆ بکـەم، بۆیـە عەیبـە زیانـی زۆر لـە مـرۆڤ دەدا. ئەویـش ئـەو شـیعرەی لەسـەر ئـەو بابەتـە نووسـیوە، خـۆی شـیعرەکە زۆرە مـن ئەوەنـدەم لەبیرمـاوە.

منیـش گوتـم بەخـوا عەیـب بـێ و عەیـب نەبـێ مـن نایـەم. لەهەمـان کاتـدا مـن نوێـژم دەکـرد و رۆژووم دەگـرت گاڵتـەی پـێ نەدەکـردم و هەرگیـز نەیدەپرسـی بۆچـی نوێـژ دەکەیـت یـان بۆچـی رۆژوو دەگریـت؟ مـن ئـەو شـتانە لـە دایکـم و خێزانـی خۆمـەوە فێربووبـووم، ئـەو دەیگـوت؛ ئازادیـت و ئـەوە ئـارەزووی خۆتـە. خـۆی دەڕۆیشـت بـۆ نـادی و لـەو سـەرەوە کـە دەهاتـەوە ئـاگای لەخـۆی نەدەمـا. ئینجـا خەڵـک پێیاندەگوتـم بۆچـی پێـی ناڵێـی واز لـەم عەرەقـە بهێنێـت، دەمگـوت چـۆن شـتی وای پێدەڵێـم، ئـەم خـووە لـە گەنجییـەوە فێربـووە ئێسـتا چـۆن بـە قسـەی مـن وازدێنێـت؟ مـن قسـەی خـۆم چـۆن دەدۆڕێنـم؟ کەیفـی خۆیەتـی. بەڵـێ هەنـدێ جـار پێمدەگـوت ئەمـە بـۆ تەندروسـتیی تـۆ بـاش نییـە ئـەم عەرەقـە دەخۆیتـەوە بەبـێ ئـاو، کەچـی دەیگـوت ئـاوی بۆچییـە؟!

بەیانیـان کـە هەڵدەسـتا بچـێ بـۆ قوتابخانـە وانـە بڵێتـەوە، دەیگـوت شـەفیقە کـوا قاپـە عەرەقەکـە؟ دەیگـوت پێکێـک نەخۆمـەوە ناتوانـم وانـە بڵێمـەوە. منیـش دەمگـوت ئەوەتـا لـە فـڵان شـوێنە، هیـچ رێگـەم

لـێ نەدەگـرت، چونکـە دەمزانـی سـوودی نییـە بڵێـم مەخـۆرەوە و ئەمـە مەکـە و ئـەوە مەکـە، دەمزانـی ئەمـە چووەتـە نـاو مۆخـی و هیـچ سـوودی نییـە.

**سـیروان رەحیـم: لەبیـرت مـاوە چ سـاڵێک بـوو کـە مامۆسـتا بێکـەس تـۆی گواسـتەوە؟**

**شـەفیقە خـان:** کـە کۆچـی دوایـی کـرد تەمەنـی 42 سـاڵ بـوو.. نزیکـەی بیسـت سـاڵێکیش لـە مـن گەورەتـر بـوو. یـان 15- 20 سـاڵێک.

**سـیروان رەحیـم: کەواتـە ئێـوە لـە دەوروبـەری 1937- 1938 بوونـە هاوژیـن؟**

**شەفیقە خان**: بەڵێ.

**سـیروان رەحیـم: لـەو ماوەیـەدا کـە پێکـەوە بـوون ماڵتـان لـە کام گەڕەکـی سـلێمانی بـوو؟**

**شـەفیقە خـان**: تاوەکـو شـێرکۆش لەدایـک بـوو ماڵمـان لـە گەڕەکـی گاوران بـوو. دواتـر چووینـە حاجـی حـان، دراوسـێی ماڵـی ئەحمـەد بەگـی سـاحێبقڕان بوویـن. پاشـان باوکـی شـێرکۆ گواسـترایەوە بـۆ قـەرەداخ، بۆیـە ماڵمـان چـووە قـەرەداخ و ماوەیەکیـش لەوێ بوویـن. ماوەیەکیش چوویـن بـۆ سـوورداش و پاشـان گواسـتیانەوە بـۆ سـلێمانی. ئینجـا هـەر ناوبەنـاو کاتێکمـان دەزانـی شـتێکیان لەسـەر دەدۆزییـەوە و دەیانبـرد بـۆ بەندیخانـە، ئازادیـان دەکـرد و دیسـان دەسـتگیر دەکرایـەوە. گوتـی قسـەی بەینـی خۆمـان بـێ مـن بـووم بـە بەلووعـە، هـەر دەمگـرن و بەرمدەدەنـەوە.

**سـیروان رەحیـم: تـۆ بێـزار نەدەبوویـت کـە ئـاوا زوو زوو دەکەوتـە زینـدان؟**

**شـەفیقە خـان**: نـا نـا نەخێـر، منیـش خـۆم کـوردم خۆشدەویسـت و ئـەو ڕۆحـی بەرگرییـەم تێدابـوو، حـەزم دەکـرد شـتێکم پێبڵێ و بتوانـم یارمەتی بـدەم. لـە ژێرخانەکـە چاپخانەمـان هەبـوو خەڵـک دەهاتـن شـتیان چـاپ دەکـرد، عوسـمان دانـش هەبـوو بـرای ڕەشـەی موختـار، خەڵکـی وەکـو ئـەو دەهاتـن شـتیان چـاپ دەکـرد، مـن بـەوە زۆر خۆشـحاڵ دەبـووم و هەڵدەسـتام خـواردن و چاییـم بـۆ لێدەنـان و بـۆم دەبردنـە خـوارەوە.

**سیروان رەحیم: ئەمە لە کام گەڕەک و کام ماڵ بوو؟**

**شـەفیقە خـان**: ئەوکاتـە لـە گەڕەکـی ماڵـی باوکـم بوویـن لـە سـەرچیمەن. لـە خانوویەکـدا بوویـن هـی ماڵـی ڕەشـەی قـادر ئەفەنـدی بـوو. ماڵەکـە ژێرخانـی هەبـوو، ئێمـەش لـە سـەرەوە بوویـن. ئەوسـا لەجیاتـی تەلەفـۆن کونێکیـان دەکـردە دیوارەکـە، ئێمـەش لەگـەڵ ماڵـی باوکـم هـەر وامـان کردبـوو، کونێکمـان کردبـووە دیوارەکـە و لەوێـوە قسـەمان دەکـرد. کاسـە دراوسـێیەتیش هـەر لەڕێـی ئـەو کونـەوە دەکـرا ئەگـەر خواردنیـان بـۆ یەکتـری بناردایـە. سـەردەمێکی زۆر خـۆش بـوو.

**سـیروان رەحیـم: مامۆسـتا بێکـەس هیـچ کاتێـک شـیعری خـۆی بـۆ دەخوێندیتـەوە؟**

**شـەفیقە خـان**: نەخێـر. دواتـر لـە خەڵکـی دیکـەم دەبیسـت کـە دەیانخوێنـدەوە. تەنیـا شـیعری (27 سـاڵە)ی بـۆ خوێندمـەوە. گوتـم باشـە ئەمـە مەترسـیدار نییـە؟ خەڵکـی وەکـو ئەدمۆنـدز دەهاتـن کـە سـەددام بـەراورد بـە ئـەو هیـچ نەبـوو، دنیـای لەسـەر پەنجەیـەک هەڵدەسـووڕاند. گوتـی جـا بـا مەترسـیدار بـێ! مەترسـیدار چییـە؟

نـەورۆز کـرا، هەمـووی حاجـی تۆفیـق (پیرەمێـرد) ڕێکیدەخسـت. ئاگریـان دەکـردەوە و ئاهەنگیـان دەگێـڕا و گەنـج دەچـوون لـە دەوری ئاگرەکـە

هەڵدەپەڕین. ئینجا بۆ سبەینێ سەیرانکەر هەموو بە قۆری و سەماوەرەوە دەچوونە ئەو بنارە بۆ ناو سەوزەگیا و گوڵاڵە سوورە. ئێمەش لەگەڵ ماڵی کاکە برایم چادرێکمان هەڵدەدا. هەبوون چادریان هەڵدەدا و هەبوون هەر لەو ناوە جێگەیان رادەخست و دادەنیشتن و نیوەڕۆیش مەنجەڵە یاپراخیان هەڵدەڕشت. گەنجانیش لەوناوە خۆیان بە زەویدا دەدا و تەماشای کچ و کاڵیان دەکرد. دڵداریی ئەو سەردەمە وابوو.

ئیتر سەرت نەئێشێنم. گوڵ و رێحانەت لە دەور بوەشێنم. ئەمە قسەیەکی قەدیمییە.. قسەیەکی خۆشە وانییە؟

**سیروان رەحیم: بەڵێ زۆر خۆشە.**

**شەفیقە خان**: ئینجا ئەوەی شاعیر بوو، ئەوەی شیعرێکی نووسیبوو بۆ ئەو رۆژە و ئەو بۆنەیە، دەچوون شیعریان دەخوێندەوە و هەبوون بە شانوباڵی ئەدمۆندزدا هەڵیاندەدا، ئەوەی گۆرانیبێژ بوو هەروا و، ئیتر ئەو رۆژە بێکەس خۆی خستە دوای دواوە. مێزێکی بچووکیان دانابوو، ئەدمۆندز لەودیوی مێزەکەوە دانیشتبوو، رەنگە خەڵک وایان زانیبێت کە ئێستا بێکەسیش دێت شیعرێک بە باڵایدا دەڵێت. بێکەس لێی چووە پێشەوە. ئەو کابرایە سامێکی زۆری هەبوو، خەڵک تەماشای دەموچاویان دەکرد لێی دەترسان. من خۆیشم لێی دەترسام. بێکەس لێی چووە پێشەوە و شیعری (27 ساڵە)ی خوێندەوە:

بیست و حەوتساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جلوبەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
لەپێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم
بۆچی بە ناحەق وا سووکت کردم.
بیست و حەوت ساڵە من ئەڕەتێنی
بە فڕوفیشاڵ ئەمخەڵەتێنی
ڕۆژی نەوعێکم هەڵدەپەڕێنی
بۆ مەرامی خۆت ملم ئەشکێنی..

ئیتر بەمجۆرە پێیدا ڕۆیشت و بەدەم خوێندنەوەی شیعرەکەشەوە دوو پەنجەی دەستی بۆ ناوچاوی درێژ دەکرد. کابرا ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد، چونکە یەکێک لە تەنیشتییەوە بۆی وەردەگێڕا. بەڵام پێش ئەوە بە منی گوت؛ ئەوە من ئەو شیعرە دەخوێنمەوە، دوایی ڕەنگە بمگرن و ڕەنگە لەسێدارەشم بدەن، یان دوورم بخەنەوە. تۆ دەبێت ئاگات لە منداڵەکان بێت، دەزانم دایکێکی دڵسۆز و وریایت، بەڵام تکایە زۆر ئاگات لە منداڵەکان بێت، بەتایبەتی شێرکۆ. گوتم باشە، دیارە پێمناخۆشبوو، بەڵام خۆم وا دەرنەخست.

بۆ ڕۆژی دوایی، ئەدمۆندز لە ماڵی موتەسەریف بوو ناردی لەدوای باوکی شێرکۆ. گوتی شەفیقە ئەوە دەڕۆم، گوتم بڕۆ خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە. لەوێ پێیگوتبوو کێ پارەی داوەتە تۆ ئەم شتانە بنووسیت؟ کێ تۆی ڕاسپاردووە و کێ فێری کردوویت؟ تۆ پیاوێکی تێگەیشتوویت، بەڵام هەست دەکەم هاندراویت. ئەویش گوتبووی؛ نە کەس دەتوانێت پارە بداتە من، نە کەس دەتوانێت من ڕاسپێرێت، من لەو جۆرە کەسانە نیم و هەرچی دەنووسم لە ناخی

دڵـی خۆمەوەیـە. ئەدمۆنـدز لـە کۆتاییـدا پێیگوتبـوو باشـە زۆر سـوپاس، چونکـە قسـەیەکی وای پێنەگوتبـوو وەڵامـی بداتـەوە. ئیتـر هـەر دوای ئـەوەش بـۆ نیـوەڕۆ لـەماڵـی موتەسـەڕیف نانـی لەگـەڵ خواردبـوون و ئێـوارە بینیـم لەگـەڵ شـێخ لەتیفـی شـێخ مەحمـوود بـە ئۆتۆمبێلەکـەی ئـەو هاتـەوە.

بێکـەس بەوجـۆرە بـوو. لـە کـەس نەدەترسـا و بەرتیلـی لـە کـەس وەرنەدەگـرت. ژیانیشـمان زۆر بـاش نەبـوو مانگـی شـەش دینـار مووچـەی وەردەگـرت، راسـتە ئەوسـا شـەش دیناریـش زۆر بـوو، شـتیش زۆر هـەرزان بـوو، بـەڵام هـەر ئەوەنـدە بـوو پێـی بەڕێوەدەچوویـن. کـە مووچەکـەی وەردەگـرت پـارەی کرێـی خانووەکـە و پـارەی عەرەقەکـەی دەخسـتە ئەمـلاوە.. پـارەی رۆن و برنـج و شـەکر و ئـارد و دار و خەڵووزیـش دەخرایـە ئـەولاوە. مانگـی شـەش پەنجاییمـان دەدایـە کـرێ خانـوو، شـەش پەنجاییشـی دەدایـە مـن، کەچـی لـە نیـوەی مانگـدا لێـی قـەرز دەکردمـەوە (بزەیەکـی شـیرین دەکات). دەیگـوت مانگـی داهاتـوو بـۆت دەکـەم بـە دوازدە پەنجایـی.

بـەڵام هەرچـۆن بێـت خـۆش رامانبـوارد. ئینجـا ماڵمـان بارکـرد بـۆ هەڵەبجـە. گواسـترایەوە بـۆ ئـەوێ. لـە هەڵەبجەیـش خواردنەوەکـەی بـێ ئەنـدازە بـوو. دەمگـوت ئەمـە بـۆ تەندروسـتیت بـاش نییـە و تـۆ گوشـاری خوێنـت بـەرزە و چەنـد جـۆرە نەخۆشـیت هەیـە و قەڵـەو بوویـت، تـۆ ئیتـر بەرگـەی ئـەوە ناگـری وا لـە خـۆت بکەیـت، دەمگـوت؛ تـۆ بەمجـۆرە خـۆت دەکوژیـت، ئەویـش هـەر دەیگـوت؛ مـن وا نەبێـت ناتوانـم هیـچ بکـەم. تـۆ ئەگـەر دەتەوێـت مـن و تـۆ رێـک بیـن باسـی ئەوانـەم لەگـەڵ مەکـە. لـە کۆتاییـدا گوتـم باشـە کاکـە کەیفـی خۆتـە.

**سـیروان رەحیـم: بـەڵام خـۆ پیاوێکـی تـووڕە و رەق نەبـوو لـە ماڵـدا؟ هیـچ کات هەبـووە لـە تـۆ تـووڕە بێـت؟**

**شـەفیقە خـان:** نەخێـر نـاوەڵا پیاوێکـی تـوورە نەبـوو. زۆر هێمـن و لەسـەرخۆ بـوو. جارێکیـان گۆشـتی ناردبـووەوە بیکـەم بـە چێشـت. ئەوسا خـۆ لـە دەمـی حەماڵـت دەبیسـت چ خواردنێـک ئامـادە بکەیـت. حەماڵەکـە گوتـی ئـەوە ئەفەنـدی [1] دەڵـێ بیـکات بـە برنـج و بامـێ. گۆشـتم لێنا و دایکـم هـات گوتی نایەی بچین بـۆ ئـەم پرسـەیە؟ گوتـم دایـە گۆشـتم لەسـەر ئاگـرە و زۆر نابات باوکـی شـێرکۆ دێتـەوە. گوتی زۆر دانانیشـین، فاتیحایـەک دەخوێنیـن و دێینـەوە. ئـەو کاتـە لـە ماڵـەوە دۆڵمـان هەبـوو، ژنێـک لەوکاتـە لـەوێ بـوو هاتبـوو سـاوەری دەکوتـا. گوتـم ئامـە گیـان فریشـتە [2] لـەلای تـۆ بەجێدەهێڵـم چاوێکـت لێـی بێـت و ئاگاشـت لـەو گۆشـتە بێـت لەسـەر ئاگـرە، گوتـی باشـە بەسـەرچاو. رۆیشـتین و کاتێـک هەسـتاین دەبینـم وا تەلەبـەی مەکتـەب ئیـزن دراون. گوتـم دایـە ئەمـە حاڵـە؟ لەگەڵـم وەرە تاوەکـو ماڵـەوە نـەکا قسـەیەک بـکات. هاتمـەوە ناوچەوانـی خـۆم گـرژ کـرد. گوتـی چـی بـووە پشـەخان؟ گوتـم ئیتـر شـت بـەو سـمێڵ گـەورەی رەزا قورسـەدا مەنێـرەوە، ئـەو گۆشـتە پیـرەی کرِیبـوو، خـۆ تاوەکـو ئێسـتا بامێکـەم لێنەنـاوە، گوتـی جـا ئـەوە توورەبوونـی بـۆ چییـە؟ مـن دەچـم دەخوێنمـەوە کـەی ئامـادە بـوو بانگـم بکـە. ئامـە گوێـی لـەو قسـانە بـوو، گوتـی ئـەی دایکـم بـە قوربانـی ئـەو زمانـە چـەرخ و فەلەکـەت بێـت. ئیتـر نـە تـوورە بـوو، نـە گوتـی بـۆ وا دواکـەوت. یـادی بەخێـر زۆریـش حـەزی لـە برنـج و بامـێ و گۆشـت بـوو. دەبـوو پارچـە حەڵوایەکیـش لەسـەر سـفرە بـێ لـەدوای نانەکـە ئـەو شیرینییەشـی دەخـوارد. بەهـۆی خـواردن و ئـەو عەرەقـە زۆرەی دەیخـواردەوە، لـەم دواییـەدا زۆر قەڵـەو بووبـوو، وای لێهاتبـوو نەیدەتوانـی پـاڵ بکەوێـت. دەبـوو چەنـد پشـتییەک بخەینـە پشـتی و ئەمـلا و ئـەولای و هـەر بـە دانیشـتنەوە بنوێـت. دواییـن شـەوی کـە بـۆ بەیانییەکـەی وەفاتـی کـرد، گوتـی ئـەو پشـتییانە لادە

1 - ئەودەم بە مامۆستا گوتراوە؛ ئەفەندی یان ئەفەنی.

2 - فریشتە خان، خوشکی شێرکۆ بێکەسە، واتا کچی شەفیقە خان و بێکەسی شاعیرە.

حـەز دەکـەم پاڵبکـەوم، گـوتـم ئاخـر بـۆ هەناسـەت خراپـە. لامپایەکیـش بـە دیوارەکـەوە بـوو گـوتـی ئـەو چرایـە داناگریـت؟ گـوتـم بـۆ؟ گـوتـی دەترسـێم بەسـەرماندا بکەوێت، گـوتـم ئـەوە چەنـد وەختـە نەکەوتـووە ئەمشـەو بـۆ دەکەوێـت؟ گـوتـی نـا دایگـرە باشـترە، گـوتـم باشـە. دامگـرت و خسـتمە پەنجەرەکـەوە. بەیانـی کـە هەسـتاین رۆژێکـی زۆر سـارد و شـووم بـوو، ئاگـرم گەشـاندەوە و گـوتـم یاخـوا کـەس بـەم رۆژە نەمرێـت، زۆر زۆر سـاردە. باوکـی شـێرکۆ گـوتـی دەرەوە چۆنـە. گـوتـم رەشـەبا و تۆفـان و سـەرمایەکە نەبێتـەوە، نانیشـمان نەمـاوە. گـوتـی لـە گیرفانـی پانتۆڵەکـەم پـارە دەربهێنـە و بیـدە بـە شـێرکۆ بـا بچێـت نـان بکرێـت، گـوتـم وەڵا دڵـم نایـە بـەم سـەرمایە شـێرکۆ بنێـرم بـۆ نـان، دەچمـە لای حەبێـی ئەوبەرمـان هەندێـک نـان دەهێنـم تاوەکـو دوایـی ئـەو کچـە جوولەکەیـە دێـت نانمـان بـۆ دەکات. چـووم نانـم هێنـا و کاتێـک هاتمـەوە وەکـو عەبـای رەشـی لێهاتبـوو. شـێرکۆیش قاچـی خسـتبووە ژێـر مەقەڵییەکـە، لەبیرمـە ئـەم رۆژی سـاڵی تازەیـە نـەورۆزە هاتـەوە، ئەمـەی دەگـوت. گـوتـم ئـەوە شـێرکۆ باوکـت بـۆ وا رەش داگـەڕاوە، راکـە مـام ئەحمـەدت بانـگ بکـە. ئەحمـەد ئەفەنـدی باوکـی نەسـرین [1] ئەوکاتـە کاتـب بـوو، هـات و دکتـۆری هێنـا و دەرگا و پەنجەرەمـان کـردەوە. هەندێـک لەگەڵـی خەریـک بـوون و دکتۆرەکـە گـوتـی بەداخـەوە کۆچـی دوایـی کـردووە. ئیتـر بـەو سەرماوسـۆڵەیە خەڵـک هاتـن و قوتابخانـە داخـرا و ئـەم هەمـوو قوتابییە بەپیریـەوە هاتن و، رۆژێکیشـە سـەرما ئینسـانی وشـک دەکـرد. ئیتـر هـەواڵ گەیشـتە سـلێمانی و تەرمەکەیمـان بـردەوە و لـە گـردی سـەیوان شـاردمانەوە. لەنـاو پرسـەکەی بووین ئەوەندەمـان زانـی پۆلیـس دابارینـە سـەرمان. پرسـیاری فایـەق بێکەسـیان دەکـرد، گوتیـان فەرمانـی گرتنـی هەیـە، گـوتمـان ئەوەتـا لـە سـەیوانە دەتوانـن بچـن بیبـەن.

ئیتـر ماینـەوە مـن و سـێ منداڵـم بـە دەسـتکورتی و نەبوونـی. کاتێـک

1 - نەسرینی ئەحمەد میرزا، هاوژینی شێرکۆ بێکەس.

مرد جزدانەکەیان [1] دامێ گوتیان ها ئەوە جزدانی مێردەکەتە. هەر

1 - چیرۆکی جزدانێ.. شیعری شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، ل ٧٦٥
چیرۆکی جزدانێ:

جزدانێکی رەشتاڵە وای گێڕایەوە:
هەبووم.. نەبووم
من وەختی خۆی
پێستی تەوێڵی شێرێ بووم.
رۆژێ فیشەکێ سمیمی و شێرم کوژرا
دوو دەست، چوار دەست
دە دەست هاتن
گورووویانم
خۆشیان کردم
رەنگیان کردم
سەفتە.. سەفتە
لەگەڵ هەزار پێستەی تردا
وچان.. وچان
هەڵتەک.. هەڵتەک
سواری پاپۆڕ و
واگۆن و
لۆریی بارهەڵگریان کردم
تاوەکو لەناو گرمەگرمی کارگەیەکدا دایانگرتم
دواتر کردیانم بە جزدان
دوور بردیانم
هەر دوای لە دایکبوون یەکسەر
فرۆشتیانم
من بەر وڵاتی کورد کەوتم
لە شارێکدا
کە شاخ سەر و درەخت لەش و
چەم قاچی بوو
رەفەی دوکانێکی بچووک بوو بە ماڵم
رۆژێ پیاوێکی گردەڵەی دەموچاو کونج
بانگیان ئەکرد: "فایەق بێکەس"
لایدایە لام
منی کڕی و هەڵیگرتم
تاوەکو نزیکەی دە ساڵێ من لە باخەڵیا ژیام و
من لە باخەڵیا ئەنووستم
من جزدانێکی لاواز بووم
بێ غەبغەبە
بەتاڵ
بەتاڵ
هەر چوار ژوورەکەی گیرفانم
رۆژێ نەمدی قەڵەو بم و ورگم هەبێ
رۆژێ نەمدی وەک جزدانەکەی دراوسێ

لەبەرچاوی ئـەوان کردمـەوە شـەش پەنجایـی تێدا بـوو. سـەرم بـۆ خـوا هەڵبـڕی گـوتـم: خوایـە مـن بـەم شـەش پەنجاییـە منـداڵ بەخێـو ناکـەم، بـە هیممەتـی تـۆ بەخێویـان دەکـەم. چووینـەوە ماڵـی باوکـم ماوەیـەک لـەوێ بوویـن و دواتـر چوویـن ژوورێکمـان بـە کـرێ گـرت و لەگـەڵ منداڵـەکان دانیشـتم.

**سـیروان رەحیـم: چ شـتێک لـە کاک شـێرکۆدا بـە باوکـی دەچێـت، سـیفەت و سرووشـتی هاوبەشـیان هەیـە؟**

**شـەفیقە خـان:** یەکێـک لـەو شـتانەی بـە باوکـی دەچێـت، باوکـی خـووی بـەوەوە گرتبـوو هەمیشـە پەنجـە گـەورەی دەسـتی یـان قاچـی هەڵدەکۆڵـی، ئەمیـش وایـە. شـێوە و روخساریشـی، دەم و قسـە و هەیکەلیشـی، شـێوەی خوێندنـەوەی شیعریشـی زۆر چووەتـەوە سـەر باوکـی. زۆر سیفەتی هـەن بـە سیفاتی باوکی دەچـن. دیارە شـیعرەکانی باوکـی هـی ئـەم رۆژە نەبوون. شـیعری رۆژی خۆیان بوون، بەڵام شـیعری ئـەم، تەنانـەت کـە مـن دایکیـم زۆر تێیناگـەم، شـیعرەکانی قووڵـن. زۆر جـار پێیدەڵێـم رۆڵـە مـن لـە شـیعرەکانی تـۆ تێناگـەم. جارێکیـش گـوتـم مـن مێـردم شـاعیر بـوو شـیعرێکی بـۆ مـن نەنووسـی، کـوڕم شـاعیرە و شـیعرێکی بـۆ نەنووسـیم، ئیـدی دوای ئـەوە تاوەکـو ئێسـتا دوو شـیعری بـۆ نووسـیوم لـە دیوانەکانـی دواییـدا. چونکـە گـوتـم جـا کـە مـن مـردم

بە دەم مۆڵە دینارەوە پێبکەنم
بەڵام دووجار
لەسەر پێستی ئەم تەمەنە
شێر پەنجەمۆری بۆ کردم
یەکەم شێرم یادی نەڕە و
زامی بێشە و
دووەمیشیان دوای خۆی تەنها
تەنها.. تەنها
شەش پەنجایی و
دوا هەڵبەستی بۆ ئازادی
تیا جێهێشتم.

شـیعرم بـۆ چییـە؟ دەمەوێـت ئێسـتا خـۆم گوێـم لێبێـت.

**سـیروان رەحیـم: دوو شـیعری بـۆ نووسـیوی و دیوانێکـی خۆیشـی پێشکەشـی تـۆ کـردووە.**
**شەفیقە خان:** بەڵێ راستە.

**سـیروان رەحیـم: "مـن خـۆم ئـەو وەختـەی باڵنـدەم"، پێشکەشـی کـردووە بـە تـۆ. ئـەوەت بینیـوە؟**
**شەفیقە خان:** بەڵێ.

**سیروان رەحیم: ئەو شیعرانەی بۆ تۆی نووسیون بەدڵتن؟**

**شـەفیقە خـان:** ئەرێـوەڵا بەدڵمـن، بـەڵام گوتـم شـێرکۆ گیـان مانـای چییـە لـە شـیعرەکەتدا باسـی ترشـیات دەکـەی؟ گوتـی ئاخـر ئـەوە باسـی تۆیـە بـە ماڵەکـەدا دێیـت و دەچیـت و لـە چێشـتخانەکە سـەری ترشـیاتەکە هەڵدەدەیتـەوە. ئاخـر من ئێسـتاش هـەر قەدیمیانە ترشـیات دەگرمـەوە و دەینێـرم بـۆ ماڵـە کـوردەکان و خۆیشـمان لـە ماڵـەوە هەمیشـە ترشـیاتمان هەیـە. ترخێنـە دەکـەم و تەنانـەت لـە ئەمریـکاش حـەزم لـەو شـتانەیە. شـێرکۆیش حـەزی لێیـە، عادەتێکیشـی هەیـە زۆر زوو برسـی دەبێـت، زۆر زوو هـاواری خواردنـی لـێ هەڵدەسـتێ، دەبێـت لـە سـەعات یـەک و نیـو هەمـوو شـت ئامـادە بێت و نانـی نیـوەڕۆ بخوات، بەشێکیشـی لەبـەر ئەوەیـە بەیانیـان هیـچ ناخـوات، ئینجـا شەکرەیشـی بـەرزە و بەهـۆی ئـەوە زوو برسـی دەبێـت.

**سـیروان رەحیـم: تـۆ کاتێـک کاک شـێرکۆ لـە تەلەڤزیۆنـەوە دەبینیـت شـیعر دەخوێنێتـەوە، بـۆ نموونـە دوا شـیعری کـە لـە تەلەڤزیـۆن خوێندییـەوە "کورسـی"، تـۆ چـۆن بیـر لـەو شـیعرە دەکەیتـەوە و چـۆن لێـی تێگەیشـتیت؟**

**شـەفیقە خـان:** مـن بـە ناڕەزایـی بەرامبـەر حیزبـی دەزانـم. مەبەسـتی

ئەوەیـە کورسـی وەفـای بـۆ کـەس نییـە و باسـی شـتی لـەو بابەتەیـە.

**سـیروان رەحیـم: واتـە بەگشـتی لێـی تێگەیشـتیت و حـەزت لـەو جـۆرە شـیعرانە هەیـە، بـە تایبەتـی کاتێـک کاک شـێرکۆ خـۆی دەیخوێنێتـەوە؟**

**شـەفیقە خـان:** بەڵـێ، بـەڵام لـە زۆربـەی شـیعرەکانی تێناگـەم. گەزیـزە و فریشـتە تێدەگـەن. ژیـان تێـدەگات، ئـەوان دوایـی تێمدەگەیەنـن. چـی بکـەم تێناگـەم.

**سیروان رەحیم: ئەی ئەو شیعرانەی بۆ خۆتی نووسیون؟**

**شـەفیقە خـان:** ئـەو شـیعرانەش یەک جار هەڵـۆ [1] بـۆی خوێندوومەتەوە. خـۆم خوێندەواریـم نییـە. جارێـک هەڵـۆ بـۆی خوێندمـەوە. دیوانەکەیشـی ژیـان لـە ئەمریـکا بـۆم دەخوێنێتـەوە. ئینجـا پێمدەڵێـن ئەمـە مانـای ئەوەیـە و مانـای ئەوەیـە.

**سـیروان رەحیـم: شـیعرێکی بـۆ نووسـیویت بـە ناونیشـانی (دایکـم لەودیـوی ئۆقیانووسـەکانەوە)، پێتدەڵێـت؛ تـۆ لـەوێ چـی دەکەیـت، ئـەو هەمـوو دەریایـەت بڕیـوە، بـۆ ناگەڕێیتـەوە؟**

**شـەفیقە خـان:** دەڵێـت دایـە بۆچـی ناگەڕێیتـەوە و بۆچـی لـەو غەریبییەیـت؟ چیـت بینـی لـە سـمۆرە زیاتـر کـە گوێـزی بـۆ هەڵدەیـت و کابـرای شـەبقە بەسـەر ببینیـت و بڵێـی هـای، هـاو ئـار یـو؟ منیـش باشـم هەنـدێ لەوانـە دەزانـم "پێدەکەنێـت".

**سـیروان رەحیـم: جـا بـە قسـەی ئـەو شـیعرەی دەکەیـت و بچیتـەوە بـۆ سـلێمانی؟**

**شەفیقە خان**: نەخێر.

1 - هەڵۆ بێکەس، کوڕی نەسرین ئەحمەد میرزا و شێرکۆ بێکەسە.

**سیروان ڕەحیم: ناڕۆیتەوە؟**

**شـەفیقە خـان:** نەخێـر. چونکـە کـە دەڕۆمـەوە زۆر نەخـۆش دەکـەوم. کـە دەڕۆمـەوە وەکـوو مـردووم لێدێـت و بـاری تەندروسـتیم زۆر خـراپ دەبێـت و دەبێـت هـەر بەڕێـی خەسـتەخانەی پیـس و پۆخڵـەوە بـم. جـاری پێشـوو گـوتـم بمبەنـە نەخۆشـخانەی ئەهلـی، تەماشـا دەکـەم کورسـیی شەقوشـڕ و پێخەفـی چڵکـن. گـوتـم کـوا دکتۆرەکـە، کوڕێکـی گەنـج هـات گـوتـی منـم، گـوتـم باشـە بەقوربانـت بـم پشـکنینێکم بـۆ بکـە بزانـە مـن بـۆ وام لێهاتـووە و بۆچـی وشـک بوومەتـەوە، گـوتـی باشـە ئـاوت بـۆ هەڵدەواسـم. ئاویـان بـۆ هەڵواسـیم قۆڵـم ئەسـتوور بـوو. گـوتـم کاکـە گیـان وەرە لێمکـەوە دیـارە ئێـوە لێـی نازانـن. ئـەوە بـوو براکانـم منیـان بـردەوە بـۆ مـاڵ.

**سـیروان ڕەحیـم: کـەی بـوو کوردسـتانت بەجێهێشـت و چوویـت بـۆ ئەمریـکا؟**

**شـەفیقە خـان:** مـن یەکـەم جـار لەگـەڵ منداڵەکانـی شـێرکۆ هاتـم بـۆ سـوید. دواتـر ژیانـی کچـم گـوتـی دەبێـت بێیـت بـۆ لای مـن بـۆ ئەمریـکا، گـوتـی مـن لێـرە بەتەنیـام. لـە مێردەکـەی جیاببـووەوە و لەگـەڵ کوڕەکـەی دەژیا. ئیتـر لەبـەر خاتـری ئـەو چـووم، ئەگەرنا مـن هـەر لێـرە لـە سـوید دەژیـام. ئێسـتا ئـەوە نزیکـەی 15 سـاڵە لـە ئەمریـکام و هـەر لەگـەڵ ژیانـم.

**سیروان ڕەحیم: لە کوێن لە ئەمریکا؟**

**شەفیقە خان**: لە ڤێرجینیا.

**سـیروان ڕەحیـم: لـەوێ بێـزار نەبوویـت؟ پەیوەندیـت لەگـەڵ کـوردی ئـەوێ هەیـە؟**

**شـەفیقە خـان**: بەڵـێ کـوردی لێیـە تەلەفـۆن دەکـەن، یـان ئـەوان دێـن و ئێمـە دەچیـن، بۆیـە هیـچ بێـزار نابـم لـەوێ. ئەمریـکام زۆر زۆر خۆشـدەوێت. جـاران خۆشـتریش بـوو کـە دەمتوانـی بچمـە دەرەوە و بچـم بـۆ بـازاڕ، بـەڵام ئێسـتا ناتوانـم و زۆرتـر هـەر لـە ماڵـەوەم. بچینـە بازاڕیـش زوو هیـلاک دەبـم و ژیـان دەڵـێ وەرە بتخەمـە عەرەبانەکـەوە، یـان بۆخـۆم لەسـەر کورسـییەک دادەنیشـم. ئێسـتا کـە دەڵـێ وەرە، دەڵێـم کچـم تـۆ بۆخـۆت بـڕۆ، مـن تاقەتـی گـەڕان و بـازاڕم نەمـاوە.. ئێمەمانـان لـەم تەمەنـە زیاتـر حـەز لـە شـوێنی چـۆڵ دەکەیـن. کـە ئەوان دەڕۆن ئیتـر بۆخـۆم دەچـم پاڵدەکـەوم، دوایـی کـە دێنـەوە دادەنیشـین و دەسـت بـە قسـەی خـۆش دەکەیـن. ئیتـر ئـاوا دەیگوزەرێنـم و لەگەڵـی راهاتـووم.

**سـیروان رەحیـم: ئەوکاتـەی کاک شـێرکۆ لـە شـاخ پێشـمەرگە بـوو، تـۆ ئەوکاتـە لـە کوردسـتان بوویـت؟**

**شـەفیقە خـان:** بەڵـێ. لەگـەڵ نەسـرین و منداڵەکانـی بـووم و دوای ئـەوە چوویـن بـۆ ئێـران، بـەڵام تاوەکـو پێشـمەرگە بـوو لـە سـلێمانی بوویـن و ماڵمـان لـە ئیسـکان بـوو.

**سـیروان رەحیـم: واتـە دوای ئەنفـال کـە ئـەوان هاتنـە دەرەوەی وڵات تۆیـش لەگەڵیانـدا هاتیـت؟**

**شـەفیقە خـان:** بەڵـێ، سـەرەتا هاتینـە سـوید و دوایـی مـن چـووم بـۆ ئەمریـکا. ماوەیەکیـش لـە ئێـران بوویـن و لەوێـش زۆرمـان چەشـت.

**سیروان رەحیم: کاک شێرکۆ دەڵێت؛ دایکم زۆر قسەخۆشە.**

**شەفیقە خان:** بەخوا رۆڵە ئێستا قسەی خۆشیشم لەبیرچووەتەوە.

**سیروان رەحیم: بۆچی؟**

**شـەفیقە خـان**: بڵێـم چـی، مـن هـەر سـڵاو دەکـەم خەڵـک پێدەکەنـن. دەڵێـم مـن چیـم گـوتـووە؟ دەڵێـن ئاخـر سـەلاموعەلەیکی تـۆ جۆرێکـی دیکەیـە. ئێسـتا نـا و بەدەمـی خـۆم نەبێت قسەخۆشـی سـلێمانی بـووم. تەنانـەت جەمـال بابـان لـە کتێبێکیشـدا بـڵاوی کردووەتـەوە. دەڵێـت؛ یەکـەم قسەخۆشـی سـلێمانی شـەفیقەخانی هاوژینـی بێکەسـە و دووەمیـش سـەبیحەخانە، واتـە دایکـم. خـۆی پـوورم زۆر قسـەی خـۆش بـوو، بـەڵام فەقیـرە کـەس نـاوی ئـەو نابـات.

**سـیروان رەحیـم: ئێـوە بنەماڵـەی خۆتـان هـەر لـە بنەڕەتیشـەوە خەڵکـی سلێمانین؟**

**شەفیقە خان:** بەڵێ خەڵکی سلێمانین.

**سـیروان رەحیـم: حـەزم دەکـرد بزانـم چ شـتێکی دیکـەی هاوبـەش لەنێـوان کاک شـێرکۆ و فایـەق بێکەسـدا هەیـە کـە ئێسـتا ئێمـە بتوانیـن بیبینیـن و هەسـتی پـێ بکەیـن؟**

**شـەفیقە خـان**: شـتی هاوبەشـیان ئەوەیـە کـە شـێرکۆش وەکـو باوکـی شـاعیرە. لـە مەسـەلەی کوردایەتـی رەنگـە بڵێـم ئـەوەی شـێرکۆ تۆختریشـە لـەوەی باوکـی. ئینجـا شـێرکۆ لەچـاو باوکـی نزیکتـرە لـە سیاسـەت. باوکیشـی هـەر سیاسـی بـوو، شـاعیریش بـوو، بـەڵام دیـارە شـاعیری لـەو سـەردەمەدا وەکـو ئێسـتا نەبـوو، شـێرکۆ مەسـەلە ئـەوە نەبێـت کـە کـوڕی خۆمـە، دەنگێکـی بەرزتـر و ناسـراوترە لـە باوکـی. باوکـی شـێرکۆ پیاوێکـی زۆر کوردپـەروەر بـوو، شیعرێکیشـی هەیـە کـە بـۆ شـێرکۆی گـوتـووە:

شێرکۆ لایلایە ڕۆڵە لایلایە
یاخوا شێرانە بێیتە ناو کایە

شـێرکۆ زۆر سـیفەتی دەچێتـەوە سـەر باوکـی، قسـەکردنی و ڕەفتـاری و خەریکبوونـی لەگـەڵ شـیعر و بێگومـان ئەمانـەی هەمـوو لـە باوکـی وەرگرتـووە.

**سـیروان ڕەحیـم: ئـەو شـیعرەی بـۆ کاک شـێرکۆیە، لەبیـرت مـاوە چـۆن نووسـیویەتی؟**

**شــەفیقە خــان:** بەڵــێ. ئەوکاتــە شــێرکۆ منــداڵ بــوو، هێشــتا لەنـاو بێشـکە بـوو، ئـەم شـیعرەی لـە دەمـی منـەوە بـۆ نووسـی، بـەڵام بـاش لەبیـرم نەمـاوە بمبـوورە.

**سـیروان ڕەحیـم: مـن جـاری وا بـووە و هەیـە ماوەیەکـی درێـژ لەگـەڵ کاک شـێرکۆ بوومـە، بـەم دواییـە نزیکـەی مانگێـک پێکـەوە بوویـن، ئـەوەی تێبینیـم کـرد زۆر کـەم دەخەوێـت. هەندێـک دەخەوێـت و هەڵدەسـتێتەوە و جگەرەیـەک دەکێشـێت...**

**شــەفیقە خــان**: بەڵــێ مەراقــی جگەرەکەیەتــی. زۆر زۆر دەکێشــێت و خەویشــی کەمــە، دەڵێــم ڕەنگــە هــەر بەهــۆی جگەرەکــەی بێــت.

**ســیروان ڕەحیــم: بــە منداڵیــش وابــوو؟ هەســت دەکەیــت بــەردەوام نائارامــە و لــەوە دەچێــت خەمێکــی گــەورەی هەبێــت.**

**شـەفیقە خـان**: بـە منداڵییـش کـە کـوڕ بـوو، هـەر وابـوو، پێمدەگـوت تـۆ بۆچـی ئاوایـت؟ دەیگـوت ئـەی دەتەوێـت چـۆن بـم و چـی بکـەم؟ بـەڵام بـەردەوام هێمـن بـووە و هەڵەشـە نەبـووە.

**سـیروان ڕەحیـم: دیـارە مـن پێشـتر لەگـەڵ کاک شـێرکۆ بـە درێژی قسـەم کـردووە، هەندێـک شـت دەڵێـت هیـوادارم بیرەوەرییەکی ناخـۆش بەبیری تـۆ نەهێنمـەوە. ئـەو دەڵێـت؛ ئـەو سـاڵانە بـۆ مـن زۆر زۆر زەحمـەت بـوون کـە مـن لـە سـلێمانی مامـەوە و دایکـم ڕۆیشـت بـۆ بەغدا.**

**شەفیقە خان**: بەڵێ من شووم کردەوە.

**سیروان رەحیم: دەڵێ من حەزم دەکرد ئەو دایکە هەر دایکی من بێت و نەبێت بە دایکی کەسی دیکە.**

**شەفیقە خان**: بەڵێ ئەوە زۆر کاری تێکرد و حەزی نەدەکرد، بەڵام ئیتر وای لێهات و منیش چی بکەم؟ ئەوکاتە تەمەنم 27 ساڵ بوو. بەڵێ ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، ماوەیەک چووە ماڵی خاڵی و لەگەڵ ماڵی عومەری برام دەژیا، دواتر باوکی کاوە ئاشتی کردەوە و شێرکۆیش هات بۆ بەغدا و پارەی بۆ دەنارد و خۆم شتم بۆ دەنارد و بەوجۆرە ئاشت بووەوە لەگەڵمان.

**سیروان رەحیم: ئەو ماوەیە بۆ تۆ چۆن بوو کە کاک شێرکۆ لەگەڵت نەهات بۆ بەغدا؟**

**شەفیقە خان**: بۆ منیش زۆر زەحمەت بوو. بەردەوام نامەم بۆ دەنارد، دەمگوت خەوم نییە و خۆراکم نییە و تۆ بۆچی وا دەکەیت خۆ من شتێکی ناشەرعیم نەکردووە و ئەوەتا کچەکانم لەگەڵمن، ئیتر بە نامە و بە قسەی خۆش دڵیم ئاشتکردەوە. عومەریش [1] زۆر زۆر باش بوو لەگەڵی و رۆڵی باوکایەتی بۆ بینین، بەڕاستی ئەویش پیاوێکی باش بوو، بەڵام کە پێکەوە نەگونجاین، بەڕاستی من هەر لە سەرەتاوە پێمگوت، هۆیەکەی ئەوە بوو من تەمەنم زیاتر بوو لەو، بۆیە پێکەوە نەدەگونجاین. ئەوەی ئەو حەزی لێبوو من تاقەتم نەبوو بیکەم، دەیگوت وەرە بچین بۆ سینەما، دەمگوت نایەم منداڵەکان ببە، خەسووشم دەیگوت رۆڵە بۆ لەگەڵی ناچیت؟ ئێ دەمگوت من حەزم لە سینەما نییە، بەکورتی ئەو حەزی لە هەرچی دەکرد من حەزم لێ نەبوو، بۆیە نەمانتوانی پێکەوە بژین و جیابووینەوە.

---

1 - عومەر هەڵمەت، کەسایەتی ناسراو و هاوژینی دووەمی شەفیقە خان.

**سیروان ڕەحیم: دوای ئەوە بەیەکجاری گەڕایتەوە بۆ سلێمانی؟**

**شـەفیقە خـان:** بەڵـێ هاتمـەوە سـلێمانی و خانـووی ئیسـکانم وەرگـرت و لەگـەڵ منداڵـەکان دانیشـتم.

*　　*　　*

کاتێـک مانـدوو دەبـوو، پێویسـت بـوو شـەفیقە خـان پشـوویەکی بـاش بـدات، پـاش پشـوو دێینەوە سـەر باسوخواسـی ئـەو ڕۆژگارەی سـلێمانی. شـەفیقە خـان بـە بیرەوەرییەکـی نایاب دەسـت بـە ئاخافتـن دەکاتـەوە. بیرەوەریـی نووسـینی شـیعرێکی فایـەق بێکـەس.

**شەفیقە خان دەڵێت:**

حاجـی ڕەمـەزان تـازە بووبـوو بـە موتەسـەریفی سـلێمانی، زاوای حاجـی ڕەمـەزان نـاوی عەلـی کـوردی بـوو کـە پـوورزای دایکمـە، جـا حاجـی ڕەمـەزان بـۆ هـەر شـوێنێک دەگوازرایـەوە ئـەم زاوا و کچەیشـی لەگـەڵ خـۆی دەبـرد. تـازە هاتبـوون، بـە باوکـی شـێرکۆم گـوت کاک عەلـی خزمی منـە و بـا بچیـن بـۆ بەخێرهێنانـی ماڵـی حاجـی ڕەمـەزان لەبـەر کاکـە عەلـی. کـە چوویـن زۆریـان پێخۆشـبوو. لـەدوای ئـەوە دەسـتمان کـرد بـە هاتوچـۆی یەکتـری و مـن داوەتـم کـرد، ماڵێکـی وەهاشـمان نەبـوو مێـز و کورسـی و ئـەم شـتانە، خواردنەکەمـان بـرد و چوویـن بـۆ ئـەوێ.. کاکـە عەلـی خۆیشـی مەشـرووبی دەخـواردەوە، بۆیـە ڕۆژێـک باوکـی شـێرکۆی داوەتکـرد بـۆ خواردنـەوە و ئێمـەش لـەوێ دانیشـتبووین. حاجـی ڕەمـەزان هەسـتا چـووە دەسـتەکەی ئەوبـەر کـە ئەوانـی لـێ دانیشـتبوون. گوتـی؛ ڕۆڵـە ئـەم ئیشـەی ئێـوە نـە خـوا پێیخۆشـە و نـە بەنـدە، ئەمـە چییـە پـارە دەدەن و خۆتـان بـێ عەقـڵ دەکـەن؟ بـاوەڕ بکـەن ئـەم عەرەقـە هیـچ سـوودێکی نییـە. ئیتـر پێیداهـات؛ عـەرەق مەخۆنـەوە بـۆ تەندروسـتی بـاش نییـە و بـۆ ئاینەکەتـان بـاش نییـە، خـۆی چەنـد جارێـک حەجـی کردبـوو. باوکـی شـێرکۆ گوتـی؛ حاجـی مـن ئێسـتا

وەڵامەکـەم پـێ نییـە، بـەڵام لـەم شـەوانە دێمـە خزمەتـت و وەڵامەکەت دەدەمـەوە، ئەویـش گوتـی زۆر باشـە، هیـوادارم ئـەو وەڵامـە بێـت کـە دەسـت لـە خواردنـەوە هەڵگریـت.

دوو سێ شـەو دوای ئـەوە گوتـی؛ شـەفیقە هەسـتە بـا بچیـن بـۆ ماڵـی حاجـی رەمـەزان، گوتـم بـۆ بچیـن خـۆ ئێمـە تـازە لـەوێ بوویـن؟ گوتـی ئەمـڕۆ کاک عەلیـم بینیـوە دەیگـوت شـەو وەرن. چوویـن دانیشـتین و حاجـی رەمەزانیـش هـات و ئیتـر چاوەڕێـی وەڵامەکـەی فایـەق ئەفەنـدی بـوو. باوکـی شـێرکۆش گوتـی؛ وەڵامێکـم بـۆ قسـەکانی ئەوشـەوەت نووسـیوە. گوتـی فەرمـوو:

باوکی شێرکۆ گوتی:

**من عەرەق دەخۆم کە بێ کەدەر بم**
**کەمێ لە دنیای دوون بێ خەبەر بم**
**گەلێ سزام دیت لەڕووی عەقڵەوە**
**با بۆخۆم تۆزێ بێهۆش و کەر بم**
**عافیەتی تۆ بێ بامێ و قبووڵی**
**با من بە عەرەق تووشی زەرەر بم.**

حاجی رەمەزانیش گوتی؛ بابە بخۆنەوە حەقم لەسەرتان نییە.

**سـیروان رەحیـم: کاک شـێرکۆیش دەخواتـەوە، داوات لێکـردووە نەخواتـەوە؟**

**شـەفیقە خـان**: بەڵـێ دەخواتـەوە و مـن زۆرم پێناخۆشـە. مـن لەبـەر تەندروسـتیی خـۆی وا دەڵێـم، نـە لەبـەر شـتی دیکـە. دەخواتـەوە و جگـەرەی زۆریـش دەکێشـێت. منیـش پێمناخۆشـە و دەڵێـم؛ رۆڵـە هیـچ نەبێـت کەمـی بکـەوە. جارێـک هـەر لێـرە هێشـتا نەچووبـووم بـۆ ئەمریکا،

گوتم ئەوەندە جگەرە مەکێشە و جگەرە خراپە و گوتی دایە، گوتم گیان، گوتی ئەوە جگەرەم تەرککرد. گوتم نا تەرکی مەکە، کەمی بکەوە، گوتی نا هەر تەرکی دەکەم تەواو، پاکەتی فڕێدا و هەر دەهات و دەچوو دەنکێ نوقڵی دەخستە دەمی و دیسان دەهات و دەچوو، نەسرین خواردنەکە ئامادە نەبوو؟ خوێی بچێژم بزانم چۆنە؟ سەری مەنجەڵی هەڵدەدایەوە و نەیدەزانی چی بکات. نانمان خوارد و گوتی با بچین بۆماڵی شێخ دارۆ (دارۆی شێخ نووری شێخ ساڵح) ئاخر دایکی شێخ شەهاب و شێخ دارۆ ئامۆزای منە، گوتم باشە. هەستاین چووین بۆ ماڵی شێخ دارۆ. لە رێگە گوتم نەسرین تۆ دیقەتی شێرکۆت داوە؟ رەنگی رەش داگەڕابوو ببووە قیری رەش. چووین و دانیشتین، شێخ دارۆ گوتی ئەوە چیتە کاک شێرکۆ؟ رەنگت تەواو نییە. گوتی وەڵڵا هەمووی خەتای دایکمە هەر دەڵێ واز لە جگەرە بێنە. گوتم بەخوا رۆڵە من نەمگوتووە وازی لێ بێنە، پێمگوتووە کەمی بکەوە. ئەویش گوتی راست دەکات بە یەکجاری وازی لێ مەهێنە و کەمی بکەوە، ها جگەرەیەکت بدەمێ. هەر کە جگەرەکەی داگیرساند بوو بە کەسێکی دیکە، بۆیە ئیتر زانیم کە بۆی تەرک ناکرێت، بەڵام با کەمی بکاتەوە، لە جیاتی سێ پاکەت رۆژی یەک پاکەت بکێشێت. دکتۆر نەجمەدین کەریم لە بۆنە و شتی وا دەمبینێت، یان دکتۆر بەرهەم ساڵح کە جاران لە ئەمریکا بوو، هەموو جارێک پرسیاری شێرکۆم لێدەکەن، دەڵێن لەگەڵ جگەرەکێشان چۆنە؟ جارێکیان گوتم وەڵڵا مژدەتان بدەمێ، پێکەوە گوتیان ئێ، گوتم چەرخی تەرک کردووە، ئێستا جگەرە بە جگەرەوە دەنێت، بەوە زۆر پێکەنین.

**سیروان رەحیم: ئێوە ماوەی چەند ساڵ لەگەڵ کاک شێرکۆ پێکەوە نەبوون؟**

**شەفیقە خان**: کە ئەو ژنی هێنا ماوەیەک لە ئیسکان هەر پێکەوە

بووین، دواتـر ئـەوان ماڵیـان جیاکـردەوە و من هـەر لە ئیسـکان مامەوە. ئیتـر منیـش نەدەکـرا بـە تەنیـا بـم، هەرچـی شـتم هەبـوو هەموویـم فرۆشـت و چوومـە لای فریشـتەی کچـم لـە دووکان و ماوەیەکیـش لەگـەڵ ئـەوان بـووم. ماوەیەکیـش لەگـەڵ ژیـان بـووم. ئیتـر ئـاوا لـە ماڵـی ئـەم کـچ و ئـەو کـچ. جـا ئینسـان کـە پیـر بـوو دەموچـاوی دەبێتـە خەریتـە و ملـی دەبێـت بـە جۆگەلـە و لـووت لـە شـوێنی خـۆی نامێنێـت و چـاو کـز و کوێـر دەبـێ. ئینجـا ددانـی دەسـتکرد و چـاوی دەسـتکرد و گوێـی دەسـتکرد، ژیـان ئاوایـە.

**سـیروان رەحیـم: وایـە بـەڵام جوانیـی رۆح هـەر دەمێنـێ، هەیـە گەنجیشـە و جـوان نییـە، لەبەرئـەوەی رۆحـی جـوان نییـە.**

**شـەفیقە خـان**: جارێـک بـە کاکـە برایمـم [1] گـوت خۆزگـە ئاوێنـە نەبووایـە، گوتـم مـن تاوەکـو سـەیری ئاوێنـە نەکـەم، لەبیـرم نییـە کـە دەموچـاوم ئـاوای لێهاتـووە، لـە هەسـتی خۆمـدا هـەر وا دەزانـم یەکێکـم لـە تەمەنـی چـل ساڵیدا. دەیگـوت جـا کـێ خـوا ئـەوەی دەداتـێ هەسـتی وای هەبـێ؟

**سیروان رەحیم: تۆ چەند منداڵت هەیە شەفیقە خان؟**

**شـەفیقە خـان**: شـەش منـداڵ. سـێیان لـە بێکەسـن: شـێرکۆ، گەزیـزە و فریشـتە. لـە عومەریـش کاوە، کامـەران و ژیـان. بەگشـتی سـێ کـوڕ و سـێ کـچ. ژیـان لـە هەموویـان بچووکتـرە لەدایکبـووی 1959 یـە.

**سـیروان رەحیـم: بـۆ دایـک منـداڵ هەموویـان وەکـو یـەک جەرگـن، بەڵام هەسـت دەکـەم کاک شـێرکۆت لـە هەموویـان خۆشـتر دەوێت؟**

**شەفیقە خان**: بەڵێ وایە.

1 - مەبەستی لە مامۆستا برایم ئەحمەد (1914-2000)ی نووسەر و سیاسەتڤانە.

**سیروان رەحیم: بۆچی؟**

**شـەفیقە خـان**: لەبەرئـەوەی زۆرتـر لەگـەڵ ئـەو ژیـاوم. زۆرتـر تێیدەگـەم و تێمـدەگات. کاتێـک کـوڕ بـووە و منـداڵ بـووە زۆر لەگەڵـم بـووە و ئینجـا نۆبەرەشـە، جگـە لـەوە هەسـتی شـێرکۆ وەکـو هەسـتی هیـچ منداڵێکـی دیکـەم نییـە. شـێرکۆ هەستێکی جیاوازی هەیـە لەگـەڵ مـن، بۆیـە زۆرتـرم خۆشـدەوێت. ئەوانـی تریشـم خۆشـدەوێن، بـەڵام شـێرکۆ هەمـوو جارێـک دەڵـێ؛ دایـە هـەر خـۆم یەکەمـم؟ دەڵێـم ئـا دایـە گیـان هـەر خـۆت یەکەمیـت. ژیـان دەڵێـت؛ جـاران خـۆ مـن یەکـەم بـووم، دەڵێـم نـا تـۆ قـەت یەکـەم نابیـت، بـەڵام قەیـدی نـاکات تـۆ دووەم بـە.

**سـیروان رەحیـم: بـەڵام مـن هـەر بـۆم پرسـیارە، لەگـەڵ کاک شـێرکۆ کـە ئەوەنـدە یەکدیتـان خۆشـدەوێ چـۆن دەتوانـن دووربـن لـە یـەک؟**

**شـەفیقە خـان**: مەسـەلە قسـمەتە و ژیانیشـە. ئێسـتا ئـەو لـە مـاڵ و منداڵیشـی دوورە و لـە کوردسـتان دانیشـتووە و منیـش لـە ئەمریـکام. ئـەم جـارەی دوایـی پێنـج سـاڵ بـوو شـێرکۆم نەبینیبـوو. گوتـم؛ لەمـە لەرزۆکتـر و پیرتریـش بـم خـۆ مـن هـەر بـە عەرەبانـە دەمبـەن، خـۆ ئەویـش گوتبـووی ئـەم جـارە یەکسـەر دێـم بـۆ ئەمریـکا، گوتـم باشـە ئەگـەر ئەویـش هـات، ئـەی منداڵەکانـی؟ ئـەی نەسـرین؟ ئـەی هەڵـۆ؟ خـۆ دەبێـت ئەوانیـش ببینـم، ناچـار ڤیروسـیام لـە هەمـوو شـت کـرد و هاتـم بـۆ لایـان بـۆ سـتۆکهۆڵم.

# نامەیەکی واڵا..

نامەیەکی واڵا [1]

## بۆ بەڕێزان ئەندامانی "مەکتەبی" [2] سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

1 - پاش رووداوی سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لە رۆژی 16\3\2006، کاک شێرکۆ بێکەس رۆژی 26\3\2006 نامەیەکی درێژی بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نووسی.
لەگەڵ کاک شێرکۆ پەیوەندی بەردەوامان هەبوو، بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد، زۆر هاوینیش دەهاتە شاری کۆڵن - ئەڵمانیا و هەفتەیەک بۆ دوو هەفتە دەمایەوە. ساڵی 2006، ئەوکاتەی کاک شێرکۆ نامەکەی نووسیوە، من لە پاریس دەژیام، کاک شێرکۆ تەلەفۆنی کرد بۆم و گوتی: نامەیەکی وەهام نووسیوە و دەمەوێت کۆپییەکی بۆ تۆ بێت و بۆ مێژوو لات بمێنێت. گوتی: ئێستا نا، بەڵام لە داهاتوودا رۆژێک لە رۆژان بڵاوی بکەوە تکایە. گوتم خۆشحاڵم و زۆریش سوپاسم کرد، بەتایبەتی سوپاسی متمانەپێکردنەکەیم کرد. پرسیاری کرد چۆن نامەکە بنێرێت بۆم، گوتم من خۆم بەم نزیکانە سەردانم دەبێت بۆ وڵات و لە خۆتی وەردەگرم، گوتی بەو جۆرە باشتریش دەبێت.
جا ئێستا کاتێک من ئەو نامەیەم لای خۆم دۆزییەوە و خوێندمەوە، یادگاری شاعیرێکی گەورەی وەکو شێرکۆم دۆزییەوە و هاوکاتیش دیمەنی گشتگیری بەردەوام گەڕانەوەی پڕ کارەسات و نوقمبوونی، نەک هەر باشووری کوردستان، بەڵکو تەواوی ناوچەکە لە قەیران، لە ستەم و نادادپەروەری و هەروەها لەوانەیش جەرگبڕتر، نوقومبوون لە شەڕ و لە ناجێگیریدا، بەبەرچاومدا دێن و دەچن و رووبەری بیرکردنەوەم دەتەنن. نامەیەکی مێژوویی گرنگە.
پاشان کاتێک سەردانی سلێمانیم کرد و کاک شێرکۆم بینی، چووینە ماڵەوە، ماڵی کاک شێرکۆ خۆی، دانیشتین و نامەکەی دایە دەستم. کاک شێرکۆ گوتی: نامەکەم بە دەستی ناردووە بۆ کاک نەوشیروان مستەفا خۆی  لە م.س. یەکێتی و پاشان پرسیارم لێکردووە، کاک نەوشیروان گوتی: نامەکەتم خوێندەوە، زۆرم بە دڵ بووە و بۆ هەموو ئەندامانی م.س. یەکێتی کۆپیم کردووە، سەروکۆپیم بە هەموویان داوە، بەڵام نازانم ئەوان تاقەتی خوێندنەوەیان هەیە یان نا؟.
ئەم نامەیەی شێرکۆ بێکەس نامەیەکی گرنگی مێژووییە، بەڵگەیە سەبارەت بە قۆناخێک لە دەوڵەتداری و سیستەمی بەڕێوەبەرێتی کورد خۆی. بۆچوون و تێڕوانینی گرنگی کاک شێرکۆی سەبارەت بە دۆخی کوردستان، لەو ڕۆژگارەدا، تێدایە. هەروەها خاڵێکی زۆر گرنگ لەم نامەیەدا رەخنەلەخۆگرتنی کاک شێرکۆیە لە خۆی، رەخنەگرتنێکی زۆر توند و راشکاوانە لە خۆی. کەمن، یەکجار دەگمەنن ئەوانەی دەتوانن وەها رەخنە لە خۆیان بگرن.
زۆر بە کورتی یەک خاڵی گرنگی دیکەیش: بڵاوکردنەوە و خستنە بەردیدەی ئەم نامەیە لەلای منەوە، تەنها لەبەر گرنگیی هەڵوێست و خەمی شاعیرێکە لەو رۆژگارەدا، خەمێک بۆ پاراستنی ماڵی کوردستانیان و نیشتمان، جگە لە گرنگیی هەڵوێست و بەسەرکردنەوەی ئەو خەمەی شێرکۆ بێکەس هیچ ئامانجێکی دیکە و مەبەستێکی دیکەم لەم کارەدا نییە.

سیروان رەحیم

2 - وشەی "مەکتەبی" لە نامەکەدا نییە و کاک شێرکۆ لە بیری چووە.

دوای سڵاو

دوابەدوای ڕووداوە خوێناوییەکەی 16-3-2006 ی هەڵەبجە، لە ژمارى (654)ی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی دا وتارێکم بەناونیشانی (هەڵەبجە لەنێوان ئەو دەستەی خنکاندی و ئەو دەستەی سووتاندی) بڵاوکردبووەوە، ئومێد دەکەم خوێندبێتتانەوە و ئێستاش ڕاستەوخۆ ئەم نامەیەتان بۆ ئەنووسم بەو هیوایەی چاوێکی زۆر جیدی و خێرا و بێ دواخستن بەو بارودۆخە شێواوەدا بگێڕنەوە کە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دارایی خەریکن، ژیانی میللەتەکەمان و گەنجانی نەوەی نوێ تووشی نائومێدیی تەواو و دابڕانی تەواو و تووڕەیی و بێزاری و ناڕەزایی ئەکەن و لە دواییشدا (ئەگەر بەخێرایی بەپیریەوە نەچن ) و لە ڕەگوڕیشەوە چارەسەری ئەو کێشانە نەکەن، ئەگەری ڕۆژی ناخۆشتر و کارەساتی جەرگبڕتر لەپێشمانەوەیە، من ئەمەوێ سەرەتا لە خاڵێکی زۆر جەوهەرییەوە دەستپێبکەم: ئایا حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی هەستی بەوە کردووە یان گەیشتوونە ئەو دەرەنجامەی کە خەڵکی و بەتایبەتی گەنجەکان لە حکومەت و دەسەڵات و ڕاگەیاندن دوورکەوتوونەتەوە؟ یان بە واتایەکی دیکە بۆشاییەکی گەورە کەوتووەتە نێوانیان؟ ئەگەر وەڵامەکە ( بەڵێ) بێ، هێشتا دەرفەتێك لە بەردەم ئەمێنێ بۆ ئەوەی بە فریای قەیرانەکان بکەون، بەڵام ئەگەر وەڵامەکە (نەء)، بێ و هەروا بزانن جاری جارانە و ئەم ڕووداوانە بە هێند وەرنەگرن و تەواوی ئەو خۆپێشاندانانەی لە کەلار و کۆیە و هەڵەبجە کران بە پیلانی دەرەوە و دەسیسەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەقەڵەم بدەن، ئەوا ئەمەیان کارەساتی گەورەتر بەدوای خۆیدا ئەهێنێ و ئەبێ دەستمان لەسەر دڵمان بێ و یان چارەنووسمان بدەینە دەستی قەدەر.

بەڕێزینە: خۆتان ئەزانن، من وەك شاعیرێ لە سەرەتای هەشتاکانەوە چ لەناو شاردا چ لە شاخ لێتانەوە نزیك بووم و بەشێك بووم لە

چارەنووسـی  پ.م  و لـە ئێـوە و لـە هەمـوو ئـەو سـەرکردە سیاسـی و عەسـکەریانەی کـە لـە ڕۆژی ڕەشـی ئەوکاتانـەدا بەرەنـگاری دیکتاتۆرییەت ئەبوونـەوە و بەڕاسـتیش بوێرانـە خەباتیـان ئەکـرد و ئەجەنـگان، وەك شـاعیرێکیش درێغیـم لـەوە نەکردبـوو کـە لـەو سـەردەمە تاریکانـەدا چەندیـن چـرای شـیعر بـۆ مقاوەمـەت و بـۆ شـەهیدان و میللەتەکـەم داگیرسـێنم، ئەمـەش منەتـی تێـدا نییـە و ئەرکێکـی چارەنووسسـازی سەرشـانم بـووە. ئەگـەر شـایەتی ئەوەشـم بـۆ بـدەن هەندێکتـان لـە نزیکـەوە ئـاگاداری ئـەوەن چ لـە شـاخ بووبـن یـان لـە شـار، ئەگـەر کار و کـردەوەی جوانـم بینیبـێ باسـمکردووە و پێمخۆشـبووە و خـۆ ئەگـەر ئـاکاری خراپیشـم بینیبـێ یـان لەگـەڵ هەنـدێ خەتـی سیاسـی ئێـوەدا نەبووبـم، بـە نامـە بووبـێ یـان ڕووبەڕوو بـە بەڕێـزان سـکرتێری گشـتی و مەکتەبـی سیاسـیم وتـووە، چونکـە ویژدانـم ڕێگـەی نـەداوم بێدەنـگ بـم، بـە کورتـی مـن بەشـێك بـووم لـە ئێـوە و جیانەبـووم، دوای ڕاپەڕینیـش وەك شـاعیرێکی سـەربەخۆ هـەر لەسـەر لیسـتی سـەوز خـۆم پـاڵاوت و چوومـە یەکەمیـن پەرلەمانـی کوردسـتانەوە و دواتریـش بەکـۆی دەنـگ کـرام بـە یەکەمیـن وەزیـری ڕۆشـنبیریی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و لـەم پۆستەشـدا سـاڵێك و چەنـد مانگـێ مامـەوە و بەهـۆی پێشـێلکاری پرەنسـیپەکانی دیموکراسـیەوە بـوو کـە بـە ئیـرادەی خـۆم و بڕیـاری خـۆم، دەسـتم لـەو پۆسـتە کێشـایەوە، قـەت ئەوەشـم لەبیرناچێتـەوە کـە لـە ڕۆژانـی تەنگانـە و شـاخدا ، لـە ڕووی ژیـان و گوزەرانـەوە یارمەتـی خـۆم و مـاڵ و منداڵتـان داوم و بەتایبەتـی لـە دوای چوونـە دەرەوەی خـۆم بـۆ هەنـدەران ژنەکـەم و منداڵەکانـم ئێـوە توانیتـان ڕەوانـەی ئێرانیـان بکـەن و نەکەونـە دەسـت دڕندەکانـی بەعـس.

بەڕێزینـە: سـەرەتای خۆشەویسـتیی مـن بـۆ ئێـوە و شۆڕشـی بەرەنگاربوونـەوەی دیکتاتـۆری بـۆ ئـەو سـەردەمە ئەگەڕێتـەوە کـە دوای هەرەسـی شۆڕشـی ئەیلـول ترووسـکاییەک لـە هەمـوو کوردسـتاندا نەمابـوو، میللەتەکەمـان تووشـی گەورەتریـن نوشوسـتی بووبـوو. مـن

ئەوکاتــە بــۆ خۆرئــاوای عێــراق دوورخرابوومــەوە، پێموابــوو زۆر درەنــگ ئەتوانیــن هەڵســینەوە، بــەڵام ئــەوە بــوو مەفــرەزە ســەرەتاییەکانی کۆمەڵــە کەوتنــە شــاخ و ئێــوە و هاوڕێکانتــان ئازایانــە هاتنــەوە مەیــدان و نێــو گەلەکەتــان و تەنانــەت هەندێکتــان کــە لــە ئەوروپــا بــوون، وازتــان لــە خوێنــدن هێنــا و رووتانکــردەوە کوردســتان، بەڵــێ مــن و هەنــدێ لــە هــاوڕێ نزیکەکانــم، هــەر لــەم وەرچەرخانــەوە خۆشەویســتیی ئێــوە و کۆمەڵــە و یەکێتــی و (پ.م)ــەکانی چوونــە دڵمانــەوە و بوویــن بــە دۆســتی نزیکتــان و لــە هەمووشــیان نزیکتــر مــن بــووم، دیــارە ئێــوەش ئەزانــن کــە مــن رۆژێ لــە رۆژان نــە لــە رێکخســتنەکانی یەکێتیــدا بــووم نــە پارتیــش. یەکجــار لــە ژیانمــدا حیزبایەتیــم کــردووە کــە لــە بیســتەکانی تەمەنــدا بــووم و ئەندامــی کاژیك بــووم. واتــە لــە ســاڵی (1970 ) وە مــن نەچوومەتــەوە نــاو هیــچ حیزبێکــەوە و کاری سیاســیم وەك رێکخســتن نەکــردووە. چونکــە مــن بۆخــۆم زۆر زوو دەرکــم بــەوە کــرد کــە بــۆ کاری چالاکــی  سیاســی و رێکخراوەیــی نابــم و چاکتــر وایــە هــەر خەریکــی دنیــای شــیعر و ئــەدەب بــم، هەروایشــم کــرد. مــن لــە ســەرەتای هەشــتاکانەوە لێتانــەوە نزیکــم، رێزتــان گرتــووم و رێــزم گرتــوون، لــە کاتــی لێقەومــان و تەنگانــەدا فریــام کەوتــوون، هەندێکتــان بــە شەخســی هاوڕێمــن و بــە خێزانیشــەوە تێکەڵیــن، ئێــوەش هــەر یەکێکتــان (بــەدەر لــە شــەڕی ناوخــۆ، کــە هەمــوو لایــەك بــە یەکێتــی و بــە پارتییــەوە لێــی بەرپرســیارە) هــەر یەکەتــان رابــردووی جوانــی خــۆی هەیــە و کــەس ناتوانــێ نکوڵــی لەمــە بــکات، ئێــوە لــەو رابــردووەدا  بۆیــە خۆشەویســت بــوون، چونکــە لــە خۆبــوردوو بــوون و لەنــاو خەڵکــدا بــوون و بــۆ ئــەوان ئەژیــان و لــە پێنــاوی پاشــەڕۆژی ئەوانــدا تێئەکۆشــان و دەســتبەرداری هەمــوو خۆشــی و بەرژەوەندییەکــی شەخســی تەنانــەت ژیانــی خۆیشــتان بــوون. لــە رۆژگاری شــەڕی ناوخــۆی دواییــدا مــن لــە دەرەوەی وڵات بــووم، ئەگــەر لەبیرتــان بــێ کــە مــن چەنــد جارێــك نامــەی تایبەتیــم بــۆ ئەنــاردن، بــێ هیــچ پێچوپەنایــەك راســتەوخۆ ئیدانــەی ئــەو شــەڕانەم کردبــوو بــە

تایبەتــی ئــەو شــەڕانەی دوایــی نێــوان پارتــی و یەکێتــی وەختــی هاتنــە ناوەوەی هێزەکانــی تورکیا کــە ئەو هەمــوو قوربانییــەی لێکەوتــەوە، لــە دەرەوەی وڵاتیــش ئەگــەر دەرفــەت بووبێــت و چــاوم بەهــەر ســەرکردە و بەرپرســێك یــان ســکرتێری گشــتی کەوتبێــت، بێدەنــگ نەبــووم و رووبــەڕوو قســەی دڵــی خــۆم لەگەڵــدا کــردوون. بــە کورتــی قازانجــی میللەتەکــەم لــە کــوێ بووبــێ منیــش لــەوێ بــووم. منیــش وەك هــەر مرۆڤیکــی دیکــە لــە ژیانمــدا هەڵــەم کــردووە. جاربەجــار دەمارگیریــش بــووم. حەزیــش ئەکــەم ئــەوە بزانــن کــە مــن لــە هیــچ نووســین و شــیعرێکی خــۆم پەشــیمان نیــم، چونکــە دڵــی خــۆم ســەرچاوەیان بــووە، خــۆم خاوەنــی ســەری خــۆم بــووم. ئەوەیــش ئەزانــم کــە ئــەم نزیکــی و تێکەڵاوبوونــەم لەگــەڵ یەکێتــی زۆرجــار بووەتــە هــۆی ئــەوەی نەیارەکانــم بیقۆزنــەوە و بەبــاری تــردا لێکیبدەنــەوە و تەفســیری تــری بــۆ بکــەن. بــەڵام مــن هەرگیــز گوێــم نەداوەتــە ئــەو پــلار و تیــر و توانجانــە. چونکــە زانیومــە کــە بــێ هیــچ مەبەســتێ مــن کاری خــۆم کــردووە و شــیعری خــۆم نووســیوە، دوای دەستلەکارکێشــانەوەم لــە پۆســتی وەزارەتــی رۆشــنبیری، بڕیاری ئەوەیشــم دا کــە جارێکــی دیکــە هیــچ جــۆرە پۆســتێکی حکومــی وەرنەگرمــەوە و خەریکــی کاری رۆشــنبیری و ئەدەبــی بــم باشــترە.

بەڕێزینــە: مــن خۆشەویســتی و بــڕوای میللەتەکەمــان بەهیــچ شــتێکی دیکــەی نــاو ئــەم دونیایــە ناگۆڕمــەوە. ئەوەندەیــش تەمەنــم بردووەتــە ســەر کــە لــە ئێســتەدا پێویســتیم بــە هیــچ پلــە و پایەیــەك نەبێــت و لــە مووچــەی خانەنشــینی خــۆم و کاری خــۆم لــە دەزگای چــاپ و پەخشــی ســەردەم ئەژیــم و سەرووزیادیشــمە و چاویشــم لــە (؟) نییــە.. هەرچــی تەکلیــف و کارێکیشــم بووبــێ یــان بــۆ ســەردەم بــووە یــان بــۆ خەڵکــی دیکــە کــە پێویســتیان بــە هــاوکاری و یارمەتــی بــووە. هەروەهــا مــن ئەوەیــش ئەزانــم کــە هەمــوو کادیــر و ئەندامانــی ســەرکردایەتی یەکێتــی نیشــتمانی کوردســتان چوونیــەك نیــن و لــە ژیــان و گــوزەران

و هەڵسوکەوت و پاکی و ناپاکیدا وەکو یەك تەماشا ناکرێن. بەڵام ئەم بارودۆخە ناهەموارەی لە ئێستادا هەیە، هەمووومان لێی بەرپرسیارین. من بۆخۆم هەمیشە لە شاخیش، لێرەیش لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونانەدا بووم کە بەردەوام ویستوویانە لە رێگەی رێفۆرم و چاککردنەوە گۆڕانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو یەکێتیدا ئەنجامبدەن، بەڵام ئەوەیش نەبوو ئاخریش هەمووی هەر بەبێدەنگی شکایەوە. ئەم پێشەکییەم بۆ ئەم نامەیەم بە پێویست زانی بەرلەوەی بگەمە ئەم رۆژگارەی کە ئێستا تێدا ئەژین.

بەڕێزینە : ئەوە پانزە ساڵی رەبەقە خۆمان حوکمی وڵاتی خۆمان ئەکەین، بەڵام لە ئێستادا میللەتەکەمان بە هەموو چین و توێژاڵە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، بە گەنج و پیر و ژن و خوێندکار و کاسبکارەوە، بە رووناکبیر و نەخوێندەوارەوە، بەشی هەرە زۆریان پەست و بێزار و تووڕەن، وەك ئەبینن گەیشتووەتە لووتیان، نەوەیەك دروستبووە کە لە پێش راپەڕینەوە بەچەند ساڵێ هاتووەتە دنیاوە و ئێستاش هەموو گەنجن و ئاگایان لەو رابردووە نییە کە ئێوە باسی ئەکەن، لە راستیدا ئەمە خەوش نییە و ئەوان ژیان و داخوازی و تێڕوانینی خۆیان هەیە بۆ ئەم سەردەمە. لە ماوەی ئەو پانزە ساڵەدا تێکەڵاوبوونێکی گەرم و بەسەرکردنەوەی ئەوان زۆر کەم بووە. گوێ لە داواکانیان نەگیراوە. گوێ لە رووناکبیران نەگیراوە، بە سەدان بەڵێنی سەوز و سووریان پێدراوە هیچی وای لێ جێبەجێ نەکراوە، ئەوە پانزە ساڵە خەڵکی بە دەست بێ کارەبایی و بێ ئاوییەوە ئەناڵێنێ و تا ئێستاش گیروگرفتەکە وەکو خۆیەتی، ئەی خۆ ژیانیش هەمووی هەر دوو سێ پانزە ساڵییە. بۆچی ئەم بارودۆخە وایە؟! لەبەر ئەوەی بەرپرسان و قیادە لە دۆڵێکن و میللەتیش لە دۆڵێکی تر. دابڕانێکی گەورە کەتووەتە بەینەوە، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی و خزم و کەسوکاریان لە نیعمەتێکدا ئەژین و خەڵکی دیکە لە

دۆزەخـدا، پـارە و پـوول جێـی بیروبـڕوای گرتووەتـەوە.

خۆدەوڵەمەندکـردن و بازرگانیکـردن و کۆشـك و تـەلار دروسـتکردن و (؟) مەسـرەف کـردن و جیاوازییەکـی گـەورەی ژیانـی رۆژانـە کەتووەتـە نێـوان ئـەوان و خەڵکییـەوە. لەبـەر ئـەوەی هـەر کەسـە و بۆخۆیەتـی، سـەرکردەکان لەبـەر بەرژەوەنـدی خۆیـان ئاگایـان لـە دنیـای بێچارەیـی و نەبوونـی و هـەژاری میللـەت نەمـاوە، لەبـەر ئـەوەی دزی و گەندەڵـی بـە ئاشـکرا دەکـرێ و بـە بەرچـاوی عالەمـەوە و بـێ لێپرسـینەوە دز وەك بەرزەکـی بانـان بـۆی دەرئەچـێ و تاوانبـاران هەمـوو قانـون و نیزامێـك پێشـێل ئەکـەن و کەسـیش ناتوانـێ یەخەیـان بگـرێ. ئـەو ئـاوەی رژاوە گـەورە رشـتوویەتی و بچووکەکانـی تریـش پێیـان تێخسـتووە.. کەسـانێك هـەن قوربانـی و بـەڵام لەمـڕۆدا ئاوڕیـان لێنەدراوەتـەوە و لەباتـی ئـەوان خـزم و کەسـوکاری سـەرکردەکان بـوون بـە وەزیـر و سـەفیر و بەرپـرس و کـچ و کوڕیـان پلـە و پایـەی بەرزیـان دراوەتـێ لەبـەر ئـەوەی شـتێك نەمـاوە پێـی بوتـرێ بیروبـاوەڕ و حیزبایەتـی پـاك و بێگـەرد. مەسـەلەکە لای بەشـێکی زۆری کادیـر و سـەرکردەکان بووەتـە جۆرێـك لـە موقاوەلاتـی سیاسـی و مشـەخۆری و جۆرێـك لـە تاڵانکردنـی سـەروەت و سـامانی ئـەو گەلـە هـەژارە. ئاخـر خـۆ هەنـدێ لـەو کەسـانە تـا سـاڵی 1991 خاوەنـی هیـچ نەبـوون، بـەڵام ئێسـتا بوونەتـە خاوەنـی دەیـان کۆشـك و تـەلار و بـازاڕ و کۆمپانیـا و هـەزاران مەتـر زەوی و چەندیـن هۆتێـل و بەنزینخانـە و شـوێنی گەشـتوگوزار، کـەس نازانـێ پـارە و پـوول چـۆن چۆنـی جـەرج دەکـرێ، لـە کوێـوە دێ و لەکوێـوە دەڕوا، ئـەوەی لـە دنیـادا پێـی ئەوتـرێ شـەفافیەت و لای خۆمـان پێـی ئەوترێ هەمـوو شـتێکی ژێـر بـەڕە بخرێتـە سـەر بـەڕە، لێـرە نـاوی لـە کوولەکـەی تەڕیشـدا نییـە! بـە کورتـی گەندەڵـی و لـە پاڵیـا لێنەپرسـینەوە بووەتـە پەتـای کوشـندەی ئـەم وڵاتـە بەدبەختـە. دیـارە هەمـوو دەسـەڵاتێك لـەم دنیایـەدا ئـەوەی پێخۆشـە بـە شـانوباڵیدا هەڵبدەیـن و رەخنـەی لێنەگریـن هەروەکـو مشـەخۆرەکانی

چــواردەوری ســەرکردەکان ئەیکــەن! کــەس نالــێ کار نەکــراوە، بــەڵام زۆر کەمتـر لـەوەی کـە ئەتوانـرا بکـرێ بـە تایبەتـی لـەم ساڵانەی دواییدا کــە بــە لێشــاو پــارە کەوتووەتــە لای هــەردوو دەســەڵاتە گەورەکــە و نارەوایــش تەخشــان و پەخشــانی پێــوە ئەکــرێ!. ئەمــە لــە کاتێکدایــە کــە بەشــی هــەرە زۆری گەنجانــی ئــەم وڵاتــە بێــکارن، شــوێنێکیان نییــە دڵیــان پــێ خۆشــبێ، بەتایبەتــی لــە قــەزا و ناحییەکانــدا، گەنجــەکان هــەر تــەواو پەراوێزخــراون. بــۆ نموونــە لــە شــارێکی وەکــو هەڵەبجــە دا نــە هۆڵێکــی وەرزشــی نــە کافتریایەکــی مۆدێــرن نــە مەلەوانگەیــەك نــە یاریگایەکـی بـاش نـە سـینەما و نـە شـانۆ و نـە هیچیـان نییـە و کاتێکیـش تەماشــای ژیــان و گوزەرانــی هــای لایفــی بەرپرســەکان ئەکــەن و ســەرنج لــە کۆشــك و مــاڵ و حاڵیــان ئــەدەن، ئیتــر چــۆن یاخــی نابــن و چــۆن پەنــا نابەنــە بــەر هەمــوو خۆپێشــاندانێکی تــوورە و ناتەقنــەوە!؟ هەمــوو جارێکیــش تــا بــە تــەواوی جامەکــە لێــی نــەرژێ و کارەســات روونــەدات بەرپرســان ناچــن بــەدەم هــاواری ئــەم خەڵکــەوە، ئاخــر باشــە لــە ســاڵێکدا چەندجــار بەرپرســان لەگــەڵ چیــن و توێژەکانــی خەڵکــی کۆبوونــەوە و مێزگــردی دیالــۆگ و گفتوگۆیــان ســازکرد و گوێیــان لــە سـکاڵا و داخوازییەکانیـان گـرت؟! یـان لـە دوای بەڵێـن ئـەو داوایانەیـان جێبەجــێ کــرد؟! تــا ئێســتاش بەشــێکی زۆری شــاری هەڵەبجــە هــەر کــەلاوەی رووتــە کــە ئەبووایــە تــا ئەمــڕۆ بکرێتــە شــارێکی نموونەیــی. بــەر لــە هەمــوو کــەس ئــەو ماســتاوچیانە تاوانبــارن کــە زانیــاری درۆ ئــەدەن بەســەرووی خۆیــان و لەبــەر بەرژەوەنــدی خۆیــان راســتییەکان ئەشــارنەوە. ئاخــر باشــە لــە خۆپێشــاندانێکی گــەورەدا دوو کــەس دە کــەس پەنجــا کــەس پیــاوی دەرەوە بــوون و گومانلێکــراو! ئــەی ئــەو هەزارانــەی دیکــە چــی بــوون؟! نــا، بــا بــە شــوێن هــۆکاری راســتەقینە و واقیعیانــە بگەڕێیــن، کــە بــەلای منــەوە یەکەمینیــان: ئــەو دابڕانــە گــەورە و دوورکەوتنــەوە زەقەیــە کــە کەوتووەتــە نێــوان دەســەڵات و خەڵکــەوە، ئــەو جیــاوازی ژیــان و نایەکســانی و ناعەدالەتیانەیــە کــە

بـە ئاشـكرا و بـێ پـەردە خەڵـك و گەنجـەكان ڕۆژانـە بـە چـاوی خۆیـان ئەیبینـن. سـاڵەهایش هەمـوو چاوەڕێـی ئـەوە بـوون ئاوڕێكیـان لێبدرێتـەوە و چارەسـەری كێشـەكانیان بكـرێ و نەكـرا، ئیتـر وردە وردە تووڕەبـوون و ناڕەزایـی پەنگـی خـواردەوە و لـە دواییـدا بەربەسـتی شـكان و سـووتاندنی مۆنیۆمێنتـی شـەهیدانی لێكەوتـەوە!

بەڕێزینـە! خۆپێشـاندەران بەشـی هـەرە زۆریـان جەمـاوەری جارانـی خۆتـان بـوون و تەنانـەت ئـەو گەنجـەی لـە 16-3-2006 دا شـەهید كـرا، ئەندامـی كۆمەڵـەی خوێندكارانـی خۆتـان بـوو، خۆپێشـاندەرانی كـەلار و كۆیـەش هـەر هەموویـان ڕەنگـە كەمەكێكـی لێدەرچـێ ئەوانیـش هـەر لـە خۆتـان بـوون. نـا، بـا دەسـتی كەمتەرخەمـی و نابەرپرسـیاری و بێهۆشوگۆشـیی سیاسـیی خۆمـان بەسـەری كەسـانی دی نەسـڕین، هەمـوو دنیـا لێـرە و تەنانـەت لـە هەندەرانیـش ئەیانزانـی كـە ڕۆژی 16-3 گەنجـەكان و خەڵكـی هەڵەبجـە ڕائەپـەڕن، ئـەو بەرپـرس و مەسـئولە حیزبـی و حكومیانـە و ئـەو هەمـوو هێـزەی لـە هەڵەبجـە هەبـوون بۆچـی نەیانتوانـی مۆنیۆمێنتەكـە بپارێـزن؟!

بەڕێزینـە : ئۆتۆمبیلـی ئاگركوژێنـەوەی حكومـەت 3 دەقیقـە لـە مۆنۆمێنتەكـەوە دوورە، ئـەی ئەوانیـش هـەر كارمەنـد و ئۆتۆمبێلـی ئیسـلامییەكان و ئەودیـو سـنوور بـوون؟! ئەگـەر مەسـەلەی قانـون و نیزامیـش بـاس ئەكـەن، ئـەی نەدەبـوو هەنـدێ لـەو بەرپرسـیارانەش بدرێنـە مەحكەمـە؟! بەتایبەتـی دوای ئـەوەی لـەو ڕۆژەدا گەنجێـك كـوژراوە و هەشـت نۆ كەسـی تریـش برینـدار بـوون؟! بـۆ ئـەوەی خەڵـك بڕواتـان پـێ بكـەن، نەئەبـوو لەسـەر كاری حیزبـی و حكومـی لادرێـن؟! وەك عەقڵـی سیاسـی بەشـی زۆری عەرەبـەكان كـە هەرچییـەك ڕووبـدات، تووشـی هـەر نوشوسـتییەك ببـن، تەنانـەت ئەگـەر بەردێـك لـە ئاسـمانەوە بكەوێتـە خـوارەوە، ئـەوا ئـەوان بـە پیلانـی ئەمریـكا و زایۆنیزمـی ئەزانـن! ئەوەتـا ئێسـتاش هـەر وەكـو ئـەوان بیردەكەینـەوە

دەرئەنجامــی هەمــوو ئــەو خۆپێشــاندان و ناڕەزایەتییــەی خەڵــك بــە پیلانــی ئیســلامییەکان و قینــی دەرەوەی ئەودیــوی ســنوور لەقەڵــەم ئەدەیـن! ئـەی باشـە بەڕێزینـە! هـەر یەکێتـی خـۆی هـاوکار و هاوپەیمانـی بەشـێك لـەو ئیسـلامییانە نەبـووە؟! هـەر یەکێتـی و پارتـی خۆیـان بـەر لـەم هەڵبژاردنـەی دوایـی قۆڵیـان لـە قۆڵیانـدا نەبـوو؟! بەڵـێ ئەشـێ هەنـدێ لـە کەسـانی گومانلێکـراوی ئەودیـو سـنوور، یـان هـەر نەیارێـك ، خۆیـان خزاندبێتـە نـاو ریـزی خۆپێشـاندەرانەوە، ویسـتبێتیان ئـەو هەلـە بـۆ مەرامـی خۆیـان بقۆزنـەوە. بـەڵام ئەمەیـان دیوێکـی زۆر لاوازی کێشـەکەیە، دیـوی هـەرە بەهێـز و سـۆنگەی هـەرە دیـار و لەبەرچـاو پەیوەنـدی بـە پۆخڵەواتـی خۆمانـەوە هەیـە. پەیوەنـدی بـە دزی و گەندەڵـی بەرپرسـە حکومـی و حیزبیەکانـەوە هەیـە، پەیوەنـدی بـە ناخۆشەویسـتی و بێزاریـی ئەوانـەوە هەیـە لەنـاو خەڵکیـدا. بەڵـێ ئێسـتا چ پارتـی چ یەکێتـی لەنـاو میللەتەکەمانـدا چارەیـان گـران بـووە و ئـەو رێـز و شـوێن و سـەنگینییەی جارانیـان نەمـاوە. نازانـم ئێـوە تـا چەنـد لـەم راسـتییانە گەیشـتوون؟! ئایـا ئەزانـن وایـە و خۆتانـی لـێ چەواشـە ئەکـەن؟! یـان پێتانوایـە ئەمانـە قسـەی رووتـی بـێ بەڵگـەی هەنـدێ کەسـی ناحـەز بـە ئێـوەن؟! بـەڵام لـە راسـتیدا لـەم رۆژگارەدا جامەکـە لێـی ئـەڕژێ و مـن لـەلای خۆمـەوە لـەوە ئەترسـم هەندێکتـان بڵێـن لـە دەسـت ئێمـەدا نییـە، بـەڵام ئـەم پاسـاوە لـە رووی سیاسـی و ئەخلاقییـەوە قابیلـی قبـوڵ نییـە، چونکـە ئێـوە لـە بەرزتریـن ئاسـتی بەرپرسـیدان. ئەگـەر نـا بـۆ دەسـت لـەکار ناکێشـنەوە و بچنـەوە ماڵـی خۆتـان! ئەمەیـان باشـتر نییـە؟! خـۆ بـۆ ئـەوەی بـە تـەواوی لـە راسـتی و دروسـتی ئـەم بـارە ناهەمـوارە بگـەن، رێگـەی گەلـێ ئاسـان و شارسـتانی هەیـە ئەتوانـن تاقیبکەنـەوە. ئەمـڕۆ لـە دنیـادا پەنابردنـە بـەر راپرسـی و رێفرانـدۆم لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا بـووە بـە پرەنسـیپێکی بـاو، بـووە بـە پێوانـەی گەیشـتنە زۆر ئەنجـام، فەرمـوون مـن پێشـنیاز ئەکـەم، بـە سەرپەرشـتی لێژنەیەکـی بـاڵای بێلایـەن کـە

هیـچ دەسـتتێوەردانێکی تێـدا نەبـێ و خەڵکـی زۆر ئازادانـە و سـەربەخۆ و بـێ تـرس و بـێ گوشـار رای خۆیـان بـدەن و راپرسـییەکەش تەنیـا یـەك پرسـیار بـێ : ئایـا ئێـوە رازیـن لـە حوکمڕانەکانـی کوردسـتان؟! ئایا ئێـوە لـە مـاوەی ئـەو چەنـد سـاڵەی دواییـدا لـە هەڵەبجـە و کـەلار و کۆیـە و زۆر شـوێنی دیکـە پرسـیارێکی لەوجۆرەتـان لـە خەڵـك کـرد؟! ئایـا لەگـەڵ گەنجەکانـی ئـەو دەڤەرانـەدا کۆبوونـەوە؟! بـە جۆرێـك گوتوبێـژ و دیالۆگتـان لەگەڵیانـدا ئەنجامـدا؟! ئایـا ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی چوونەتـە نـاو خەڵکـی ئـەو شـوێنانەوە و لـە نزیکـەوە گوێیـان لێگرتـوون؟! یـان بـە پێویسـتیان نەزانیـوە و داوتانەتـە دەسـت پاشـەڕۆژ؟! ئایـا چەنـد جـار لێپرسـینەوەتان لەگـەڵ کادیـر و کاربەدەسـتەکانی خۆتانـدا کـردووە؟! چەنـد دز و گەندەڵتـان دایـە دادگا؟! ئەوەنـدەی مـن بزانـم لـە دوای راپەڕینـەوە چەندیـن تاوانـی پیاوکـوژی و جەردەیـی و رفاندنـی هاووڵاتـی و بـێ سەروشـوێنکردنیان روویـداوە و بـەڵام هیـچ لێپرسـینەوەیەکی قانوونـی نەکـراوە. تەنانـەت هەنـدێ تاوانیـان ئەوەنـدە زەق و ئاشـکرا بـوون، نـاوی تاوانبـاران بەسـەر زاری هەمـوو کەسـێکەوە بـوون و بـەڵام هـەر هیـچ نەکـرا و لـە شـوێن و پلەوپایـەی سیاسـی و عەسـکەریی خۆیانـدا مانـەوە تـا ئێسـتایش؟! ئەمـە چ پاشـاگەردانییەکە بـە درێژایـی پانـزە سـاڵ تاوانبـار بـە ئاشـکرا بکـوژێ و دز بـە ئاشـکرا بـدزێ و کەچـی لـە گـوڵ کاڵتریـان پـێ نەوتـرێ؟! تەنانـەت هەندێکیـان پلەوپایەیـان بەرزتـر بکرێتـەوە؟! مانـای دیموکراسـی لـە وڵاتـی ئێمـەدا و لـەلای هێـزە سیاسـییەکان بـە پێوانـەی بەرژەوەنـدی خۆیـان ئەپێـورێ، واتـە دیموکراسـی تـا ئـەو شـوێنە بڕئـەکات کـە دوور بـێ لەوانـەوە، کـە یەخـەی ئـەوان نەگـرێ و کـە ئـەوان نەخاتـە ژێـر گێـروگازی لێکۆڵینـەوەوە. دیموکراسـی نابـێ رەخنـە لـە سـەرکردەیەك بگـرێ و داوای شـەفافیەتی لێبـکات و پێـی بڵێـت ئـەم هەمـوو تەخشـان و پەخشـانە چـۆن؟! لـە کوێـوە؟! بـەچ بڕیـارێ؟! لـە وڵاتـی ئێمـەدا سـنوور بـۆ دیموکراسـیەت ئەکێشـرێ، واتـە تـا ئـەو شـوێنە مەقبـوڵ و جوانـە و

پێویستە و بێ وەیە، کە نەگاتە سەر خودی خۆمان و پەنجە نەخاتە سەر خەوشەکانمان، ئەگینا ئەگەر لەوە ترازا ئەوە دیموکراسی نییە و فەوزایە و غەوغایە؟!

بەڕێزینە : لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هەڵبژاردەیەك نووسەر و رۆژنامەوان و پیاوی رووناکبیر هەن، رابردووپاك و خۆشەویست لەناو خەڵکیدا و ئەنووسن و رەخنە ئەگرن و دەنگ بەرز ئەکەنەوە، لەسەر هەموو رووداوەکان هەڵوێست و رای خۆیان هەیە و ئەمەش هەفتانە بەردەوامە. ئایا بەڕێزینە ئێوە وتاری ئەو روناکبیرانە ئەخوێننەوە؟! بەدواداچوونیان بۆ ئەکەن؟! لەسەر رەخنە و هەڵسەنگاندن و بیرورا و بۆچوونیان ئەوەستن و بایەخیان پێ ئەدەن یان نا؟! ئەگەر وەڵامەکە ئەوە بێ: ئەی چۆن نایخوێننەوە؟! ئەی بۆ قسەتان نییە؟! بۆ وەڵامیان نادەنەوە؟! بۆچی دیالۆگیان لەگەڵ ناکەن؟! ئایا ئەمە لە بەرژەوەندی گشتیدا نییە کە لەم پەیوەندیانەوە رێگەی چارەسەرکردن باشتر و مەوزوعیتر دەستنیشان بکرێت؟ ئەو رووناکبیرە هەڵبژاردەیە سەربەخۆن و سەر بە هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نین، بەشێکیان لە ئەوروپان و هەندێکیان لێرەن. ئایا رۆژێ لە رۆژان بە مەبەستی هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی گەلێ کێشەی کۆمەڵ و بە تایبەتی گەنجەکان پرسێکتان پێکردوون؟! یان چشتان لێکردوون و نەتانویستووە سەری خۆتان بەوانەوە بێشێنن! بەڵام بەڕێزینە ئەمە یەکێکە لە هەڵە و خەوشە زەقەکانی ئێوە. چونکە ئەو رووناکبیرانە، هەرچی بەرژەوەندی تایبەتی هەبێ نیانە. لەنێو گەنجەکاندا خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتین. هەندێ لەو کۆڕانەی ئەم رووناکبیرانە ئەیگێڕن ئاپۆرەیەکی ئێجگار زۆر لە گەنج و هاووڵاتی روویان تێئەکەن. ئایا ئێوە چوون بۆ ئەو کۆڕانە؟! بۆئەوەی بە چاوی خۆتان ببینن چ جەماوەرێکی چڕوپڕ گوێیان لێئەگرن؟! ئایا بەڕێزینە ئەو رووناکبیرانە بەشێکی هەرە گرینگ و چالاك و کاریگەر نین لە کۆمەڵگەی

ئێمـەدا؟! ئایـا ئێمـە ئەوەنـدە تـەواو و بـێ خـەوش و کەموکووڕیـن پێویسـتیمان بـەوە نەبـێ ئەوانـە هەبـن یـان نـا هیـچ لـە مەسـەلەکە ناگـۆڕێ! یـان پێویسـتە بـە پیریانـەوە بچیـن و دیراسـەی رەخنـە و بۆچوونەکانیـان بکەیـن و کەڵکیـان لێوەربگریـن؟! سیاسـەتمەدارانی دنیـا و لـە هەمـوو وڵاتێکـی پێشـکەوتوودا بـە پلـەی یەکـەم گـوێ لـە رووناکبیرەکانیـان ئەگـرن، تەنانـەت زۆرجـار ئـەو راوبۆچـوون و رەخنانـە ئەبنـە هـۆی ئـەوەی سیاسـییەکان، دەسـەڵات، بـە پـلان و بەرنامـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی خۆیانـدا بچنـەوە و لەبـەر رووناکـی ئـەو بیروبۆچوونانـەی ئەوانـدا، ئەوانیـش هێڵـە سـەرەکی و گشـتییەکانی خۆیـان بگـۆڕن! بـەڵام بەداخـەوە ئەمـە لای ئێمـە زۆر پێچەوانەیـە، دەسـەڵات، خـۆی لـە هەمـوو رووناکبیـر و کەسـێکی دیکـە بـە دانـا و زاناتـر دەزانـێ، پێیوایـە عەقڵێکـی دیکـە نییـە بتوانـێ باشـتر لـە عەقڵـی ئـەوان بیربکاتـەوە. پێیانوایـە هەرچییـەك لـەو رۆژنامانـەدا بنووسـرێ کـە ناکۆکـن و دژ بـە سیاسـەتی دەسـەڵاتن، ئـەوە دەسـتە و پیـلان و لـە باشـترین حاڵەتیشـدا بـە پیـاوی ناواقیعـی و خەیاڵپـڵاو لـە قەڵەمیـان ئـەدەن. ئەگـەر وانییـە بـۆ قسـەیەکتان نییـە سـەبارەت بـە قسـەکانی ئـەوان؟! لەبەرچـی دەرگای دیالۆگیـان لەگـەڵ خۆتانـدا بـۆ ناخەنـە سەرپشـت؟! بێگومـان لـەم حاڵـەدا هـەر ئەبـێ ئـەو دەستپێشـخەریانە لـە دەسـەڵاتەوە بێـت ئەگـەر مەبەسـتی بـێ !

لـە دوای 2006/3/16 و رووداوەکانـی هەڵەبجـە ئـەو رووناکبیرانـە لـە رۆژنامەکانـی (هاووڵاتـی) و (ئاوێنـە) دا چەندیـن وتاریـان بڵاوکـردەوە، نـەرم و توندیـش، ئێسـتا پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا ئـەو وتـار و نووسـینانەش هـەر ئەچنـە خانـەی پیلانـی دوژمنانـەوە؟! یـان پێویسـتە دیراسـە بکرێـن و ئـەو راوبۆچوونانـە تاوتـوێ بکرێـن و هەنگاویـان بـۆ هەڵبگیـرێ!

بەڕێزینـە: تەقەکـردن لـە خۆپێشـاندەران و کوشـتنی گەنجێـك و

بریندارکردنـی چەندیـن هاووڵاتـی تـر، هیـچ پاسـاوێکی نییـە. ئەمـە بـە تەنیـاش شـەهیدکردنی یەکێـك نییـە، بەڵکـو کوشـتنی دیموکراسـیەت خۆیەتـی. کوشـتنی هەمـوو ئـەو دروشـمانەیە کـە خۆتـان بەرزتـان کردووەتـەوە، خۆتـان جاڕیـان بـۆ ئـەدەن، هـەر لـە مافـی مرۆڤـەوە تـا مافـی چارەنـووس و ئاشـتی و دیموکراسـی. تاوەکـو ئـەو شـوێنەی خوێـن نایەتـە کێشـەیەکەوە رێگـەی چارەسـەر زۆرن، بـەڵام ئەوکاتـەی خوێـن هـات رێگـەکان دائەخرێـن، بـڕوا و متمانـە نامێنـێ، خۆشەویسـتی خەڵـك و جەمـاوەر ئەبێتـە جۆرێـك لـە نوکتـەی بـێ لـەزەت و موجامەلـەی خۆڕایـی! هەروەکـو پێشـتر وتـم بـە هەمـوو هێـزی ئاسـایش و پۆلیـس و پ.م بـۆ پێیـان نەکـرا مۆنۆمێنتـی هەڵەبجـە بپارێـزن؟! لەبـەر چـی وا خوێنسـارد و پشـتلێکراوە بـوون و پێشـوەخت خۆیـان بـۆ ئـەم پاراسـتنە ئامـادە نەکردبـوو؟! نـەك هـەر ئەوەنـدە، رۆژێ بـەر لـە رووداوەکـە بەرپرسـانی ئاسایشـی هەڵەبجـە بـە سـلێمانییان راگەیانـدووە کـە بارودۆخەکـە زۆر باشـە و هیـچ مەترسـییەك لـە ئـارادا نییـە! ئەمـە هـاواری لـە بێخەبەرانـی ئەوێـت! مـن لـە وتارەکـەی پێشـوومدا دەربـارەی سـووتاندنی مۆنۆمێنتەکـە وتبـووم: ئـەوە بـە تەنیـا هـەر چـاوی پاشـماوەی بەعـس و ئیسـلامییە توندڕەوەکانـی روونکـردەوە، ئـەو سـووتاندنە کارێکـی عەبەسـیانە و فەوزەویانـە بـووە و ئەمیـش بـە هیـچ جۆرێـك هیـچ جـۆرە پاسـاوێکی نییـە ، دڵنیاشـم هـەر هەمـوو خۆپێشـاندەران دەسـتیان لـەم کارە ناهەمـوارەدا نەبـووە، حکومـەت ئەگـەر لـەم بـارەوە لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ خۆپێشـاندەراندا بـکات و بیـەوێ بـە شـوێن سـەبەبکاراندا بگـەڕێ و لەڕێـی قانوونـەوە لـەو مەسـەلەیە بپێچێتـەوە بـا بیـکات، بـەڵام ئەمـە نیـوەی راسـتییەکەیە، پێویسـتە لـە هەمـان کاتـدا لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ ئاسـایش و پۆلیسیشـدا بکـرێ و ئەوانـەی لەنـاو ئـەم هێزانـەدا دەسـتیان هەبـووە لـە کوشـتنی ئـەو گەنجـە و بریندارکردنـی ئـەو چەنـد هاووڵاتییـەی تـردا، ئەوانیـش راپێچـی دادگا و لێکۆڵینـەوە بکرێـن، چونکـە بارودۆخەکـە بـەو تەقەکردنـە

شـێوێنرا و هـەر ئەوانیـش لێـی بەرپرسـیارن، بـەڵام سـەیر ئەوەیـە، ئـەوەی دەسـەڵات باسـی نـاکات ئـەم حەقیقەتەیـە، لەکاتێکـدا ئەبووایـە بـە پێچەوانـە بـێ، لەبـەر ئـەوەی ئـەم تەقەکردنـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی خەڵکەکـە زیاتـر بوروژێـن و لـە ئەنجامـدا پەلامـاری مۆنۆمێنتەکـە بدرێـت.

بەڕێزینـە!! خەڵکـی برسـی و هـەژاری هەڵەبجـە پانـزە سـاڵ چاوەڕوانـی ئـەوە بـووە ژیانیـان بـاش بکـرێ، پانـزە سـاڵە سـکاڵانامە و داخـوازی خۆیـان ئـەدەن بـە دەسـەڵات وەڵامێکـی ئەوتۆیـان دەسـتگیر نەبـووە، مـن و کەسـیش ناڵـێ لـە هەڵەبجـەدا هیـچ هیـچ نەکـراوە، بـەڵام ژیـان و گوزەرانـی خەڵکەکـە ، گرانـی و بێـکاری و نەبوونـی ئەگـەر خراپتـر نەبووبێـت باشـتر نەبـووە، تـا ئێسـتاش دەسـەڵات نەیتوانیـوە نـە لـە هەڵەبجـە نـە لـە هیـچ شـارێکی کوردسـتاندا چارەسـەرێك بـۆ چاوچنۆکیـی هەنـدێ لـە دوکانـداران و ئـەو بـازاڕە بێسـەروبەرەی نرخدانـان بدۆزێتـەوە، ئـەم پاشـاگەردانی و گرانییـە، رۆژ لـە دوای رۆژ ناخۆشـتر ئەبـێ و باجـی هـەرە گـەورەش هـەژاران و کەمدەرامەتـان ئەیـدەن. برسـییەك بیـر لـە تێربـوون ئەکاتـەوە نـەك لـە مۆنۆمێنـت. هەژارێـك بیـر لـە گیرفانـی چـۆڵ و کڕینـی کیلۆیـەك گۆشـت ئەکاتـەوە نـەك لـە زاراوەی دیموکراسـی. ئـەو بێدەرەتانانـەی لـە کەلاوەکانـدا ئەژیـن و نەخۆشـی و رووت و رەجاڵـی وێرانـی کـردوون، بیـر لـە یەکگرتنـەوەی هـەردوو ئیدارەکـە ناکەنـەوە! ئاوارەکانـی کەرکـووك بیـر لـە ژوورێـك و بنمیچـێ ئەکەنـەوە لـە ژێریـدا بژیـن، بیـر لـە دڵـی کوردسـتان و قودسـی کوردسـتان ناکەنـەوە! لەگـەڵ ئەوەیشـدا، لەگـەڵ ئـەو دەردەسـەریانەی خۆشـیاندا هـەر ئەوانیـش بـوون بـەر لـە ئەنـدام و کارگێـڕی حیزبـەکان گەڕانـەوە کەرکـووك و تـا ئەمڕۆیـش بـە کوێـرەوەری ئەیبەنـە سـەر. گەنجەکانـی هەڵەبجـە ئـەو پـرۆژە و چارانەیـان ئەوێـت کـە راسـتەخۆ پەیوەنـدی بـە ژیانـی رۆژانـەی ئەوانـەوە هەیـە. بـاس لـەوە دەکـەن کـە چەندیـن ملیـۆن دۆلار لـە

هەڵەبجە خەرجکـراوە، زۆر باشـە بـەڵام وەك لـە وتارەکـەی پێشـوومدا ئامـاژەم بـەوە کردبـوو لـەو ملیۆنـان دۆلارە هۆڵێکـی مۆدێرنـی بـۆ وەرزش تێـدا بـوو؟! کافتریایەکـی تێدابـوو؟ بنکەیەکـی کۆمەڵاتـی بـۆ چالاکـی گەنجـەکان تێدا بـوو؟ مەلەوانگەیەکـی تێدا بـوو؟ سـینەمایەکی گـەڕۆك یـان هۆڵێکـی بچووکـی بـۆ نیشـاندانی فیلـم تێـدا بـوو؟! جگـە لـە کتێبخانەکـەی هەڵەبجـە خـۆی، کتێبخانەیەکـی تـری تێدابـوو؟! دوو کۆشـکی بـۆ رۆژنامـە و گۆڤارفرۆشـەکان تێـدا بـوو؟! گۆڕەپانێکـی باشـی بـۆ فوتبـۆل و یـاری تۆپـی پـێ تێـدا بـوو؟! سـندووقێکی هـاوکاری کۆمەڵایەتـی بـۆ هـاوکاری و یارمەتـی بێوەژنانـی هەڵەبجـە تێدابـوو؟! چەنـد پارچـە زەوی لەنـاو هەڵەبجـەدا دران بـە هاووڵاتیـان و چەندیـش بـە بەرپرسـە حیزبـی و حکومیـەکان؟! نـان و بژێـوی ژیـان و مـاڵ و خۆشـگوزەرانی بـەر لـە هەمـوو شـتە. ناڕەزایـی خەڵـك لـە چییـەوە هاتـووە؟! لـە گەندەڵییـەوە، لـە خۆدەوڵەمەندکـردن و پارەوپوولـی زۆری بەرپرسـە حکومـی و حیزبیەکانـەوە، لـە کۆشـك و تەلارەکانیانـەوە، لـە بـازاڕی کڕیـن و فرۆشـتنیانەوە، لـە جیـاوازی ژیانـی خەڵـك و ئـەوان و خـزم و کەسـوکاریانەوە، لـە موحاسـەبەنەکردنی دز و تاوانبارانـەوە، لێـرەوە کـە هەمیشـە بەشـی شـێر لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا، هـەر ئـەوان و کـوڕ و کچـی ئـەوان و خـزم و کەسـوکاری ئـەوان بردوویانـە، کار گەیشـتووەتە رادەیـەك ئـەم جیاوازیانـە ئاشـکران و رۆژانـە خەڵـك بەچـاوی خۆیـان ئەیبینـن!

بەڕێزینـە: گەلـێ جـار پەرچەکـرداری خەڵکـی بەرامبـەر دەسـەڵاتێك یـان حیزبێـك لـەوەوە دێـت کـە ئـەو غەدرانـەی لێنەکـرێ، نـەك ناڕازیبـوون بـێ لـە ئایدیۆلۆجیـا و بەرنامـەی ئـەو حیزبـە، بـۆ نموونـە مـن بۆخـۆم پێموایـە زیادبوونـی جەمـاوەری حیزبـە ئیسـلامییەکان لـەوەوە نەهاتـووە ئـەو خەڵکـە کـێ بـە کافـر و ئـەوان بـە موسـوڵمانی راسـتەقینە بزانـن، لـەوەوە نەهاتـووە ئـەوان دڵسـۆزتر بـن لەوانـەی ژیانـی خۆیـان، گەنجێتـی خۆیـان، لـە سـەردەمێکدا دا بـە گەلەکەیـان،

چونکــە ئاشــکرایە بەشــی زۆری ئــەم گــروپ و کۆمەڵــە ئیســلامییانە، لــەو رۆژگارانــەدا لــە جێــی نەبــووان بــوون، نەخێــر پەرچەکــرداری ئــەو خەڵکــە لەبــەر ئەوەیــە ئــەو هەمــوو غــەدر و جیاوازیانــە ئەبینــن و بێزاریەکــەی وای لێــدەکات دەنــگ بــدات بــەوان. کادیــری بزووتنــەوەی ئیســلامی ئەبینــن دەســتپاك و لەنــاو کۆمەڵــدا خۆشەویســت و لەملایەشــەوە کادیرەکانــی ئێمــە ئەبینــن گورگــن و هــەر ئەخــۆن و تێــر نابــن. خەڵکــی بیروبــاوەڕ و ئایدیۆلۆجیــا و رابــردوو و هەمــوو شــتێ لــە چــاوی ئــاکاری ئــەو کەســەوە ئەبینــن، هەروەکــو لــە وتارەکــەی پێشــوومدا پەنجــەم بــۆ راکێشــابوو.

هــەر لەبــەر ئــەو هۆیانــە بــوون بــەرەی رزگاریخــوازی جەزائیــر و رێکخــراوی رزگاریخــوازی فەلەســتینی، هەروەهــا بــەرەی عەلمانــی لــە تورکیــا بــەو دەردە چــوون کــە چــوون، راســتە رەنگــە هەنــدێ هــۆکاری دیکــەش هەبــن، بــەڵام ســۆنگەی هــەرە گــەورە پەیوەنــدی بــە ژیــان و ئــازادی و خۆشــگوزەرانی ژیانــی رۆژانــەی خەڵکــەوە هەیــە. بەڵــێ مەترســییەکە لەوەدایــە ئــەو هێزانــە پاشــەڕۆژ بگرنــە دەســت کــە فیکــری مــرۆڤ و ئــازادی مــرۆڤ ســەدان ســاڵ بگەڕێننــەوە بــۆ دواوە وەك لــە ئەفغانســتان بینیمــان. مەترســییەکە لەوەدایــە هەمــوو ئــەو ئەلتەرناتیڤانــە لــە وڵاتــی ئێمــەدا بــەرەی دیموکراســیخواز و پێشــکەوتنخواز و عەلمانــی نیــن، ئەمەشــیان هــەر بــۆ هەڵــەی ئێمــە ئەگەڕێتــەوە، چونکــە یەکێتــی و پارتــی نەیانویســتووە و دژی ئــەوە بــوون ئــەو نەوعــە عەلمانــی و رۆشــنبیرە دیموکراتیانــە بێننــە پێشــەوە و نەشــونما بکــەن. بــە پێچەوانــەوە، ئــەوان بــەردەوام لــە زۆر قوناغــدا هــەر خەریکــی رازیکردنــی بزووتنــەوە ئیســلامییەکان بــوون، تەنانــەت مەســەلەی دیموکراســی و جیــاوازی بەرنامەشــیان نەهێشــت و لــە جیاتــی موناfەســەی دیموکراســی و دەرکەوتنــی جیاوازییــەکان پەنایــان بــردە بــەر فیفتــی فیفتــی و تــا ئێســتاش درێــژەی هەیــە. دیموکراســی لەنــاو هەنــدێ ( رێککەوتــن) دا بــا بــە ســەرزاری لــە بەرژەوەنــدی گشــتی

بێـت، بـەڵام ئـەو پینەکـردن و ڕێککەوتنانـە کـە پیـاو نایشـزانێ تـا کـوێ بـڕ ئـەکات، ئەبنـە هـۆی زیندانیکردنـی دیموکراسـی و پووکانـەوەی. هـەر ئـەم هۆکارەیـش بـوو، کارێکـی کـرد کـە بـە درێژایی پانـزە سـاڵ لەودیوی پـەردەوە، لـە ژووری داخـراودا بڕیـار بـدرێ و راسـتییەکان لـە خەڵکـی بشـارنەوە. چونکـە وەك ئەزانـن ئیتـر زۆرجـار لـە کەناڵـی راگەیاندنەکانـی دەرەوەی خۆمـان، هەواڵـی خۆمـان بیسـتووە، تەلەڤزیـۆن و رادیۆکانـی ئێمـە مێـش میوانیـان نەبـووە، دوا کـەس کـە ئـاگای لـە دەنگوباسـی خـۆی بووبـێ کـورد خـۆی بـووە. ئـەم پەردەپۆشـیانە سـەرجەمی ژیانـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی ئێمـەی گرتووەتـەوە، کـەس نازانـێ چـی ئەکـرێ و چـۆن ئەکـرێ و بـۆ ئەکـرێ!

بەڕێزینـە: سـەرەتای کۆتایـی هەمـوو دەسـەڵاتێك لـەو خاڵانـەوە دەسـتپێئەکات کـە ئامـاژەم بـۆ کـردوون، گەورەتریـن هەڵـە و نەهامەتـی هـەر دەسـەڵاتێکیش ئەوەیـە کـە دان بـە هەڵەکانـی خۆیـدا نەنـێ و بـەردەوام وابزانـێ کـە هەمـوو راسـتییەکان هـەر لای خۆیەتـی و لەمانەیـش ناخۆشـتر ئەوەیـە داوای لێبـووردن لـە قوربانییەکانـی نـەکات و هـەر سـوور بـێ لەسـەر قسـەکانی خـۆی، ئـەی باشـە ئـەوە مێـژووی دوور و نزیکـی خۆمـان و دەوروبـەر و دنیـا هەمـوو دەسـەڵاتێك هـەروا نەبـووە؟! ئـەی باشـە ئەزمـوون و فێربـوون لـەو مێژووانـەوە نابـێ ببێتـە هـۆی گـۆڕان و وەچەرخـان و خۆنوێکردنـەوە و فڕێدانـی کاژی رابـردوو؟! ئـەی باشـە ئێـرەش ناچێتـە نـاو خانـەی ئـەو ئەگەرانـەوە، کـە رۆژێ لـە رۆژان هەمـان قڵپبوونـەوەی سیاسـیش لێـرە رووبـدات؟! ئایـا هێـز و لەشـکر و ئاسـایش و پۆلیـس وەك دەرئەنجـام توانیویانـە ئـەو دەسـەڵاتانە بپارێـزن و قوتاریـان بکـەن؟! بـەڵام وەختـێ کـە ئـەو زریانانـە هەڵیانکـرد هیـچ شـتێ لـە بەردەمیانـدا خـۆی بـۆ راناگیـرێ و رائەماڵرێـن!

بەڕێزینـە: قسـە زۆرە و ئـەم هاوارانەیـش دەمێکـە ئەکرێـن و بـەڵام گوێیـان لێناگیـرێ، نـەك هـەر لـە هەڵەبجـە، لـە هەمـوو

شـار و شـارۆچکەکانی تـری کوردسـتاندا خەڵکـی بێـزارن و ژیانیـان و گوزەرانیـان خراپـە، ئێسـتاش سـەدان کـەلاوەی پاشـماوەی تەختکردنـی شـاری قـەڵادزێ زەق ئەچنـەوە، جگـە لـەم وێرانـەی سـەر ئـەرزە، نـاو ریزەکانـی یەکێتیـش، تووشـی وێرانـەی دابـڕان لـە یەکتـری و تاخمبـازی و تەکەتولبـازی بـووە، کار گەیشـتووەتە ئـەوەی لـە هەنـدێ ناوچـە دوو مەڵبەنـد هەبـێ و بـە ئیمـزای دوو بەرپرسـی دوو مەڵبەنـد، کـە ئەویـان رەنگـە سـەر بـە فـڵان و ئەویتریـان سـەر بـە فیسـار بـێ، نووسـراوەکان بـەڕێ ئەکرێـن. ئەمـە پاشـاگەردانییە، لـە گرێژنەچوونـی رێکخسـتنەکانە، بـێ سـەروبەری و پەشـێوی و دارمانـە.

بەشـێکی لەبەرچـاوی ئـەو کارگێـڕ و ئەندامانـە بوونەتـە مووچەخـۆری حیزبەکـەی خۆیـان و بەبـێ ئـەو مووچەیـە پەنجەیـەك بـە ئـاودا ناکـەن. سـەر و زمـان و هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ خەڵکیـدا چـوون ئاغـا و مسـکێن وایـە. وەك هاووڵاتییـەك وتـی: ئـەوە چـی ئەگەیەنـێ بەپێـی دەفتـەری تۆمارکردنـی ئەنـدام تـۆ سـەدان هـەزار ئەندامـت هەبـێ و کەچـی رۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ کـە زمانحاڵـی یەکێتییـە، چەنـد هەزارێکـی بـە هـەزار حـاڵ لـێ بفرۆشـرێ! یـان لـە رووی گەندەڵییـەوە وەك هاووڵاتییەکـی دیکـە وتـی: لـە سـەردەمی بەعسـدا، لـەم شـارەدا رەفیـق حیزبیـەکان چەنـد کۆشـك و تەلاریـان هەبـوو؟! چەنـد دوکان و بازاڕیـان هەبـوو بـە بـەراورد لەگـەڵ بەرپرسـەکانی خۆمـان؟! لـە راسـتیدا ئـەوەی مـن ئەیزانـم زۆر کەمتـرە لـەوەی خەڵکـی ئەیزانـێ.. ئەمـە جگـە لـەوەی مـن نامـەوێ لێـرەدا درێـژە بـەوە بـدەم لـە مـاوەی پانـزە سـاڵدا ئـەو کارە بنەڕەتییانـە چـی بـوون و کامانـەن کـە لـە بەرنامـەی خوێندنـی قوتابخانەکانـدا کـران؟! تـا ئـەم سـاتەوەختەش سیسـتەمی خوێندنـی ئێسـتای کورسـتان هـی رابـردووە و هـەر هەناسـە و میتـۆدی بەعسـی تێـدا مـاوە. رەنگـە مامۆسـتایەك لـەم رووەوە زانیـاری باشـتری هەبـێ و ئـاگای لـەو هەمـوو کەلێـن و بۆشـاییانە بێـت کـە لـەو بەرنامانـەدا هـەن. زانکۆکانـی کوردسـتان

وەك ئامێزێکـی حیزبیـان لێهاتـووە، دامەزراندنـی عەمیـد و لێپرسـراوی بەشـەکان، گەلێکیـان، لـە رێـی حیزبـی و ناسـیاوی و زۆرجـار لـە رێـی تاقـە بەرپرسـێکەوە بـە وەرەقەیـەك ئیشـەکەی رایـی کـراوە. چەندیـن توانـای گـەورە روویانکـردەوە زانکـۆکان و بـەڵام دواجـار نائومێـد بـوون و وا خەریکـە بەشـێکی لەبەرچاویـان بـەرەو ئەوروپـا بگەڕێنـەوە. وێرانبوونەکـە هەمـوو شـوێنێکی گرتووەتـەوە. گەندەڵییەکـە بـووە بـە پەتـای کینـە و هەمـوو لایەکـی گرتووەتـەوە. هەڵەبجـە تەنیـا نموونەیـەك بـوو، ئەگـەر چـارەی بنەڕەتـی نەکرێـت، چـاو بـە هەمـوو شـتێکدا لـە گـەورەوە بـۆ بچـووك نەگێڕدرێتـەوە، ئـەوا سـبەی و دوو سـبەیش لـە هەمـوو شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتاندا هەمـان ئـەو رووداوانـە دووبـارە ئەبنـەوە کـە لـە کـەلار و کۆیـە و هەڵەبجـە و ئاکـرێ روویانـدا!!

بەڕێزینـە: بـۆ دانیشـتوون و چاوەڕێـی چـی ئەکـەن؟! یـان چاکـی بکـەن یـان پاکـی بکـەن! ئەگـەر پێشـتان ناکـرێ بڵێـن پێمـان ناکـرێ و وازبێنـن و بچنـەوە ماڵـی خۆتـان. مـن بـێ هیـچ مەرامێـك ئـەم قسـانە ئەکـەم، قسـەی سـادە، بـەڵام وەك حەقیقـەت خـۆی راسـت و بـێ پێـچ و پەنـا. مـن دڵنیـام لـە سـەدا هەشـتای ئـەو راپۆرتانـەی کـە لـە بەرپرسـەکانی تـرەوە بـە ئێـوە ئـەگات، یـان بـە سـکرتێری گشـتی، هـەر هەمـووی ناڕاسـت و نادروسـتە و بەرژەوەنـدی خۆیانـی لـە پشـتەوەیە. مـن دڵنیـام رووداوەکانـی ئـەم دواییـە هـەر هەمـووی بـە پیلانـی ئەودیـو سـنوور و دەسـتی ئیسـلامییەکان و ئـەم و ئـەو لـە قەڵـەم دراون و بـەو جۆرەیـش سـیناریۆکانیان نووسـراون و خراونەتـە بەردەسـتی بەرپرسـی هەرەبـاڵا. بـەڵام تـۆ بڵێـی بەرپرسـی هەرەبـاڵا و ئێـوەش نەزانـن جـام پـڕ بـووە و لێـی ئـەڕژێ؟! مـن بۆخـۆم لـە دڵـەوە پێمناخۆشـە، ئـا بەمجـۆرە دراماتیکیـە چ یەکێتـی چ پارتیـش گڵۆڵەیـان وا لـە لێژییـە، پێمناخۆشـە رەنجـی دەیـان سـاڵی رابـردوو، ئارەقـە و خوێنـی ئـەو هەمـوو تێکۆشـان و شـەهیدەمان وا خەریکـە بـە خۆڕایـی لەدەسـت بـدرێ! مـن ئەمـە

جـاری یەکەمـم نییـە چ بـەرەوڕووو لەگـەڵ ئێـوە و سـکرتێری گشـتیدا و چ بـە نامـە مەترسـی بارودۆخـی نالەبـاری خەڵکـی و وڵاتەکەمـان بخەمـە پێـش چـاو. بـە تایبەتـی لـەو دووڕێیـان و جومگـە خەتەرناکانـەدا کـە ناکـرێ تیایانـدا بێدەنـگ بیـن. چونکـە وەك سـەرئەنجام ئـەم بنمیچـە ئەگـەر بڕووخـێ بەسـەر هەمووماندا ئەڕووخـێ ! رەنگـە بڵێـن مـن زۆر رەشـبینم و یـان زێدەڕۆیـی لـە قسـە و تێڕوانینمـدا هەیـە بـۆ بارودۆخـی ئەمـڕۆ و بـەو دەرەجەیـە نییـە کـە مـن باسـی ئەکـەم. بەڵام ئـەوە هـەر مـن نیـم وا ئەڵێـم. فەرمـوون خۆتـان راسـتەوخۆ بچنـە نـاو خەڵکـەوە و گوێبگـرن. خـۆ ئەگـەر خۆشـتان بگـۆڕن و نەناسـرێنەوە باشـتر، بـۆ ئـەوەی سـڵتان لێنەکرێتـەوە. فەرمـوون بـەو جـۆرە سـواری تاکسـیەکان بـن و گوێبگـرن، بچنـە نـاو بـازاڕ و ڕەشـەخەڵکەوە و گوێبگـرن، بچنـە کـۆڕ و کۆمەڵـی گەنجەکانـەوە لێـرە و لـە هەمـوو قـەزا و ناحییـەکان و گوێبگـرن، قسـە مەکـەن و گوێبگـرن، تێکـەڵ بـە کرێـکار و حەمـاڵ و زەحمەتکێـش و خوێنـدکار و مامۆسـتایان و فەرمانبەریـش بـن و گوێبگـرن، بچنـە سـەرقەبرانەکان و گـوێ لـە دایـکان و بێوەژنـان و بـێ بەشـەکان بگـرن، بچنـە نـاو کەسـوکاری ئەنفالکـراوەوە، خۆتـان بچـن شـتومەك لەبـازاڕ بکـرن و گـوێ لـە خەڵـك بگـرن و بزانـن گرانـی گەیشـتووەتە کـوێ؟!

هـەر بـە دزییـەوە، بـێ حیمایـە و بـێ هـەرا و زەنـای دەوروبـەر، بـڕۆن سـەرێك لـە قـەڵادزێ بـدەن و بچنـە پێنجوێـن و شـارەزوور و گەرمیـان و تەماشـا بکـەن و ئینجـا دوای ئـەوە وەرنـەوە و لـە نێـو خۆتانـدا کۆبوونەوەیـەك بکـەن و راسـتییەکان بخەنـە سـەر مێـز و بڕیـاری خۆتـان بـدەن!

بەڕێزینـە: کـە ( دادپـەروەری ) نەبـوو، نـە دیموکراسـی هەیـە و نـە ئـازادی. کـە (برسـێتی) هەبـوو، نـە کـەس نیشـتمان ئەناسـێ و نـە حیـزب و نـە سـەرکردایەتی. تەنانـەت ئەگـەر گەنجێـك لـە هەڵەبجـە

هیچی نەبوو، پارە و پوولی نەبوو، کارێکی باشی نەبوو، ماڵی نەبوو، ژنی نەبوو، شوێنێکی بۆ وەرزش و چەند شوێنی بۆ خۆشی ژیان و وەختبەسەربردن و هەناسەدان نەبوو، ئەی ئیتر چی بوێت؟! بەڵێ سووتاندنی مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجە کارێکی ناخۆش بوو تاسەر ئێسقان ئازاری داین. ئەوە تەنیا مۆزەیەکی نیشتمانی گەورەی ئێمە بوو کە خەڵکی لە هەموو دنیاوە رووی تێبکەن و لەوێوە هەڵەبجە و کارەساتی هەڵەبجە و کیمیابارانەکە و بەعس و رژێمی دیکتاتۆر بناسن. بەڵام بەرێزینە: ماکی ئەم سووتاندنە، هۆی سەرەکی ئەم سووتاندنە بۆ خۆمان ئەگەرێتەوە، بۆ ساڵانی پێشتر ئەگەرێتەوە،.................. لە ژیان و گوزەران ئەگەرێتەوە.

"ئاگری بن کا" کە هی ئەو رۆژە نەبووە، لە دەمێکەوە ئەو ئاگرە هەبووە، بەڵام ئێمە بە تەنگەوە نەبووین، من پێموایە ئەو کاری سووتاندنە "جۆرێك بووە لە خۆکوژی" ئەو کاتەی ئینسانێك ئەگاتە ئەو لێوارەی کە ئیتر هیچ ئومێدێکی بە ژیان نامێنێ، جا ئیتر لەبەر هەر هۆیەك بێت دەستی ئەچێتە خۆی و کۆتایی بە ژیانی دێنێ و ئەو ساتەوەختەش شتێك نامێنێ لای ئەو کەسە پێیبوترێ پیرۆز و جوان و موڵکی نیشتمان! ئایا سووتاندنی ئەو یادگارە جۆرێك نەبووە لەو ئینتیحارە؟! ئەوە ئێمە بووین ئینتیحارمان پێکردوون! ئێمە بووین نەچووین بەدەم ئەو هاوار و زووخاوە لە دڵی ئەوانەوە، پێش خۆکوشتنەکە. ئێمە بووین و بەرپرسان بوون، دەسەڵات بووە، پێشوەخت نەچووین بەدەم ئازاری دەرکردنی ئەو دوومەڵ و وەرەمەوە تا لێی پیس کردووین و تا لەدواییدا بەو دەردەی بردین! بە کورتی ئەم سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەی لەم وڵاتەی ئێمەدایە، دارزاوە، سەرلەبەری پێویستی بە تێکدانەوە و هەڵگێرانەوە و دروستکردنەوە هەیە. ئەگەر نا من دڵنیام رۆژگاری زۆر تاریکمان لەبەردەمەوەیە!

بەڕێزینە: لە دواییدا ئەمەوێ ئەوەش بڵێم: من نامەوێ خۆم یان رووناکبیران بە گشتی لە بەرپرسیارێتی بکەمە دەرەوە، چونکە کەم تا زۆر هەمووومان بەشدارین لەم چارەنووسەدا. من خۆم یەکێک بووم لەو کەسانەی نزیکی ئێوە بووم، ئەشێ هەندێ جار وەك پێویست نەمتوانیبێ کاری رەخنەگرتنی خۆم بە چاکی جێبەجێ بکەم. لە هەندێ سیاسەتی هەڵەدا لەگەڵتاندا بووم. یان هەندێ جار سەرم بۆ لەقاندبێ و قسەم نەکردبێ لەو کاتانەدا کە پێویست بووە قسە بکەم. ئەشێ لە هەندێ هەڵوێستدا ترسنۆك بووبم و نەچووبێتمەوە بە گژ بەرپرسی بەرامبەردا. یان لە کات و ساتی خۆیدا لەسەر دیاردە خراپەکان نەمنووسیبێ. هەندێ جاری دیکە موجامەلەی درۆم کردبێ.

من ددان بەو هەڵەیەی خۆیشمدا دەنێم کە ئەبوو ئەم نامەیەم زووتر بنووسیایە. من لە خۆم ناڕازیم، چونکە ئەمتوانی جگە لە شیعر و ئەدەب، تێکەڵاویشم لەگەڵ گەنجانی وڵاتەکەمدا بەهێزتر بێ و لە نزیکترەوە ئاگام لە کێشەکانیان بێت. من هیچ پاساوێ بۆخۆم ناهێنمەوە، لەوەدا کە ئەبوو زمانی رەخنەگرتنم لە دەسەڵات و حوکمڕان زۆر زیاتر و تیژتریش بووایە. ئەبووایە شیعری رەخنەییم زۆرتر بووایە. ئەبووایە زۆر زیاتر لەسەر گەندەڵی و مشەخۆری و بەرپرسی نامەسئول بمنووسیایە. من بە توندی رەخنە لە خۆم ئەگرم کە ئەبوو هەندێ مەسئولم هەر نەناسیبایە، مەرحەبام نەکردنایە و نانم نەخواردنایە. من رەخنە لە خۆم ئەگرم کە چەند جارێ دڵپاکیی شاعیرانەم بەهەڵەدا بردوومی و تووشی کۆڵانی دەرنەچووی کردووم. من پیاوێك نیم بۆ سیاسەت دروستبووبم و لەڕاستیدا عاتیفیم و ئەمەش زۆرجار زیانی پێگەیاندووم!

بەڕێزینە: من لێرەدا کۆتایی بەم نامەیە ئەهێنم کە مەبەست لە نووسینی تەنها لە بەرژەوەندی گەورەی میللەتەکەمەوە هاتووە

و هیچی دیکە. من ناتوانم رەخنە نەگرم و ناشمەوێ لەو کەسانە بم دەست بە کڵاوی خۆیانەوە ئەگرن و لە راستیدا کڵاوێکیشم ناوێت ببێ بە کڵاوی بێدەنگییەك کە مردن لەو باشترە. سوپاس!.

شیرکۆ بێکەس
سلێمانی 26-3-2006

سوپاس و پێزانین:


لە دڵەوە سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ ئەم بەڕێزانە هەیە:

1- هەڵۆ شێرکۆ بێکەس
2- سەلام سەعدی
3- تالیب عەبدولکەریم
4- رزگار حەمەرەوف
5- عەتا موفتی
6- رێبوار فەتاح
7- شێرزاد جەوهەر
8- کامەران سوبحان
9- کاوە کافرۆشی
10- پێشڕەو نامۆ
11- توانا ئەحمەد
12- دلێر حەمەئەمین
13- ئارام حاجی تەها
14- مامۆستا سابیر حەمەعەلی مەلاعومەر
15- بەکر فەقێ

# ئەلبوومی وێنەکان




سالی 2005 لەسەر دیواری ئامەد - باکووری وڵات.



چەمچەماڵ-گۆڕەپانی فایەق بێکەس لە نێوان ساڵانی 1970-1974

کاری هونەرمەند شێرزاد جەوهەر




2013/4/7 دوایین یەکتر بینینمان و ئیتر رووبەڕوو یەکترمان نەبینییەوە



شێرکۆ بێکەس، ئەڵمانیا 2005



شێرکۆ بێکەس، ئیستەنبووڵ




بڵێسەی هەزار گۆرانی-شیعر لە کوردستانەوە 2017



ئەم وێنەیە رێک 21 کاژێر بەر لە مردنی شێرکۆ بێکەسە گیراوە



بەکر شوانی، شێرکۆ بێکەس و سیروان رەحیم، سەردەم 2013




پەشێو، سێرگێی، شێرکۆ بێکەس، مۆسکۆ 1990




خەبات بزێنی، جەبار باخەوان، شێرکۆ بێکەس و لاورا شرادەر 1987



ساڵی 2008 لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم



سروودی با هەستین.. نووسینی فایەق بێکەس. نووسینەوەی نۆتەکە؛
رزگار حەمەرەوف




شاری کۆڵن 2008




شێرکۆ بێکەس 1968




شێرکۆ بێکەس بە هەشت ساڵی



شێرکۆ بێکەس بەردەم دێری دۆم لە کۆڵن 2005



شێرکۆ بێکەس، حەفتاکانی سەدەی 20




شێرکۆ بێکەس، ستۆکهۆڵم



شێرکۆ بێکەس، سوێد 1988




شێرکۆ بێکەس، گەڕەکی گوێژە



شێرکۆ بێکەس، لاوێتی



شێرکۆ بێکەس لاوێتی، حەفتاکانی سەدەی 20



شێرکۆ بێکەس، لاوێتی



شێرکۆ بێکەس، لاوێتی




شێرکۆ بێکەس، لاوێتیدا



شێرکۆ بێکەس، لە سەردەم - 2013





شێرکۆ بێکەس لە شاری کۆڵن 2005



شێرکۆ بێکەس، تەمەنی 7 ساڵی



شێرکۆ بێکەس، مێردمنداڵی



شێرکۆ بێکەس بە مێردمنداڵی




شێرکۆ بێکەس و سیروان ڕەحیم، ئیستەنبووڵ 2005




شێرکۆ بێکەس و شەفیقە خانی دایکی



شێرکۆ بێکەس لە یەکەم کۆڕی شیعرخوێندنەوەی لە سوێد 1987



شێرکۆ بێکەس لە یەکەم کۆڕی شیعرخوێندنەوەی لە سوێد 1987



شێرکۆ بێکەس لە یەکەم کۆڕی شیعرخوێندنەوەی لە سوێد 1987



شەفیقە خان



شەفیقە خان و شێرکۆ بێکەس




شەفیقە خان



لاورا شرادەر 1980



لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی سوێد ئینگڤار کارلسۆن 1987




هاوارێک بۆ ئازادی



نەسرین خان و شێرکۆ بێکەس 1968



هەڵۆ، هانا، شێرکۆ بێکەس، نەسرین خان، هێژا، هەڵبەست



ئامەد - خانی حەسەن پاشا 2005



ئۆسمان بایدەمیر.. شێرکۆ بێکەس نییە، چل ملیۆن کورد لە پشتی شێرکۆوەن.